# خاڵ

گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیرییە
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (١٢) ئابی
٢٠١٧

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
**تۆفیق کەریم**
**٠٧٥١١٤١٢٥٤٣ - ٠٧٧٠٠٦٣٧٦٦٤**
**tofeqkarem@yahoo.com**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**عادل سدیق**

**بەڕێوەبەری هونەریی**
**ڕەوشت محەمەد**

**ڕاوێژکاری یاسایی**
**بەکر حەمەسدیق**

**ڕاوێژکاران**

**پ. د. موحسین عەبدولحەمید**
**پ.ی. د. عوسمان عەلی**
**پ.ی. د. عوسمان هەڵەبجەیی**
**پ.ی. د. ئیسماعیل بەرزنجی**
**پ.ی. سەلام ناوخۆش**
**م.ی ئیدریس سیوەیلی**

**وێنەی بەرگ کاری (ڕەجا محەمەد) تایبەت بە گۆڤاری خاڵ**

**سایتی گۆڤاری خاڵ:**
**www.xalkurd.com**

**تیراژ: ١٥٠٠**
**نرخ: ١٥٠٠ دینار**
**چاپخانە: سەردەم**



# لەم ژمارەیەدا

## تەوەر (خوێندنەوەی ئایدۆلۆجییانە بۆ کەلەپوور)


دوای دووساڵ تەمەنی (خاڵ) مەڵۆیەک بۆ سەر خەرمانی ڕووناکبیری کوردی سەرنووسەر .............. ٥
ئایدیۆلۆجیا ........................................................................ د. کامەران محەمەد قادر ٧
ئایدۆلۆجیا نەخۆشییە ترسناکەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ........................ د. هێمن عومەر خۆشناو ٢٨
لە نێوان خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانە و خوێندنەوەی مەعریفی و بابەتیانەدا ........ عومەر ئیسماعیل ڕەحیم ٣٧
فۆرمێک دوور لە ئایدیۆلۆژیا ........................................................ کەمال ڕەئوف ................. ٥٣
بیری ڕیفۆرم و نوێخوازی پیرەمێرد ............................................ د. ئاراس محەمەد ساڵح ٦١
کەلەپوور و مامەڵە لەگەڵ کردنی.. ............................................ د. زریان حاجی ............. ٦٩
ئایدیۆلۆجیا و بەرگەکانی خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی ................................ ئیبراهیم حاجی زەڵمی ٧٦
کاریگەریی تێڕوانینی ئایدۆلۆژی لەسەر کەلتووری کورد ................................ تۆفیق کەریم ................. ٨٦
ڕامانێک لە دەوڵەت و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی ............................................ مەجید ساڵح ................. ٩٣
گرفتی کەلەپوور لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ............................................ خالید محەمەد غەریب ١٠٥


## بابەتی گشتی


هەڵەبجە لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا ............................ سامان سەلاح ......... ١٠٩
بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە = ما) لە شیعری ڕەزاخانی کەندوڵەییدا ................ کاروان عوسمان خەیات ١١٨
دەوڵەتداریی میکانیزمی بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت .............................. د.ئیسماعیل بەرزنجی ١٢٧
خوێنبایی لە فیقهی ڕابردوو و نوێدا ............................................................ سەلمان نادر .............. ١٣٣
(کاریزما) وەک سەرەتایەک بەرەو تاکرەویی و دیکتاتۆرچوون! ............................ ڕاستگۆ محەمەد عەلی ١٤٢
گۆڕینی ناوی حیزبە ئیسلامییەکان (دواخاڵ) ................................ د.موحسین عەبدولحەمید ١٤٨




# تەوەری ژمارە

## خوێندنەوەی ئایدۆلۆجییانە بۆ کەلەپوور

تێڕوانینی ئایدۆلۆجیانە لە کوردستاندا سەرجەم سەرتاپاگیرە و دزەی کردووەتە ناو کایە جۆربەجۆرەکانەوە، کاریگەری دیاریشی لەسەریان بەجێهێشتووە، ئێمە ویستمان پەنجە بۆ لایەنێکیان ڕاکێشین، بەڵام بابەتەکان بەرەو هەموو کایەکان پەلیان هاویشت و ناچاریان کردین مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعدا بکەین، بە خوێندنەوەی بابەتەکانی ئەم تەوەرە تێدەگەین خوێندنەوە و تێڕوانین و مامەڵەی ئایدلۆجیانە چ کارەسات و نەهامەتییەکیان لە ژیانی گەلەکەماندا دروستکردووە، چەندیش ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردووە، چ گرفت و دووبەرەکی و ناحەزییەکان لە هەناوی ئەم گەلەدا چاندووە. با پێش بابەتەکان نەکەوین و لەگەڵ نووسەر و توێژەراندا گوزەرێك بەو بازاڕە جەنجاڵەدا بکەین.

گۆڤاری خاڵ

# ڕێنماییەکان بۆ نوسەرانی خۆشەویشتی گۆڤاری خاڵ

یەکەم: لە ژمارە(١٣)ی ساڵی سێیەمی گۆڤاری(خاڵ)ەوە، گۆڤارەکەمان دەبێتە گۆڤارێکی زانستی بۆیە داوا لە نوسەران و توێژەرانی خۆشەویستی گۆڤارەکەمان دەکەین، کە پابەندی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بن لە ناردنی بابەتەکانیاندا بۆ گۆڤارەکە:

١ـ ناونیشانەکان کورت و پوخت بن.
٢ ـ ناوەڕۆکی بابەتەکان دەبێت تەعبیر بێت لە ناونیشان و بە پێچەوانەشەوە.
٣ ـ نوسینەکان دەبێت زانستی و پوخت بێت و لە (٣٠٠٠) وشە زیاتر نەبێت.
٤ـ بە وردی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت.
٥ـ ڕەچاوی خاڵبەندی بکەن.
٦ـ بابەتەکانیان بە فۆنتی کوردی(یونیکورد/Unikurd goran) بنوسن و ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و سەرچاوانەشی کە عەرەبین بە فۆنتی(Ali K sahifa bold)بنوسن.
٧ـ نوسەران بەر لە ناردنی بابەتەکانیان هەڵەچنی زمانەوانی وردی بکەن.
٨ـ لەگەڵ ناردنی بابەتەکانیاندا، وێنەیەکی ڕوون و پڕۆفایلێکی کورتی خۆیان بەوشێوەی کە لە ژمارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کراوە بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

دووەم: هەر لە گۆڤارەکەدا ڕێگە دەدرێت بە بڵاوکردنەوەی: گفتوگۆی زانستی، خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە قورسایی زانستی و ڕۆشنبیرییان هەیە لەگەڵ کورتە و پوختەی ئەو کتێب و نامە ئەکادیمییانەی کە بە شێوازێکی زانستی نوسراون و دەکرێت خوێنەر لە ڕێگەی ئەو پوختەیەوە شارەزای ناوەڕۆکی ئەو نوسینانە ببێت.

## سەروتار

# دوای دووساڵ تەمەنی (خاڵ)
# مەڵۆیەك بۆ سەر خەرمانی ڕووناكبیری كوردی

دوو ساڵ بەرلەئێستا لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی نووسەر و هاوكارمدا، بە پشتبەستن ـ پاش خوای گەورە ـ بە هیمەت و خەمخۆریی چەند خێرخوازێك، یەكەم ژمارەی گۆڤاری (خاڵ)مان بڵاوكردەوە، دوای ئەوە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە كۆبوونەوەی فراوانمان لەگەڵ ڕۆشنبیران و نووسەراندا كرد، داوای پێشنیاز و هاوكاریمان لێ كردن، ئەوانیش وێڕای پێشنیازی بەجێ و وادەدان بە پشتیوانییكردنمان بەشێكیان گومانی خۆیان نەدەشاردەوە لە بەردەوامبوونمان، لەو گومانبردنەشیاندا هەقیانبوو، چونكە وێڕای قەیرانی سەختی ئابووری كە هەرێمی كوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، شۆڕشی گشتگیر و بەرفراوانی تەكنەلۆژیاش لە بواری خوێندنەوە و بیستن و بینیندا كە لە هەموو جیهاندا تەنگی بەم جۆرە كارانە بەتایبەت گۆڤار و ڕۆژنامە هەڵچنیوە بە هەرێمی كوردستانیشەوە، سەرباری ئەو دوو هۆیە ئەزموونی بڵاوكراوەكان لە كوردستاندا نەفەسكورتیی و كەمخایەنی پێوە زاڵە، كەچی بە هەموو ئەو تەگەرانەشەوە (خاڵ) هەنگاوی هاویشت و لە كاروانی خۆی تا ئەمڕۆش بەردەوامە، ئەو بەڕێزانەی وادەی پشتیوانیكردنی ماددی ساڵێكیان دابوو، ساڵی دووهەمیشیان بێ هیچ مەرجێك تازە كردەوە، كە ئەگەر ئەو كۆمەكییە نەبوایە، بەدڵنیاییەوە تەمەنی (خاڵ) كورتتر بوو لەوەی بگاتە ئەمڕۆ، بۆیە پڕ بە دڵ سوپاسیان دەكەین.

سەرجەم ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی وەك ڕاوێژكار و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن خۆبەخشانە هاوكارمانبوون بۆ ساتێكیش لێمان دانەبڕاون و چەندە ڕوومان لێنابن بە سوپاسەوە پشتیوانمانبوون، دەیان نووسەر و ڕۆشنبیری دیكە بە هاندان و بابەت نووسین لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئومێد و هیوای زیاتریان پێبەخشین، خوێنەرانمان

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە فراوانبووندایە و تائێستا لەو تیراژانەی بڵاومان کردووەتەوە بە ڕێژەی ٧٥٪ی دەفرۆشرێت. ڕاستە گۆڤاری خاڵ دیارترین کار و چالاکی ناوەندی خاڵە، بەڵام جگە لە دەرکردنی گۆڤار، ناوەندی خاڵ لەم ماوەدا هەنگاو بە هەنگاو ویستویەتی مەودای چالاکییەکانی فراوانتر بکات، ئەگەر بە زمانی ژمارەش چالاکییەکان بژمێرین دەکرێت بڵێین:

١. کۆڕ و سیمینار: سازدانی (٣) سیمینار بۆ نووسەر و ڕۆشنبیران لە سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجە.

٢. سازدانی کۆنگرەیەکی زانستی بەهاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/٤ لە شاری سلێمانی.

٣. بڵاوکردنەوەی (١٢) کتێب و نامیلکە لە بوارە جیاوازەکاندا، کە (٦) کتێبیان نووسراون و (٦)یشیان وەرگێڕراون.

٤. بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خاڵ هەردوو مانگ جارێک بەڕێکوپێکی، کە بەم ژمارەی بەردەستمانەوە دەکاتە دوازدە ژمارە، بەگشتی هەر ژمارەیەک (١٥٢)لاپەڕە بووە و بەشی زۆری لاپەڕەکان بۆ تەوەری سەرەکی ژمارەکان تەرخانکراون و بەشێکیشیان بابەتی هزریی و ڕۆشنبیریی گشتیین. لە هەر ژمارەیەکیشدا نزیکەی بیست بابەت بڵاوکراوەتەوە.

٤. بەنیازی هەماهەنگیی و کاری پێکەوەیی تائێستا کۆمەڵێک دیدارمان ئەنجامداوە لەناو هەرێم و لەگەڵ کوردستانیانی ڕۆهەڵات و باکووریشدا، لە هەرێمی کوردستاندا ڕێککەوتن و کاری هاوبەشی لێکەوتەوە بەناوی (کۆڕبەندی هزر و کەلتوور) لە نێوان دامەزراوەکانی: سەنتەری زەهاوی، پەیمانگای دیالۆگ، سەنتەری زانست و ناوەندی خاڵ دا. لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکووری کوردستانیشدا بە ئامانجی هاریکاریی و کاری هاوبەش لەگەڵ چەند دەزگایەکدا خەریکی گەڵاڵەکردنی یاداشتنامەی هاوبەشین.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی بۆبکەم ئەوەیە لە دەستپێکی ساڵی نوێوە دەمانەوێت گۆڤارەکە بکەین بە گۆڤارێکی توێژینەوەیی و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا بکەین و بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەیان بدەین، ئەوەش تەنها بە ئامانجی زیاتر سوودوەرگرتنی خوێنەران و زانستیبوونی بابەتەکانە، تا ببنە سەرچاوەی زانستی و ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان زیاتر پشتیان پێببەستن.

ئومێدەوارین توانیبێتمان بەشدارییەکی هەندەکیمان لە خزمەتکردنی کەلتووری گەلەکەماندا کردبێت و مەڵۆیەکی بچووکمان خستبێتە سەر خەرمانی مەزن و بەرەکەتدارەکەی فەرهەنگی کوردی، دیاری شوانیش یان شنگە یان هاڵەکۆک.

**سەرنووسەر**



# ئایدیۆلۆجیا



**د. کامەران محەمەد قادر**

ساڵی ١٩٧٦ لە سلێمانی لەدایکبووە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە فەلسەفەی مێژوو. پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوەی بڵاوکردووەتەوە.

## دەسپێك:

ئایدیۆلۆجیا لە چرکە ساتەکانی داهێنانیەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چەمکێکی ئاڵۆز و فراوان بووە و بەپێی جیاوازی جیهانبینیەکان و جیاوازی کات و بەرژەوەندییەکان گوزارشتی لە خۆی کردووە. بۆیە ئاسان نیە ئێمە بتوانین لە دوو توێی چەند دێڕێکدا پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکلاکەرەوەی بۆ بکەین، بەڵکو بۆئەوەی زیاتر پەی بەرەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرین، ئەوا هەوڵدەدەین گوزەرێک بەنێو ئەو پێناسە گوزارشتییە جیاوازانەدا بکەین کە بۆ ئەو چەمکە کراوە و دواتر لێکدانەوەیەکی بابەتی دەربارەی پۆلێنکردن و تایبەتمەندی و ئەرک و چەمکی زاراوە پەیوندیدارەکان پێشکەش بکەین.

## دیاریکردنی چەمکەکان:

### ١. ئایدیۆلۆجیا و زانست:

زانست پشت بەپایەگەلێکی بنەڕەتی وەک (گریمانە) و (تێبینیکردن) و (ئەزمونکردن) دەبەستێت، دواتر قۆناغی قبوڵکردنی گریمانەکە و دارشتنی لە تیۆرێکدا یاخود ڕەتکردنەوەی، ژیربێژیش لە هەموو ئەوانەدا لیگەڕان (Induction) و هەڵهێنجان (Deduction)ە(١).

لێرەوە زانست بیرکردنەوەی بێلایەنانە دەخوازێت، واتە ئازادبوون لە تەواوی باوەڕ و قایلبوونە پێشوەخت و بەرژەوەندییەکان و پشت بە ڕەخنە و پشکنین و سەلماندنی بابەتی دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەدا زانست ڕێژەییە و هەمیشە بۆ توێژینەوە و پشکنین ملکەچ دەکات. هەموو زانستێک لە زانستەکان بوارێکی دیاریکراوی هەیە کە گرنگیپێدانەکانی خۆی تێدا چڕدەکاتەوە و میتۆدی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت(٢).

بەڵام ئایدیۆلۆجیا بنەما زانستییە بنەڕەتیەکانی وەک (گریمانە) و (تێبینیکردن) و (ئەزمونکردن) و قبوڵکردنی گریمانەکە و دارشتنی لە تیۆرێکدا و پێشینیەکانیوەک (بابەتیبوون) یا (پێداچوونەوە) یا (ڕەخنەگرتن) یاخود (پشکنین) ناناسێت. ئەو لێکدانەوەیەکی گشتگیر بۆ جیهان پێشکەش دەکات، بەوپێیەی ئەو لێکدانەوەیە پشت بە گریمانە گەلێکی پێشوەخت دەبەستێت و سیفەتی یەقینی کۆتایی دەداتە پاڵی.

هەروەها ئەو لە ڕێگەی (دروشمەکان) و (دواندنی سۆزەوە) نەک هۆکارە ژیرییەکانەوە هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی بنوێنێت. یاخود ئەو خۆی لە (سەروو زانست)ەوە دادەنێت و باوەڕدارانیشی بە ئاڕاستەگەلێکی گشتی نەگۆڕی ژیان تویشوودار دەکات. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئایدیۆلۆجیا هاوچەرخەکان زانست لە ڕێگەی چەسپاندنی ئەوانەی ئەوان بە ڕاستی دەزانن، بەکاردەهێنن و هەوڵدەدەن تیۆرە زانستییەکان بۆ ئەو مەبەستانە وەک بەڵگەگەلێکی بەهێزکەر بۆ خۆیان تاقیبکەنەوە. لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی بانگەشەی زانینی ڕەها دەکەن، ناتوانرێت زانستیانە پشت ئەستور یاخود ڕەتبکرێنەوە، چونکە ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی زانست نیە، بەڵکو بەرهەمی باوەڕە(٣).

لەم سەروبەندەوەیە کە ئایدیۆلۆجیاکان ئەوە دەخەنەڕوو کە پشت بە ڕاستییە زانستییەکان دەبەستن و بانگەشەی گەڕانەوەی خۆیانی بۆ دەکەن. ڕەنگە ئەوە لە سەرەتای مارکسیێتیدا بە ڕوونی دیاربێت و دواتر لە میانەی پەرەسەندنی دواییەکانی مارکسیێتیدا ڕوونتر خۆ دەنوێنێت. بۆیە ئایدیۆلۆجیاکان زانست بەکاردێنن و بۆ پشت ئەستور کردنی جیهانبینیەکانی خۆیان دەیخەنە گەڕ. دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین کە ئایدیۆلۆجیا وەک سستمی نواندنەکانن (التمثلات) بەوە لە زانست جیادەکرێتەوە کە ئەرکی کرداری بەسەر ئەرکی تیۆری (یاخود ئەرکی مەعریفی)دا زاڵ دەبێت(٤).

## ٢. ئایدیۆلۆجیا لە نێوان فەلسەفە و تیۆری سیاسیدا:

زۆرجار چەمکگەلێکی جیاواز تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن، وەک فەلسەفە و تیۆری سیاسی و ئایدیۆلۆجیا. هەرچەندە ئەو چەمکانە بەکارهێنانی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بۆ نموونە فەلسەفەی سیاسی لە میانەی تێرامان یاخود بیرکردنەوە لەگەڵ هۆکاری بەهاکاندا مامەڵە دەکات. فەیلەسوفی سیاسی لەکاتێکدا لە گشتگیریتی دیاردەی سیاسی دەکۆڵێتەوە بەپێی پەرەسەندنی چاکەی گشتی و ئەوەی لە دەرەوەی سستمی سیاسیدا هەیە، لە بنەڕەتدا پشت بەدەرئەنجام دەبەستێت.

بەڵام (تیۆری سیاسی) بریتییە لە کۆمەڵە گریمانێکی پێکەوە بەستراو بەشێوەیەکی لۆجیکی کە دوو گۆڕاو (دوو هۆکار) یاخود گۆڕاوەکان (هۆکارەکان) پێکەوە گرێدەدات بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دیاردە سیاسیەکان، ئەو بەستەرەش دەبێت ئیختیاری بێت.

ئایدیۆلۆجیاش کۆمەڵە گریمانەیەکی بەهایی و ئەزموونی دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت. بۆیە لە دوایدا فەلسەفە و تیۆر پێکەوە دەبنە بنەڕەت گەلێک بۆ ئایدیۆلۆجیاکان، وەک هزرەکانی (هیگڵ) کە پشکداربوو لە بنیاتنانی سۆشیالیزمی ئەڵمانی و ئەو بزوتنەوە ئایدیۆلۆجیە جیاوازانەی لە بەرئەنجامی هزرەکانی (مارکس) یاخود (لۆک)ەوە پەرەیان سەند(٥). هەروەها شوێنەواریان لە بنیاتنانی لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەهەمدا دیاربوو. لێرەوە دەتوانین بڵێین (پرۆسەیەکی جەدەلی) لە نێوان هزرەکان و پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکان و هەریەک لە فەلسەفە و تیۆردا هەیە.

## ٣. ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە:

ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە لە پەیوەندییەکی وێکچوودا تێکدەچرژێن و لە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتیدا لێک جیادەبنەوە.

ئەگەر فەلسەفە(٦) مانای حەزکردن و گەڕان بەدوای زانین و شارەزابوون بگەیەنێت، بەبێ بوونی مەبەستێکی دیکەی تایبەتی بە ژیانی ڕۆژانە(٧) ئەوا ئایدیۆلۆجیا وەک (ڕیمۆن ئارۆن) دەڵێت: «هەستکردنە بە پەیوەندیداریتی(انتماء) بۆ شتێکی هەڵبژێردراو و بۆ ئەو ئاسایش (الامن)ەی کە سستمێکی داخراو بۆ ئایدیاکان بەدیدەهێنێت، بەشێوەیەک کە دەتوانێت ڕاڤەی واتای مێژوو واتای خودی مرۆڤ و شوێنی لە بووندا ببەخشێت(٨).» بەشێکی فەلسەفە لە بنەڕەت و بەهای زانین و بنەماکانی یەقین و هۆکاری ڕوودانی شتەکان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش وەڵامی پرسیاری (دەتوانین چی فێر ببین؟)ە کە تەواوی فەیلەسوفەکان هەوڵیانداوە وەڵامی بدەنەوە. بەشێکی دیکەی لێکۆڵینەوە و گەڕانە بەدوای بەهای کاردا، کە ئەمەیش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت: دەبێت چی بکەین؟(٩).

بەڵام ئایدیۆلۆجیا هەوادارانی بەشێوەیەکی دیاریکراوی فێرکردن گۆشدەکات و بواری ئەو پرسیارکردنە ناهێڵێتەوە کە لە فەلسەفەدا سنورێکی ئێکجار فراوان داگیر دەکات. بەهەمان شێوە ئایدیۆلۆجیا لەسەر ئاستی کرداریش کردارگەلێکی دیاریکراو لە هەوادارانی دەخوازێت و بواری ئەوەیان بۆ نارەخسێنێت کە بتوانن لە بەردەم کۆمەڵە هەڵبژاردنێکدا هەڵوێستە بکەن و هەر ئەو ڕەفتارەی لاپەسەندە کە خۆی دەیخاتە ڕوو بۆ پیادەکردن.

هەروەها دەتوانین لەسەر ئاستێکی دیکە جیاوازییەکانی ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە بخەینەڕوو، ئەویش لە دوو بواردا چڕدەبێتەوە:

أ. بواری ناوەڕۆک: تیۆرەکانی (ئەرستۆ) دەربارەی سروشت و ئەو دیوی سروشت و... هتد بە فەلسەفە دادەنرێن. ئەمە لەکاتێکدا تێڕوانینەکانی سەبارەت بەوەی کە گەلانی باکوور بە ئازایەتیەکی بێ زیرەکی دەناسرێن و گەلانی ڕۆژهەڵاتیش بەزیرەکیەکی بێ ئازایەتی. بەڵام تەنها گەلی یۆنانە

که به زیرەکی و ئازایەتی پێکەوە دەناسرێتەوە، ئەمە گوزارشت لە ئایدیۆلۆجیای (ئەرستۆ) دەکات. بەهەمان شێوە ئەمە بەسەر تەواوی ئەو تیۆرە ئەوروپیانەدا پیادە دەبێت کە گوزارشت لە بالآبوونی رەگەزی نوردی یاخود ئاری بەشێوەیەکی گشتی دەکەن(١٠).

ب. بواری شێوە یاخود رووخسار: ئایدیۆلۆجیا گرنگی بە گەل و جەماوەر دەدات، بەڵام زۆرینەی فەیلەسوفەکان هەوڵنادەن بۆئەوەی تیۆرەکانیان لایەنگیرێتی گەل و جەماوەر بەدەست بهێنن. لەلایەکی دیکەوە، رەوتی فەلسەفی کەمینەیەک شوێنی دەکەوێت کە دەستەبژێر و روناکبیرانن، ئەگەر ئەوانی تێپەڕاند و بەرەو جەماوەری بوون هەنگاوی نا، ئەوا وێنەیەکی لەرزۆک وەردەگرێت و بە خراپی بەسەر رەوتەکەدا دەشکێتەوە، وەک ئەو رەوشەی بەسەر بوونگەرایدا بەرجەستەبوو، لە بەرانبەردا ئایدیۆلۆجیا هەوڵی بڵاوبوونەوە و جیهانێتیبوون دەدات و پردێک لە بەرنامە و پلان لە نێوان هزر و جێبەجێکردندا دادەمەزرێنێت.

بەڵام سەبارەت بە لێکچوونی (ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە) ئەوا ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی بیرمەندەکانە، بەڵکو فەیلەسوفەکانە، ئەرکی لەوەشدا وەک هەر ئەرکێکی دیکەیەتی، واتە رەوتە فەلسەفەیەکەی، لەکۆتایشدا بەرەو بیانوو هێنانەوە هەنگاو دەنێ بۆ ئەو بارودۆخە وەستاوەی کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی چینێکی دیاریکراو دەکات(١١).

**٤. ئایدیۆلۆجیا و ئایین:**

دەتوانین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئایدیۆلۆجیا و بیروباوەڕی ئایینی لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

أ. هەردووکیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان باوەڕدارانیاندا پێکدەهێنن و یەکیان دەخەن و پێکەوەلکانێکی ئەندامی لەن ێوانیاندا بەدیدێت. تەنانەت ئەگەر ئایدیۆلۆجیا لەمەدا نەگاتە ئاستی ئایین، ئەوا لەوەدا چەندەها شێوازی جیاواز دەگرێتە بەر وەک: کارکردن لەسەر بەرنامەکانی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، ئەمەش لەپێناو گۆڕینی هزرێکی کۆن بە هزرێکی نوێ، تا چاکسازییەکی جەوهەری لە قەوارەی کۆمەڵگەدا بەدیبێنێت و دەسەڵاتی لە دەروونی دانیشتوانەکەیدا بچەسپێنێت، لێرەوە هەردووکیان هەوڵی بڵاوبوونەوە دەدەن، بە بانگەواز و مژدەدان لە ئایندا و پروپاگەندە و راگەیاندن لە ئایدیۆلۆجیادا(١٢).

ب. چارەنووسی مرۆڤ کۆمەڵە دەلالەتێک لە خۆدەگرێت، کە دەخوازرێت لەو (کات)ەی کە دێت، بەدیبێت. لەبەرئەوە ئایدیۆلۆجیا بەردەوام مژدە بەوەدەدات کە دێت، بۆیە کار بۆ لەخۆگرتنی دەلالەتەکان دەکات، تا بتوانێت وێنەی ئەو نەخشە هاتووە بکێشێت.

ئاینیش بەهەمان شێوە داهاتوو بەبوونێکی راستەقینەیی دادەنێتو وا لە مرۆڤەکان دەکات، لە هەموو گوفتار و رەفتارێکیاندا چارەنووسی راستەقینەی خۆیان کە لە داهاتوودا بەدیدێت لە یاد نەکەن(١٣).

بەمشێوەیە ئایدیۆلۆجیا و ئایین لە مژدەدان بە جیهانێکی دیکە بەیەکتری دەگەن.

ج) هەر ئایدیۆلۆجیایەک وەک ئاینەکان کۆمەڵە پێوەرێک لە خۆدەگرێت، بەوپێیە کۆمەڵە بەهایەک دادەنێت و بانگەشەی بۆ دەکات. لە بەرانبەریشدا بەها بەرهەڵستکارەکان بە پووچ ناوزەدە دەکات. لە ئاینییشدا کۆمەڵە گوزارەیەکی بەرانبەر و دژ بەیەک هەن (گوێرایەڵی و سەرپێچی)، (رێپێدراو قەدەغەکراو). بەهەمان شێوە ململانێی نێوان ئایدیۆلۆجیاکان (سەرمایەداریتی و کۆمۆنیزم)، (لیبرالیزم و سۆشیالیزم) لەم سەربەندەوە سەرچاوەی گرتووە.

د. ئایدیۆلۆجیاکان وەک ئاینەکان لە دوای یەکبوون لە کاروانیاندا رووبەرووی پەرتبوون و جیابوونەوە دەبن. ئەو جیاوازیانەش لە دوبارەدا دروست دەبن. جیاوازی و ملکەچپێکردنی واقیع بۆ دەقەکان یاخود بەپێچەوانەوە ملکەچپێکردنی

دەقەكان بۆ واقیع. جێگەی سەرسوڕمانیش نیە كە پەرتبوون لەنێو سەربازگەی كۆمۆنیزمیدا ڕوویدابێت و چین (یەكێتی سۆڤیەت)ی بەوەتۆمەتبار كردبێت كە لە تەعالیمەكانی (ماركس)و (لینین) لایدابێت. هەروەك ڕێی بەهاندانە تاكێتیەكان (الحوافز الفردیە)و وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە سیبریا دابوو(١٤).

نامۆ نیە دوای ئەو لێكچوونەی نێوان ئاین و ئایدیۆلۆجیا (برتراند ڕاسل) هاوسەنگییەك لەنێو مەسیحێتی و كۆمۆنیزمیدا دروست بكات. بەشێوەیەك كە ماركس جێگەی مەسیح و كتێبی (سەرمایە) جێگەی (ئینجیل) و (چینی پرۆلیتاریا) شوێنی (پیاوە ئاینیەكان)و (فیردەوسی زەمینی) بە دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی بێ چین شوێنی فیردەوسی ئاسمان بگرێتەوە.

بێگومان ئایدیۆلۆجیا و ئاین لە جیاوازیش بەدەرنین دەتوانین لەم خاڵانەدا چڕیان بكەینەوە:

أ. هەڵوێست بەرانبەر بەكات ئەو وێستگەیەیە كە تێیدا ئایدیۆلۆجیا و ئایین لە یەكدی جودادەبنەوە. لەكاتێكدا ئایدیۆلۆجیا سورە لەسەر گۆڕینی واتاكان بۆ ڕووداوەكان، ئاین وا بە باشتر دەزانێت واتاكان بۆ هیواكان بگۆڕێت، لێرەوەیە خەڵكی وەڵامی بانگەوازە مژدە بەخشییەكان دەدەنەوە و لەو كاروانەدا بەردەوام دەبن كە دەیەوێت داهاتوویەكی ئاسودە دابین بكات، هەمیشە بە گوێماندا ئەوە دەچرپێنێت ئاسودەیی ئەوەیە كە دێت و بەتاكەكان دەگوترێت: تۆ (ئێستا) نەگبەتیت، بەڵام دوای تێكشكانی (ئێستا) بەختەوەر دەبیت)، لێرەدا مرۆڤ ناچار دەكرێت چاوەڕوان بێت، سایكۆلۆجیەتی چاوەڕوانیش تایبەتمەندییەكی جیامەندی ئاینەكانە(١٥). بەڵام ئایدیۆلۆجیا ئاینێكی هەڵگەڕاوەیە، لەبەرئەوەی لەپێناوی ڕووداوەكاندا قوربانی بە هیواكان دەدات.

ب. زۆرجار ئایدیۆلۆجیاكان لەلایەن چینی سەرەوە دادەڕێژرێن، ئەمە لەكاتێكدا ئاینەكان لەنێو خەڵكە ڕەشۆكیەكەدا دروست دەبێت(وەك توینبی ئاماژەی بۆ دەكات) هەمووو هەوڵێكیش بۆ سەپاندنی ئایین یاخود ئایینزایەك بەسەر خەڵكی ڕەشۆكیدا چارەنووسی خامۆش بوونە، لە بەرانبەر ئەو ڕستە باوەی كە دەڵێت: خەڵكی لەسەر ئاینی پاشاكانیانن، توینبی گوزارشتێكی پێچەوانە دەخاتە ڕوو «ئایینی پاشاكان ئایینی خەڵك نین» واتە پاشاكان باوەڕ بەهەمان ئاینی ژێردەستەكانیان دێنن، بەڵام ئەگەر ئاینەكەی خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا سەپاند ئەوا ئەو كارەیان بۆ ناچێتە سەر، بۆ نموونە خەلیفە مەئمون شكستی هێنا لەوەدا كە خەڵكی والیبكات باوەڕ بە بیرۆكەی بەدیهێنراوی قورئان (خلق القران)بهێنن، هەروەك هەوڵەكانی دەوڵەتی فاتمیش لە میسر شكستی هێنا لەوەدا كە میسرییەكان بكاتە شیعە، ڕژێمی بەعسیش لەوەدا نوشستی هێنا كە كوردەكان بكاتە بەعسی، ئەمەش لەگەڵ ئەو گوتەیەدا دژ نایەتەوە كە دەڵێت: دەوڵەت ئاینێك دەپارێزێت كە پێشتر خۆی سەپاندبێت، وەك باوەڕهێنانی قوستەنتینی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بەمەسیحێت(١٦).

ئایدیۆلۆجیا نوێیەكان ناتوانن شوێنی ئاینەكان بگرنەوە، توینبی وایدەبینێت ترسناكترین كارەسات كە جیهانی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بووەتەوە ئەوەیە كە جەماوەری ڕۆژئاوا بۆشایی ئایینیان بە ئایدیۆلۆجیا گەلێك پڕكردۆتەوە لە بتپەرستێتی یاخود پەرستنی خودادا، كە لە بەخواكردنی دەوڵەت یان فەرمانڕەوایەك بەرجەستە دەبێت، جیاوازییان لەگەڵ ئایینە سەرەتاییەكاندا نیە. هەرچەندە لەژێر پەردەی نەتەوایەتی یاخود سوشیالیزمدا پەردەپۆشكراین. ئەو كەسانەی ئایینەكان بە شێرپەنجە دادەنێن ئەوا هەڵەن، چونكە شێرپەنجەی ڕاستەقینە ئەوەیە ئایدیۆلۆجیاكان شوێنی ئایینەكان بگرنەوە، چونكە ئومێدێك لە سەقامگیربوونی ئاشتی یاخود دڵئارامیەك لە دەروونی مرۆڤدا دروستنابێت تەنها بەپشتبەستن بە ئایین نەبێت(١٧).

## ٥. ئایدیۆلۆجیا و مێژوو:

أ. حەقیقەت:

ئایدیۆلۆجیا بەوە جیادەکرێتەوە رەهایی بە رێبازێک دەدا کە خۆی وەک دەربڕی بێ ئەملاوئەولای راستی(حەقیقەت) پێشکەش دەکا، کە پێویستە هەموو کەسێک ملکەچی بێ. ئەم رێبازە – کە دەشێ سەرچاوەیەکی ئایینی یا دنیایی هەبێ لە بۆتەی بارستەیەک لە چەمکو بنەما و رێسادا رەق دەبێ و ئیتر دەرفەتی ئەوە نامێنێ لە رێی ئاڵوگۆڕ یان دیالۆگەوە لە کەڵکەکانی کرانەوە بە رووی ئەوی تر ئاگاداربکرێ. جا لەبری هەوڵدان بۆ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوی تر، جەخت کردنەوە لەسەر کۆمەڵێ بیرۆکەی پەتی کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانەوە نییە، دەچەقێ(١٨).

بەڵام ئامانجی توێژینەوەی مێژوویی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە (حەقیقەت)، واتە مەعریفەی مێژوویی چیرۆکی ئەندێشەیی بنیادنانێت، بەڵکو ئەو بونیادانە دەگێرێتەوە یاخود دروست دەکاتەوە کە روویانداوە. وەک مێژوونووسی بەناوبانگی ئەڵمانی (لیوپۆلد ڤۆن رانکە) دەڵێت:» بێگومان مێژوو ئەرکی بڕیاردان و هەڵسەنگاندنی رابردووی بۆ دەگێردرێتەوە و ئەرکی ئاراستەکردنی ئێستایە لە پێناو سوودی نەوەکانی داهاتوودا، بەڵام ئەم کارە مەبەستی دەرخستنی ئەو ئەرکە مەزنە نیە، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئامانجی تەنها دەرخستنی ئەوەیە کە واقیع و شتەکان چۆن بوون»(١٩).

شێواندن (التشویە)و خەیاڵپڵاوی (الوهم)و بیانووهێنانەوە(التبریر) ئەو سێ ئامرازەن کە ئایدیۆلۆجیا لە میانەیاندا ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات! (شێواندن) بەواتای خستنەڕووی وێنەیەکی هەڵگەڕاوە دەربارەی واقیع، و (خەیاڵپڵاوی) بەواتای گومانی خراپ، یا هەڵخەڵەتاندنی هەستیی (الخداع الحسی) یاخود ئەو هزرانەی لە واقیعدا بەرانبەریان نییە، (بیانوهێنانەوە)ش بۆ بارودۆخی وەستاو(الاوضاع القائمة)(٢٠).

**ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی زانست نیە بەڵکو بەرهەمی باوەڕە.**

ئەمە لەکاتێکدا لە توێژینەوە مێژووییەکاندا هەوڵ دەدرێت زۆرترین ئەندازەی (خستنەڕووی واقیع وەک ئەوەی هەبووە) نەک وەک ئەوەی مێژوونووس یاخود دەسەڵات دەیخوازێت! ئاشکرا بکرێت. بۆ ئەمەش (سەربەخۆبوون، بێلایەنی، تێگەیشتن، رەخنەگرتن، هەڵسەنگاندن، بەراوردکردن، دڵفراوانی، ئارامگرتن، تامەزرۆیی، شارەزایی و...تاد)(٢١) کۆمەڵە تایبەتمەندییەکن کە ئەستەمە توێژینەوە مێژووییەکان بەبێ بوونیان ئەنجام بدرێن، یاخود بەبێ ئەم تایبەتمەندییانە ئەنجام بەدەست بێت.

بەڵام لێرەدا دەبێت خاڵێکی گرنگ فەرامۆش نەکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا بەردەوام هەوڵیداوە مێژوو بەشێوەیەک (راڤە) بکات، کە خزمەت بە جیهانبینییەکانی بکات و بەشێوەیەک بەگەڕی بخات کە بوونی لەواقیعدا چەسپاوتر بکات. بێگومان ئەم کارەش لە رێگەی (دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیا)و (کەسایەتی مێژوونووس)ەوە ئەنجامدراوە. هەرکاتێک ئایدیۆلۆجیا توانیبێتی خۆی بخزێنێتە هزرو دڵی مێژوونووسەوە ئەوا مێژوویەکی شێواو بەرهەم هاتووە.

ئایدیۆلۆجیست ئەو کەسەیە کە لە ئەندێشە و جیهانبینی و هزرگەلێکی دابڕاو لە واقیعی بابەتیدا

**هەر ئایدیۆلۆجیایەك وادەبینێت، ڕاستییەکان تەنها ئەوانەن کە ئەو دەیانبینێت.**

ژیان دەگوزەرێنێت(٢٢). بەڵام مێژوونووس ئەو کەسەیە کە پابەندی پێودانگە زانستییەکانە و ئەرکی بنەڕەتی هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردنی ئەو حەقیقەتانەی لەمیانەی توێژینەوەکەیدا پێیان دەگات، ئەمە ئەگەر دژ بە بیروباوەڕ و تێروانینەکانی خۆشی بێت(٢٣).

لە ئیبن خەلدونەوە تا پۆل ریکۆر ئاماژەیان بە ڕۆڵی نێگەتیڤی ئایدیۆلۆجیا لە مێژوونووسیدا کردووە و بەتایبەت ئیبن خەلدوون لە دەسپێکی ئەو هۆکارانەدا داناوە کەوا لە مێژوونووس دەکات لە کارەکەیدا درۆ بکات و بونیادێکی ساختە دابمەزرێنێت(٢٤).

هەر لەم ڕوانگەیەوەیە تائێستا مێژوونووسانی ئێمە دەسەوسان بوون لەوەدا کە بابەتێکی گرنگی وەک (مێژووی مسوڵمانبوونی کورد و پرسی فتوحاتی ئیسلامی) بە شێواوی پێشکەش بکەن، هەرکەسێک قسەی لەسەر کردبێت ئەستەمە توانیبێتی ئەو مێژووە لە (ئایدیۆلۆجیابوون) بەتاڵ بکاتەوە! بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر لە ئایدیۆلۆجیادا (حەقیقەت – ئەو حەقیقەتەی ئایدیۆلۆجیا کە بانگەشەی بۆ دەکات خاڵی سەربەن(منطلق) یاخود دەستپێک بێت، ئەوا لە مێژوودا حەقیقەت خاڵی کۆتا دەبێت.

**ب. (پرس و وەڵام):**

ئەرکی بنەڕەتی لە مێژوونووسیدا بریتییە لە دروستکردنی پرسیار، نەک وەڵامدانەوە! لەبەرئەوەی مێژوونووس مامەڵە لەگەڵ واقیعێکدا دەکات، کە ئێستا ئامادەیی نییە! واتە لە بنەڕەتدا مێژوونووس عەودالێکی ڕاستەقینەی ئەو ڕووداو و واقیعە نەزانراوانەیە، کە مرۆڤەکان لە زەمەنە جیاوازەکاندا پێی هەڵساون، پرسیار چەکی دەستی مێژوونووسە، پرۆسەی مێژوونووسی بەبێ بوونی پرسیار پرۆسەیەکی نەزۆکە، پرسیار ئەو مۆمەی دەستی مێژوونووسە کە پانتاییە تاریکەکانی مێژوو ڕووناک دەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی لە تەواوی ئایدیۆلۆجیاکاندا بەدیدەکەین، بریتییە لە بوونی (وەڵام)گەلێکی گشتگیر بۆ تەواوی ئەو پرسیارانەی لای مرۆڤ بەرانبەر بە گەردوون و ژیان و مرۆڤ دروست دەبێت! واتە ئایدیۆلۆجیا هەوڵی دروستکردن و پێکهێنانی نەوەیەک دەدات پێش ئەوەی فێری پرسیارکردنیان بکات، وەڵامەکانیان پێشکەش دەکات، هەر لێرەوە دەتوانین پەی بە پانتایی (ئازادی و کپکردنی) بەرین، لەو نیشتمانەی ئایدیۆلۆجیا تێیدا دەسەڵاتدارە!

بەمشێوەیە ئەگەر ئایدیۆلۆجیا لەسەربەنی بوونی مەعریفەیەکی دیاریکراو بەرانبەر بە گەردوون و ژیان و مرۆڤ دەستپێبکات و کۆمەڵە وەڵامێکی ئامادەی پێبێت بۆیان، ئەوا مێژوو لەسەربەنی ئەو پرسیارە ورد و ژیربێژییانەوە دەستپێدەکات کە مێژوونووس بۆ ئاشکراکردنی نەزانراوەکان دایدەڕێژێت. لێرەوە پەی بەو ڕاستییە دەبەین کە ئایدیۆلۆجیا و مێژوو سەر بەدوو جیهانی جیاوازن! هەریەکەیان (بنەڕەت) و (ئەرک) و (ئامانج) و (ئەنجام)ی تایبەت بەخۆی هەیە!

پەرەسەندنی مێژوویی چەمکی ئایدیۆلۆجیا:

لەم تەوەرەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە

بنەڕەتییەكان تا پێناسە دواییەكان وبە بەكارهێنانی میتۆدی هیرمینۆتێكی هەوڵدەدەین تێڕوانینێكی كورت دەربارەی چەمكی ئایدیۆلۆجیا بخەینەڕوو.

بە ئایدیۆلۆجیا ئاماژە بۆ ئەو بزوتنەوە فەلسەفەییە دەكرێت كە لە (كوندیاك)ەوە هەڵقوڵا، سەرەڕای بەهێزی دوژمنەكانی ماوەیەكی درێژ لە فەرەنسا بەردەوام بوو. سەردەمی زێرینی ئایدیۆلۆجیا لە ساڵی ١٧٩٥و لەگەڵ دامەزراندنی (پەیمانگای فەرەنسا) دەستپێدەكات. ئەو پەیمانگایە تەواوی كۆمەڵی كۆندیاكیەكانی وەك (فولین، غارا، سییس، غانغنییە، كابانیس) لەخۆگرتبوو، ئەمە لەكاتێكدا (لارو میغییرو دستات دی تراسی و جراند) بە سیفەتی ئەندامی بەشداربوو كورسی خۆیان هەبوو، ئەوكات زۆرینەیان پشتیوانی ناپلیۆن بوون و لایەنگیری كودەتای (برومیر) بوون. بەڵام ناپلیۆن ئەم پشتگیرییەی لەدەستدا كاتێك ئایدۆلیجیستەكان تێگەیشتن كە ناپلیۆن ئەو ئازادیخواز و بەردەوامبەخشی شۆڕشە نیە كە ئەوان خەونیان پێوە دەبینی(٢٥).

فەیلەسوفی فەرەنسی دیستات تریسی)١٧٥٥ -١٨٣٦) یەكەم كەس بوو كە زاراوەی ئایدیۆلۆجیای بەكارهێنا، كتێبی (رەگەزەكانی ئایدیۆلۆجیا) لە پێنج بەشی سەرەكی (ئایدیۆلۆجیا – ١٨٠١) و (رێزمانی گشتی – ١٨٠٣) و (ژیربێژی – ١٨٠٥)و (نامەیەك دەربارەی ویست – ١٨١٥) و (دەربارەی لێكدانەوەی رۆحی یاساكان – ١٨٠٦) پێكهاتبوو(٢٦).

ئایدیۆلۆجیا لە مەلەكە (الملكات) مرۆییەكان و جیامەندییەكان و (رێزمانە گشتییەكان)یش لە نیشانەكانی قسەكردن و (ژیربێژی)ش لە ئاكار و ئابووریی و بەشی كۆتایش لە رەگەزەكانی تێكرای زانستە سروشتی و ئەبستراكتەكانی دەكۆڵییەوە(٢٧).

مەبەستی (تریسی) لە ئایدیۆلۆجیا زانستی ئایدییەكانە، یاخود ئەو زانستەیە كە لە مەودای راستی یاخود هەڵەیی ئەو بیروباوەڕانەی كە خەڵكی هەڵیانگرتووە دەكۆڵێتەوە، ئەو بیروباوەڕانەی كە تیۆر و گریمانەكان لێوەی بنیات دەنرێن، كەوا لەگەڵ كردارە ئەقڵیەكانی تاكەكانی كۆمەڵدا دەگونجێت(٢٨).

واتە مەبەستی تریسی پێناسەكردنی ئامانجە بنەڕەتییەكانی ئەو زانستە بوو كە هەڵدەستێت بە ڕاڤەكردن و تێگەیشتنی هزرەكان و تایبەتمەندیی و یاساكانی و دواتر پەیوەندی ئەو هزرانە بەو سیمبولانەی كە لە كۆمەڵگاكاندا وەریدەگرێت و پێشكەش بە جەماوەری دەكات(٢٩).

بەمشێوەیە تریسی وشەی ئایدیۆلۆجیای بۆ دەلالەتكردن لە شیكردنەوەیەكی ئەزموونی ڕیشەیی بۆ ژیری مرۆڤایەتی بەكارهێناوە، ئەو شیكارییەی لەسەردەستی (كوندیاك) لە سەدەی هەژدەدا دارێژرا، كە بەشێوەیەكی رێكخراو لە (رێگەیەكی نوێ سەبارەت بە هزرەكان) بەرهەمی هێنا، ئەمەش یەكەمجار (جۆن لۆك) لە كتێبەكەیدا (توێژینەوەیەك دەربارەی ژیری مرۆیی) دایرشتبوو. ئەم شیكارییە كە پێیوایە هەستەكان(الاحساس) بنەڕەتی تەواوی هزرەكانە، سەركردەكانی شۆڕشی فەرەنسی وەك چەكێك لەو ململانێیەدا دژ بەو بیروباوەڕە سیاسیی و ئاینییە زاڵانەی كە سستمی كۆنی فەرمانڕەوایەتی پشتی پێبەستبوو، بەكاریانهێنا.

حكومەتی شۆڕش دانپێدانانەكانی خۆی بە تەنها لەو فەلسەفەیەدا كورت دەكردەوە و فەیلەسوفە (ئایدیۆلۆجیستەكان كە لەدوایدا ناسران – بوونە تاكە فەیلەسوفی باوەڕپێكراو)(٣٠). دواتر وشەی ئایدیۆلۆجیا، واتا بنەڕەتییە دیاریكراوەكەی خۆی لەدەستدا، بەڵام وابەستەیی بە ناوەڕۆكە سیاسیی و بیروباوەڕە فەرمییەكانەوە هەرمایەوە. بەهەرحاڵ واتای زاراوەكە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ناپلیۆندا ڕووبەڕووی شێوانێكی دیكە بووەوە، كاتێك: ئایدیۆلۆجیا بەشێوەیەكی كرداری واتای هەر باوەڕێكی لە جۆری كۆماری یاخود شۆڕشگێری دەگەیاند(٣١).

بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی ئەم زاراوەیە تەنها لە سنوری زانستی هزرەکان قەتیس نەما، بەڵکو بەواتای سستمێکی فیکریی و عاتیفی گشتگیر بەکارهات کە گوزارشتی لە هەڵوێستی تاکەکانی بەرانبەر بە جیهان و گۆمەڵگە و مرۆڤ دەکرد(٣٢).

هیگل کۆمەڵگە بە(گشت)ێک دادەنێت کە تاک هزرێک رێکی دەخات و، لە وێنەگەلێکی جیاواز لە ئاست بەرانبەر و تێکچڕژاوەکاندا بەرجەستە دەبێت، لەبەرئەوە پێکهاتەیەک دەسەپێنێت لە نێوان رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و رەوتە فەلسەفییەکان و بیروباوەڕە ئاینیی و کارە هونەریی و رێساییەکان، چونکە هەموو ئەوانە (رۆحی سەردەم) بەرجەستە دەکەن. لەو تیۆرەدا هەموو جیاوازییەکانی نێوان (ماددیتی و زەینی)و نێوان (مێژوو و فەلسەفە)و نێوان (هۆکار و ئەنجام)ەکان ئاوا دەبێت. بۆیە بوارێک بۆ جیاکاری لە نێوان زانینی بابەت یاخود زانست و لە نێوان هۆشیاری خود بەرانبەر بەخود یاخود ئایدیۆلۆجیا نامێنێت(٣٣). لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی بەلای فەیلەسوفە ئەڵمانییەکانەوە، بەتایبەت هیگڵ و رۆمانسییەکان، ئایدیۆلۆجیا سستمێکی هزری دەگەیەنێت کە گوزارشت لەو رۆحە دەکات کە پاڵ بەماوەیەکی مێژووییەوە دەنێت و بەرەو ئامانجێکی وێنە بۆکێشراو لە نەخشەی مێژووی گشتیدا ئاڕاستەی دەکات. واتە لێرەدا لەسەر بەنێکی مێژووییەوە وەک نەخشەیەکی هۆشیار بەخود دەڕوانێتە ئایدیۆلۆجیا(٣٤). دواتر لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی) (کارل مارکس)و (فردیک ئەنگلز) ئایدیۆلۆجیایان بەهاو واتایەکی فەلسەفە دانا، بەتایبەت ئەو فەلسەفانەی کە ئەوان بە دوژمنی فەلسەفە مێژووییە شۆڕشگێرییەکانی خۆیان دایان دەنا. لەو سەربەنەوە تەنها لە قسەکردنەکەیاندا دەربارەی تەقلیدی (بۆرجوازێتی) ئایدیالیستی ئەڵمانی بەکاریان نەهێنا کە لە هیگڵ) و شوێنەکەوتوانیدا بەرجەستە دەبوو، بەڵکو لەوەشدا بەکاریان هێنا کە ئاماژەیان بۆ شێوە میکانیەکانی فەلسەفەی ماددێتی دەکرد، کە ئەوان پێیانوابوو ناتوانێت سروشتی پەرەسەندنی مێژوویی لێکبداتەوە(٣٥).

چەمکی ئایدیۆلۆجیا لای مارکس و ئەنگلز چەند سیمایەکی جۆراوجۆری لەخۆگرت، بۆیە لێرەدا دەخوازێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

سەرەتا ئەوەی ئەوان پێیان دەگوت (ئایدیۆلۆجیا) تەنها تیۆرێکی زانین و سیاسەتی لە خۆنەدەگرت، بەڵکو میتافیزیک و ئاکار و ئاینیشی لەخۆدەگرت، لەڕاستیدا هەر شێوەیەکی هۆشیاری کە گوزارشتی لە ئاڕاستە بنەڕەتیەکان یاخود ئەو پابەندبوون (الالتزامات)یانە بکردایە، کە چینێکی کۆمەڵایەتی هەیبوو، ئەوا دەیگرتەوە. هەروها لە کتێبی (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی)دا چەند بەشێکی گرنگ بەدیدەکرێت، کە مارکس و ئەنگلز هەوڵیانداوە هەندێ جیاکاری لە نێوان پێکهاتە ئایدیۆلۆجییەکانی هۆشیاریی و لە نێوان ئەوەدا کە ئەوان بە زۆری ئاماژەیان پێدەکرد بەوەی کە (زانینی ڕاستەقینە) و (زانستی وەزعی ڕاستەقینە)یە بکەن. بەتەواوی ئەوە روون نەبووەوە کە ئەو جیاکارییە چی دەگەیەنێت، بەڵام لەهەر بارێکدا بێت، نیگای ئەوە دەکات کە ئایدیۆلۆجیاکان یاخود ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی قبوڵکردنی شتێکی ژیریانە نین(٣٦). ئەو جیاکارییانە پرسیارگەلێکی قورسی پەیوەندیارییان بە خودی ماددیتی دیالێکتیکەوە دەوروژاند، لەبەرئەوەی (مارکس) (بنشی)ی ئەوەی نەدەکرد کە ئەوە بە تەنها ئایدیۆلۆجیای چینە کرێکارە شۆڕشگێرەکانە، بەڵکو هەروەها فەلسەفەیەکی (زانستی)یە، مرۆڤ دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەسەری بدوێت، بەوەی کە (ڕاستەقینەیە)(٣٧). هەروەها مارکس و ئەنگلز تیۆری زانینیان بە ئایدیۆلۆجیاوە بەستەوە، بۆیە بەلای ئەوانەوە هەموو زانینێک زانینێکی ئایدیۆلۆجیە، واتە بونیادی مەعریفی ملکەچی بونیادی ئایدیۆلۆجییە، ئەمە لەکاتێکدا ئایدیۆلۆجیا، ئاسۆی زەین(زهن)ی مرۆڤەکان

پێکدێنێت و ئەو ڕەگەزانەی تێدا دەدۆزێتەوە کە هزرەکانی پێکدێنێت. مارکس و ئەنگلز پێیانوایە مرۆڤەکان بەرهەمی هزر و جیهانبینیەکانیان، هزرەکانیش ڕاستەخۆ لە میانەی چالاکییە ماددییەکانی مرۆڤەوە پێکدێت(٣٨).

بێگومان پەیوەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا بە (زانست)و (زانین)ەوە بەشێوەیەکی ورد نە لەسەر دەستی (مارکس) و (ئەنگلز)و نەلەسەردەستی شوێنکەوتووەکانیان دیاری نەکرا، هەرچۆنێک بێت وابەستەییە ناژیریی و ئەو وابەستەییانەی خاوەن مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسین و بە زۆری بنەما (ئایدیۆلۆجیەکان)ەوە دەبەسترێنەوە، ڕیشەگەلێکی جۆراوجۆریان لە تیۆری مارکسێتیدا هەیە کە پێیوایە پێکهاتەکانی هۆشیاری فەلسەفی بێت یاخود ئایدیۆلۆجی، بەشێویەکی ڕەها بە (سەرخان)ی ڕۆشنبیرییەوە بەستراوەتەوە جا بەپێی ئەو تێروانینە و سەرەڕای دیاردەکانی، نموونەی ئەو بنەمایانە ناوەڕۆکێکی دەرکی (ادراکی) یاخود ژێری سەربەخۆ و پەرەسەندنێکی مێژوویی خودییان نیە(٣٩).

مارکس وادەبینێت ئایدیۆلۆجیاکان تەنها ڕەنگدانەوە یاخود (دەنگدانەوە)یەکی ئەو هێزە یەکلایکەرەوانەی دیکە کە کاری بنەڕەتی بەدەستدێنن لەهەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەدا ئەو سیفەتی (ماددیتی) دەداتە پاڵ نمونەی ئەو هۆکارە تەواوانە یاخود کاریگەرانەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان کاتێک ئەو کارە ئەنجامدەدات بۆئەوەی بتوانێت بەرهەڵستی بەدەستهاتووە لاوەکیە ئایدیۆلۆجیەکەی پێبکات(٤٠). لێرەدا دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە زیاتر لە مارکسێک هەیە: مارکسی لاوی مرۆیی هەروەکو لە کتێبەکانی (هێڵکارییەکانی ئابووریی و سیاسەت – ١٨٤٤)و (ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی) گوزارشتی لێدەکات، دواتر مارکسی پیر و کلاسیکی وەک کتێبی (سەرمایە) دەیخاتەڕوو.

لای مارکسی لاو چەمکی ئایدیۆلۆجیا لە ڕەخنەگرتن لەو ئایدیالیستییەدا بەرجەستە دەبوو کە هزرەکانی لە واقیع و پەیوەستبوونی بە پەرەسەندنی کاری بە کۆمەڵەوە جیادەکردەوە. بەڵام لە کارەکانی مارکسی پیردا ئایدیۆلۆجیا وەک چاوگێکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەزعی گوزارشتی لێدەکرا(٤١)، واتە ئایدیۆلۆجیا سستەمی هزرییە، ڕەنگدانەوەی سستمێکی کۆمەڵایەتیە، واتە لێرەدا لەسەربەنی بونیادی ناوەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە بە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بەردەوامبونی جیادەکرێتەوە، دەڕوانرێتە ئایدیۆلۆجیا(٤٢).

لێرەدا بواری شیکردنەوە یاخود هەڵسەنگاندنی گوتەکانی (مارکس) و (ئەنگلز) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سەرخانی ئایدیۆلۆجیی و ژێرخانە ماددییە ئابورییەکەیمان نیە، ئەمە لەکاتێکدا تێۆرییەکەیان هەمیشە ئەو پەیامە دەبەخشێت کە بنەما ئایدیۆلۆجییەکان ئەفسانەگەلێکی کۆمەڵایەتین یاخود (تلیاکی) گەلانن و هۆکارەکانی وەرگرتنی ئایدیۆلۆجیاکان لەلایەن نەتەوەکانەوە لە بنەڕەتدا پابەند نەبوون بە سەلماندن یاخود واقیعەوە(٤٣).

زاراوەی ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵناسی مەعریفە و بەتایبەت لە نووسینەکانی ماکس فیبەر(١٨٦٤ -١٩٢٠)و کارل مانهایم (١٨٩٣ – ١٩٤٧) بۆ گوزارشتکردن لە سستمی هزرەکان کە دەبێتە بەرهەم یاخود گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، کاتێکیش کە بە سستمی هزرەکان دەوترێت ئایدیۆلۆجیا، ئەوا جۆرە مامەڵەکردنێکە لەگەڵ بابەتگەلێکدا کە سروشتە ڕاستەقینەکەی داپۆشراوە. دواتر ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەکان هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر ئەوەی کە (کارل مانهایم) بەو بارودۆخانەی ژیان ناوزەدی دەکات کە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی بەرهەمهێناوە(٤٤).

لەم سۆنگەیەوە زانستی ئابوری وەک لە نوسینەکانی ئادەم سیمث(١٧٢٣ - ١٧٩٠)دا

هاتووە، بە داڕێژراوی ژێرییەکی بیلایەن دانانرێ، یاخود تەنها لە سنوری راستێتی ڕێکخراوی ڕوونیدا حوکمی بەسەردا نادرێت، بەڵکو وەک گوزارشتکردنێک لە بەرژەوەندی بۆرجوازێتی و وەک بەشێک لە ئایدیۆلۆجیای سەرمایەداری لێی دەڕوانرێت.

هەروەها کۆمەڵناسەکان زاراوەگەلێکی دەروونناسی (فرۆید)یان بۆ گوزارشتکردن لە کرۆک و حەقیقەتی ئایدیۆلۆجیا خواستووە، لەو زاراوانەش نەست (لاشعور) و ژیری بەکارهێنان (التعقل) بوو. لێرەوە ئایدیۆلۆجیاکان بە (تعقل) یەکی نەستیانەی بەرژەوەندییەکانی (چین) دانرا. لەم سۆنگەیەوە ئەوان (ئادەم سیمث) یان بە پاڵەوانێکی خۆشەویستی گەلی بۆرجوازی دانەدەنا. بەڵکو زۆر بە ئاسانی وەک وتەبێژێکی نەستی سەرمایەدارێتی دەیانبینی (٤٥). ماکس فیبەر لەلایەنێکی دیاریکراوەوە هەستا بە هەڵگێرانەوەی ئەو تیۆرەی کە مارکس پێیوابوو تەواوی سستمە هزرییەکان ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابوورین، ئەو لە ڕێگەی سەلماندنێکی پێچەوانەوە پێیوابوو ژێرخانی ئابووری بەرهەمی سستمە هزرییەکانە، وەک لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئاکاری پرۆستانتی و گیانی سەرمایەدارێتی – ١٩٢١) ئەوە دەسەلمێنێت کە پرۆستانتی سەرمایەدارێتی بەرهەمهێنا و پرۆستانتیەکی سەرمایەدارێتی لە ئارادانیە (٤٦).

لەلایەکی دیکەوە (کارل مانهایم) کە پێشتر لەژێر کاریگەری مارکسدا بووە، بەڵام کاتێک جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەکرێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە ئامرازگەلێکی ناشۆڕشگێری بەدبێت، لە مارکسێتی لایداو ئەوەشی بەدرۆ خستەوە کە گوایە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان کردارێکی لەخۆوە بێت، ئەو باسی لە گرنگی تێکۆشانی سیاسی هۆشیارانە دەکرد، (مانهایم) کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕەوتی مێژووگەری ئەڵمانی و پراگماتیکی ئەنگلۆسەکسۆنییەوە(٤٧)، لە گرنگترین نووسراویدا (ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا – ١٩٢٩) (مانهایم) هەوڵیدا لە وێنەیەکی هەڵسانگاندنێکی زیاتر و گریمانەکانی مارکسدا نوێخوازییەک ئەنجامبدات، ئەویش بەدانانی ئایدیۆلۆجیاکان وەک بەرهەمی بونیادی کۆمەڵایەتی. بەڵام ڕەنگە لێکدانەوەکانی (مانهایم) ناڕوونیەکی پێوە دیاربێت، کاتێک پێشنیاری ئەوەی کرد کە پارێزگاری بە وشەی ئایدیۆلۆجیاوە بکرێت بۆ گوزارشتکردن لەو سستمە هزرییانەی کە بە پارێزگارێتی لە زۆر یاخود کەمیدا دەناسرێتەوە. بەکارهێنانی وشەی (یۆتۆپیا)ش بۆ گوزارشتکردن لەو هزرانەی کە خاوەن سروشتێکی زیاتر شۆڕشگێڕن، بۆیە (مانهایم) بە وێنەیەک لە وێنەکان لەو کتێبەدا باوەڕی بەو پێناسەیە نەبووە(٤٨).

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا مانهایم هۆشیارییەکی تەواوی بەوە هەبوو کە سستمی هزرەکان پشت بە بنەڕەتێکی چینایەتی یاخود لایەنگیری چینایەتی دەبەستێت. جا بۆئەوەی لەو گرفتە ڕزگاری بێ هەستا بە بەکارهێنانی چەمکی (چینی بیرمەندە ناچینەکان) یاخود بە(دەستەبژێری پابەند نەبوو بە چینەوە) وەسفی کردن، کە بە توانان لە بیرکردنەوەیەکی بێلایەنانە لەهەر بەرژەوەندییەک و شوێنکەوتەییەکی چینایەتی(٤٩). هەروەها (ریمۆن ئارۆن – ١٩٠٥ – ١٩٨٣) ئاماژە بە چەمکی ئایدیۆلۆجیا دەکات کە هەستکردنە بەپەیوەندیدارێتی (انتماء) بۆ شتێکی هەڵبژێردراو بۆ ئەو ئاسایش (الامن)ەی کە سیستمێکی داخراوبۆ هزرەکان بە دیدەهێنێت، بەشێوەیەک کە دەتوانێت ڕاڤەیواتای مێژووواتای خودی مرۆڤو شوێنی لە بووندا بە مرۆڤ ببەخشێت(٥٠).

لویس ئەلتوسیریش دەربارەی چەمکی ئایدیۆلۆجیا دەڵێت «ئایدیۆلۆجیا سستمێکە (ژیربێژی و سستمی تایبەتی خۆی هەیە) لە نواندنەکان (وێنەکان، داستانەکان، هزرەکان، یاخود

چەمکەکان بەپێی حاڵەتەکان) لەنێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بوون و رۆڵێکی مێژوویی هەیە(٥١).

لە فەرهەنگی (وبستەر)دا بەمشێوەیە پێناسەی ئایدیۆلۆجیا کراوە: «ئایدیۆلۆجیا سستمێکە لە هزرەکان، گرنگی بە دیاردەکان دەدات، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئەو شێوازەی بیرکردنەوەیە کە تاک یاخود چین جیادەکاتەوە«(٥٢).

ئەگەر بەوردی لەم پێناسەیە رابمێنین ئەوا تێکەڵییەک بەدیدەکەین، بەشی یەکەمی پێناسەکە نیگای ئەوە دەکات کە ئایدیۆلۆجیا تیۆرێکە دەربارەی دیاردەکان، بەتایبەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بەشی دووەمی تیۆری بوونی لێوە هەڵناهێنجرێت، بەڵکو رێگەیەکە لە بیرکردنەوە یاخود سستمێکە لە هەڵوێستەکان. یەکەمیان ئەوە بەزەینماندا دێنێت کە کێشەگەلێکی بابەتیە و شتێکی هەبوو (موجود) ی جیهانی وەسف دەکات، بەڵام دووەمیان شتێکە زیاتر خودییە و گوزارشت لەو شێوازانە دەکات کە تاک یاخود کۆمەڵ واقیعی پێدەبینێت(٥٣)، هەروەها لە فەرهەنگی (ئەنترۆپۆلۆجیا)دا ئایدیۆلۆجیا سێ واتا لە خۆدەگرێت:

أ) رستێک لە بیروباوەڕ و چەمکەکان پێکدەهێنێت و هەوڵی روونکردنەوەی دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەدات، تا زەمینەیەک بۆ تاک و کۆمەڵ بسازێنێت بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادانەی رەفتاری نمونەیی لەبەردەم ئەو دیاردانەدا.

ب) کۆمەڵە بیروباوەڕ و شێوازگەلێکی بیرکردنەوەی جیامەندی تاک یاخود کۆمەڵێکە.

ج) ئەو بنەماو تیۆر و ئامانجانەیە کە کۆمەڵەیەکی لەسەر دادەمەزرێت یاخود بەرنامەی کۆمەڵایەتی بۆ بەرجەستەکردنی یاخود پێگەیشتنی دادەنێت(٥٤).

هەروەها لە بەشێکی ئەو پێناسانەی کە فەرهەنگە فەلسەفیەکان بۆ ئەو چەمکەیان خستووەتە روو، ئایدیۆلۆجیا بەو رێگەیە دانراوە کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەشارێتەوە، تەنانەت لەوەش زیاتر هەوڵدەدات جیهانێکی ساختە بخاتە روو و تێروانینی چینی هەژموونداری بەسەر چینی لاوازدا دەسەپێنێت(٥٥).

(بورهان قانع)یش دەربارەی ئەو چەمکە دەڵێت: ئایدۆلۆجی بریتییە لە سستمی تیۆریی و بیرکردنەوەی سیاسی، ماف، هونەری، مەزهەبی، فەلسەفی،... تیۆری لە زەمینەی رەوشدا. ئایدیۆلۆجیا بەشێکە لە سەرخانی فیکری کۆمەڵو و خاسیەتی چینایەتیانەی هەیە، لەبەرئەمە پەیوەندییە ئابوورییەکانی ژێرخانی کۆمەڵ نیشاندەدات(٥٦). دواتر (بورهان) ئاماژە بەوەدەکات کە ناتوانرێ ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیا بەبێ هۆ و راسەخۆ تێکەڵ بە باری ئابووری بکرێت.. جگەلەوە گەشەکردنی هۆیەکانی ئابووریی و ئایدیۆلۆجی هاوشانی یەک نین. سەربەخۆیی ئایدیۆلۆجیا و پێشکەوتنی سستمی تیۆریی و بیرکردنەوەوە کە ئەمانە هیچ ماهییەتێکی ئابووریيان تیدانیە سەردەگرێت، هەروەها بە زۆری چەند ئایدیۆلۆجیایەکی جیاجیا کاردەکەنە سەر گەشەکردن و سەربەخۆیی یەکتر(٥٧).

## پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیاکان:

بۆئەوەی بتوانین دەرک بە کاریگەری ئایدیۆلۆجیا لەسەر ژیانی گرووپ و کۆمەڵ و بیرمەندەکان بکەین و، پەی بە سرووشتی ئەو ناکۆکیەی کە لەمیانەیدا ئایدیۆلۆجیا پشکداری دەکات لە گەشەپێدانی هۆشیارییەکی راستەقینە نەک ساختەدا ببەین، دەبێ رووبەڕووی بابەتی پۆلێنکردنی ئایدیۆلۆجیاکان ببینەوە، چونکە ئایدیۆلۆجیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سادە نیە، بەڵکو بەشێوەیەکی تێبینیکراو ئاڵۆزە. لێرەوە ئێمە دەتوانین بەپێی چوار پێوەر ئایدیۆلۆجیاکان پۆلین بکەین(٥٨)، ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی ئایدیۆلۆجیایان ئاراستە دەکرێت.

دووەم: پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگە.

سێیەم: شێوازەکانی کردار یاخود ئەو ڕەفتارانەی کە ئایدیۆلۆجیا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات.

چوارەم: ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیا.

بەپێی پێوەری یەکەم دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بۆ سێ بەش پۆلێن بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی کۆمەڵگەلێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگە دەکرێ، وەک چین یاخود پیشە. لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێ بوترێت بوونی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە چینی کرێکار یاخود ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە پزیشکان یا ڕۆشنبیران... هتد.

٢. ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی کۆمەڵگە وەک گشتێک- دەکرێ، کە گوزراشت لە تێروانینی تەواوی ڕۆڵەکانی دەکات، وەک ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی یاخود یەکێتی نیشتمانیی.

٣. ئەو ئایدیۆلۆجیایەی ئاراستەی کۆمەڵگەگەلێکی جیاواز دەکرێت و سنوری تاکە کۆمەڵگەیەک تێدەپەڕێنێت، یاخود لەسەر ئاستێکی بنەمایی کار دەکات، وەک ئایدیۆلۆجیای مارکسیێتی کە بانگەشەی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان وەک گشتێک دەکات، یاخود ئایدیۆلۆجیای چینی زەحمەتکێش لەسەر ئاستی هەموو جیهان(٥٩).

بەپێی پێوەری دووەمیش دەتوانرێت بگوترێت ئایدیۆلۆجیا هەمیشە تەرکیز لەسەر هێزی کۆمەڵایەتی دەکات یاخود پێوەی وابەستەیە. لەو سەربەنەوە ئایدیۆلۆجیا هەمیشە لایەنێکی سیاسی دەبێت، لەم دیدگایەوە دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بۆ سێ بەشی بنەڕەتی پۆلێن بکەن، ئەوانیش بریتین لە:

١) ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی گوزارشت لە تێروانینی ئەو کۆمەڵانە دەکات کە دارای هێزی نێو کۆمەڵگەن، وەک ئایدیۆلۆجیای چینی باڵادەست یا ئایدیۆلۆجیای تەکنۆکرات یاخود ئەو هونەرییانەی لەنێو کۆمەڵگەدا مومارەسەی دەسەڵات دەکەن.

٢. ئەو ئایدیۆلۆجیانەی ڕەنگدانەوەی تێروانینی ئەو کۆمەڵانەیە کە لەنێو کۆمەڵگەدا هەوڵی بەدەستهێنانی جڵەوی هێز دەدەن، وەک حزبە کە مینەییەکان یاخود ئۆپۆزسیۆن.

٣. ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی کە گوزارشت لە تێروانینی ئەو کۆمەڵانە دەکەن کە هەوڵدەدەن کار لەو کۆمەڵە بکەن کە مومارەسەی هێز و دەسەڵات دەکات، بەبێ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا هەوڵی بەدەستهێنانی جڵەوی دەسەڵات بدەن. وەک ئایدیۆلۆجیای گرووپەکانی فشار (PRESSURE GROUPS) لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا(٦٠).

هەروەها بەپێی پێوەری سێیەم کە پەیوەستە بەشێوازەکانی کردار یاخود ئەو ڕێ وشوێنانەی کە دەیەوێت بیگرێتەبەر دەتوانین ئایدیۆلۆجیاکان بۆ دوو بەشی بنەڕەتی پۆلێن بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. ئایدیۆلۆجیای ڕیفۆرمخوازی (REFORMIST)، ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە لەمیانەی نەخشەیەکی پلەبەندی بۆ چاکسازی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی شێوازە یاساییەکانەوە دەیەوێت هەڵوێستەکان بگۆڕێت.

٢. ئایدیۆلۆجیای شۆڕشگێری (REVOLUTIONARY) ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە (پۆل ڕیکۆر) ناوی (یۆتۆپیایی) لێدەنێت، لەوسەربەنەوە هەوڵی بەدیهێنانی گۆڕانکارییە خواستراوەکان بە ڕێگەی توندوتیژی و ناتەقلیدی یاخود نا مەشروع لە چوارچێوەی سستەمی ڕاوەستاودا دەدات.

لەکۆتاییدا دەتوانین ئایدیۆلۆجیا بەپێی پێوەری ناوەڕۆک بۆ چوار بەش پۆلێن بکەین، کە بریتین لە:

١. ئایدیۆلۆجیای کۆنەخوازی (REACTIONARY) ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ لە کێشەکانی پێشنیاری گەڕانەوە بۆ شێوازەکانی ڕابردوو دەکات.

٢. ئایدیۆلۆجیای پارێزگار (CONSERVATIVE) ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە کە هەوڵی پاراستنی

بارودۆخە وەستاوەکە بەبێ گۆڕانکاری دەدەن(٦١).

٣. ئایدیۆلۆجیای پێشکەوتنخوازی (PROGRESSIVE) یاخود لیبرالیزم، ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە لەپێناوی بەدیهێنانی گۆڕانگەلێکی جەوهەری بانگەشەی زەرورەتی دەستبەرداربوون لە هەندێ نەریتی باو دەکات.

٤. ئایدیۆلۆجیای ڕادیکاڵی (RADICAL) ئەو ئایدیۆلۆجیایەیە کە لەپێناو بەدیهێنانی سستم و هەڵوێستی نوێدا بانگەشەی زەرورەتی ئەنجامدانی گۆڕانی ڕیشەیی لە سستمی ڕاوەستاودا دەکات.

هەروها دەتوانین لەسەر هەمان پێوەری چوارەم (ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆجیا) ئایدیۆلۆجیاکان بەشێوەیەکی دیکە بۆ دووبەشی سەرەکی پۆلێن بکەین، ئەوانیش بریتین لە:

١. ئایدیۆلۆجیای چەپڕەو (LEFTIST IDEOLOGY) (جای ڕۆچەر) (G.ROCHER) پێیوایە ئەم دەربڕینە بەزۆری بە ڕەوتی مارکسیزم یا ڕەوتە سۆسیالیزمەکان یاخود ئەو ڕەوتانەی کە ئاڕاستەگەلێکی سوسیالیزمیان هەیە، دەگوترێت، هەروەک هەندێکجاریش بۆ هەندێ ڕەوتی دیموکراتی بەکاردەهێنرێت.

٢) ئایدیۆلۆجیای ڕاسترەو (RIGHTIST IDOLOGY) (جای ڕۆچەر)وای بۆ دەچێت بەزۆری ئەم ئایدیۆلۆجیایە بەو ڕەوتانە دەوترێت کە خاوەن مورکێکی کۆنەخوازی یاخود پارێزگارین(٦٢). لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە هەردوو زاراوەی (ڕاسترەو و چەپڕەو) ناڕۆشنی و ڕێژەیەتی لە خۆدەگرن و بەشێوەیەکی پڕاوپڕ گوزارشت لە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو ناکەن. ڕەنگە هەر ئەمەش بێ وایکردبێت زاراوەگەلێکی وەک ڕاسترەوی پەرگیر و ڕاسترەوی میانرەو و.. هتد دەرکەوتبن بەمشێوەیە ئەم زاراوانە لە ڕێژەیی بوون و لێڵی یاخود ناڕوونی بەدەرنین.

**ئایدیۆلۆجیا بەو ڕێگەیە دانراوە کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەشارێتەوە، تەنانەت لەوەش زیاتر هەوڵدەدات جیهانێکی ساختە بخاتە ڕوو.**

**تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا:**

دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆجیا یەکێکە لە هەنگاوە سەرەتا و زۆر گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەک کە بیەوێت لە ماهیەت و ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیاکان بکۆڵێتەوە، تا لە میانەیدا بتوانرێت زیاتر پەی بە واتا و کاریگەرێتییەکانی لە ژیانی تاک و واقعی کۆمەڵگەکاندا و ئاشکراکردنی لایەنە نادیارەکانی ببرێت.

**لەم سۆنگەیەوە گرنترین تایبەتمەندییەکان بریتین لە:**

١. گشتگیریتی ڕاڤەکردن: ئایدیۆلۆجیا لە ڕوانگەی مۆرکە مێژووییەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و هێزە بزوێنەرەکەیەوە، هەوڵدەدات ڕاڤەیەی گشتگیری جیهانی بکات. لەو چوارچێوەیەدا ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات ڕاستە تایبەتیەکان –ڕاستی و بەرژەوەندی چین– بەڕاستی گشتی و پیرۆز و ڕەخنە هەڵنەگر دابنێت. هەموو ئەو دژکاریانەش دەشارێتەوە کە دەتوانن بەرژەوەندی چینایەتی تایبەت یاخود بەرژەوەندی گشتی بخەنەڕوو، تا ئایدیۆلۆجیاکە بتوانێت ڕاڤە گشتگیرەکەی بچەسپێنێت. جا ئەو ڕاڤەیە بەرەو جیهانبینییەکی

**زۆرجار ئایدیۆلۆجیاكان لەلایەن چینی سەرەوە دادەڕێژرێن، ئەمە لەكاتێكدا ئاینەكان لەنێو خەڵكە ڕەشۆكیەكەدا دروست دەبێت.**

گەردوونی دەروات و تەواوی خواستە بووەكان و شیاوەكانی بۆ ملكەچ دەكات، وەك : زمان، ئەفسانە، ئایین، ئاكار، ماف، فەلسەفە، كاریش بۆ دامەزراندنی ڕستێكی ئاڵۆز لە ئاڵۆزكاریی و بیانووهێنانەوە دەكات(٦٣). وەك پۆل ریكۆر دەڵێت: هەموو ئایدیۆلۆجیایەك ئاسانكراو و گوتارییە و سستمێكە لە ڕێساكان و ئامانجی پێشكەشكردنی تێروانینێكی گشتیرە نەك تەنها بۆ كۆمەڵێك بەڵكو بۆ مێژوو، لێرەوە بەتەواوی شتەكانی وەك ئاكار، ئاین، فەلسەفە، دەبێتە ئایدیۆلۆجیا(٦٤).

٢. ژ یر ێتیبو و ن ( RATIONALIFY ): ئایدیۆلۆجیا بەپێی ئەو پێناسانەی پێشوو سستمێكە لە بیروباوەڕ و ئەحكامە ڕاگەیندراوەكان لەلایەن كۆمەڵێك یا چینێك یاخود دەوڵەتێكەوە، لەبەرئەوە هەوڵدەدات كالایەكی ژیرێتیبوون یالۆجیستی یاخود زانستی لە هەندێ كاتدا بپۆشێت(٦٥).

ئایدیۆلۆجیا پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە هۆشیاری(وعی) تاكەكانەوە هەیە، بەوەی كە ئایدیۆلۆجیا ڕەهەندی بوونی ئەو كەسە و تێگەیشتنی زاڵی ئەو كەسە دەگۆڕێت و دەبێتە مەرجەعیەتێكی عەقڵی بۆی لە نمونەی ئەمەش وەك ئەوەی لە ماددیەت و ئایدیالیستیدا دەردەكەوێت(٦٦).

٣. جۆرێتی (النوعیه): سستمی ئایدیاكان و ئەحكامەكان هەوڵدەدەن یارمەتی ئەو كەسانە بدەن كە باوەڕیان پێهێناوە، ئەویش بە تێگەیاندنی واقیعەكەیانو ڕاڤەكردنی بە ڕێگایەكی دیاریكراو، بۆیە ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات ئەوە ڕوونبكاتەوە بۆ نمونە كە كێ و بۆ چ مەبەستێك تاك ئیستغلال دەكات؟! هەورەها هۆكارەكانی دواكەوتنی كۆمەڵ دەستنیشان دەكاتو... هتد(٦٧).

ئایدیۆلۆجیا تەنها مرۆڤ ملكەچ ناكات بۆ پەیرەو و سستمێكی دیاریكراو، بەڵكو بەشێوەیەك ئەو مرۆڤە پێكدەهێنێت كە بتوانێت لە زۆر بواری تری وەك زانستی و فەرهەنگیدا چالاكانە بكەوێتە كار و بەهەمان ئاڕاستە و تێگەیشتنی ئەو ئایدیۆلۆجیایە باسە جۆراوجۆرەكان هەڵبسەنگێنێ. بۆ نمونە بەرهەمەكانی (كارل ماركس)و (ئادەم سیمس) لەگەڵ ئەوەی پێشەنگی ئایدیۆلۆجیایەكن، هاوكات وەك بەرهەمێكی زانستیش كاریگەرییان لەسەر هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیاكە هەیە(٦٨).

٤. پەرەسەندن و گۆڕان: ئایدیۆلۆجیا پەرەدەسێنێت، بەڵام بەرگری لە گۆڕانی ڕیشەیی و بنەڕەتی دەكات، ماركس بنەماكانی ئایدیۆلۆجیای ماركسی دانا، بەڵام كەسانی تری وەك لینین و تروسكی و ستالین هەستان بە ڕاڤەكردنی و شتی دیكەیان بۆ زیاد كرد. ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر ئایدیۆلۆجیادا دێن لەبەرئەوەی بەشێوەیەكی ڕێژەیی پشت بە پەیكەرەكەی دەبەستێت، زۆر بەهێواشی ڕوو دەدەن.

كاتێك ئایدیۆلۆجیاكان لە ناوەڕۆك و جێبەجێكردنەكانیاندا دەگۆڕێن، بەزۆری بە قۆناغێكی ململانێی چڕی نێوان نوێخواز و تەقلیدییەكاندا سەبارەت بە پێویستی گۆڕان تێدەپەڕێت، بۆ نمونە – ململانێی نێو ماركسیێتی لە (لنین)ەوە تا (گۆر پاتچۆف) جگە لە دیاردەیەكی ئەو گۆڕانە شتێكی دیكە نەبووە.

جا لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆجیا هەوڵی وەلامدانەوەی ئامانج و بەرژوەندییەكانی نەوە

دوانییەکان دەدات، ئەوە دەبێت پێشبکەوێ و لەگەڵ خواستی نەوە نوێیەکاندا خۆی بگونجێنێت.

ئایدیۆلۆجیاکان – بۆ نمونە سیاسییەکان بە زۆری لە بارودۆخی قەیرانە جیاوازەکاندا دەردەکەون، مەیلی مرۆڤ بۆ ئایدیۆلۆجیا واتە ئەو مرۆڤە لەژێر بارودۆخی باودا چەوساوەتەوە، بۆیە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەس نیە بۆ راڤەکردنی ئەزمونێک یاخود بیانوهێنانەوەی باروردۆخەکەی، ئەوەش لە دەرئەنجامی ئەوەی کە ئایدیۆلۆجیاگەلێکی دیکە لەدایکدەبن کە وێنەی ژیانێکی باشتر دەخەنەروو(٦٩).

٥. ئایدیۆلۆجیا پەیوەستە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە بەها: هەر ئایدیۆلۆجیایەک پەیوەستە بەکۆمەڵێکی دیاریکراو لە بەها یاخود ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت بەرجەستەی بکات. ئەمە ئەو پەیوەندییەیە کە ئایدیۆلۆجیا لە زانست جیادەکاتەوە، ئایدیۆلۆجیا ئەحکامە بەهاییە دیاریکراوەکان لە خۆی دەگرێت و، هەوڵدەدات نەک هەر راڤەیەکی واقیع بکات، بەڵکو هەڵیشی دەسەنگێنێ و حوکمی لەسەر دەدات. سەرەرای ئەوە ئایدیۆلۆجیا وا لە زاتەکان دەکات کە لەپێناو کاری کۆمەڵایەتیدا تێبکۆشن، وەک گۆرینی پلەبەپلە(تدرج)ی کۆمەڵ، یاخود لە باری شۆرشکردن دژی سستمی دیاریکراو کە پێویستی بە کۆمەڵایەتی بوونێکی تەواوی خاوەن ئایدیۆلۆجیاکان هەیە(٧٠).

٦. مۆرکی خوایشتیانەی ئایدیۆلۆجیا: ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات خەڵکی یاخود ئەندامانی کۆمەڵە دیارکراوەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت، تا بەویست و خۆشی خۆیان – نەک بە زۆر- باوەری پێبهێنن!

ئەم پرۆسەیە لە روونکردنەوەی ئامانجەکان و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی و پێشکەشکردنی راڤەیەکی رووپۆشکراو بە مۆرکی عەقڵی یاخود لۆجیستی بۆ واقیع و خستنەرووی چارەسەری واقیعی و لەبار بۆ جێبەجێکردن خۆ دەنوێنێت (٧١).

٧) جیاکردنەوەی هاورێیان و دوژمنان: کاتێک باوەر بە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو دێنین، واتە تەبەنی تێروانینێکی ئایدیۆلۆجی بۆ جیهان دەکەین، هاوکات ئەو واتایەش دەبەخشێت کە هەر تێروانینێکی دیکە رەتدەکەینەوە(٧٢). دیارە ئەم بارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر ئایدیۆلۆجیایەک وادەبینێت، راستییەکان تەنها ئەوانەن کە ئەو دەیانبینێت و دەیانخاتە روو، لەبەرانبەریشەوە نوێنەرانی ئایدیۆلۆجیاکانی دیکە دوژمنی ئەون – ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئەوان ئاستەنگ لە بەردەم بڵاوبونەوەی ئەو بنەمایانەدا دروست دەکەن کە ئەم بانگەشەیان بۆ دەکات، دواتر شوێنێک نیە بۆ رێکەوتن یاخود پەیڤینکردنی تا راستی ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەرکەوێت کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکات. تەنانەت ئایدیۆلۆجیایەک بەدیناکەین لە دەسپێکی کاروانەکەیدا بانگەوازی رزگارکردنی تەواوی مرۆڤایەتی (نەک باوەرپدارانی بەتەنها) لە چەوساندنەوە و کۆیلایەتی رانەگەیاندبێت و مژدەی گۆرینی سستمی کۆن و نەبوونی دادپەروەری بە سستمێکی نوێ کە دادپەروەری باڵی بەسەردا کێشابێ، نەدابێت(٧٣).

٨) خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکان: هیچ ئایدیۆلۆجیایەک لە واقیع دابراو و جیا نیە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بە بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ دەکات، بۆ نمونە دەستەی فەرمانرەوا ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراویان هەیە کە هەوڵدەدەن پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن. بۆیە بیانوو بۆ بارودۆخە جێگیرەکە دێننەوە، بەهەمان شێوە ئەو کۆمەڵانەی کە دەیانەوێت بارودۆخیان بگۆرن، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانیان ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت هەڵدەبژێرن(٧٤).

٩. بزواندنی جەماوەر بۆ ئەنجامدانی شێوازی دیاریکراو لە کردار: ئایدیۆلۆجیا هەوڵی تێرکردنی خواستە سایکۆلۆجیەکانی کۆمەڵ دەدات، ئەمەش

لە ڕوانگەی پێشنیارکردنی نمونەیەکی دیاریکراو لە ڕەفتار و کەمکردنەوەی ئەو دڵەراوکێی (قلق) یەی بەدەستییەوە دەناڵێنن، یاخود ڕێکخستن و ئاراستەکردنی حەزەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

بێگومان ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئایدیۆلۆجیا بە بەردەوامی ئاراستەی کۆمەڵ دەکرێت و هەوڵدەدات ڕەنگی ڕێگەیەکی دیاریکراو لە ڕەفتار(سلوک) بۆ ئەندامەکانی برێژێت. جا ئەم کۆمەڵەیە چینێکی دیاریکراو بێت، یا ڕێکخراوێکی سیاسی، یا نەتەوەیەک بەگشتی یاخود بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی.. هتد.

ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدات هەستکردن بە هێز و کاریگەریتی (الفاعليه) لای تاک گەشەپێبدات. ئەویش لە ڕوانگەی پەیوەندییە ئەندامییەکەی بە کۆمەڵێکەوە یاخود بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کە بڕوای بە هەمان بیروباوەڕو بڕیار و شێوازەکانی کار و ئامانجەکان هەیە(٧٥).

بەمشێوەیە ئایدیۆلۆجیا لەپێناو بەرهەمهێنانی بزوتنەوە لەنێو ئایدیۆلۆجیستەکاندا هەنگاو دەنێت، هێزی کۆتایی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیا لە سەلماندنە ئەزموونی یاخود زیربێژییەکانەوە نەهاتووە! بەڵکو لە تواناکانیدا بۆ هاندانی بیروباوەڕ و بزوتنەوەدا خۆی حەشارداوە. تەنانەت ئایدیۆلۆجیا واقیع تێدەپەڕێنێت و باشترین بەڵێن پێشکەش دەکات. دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیاش لەو هەستەوە هەڵدەقوڵێت کە کار دەیبوژێنێتەوە، ئەوەش ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیا لەسەری سورە. بەوپێیە دەتوانین بڵێین ململانێی ئایدیۆلۆجی تەنها ململانێی نێوان هزرەکان نیە، بەڵکو ململانێی هێزە جیاوازەکانە لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا، کەواتای زەرورەتی وابەستەیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و ڕێکخستنی سیاسی دەگەیەنێت(٧٦).

١٠) بزاوندنی سۆز نەک ژیری: ئایدیۆلۆجیاکان پلەگەلێکی جیاواز لە هزر و بەهاکان لەخۆدەگرن کە لە نێوان هزری زۆر ئاڵۆز و دروشم و سمبولی سادەدا دێن و دەچن، لەسەربەنی بزواندنی سۆزەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکاندا گوزارشت لەو هزرانە دەکرێت و بەهۆی دروشمەکانەوە و دەسەڵاتی خۆیان دەنوێنن. ئەویش لەمیانەی پیاهەڵدانی دابونەریتەکان. بەپێی حەز و بڕیارە پێشوەخت و داستانەکانەوە(٧٧)، نەک بەپێی دانوستاندن و قایلبوونی ژیریی و سەلماندن و بەڵگە هێنانەوەوە.

## ئەرکی ئایدیۆلۆجیا:

**دەتوانین بڵێین ئایدیۆلۆجیا دوو ئەرکی بنەڕەتی هەیە:**

یەکەم: ئەرکێکی مەعریفی.

دووەم: ئەرکێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی.

### یەکەم: ئەرکە مەعریفییەکان:

هەوڵ دەدەین ئەرکە مەعریفییەکانی ئایدیۆلۆجیا لەم دوو خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١. پێکهێنانی سستمێک لە هزرەکان تا لەمیانەیدا(دەرک بە جیهان) و (تێگەیشتن لە جیهان) و (لێکدانەوەی جیهان) بکرێت، وەک ئەو نەخشەیەی کە مرۆڤ بۆ نمونە لە سیاسەتدا خۆی پێ ئاراستە دەکات‌و لەمیانەیدا دەتوانێت تێبینی و ئەزموونەکانی دابنێت، بەوەش مرۆڤەکان دەتوانن ڕابوردوو ئێستایان بناسن و پێشبینی داهاتوویان بکەن.

٢. دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ماف و ئەرک و ئامانج و دەسەڵات و سنور و چۆنێتی ڕێکخستنی ژیانی سیاسی کۆمەڵگە، ئەوەش لەبەرئەوەی سروشتی ئامانجە خواستراوەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێڕوانینە ئایدیۆلۆجیەکانەوە.

لێرەدا ئەوەی ڕابووردو ئەوە دەگەیەنێت کە ئایدیۆلۆجیا دەیەوێت لە ڕێگەی باوەڕدارانیەوە جیهان بگۆڕێت، بەوپێیەی ببێتە ئامرازێکی تێکۆشان لەپێناو بنیاتنانی پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان مرۆڤەکاندا(٧٨).

**دووەم: ئەرکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی:**

گرنگترین ئەم ئەرکانە لەم خاڵانەدا چڕ دەکەینەوە:

١. شێواندنی واقیع: لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆجیا گوزارشت لە تێڕوانینی چینێک یان گرووپێکی دیاریکراو دەکات و بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان دەبزوێت، بۆیە دەسەوسان دەبێت لەوەدا کە بتوانێت واقیع وەکو خۆی وێنا بکات، بۆیە ئایدیۆلۆجیا تێگەیشتنێکی هەڵەی بۆ واقیع و بەرژەوەندییەکان هەیە و هەوڵدەدات ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە خۆی بەڕاستی دەزانێت بخاتەڕوو(٧٩).

٢. شەرعیەتدان و بیانووهێنانەوە بۆ دەسەڵات: یەکێک لە ئەرکە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ئایدیۆلۆجیا بریتیە لە شەرعیەتدان و بیانووهێنانەوە بۆ دەسەڵات، بۆ پشت ئەستورکردنی ئەم بارە(ڕیکۆر) لەسەربنی تێڕوانینەکانی(ماکس فیبەر)ەوە، سەبارەت بە شەرعیەت و دەسەڵات، ئەو هەوڵدەدات ڕێگەیەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئایدیۆلۆجیا بدۆزێتەوە، بەتەرکیزکردن لەسەر شەرعیەتی سیاسی دەسەڵات. بەپێی ڕیکۆر ڕووبەرێک لە نێوان نیازەکانی ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و لە نێوان شەرعیەتدا هەیە، بەڵام ئایدیۆلۆجیا هەمیشە هەڵدەستێت بە داپۆشینی ئەو جیاوازییە، واتە ئایدیۆلۆجیا لە بنەڕەتدا بیانوو بۆ دەسەڵات و سستمی دەسەڵات دێنێتەوە(٨٠). هەروەها ئێستا دەوڵەتان – وەک جاران – پشت بە بەکارهێنانی هێزی ڕووت نابەستن، بەڵکو دەبێت ئەو هێزە لە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی پەسەندکراو(ڕووپۆش) بکەن، جا ئەوە بیانوو بۆ ئەو ڕێگەیە دێنێتەوە کە چۆنیەتی دابەشکردن و بەکارهێنانی پێ ڕێکدەخرێت(٨١).

٣. ئایدیۆلۆجیا وەک میکانیزمێکی بیانووهێنانەوەی سستمی دابەشکردن لە کۆمەڵگەدا: ئایدیۆلۆجیا بیانوو بۆ ئەو ڕێگەیە دێنێتەوە کە دەسەڵات سەرچاوە ناوازەکانی پێ دابەش دەکات، چونکە ئایدیۆلۆجیاکان سستەمگەلێکی نمونەیین لە ڕووی ئامانج و مەبەستەکانەوە و یارمەتی ئەندامانی سستەمەکە دەدات لە ڕاڤەکردنی ڕابردوو و شیکردنەوەی ئێستا و خستنەڕووی وێنەیەک بۆ داهاتوو. لەوەدا دەبێت تەنها ئەفسانەیەکی فریودەربێت دەربارەی ژیانی سیاسی، یاخود هەڵپەگەلێک بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ژێریدا، یاخود پۆلێنگەلی هزرەکان بێت بۆ سازدانی توانا و ووزەکانی مرۆڤ بۆ کارکردن(٨٢).

٤. ئایدیۆلۆجیا میکانیزمێکی بنەڕەتییە بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ: ئایدیۆلۆجیا لەسەر ئاستی – کەسی یارمەتی تاکەکان دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێی ناوخۆیدا، بە تێڕوانینیشی بۆ کەسانی تر ڕاڤەیەک بۆ ڕووە جیاوازەکانی ژیانی تاکەکان پێشکەش دەکات. لەسەر ئاستی (گشتی) کۆمەڵگاش ئایدیۆلۆجیا لە میانەی دروستکردنی پێویستیگەلێکی گشتی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەندێ لە ململانێکان کۆتایی پێدێنێت، بەوەش ئامرازێکی گشتی گوزارشکردن لە پێداویستییە جیاوازەکان دەخاتەڕوو، ئایدیۆلۆجیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ململانێکاندا کە لەپێناو زاڵبوون بەسەر هزری گەلاندا دروست دەبێت، ئەوەی ئەو ڕۆڵە قوڵتر دەکاتەوە، ئەو شۆڕشە سەرسوڕهێنەرەیە کە ئامرازەکانی گەیاندن هێنانویانەتە ئاراوە، لە دیاریکردنی ڕۆڵی مرۆڤ و بەتایبەت لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان یاخود بەکاربەرەکان پشکداری کردووە(٨٣).

٥. ئایدیۆلۆجیا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی شوناس و گوزارشت لێکردنی، ئایدیۆلۆجیا لەمیانەی وابەستەبوون بە یەکێتی نێودەوڵەتیەوە و هەوڵی بەدیهێنانی خودی نەتەوەیی دەدات، هاوبەشبوونێکی گشتی لە کۆمەڵە هزرێکدا دەبێتە هۆی بەستنەوەی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا

یا حیزبێک یاخود بزوتنەوەیەکدا. تێکڕای ئایدیۆلۆجیاکان ئەرکێکی گرنگ ئەنجامدەدەن، ئەویش دروستکردنی وابەستەبوونێکی ویژدانیانەی نێوان تاکەکانە، واتە ئایدیۆلۆجیا ئەرکی پاراستنی شوناس و تەواوێتی لە کۆمەڵگەدا دەگرێتە ئەستۆ. لەم سەربەنەوە ڕێکۆ پێیوایە پەیوەندییەکی (بەستراو) لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و ئەو ململانێیانەدا هەیە کە لەنێو کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا هەن، ئەو بارەی کە جەخت لەسەر زەرورەتی نزیککردنەوەی نوێ دەکات بۆئەوەی ببێتە میانگەڕێک لە نێوانیاندا.

٦. ئایدیۆلۆجیا وەک میکانیزمێک بۆ سازدان و زاڵبوون: ئایدیۆلۆجیا لە ژیانی تاک و کۆمەڵ وەک هێزێکی دینامیکی هەوڵی کارکردن دەدات، هەموو ئایدیۆلۆجیایەک بەڵێن بە ژیانێکی باشتر دەدات، جا ئەگەر سازدان یەکێک بێت لە ئەرکەکانی ئایدیۆلۆجیای(سیاسی) نوێ، ئەوە پرۆسەگەلێکی جیاوای وەک ڕاکێشانی ئەو تاکانەی ئامادەی کاری سیاسین لەخۆدەگرێت، هەروەها ئایدیۆلۆجیا کار بۆ ئەوە دەکات کە سەرلەنوێ ئەو بوونانە بجولێنێت کە ماوەیەک خامۆش ببوون. لەسەر ئاستی گشتیش هەڵدەستێت بەسازدان لەسەر ئاستی دەستەبژێری ڕۆشنبیران تا وابەستەبوونیان بە بارودۆخە هەنووکەییەکەوە بەدیبێت، ڕەنگە پرۆسەی سازدان بۆ زاڵبوون بەسەر هوشیاری خەڵکیدا وێنەی بۆ کێشرابێت، ئەوەی ئایدیۆلۆجیا ئەنجامی دەدات زۆرجار سنووری کاری وابەستەیی کۆمەڵ تێدەپەڕێنێت و ئەندامەکانی ئەوەیان لەیاد دەچێت کە ئامانجگەلێکی هاوبەشیان هەیە و هەوڵدەدەن بەهوشیاریی و ژیرێتیەوە پێی بگەن(٨٤).

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


١.	رجاء حدي دويدري: البحث العلمي اساسياته النظريةء ممارسته العملية، دار الفكر، دمشق- سورية، ط١، ايلول ٢٠٠٠، ل٢١.
٢.	صفاء عبدالسلام جعفرء احمد محمود صبحي: في الفلسفة الحضارة(اليونانية – الأسلامية – الغربية)، دار الوفاء لدنيا الطباعةء النشر، ط١، الأسكندرية، ٢٠٠٦، ل١٧٥.
٣.	هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤.	لويس التوسير: الأيديولوجياء اللاشعور، مجلة الكلمة، العدد ٤٧، السنة الثانية عشر- ربيع ٢٠٠٥، (ww. kalema.net ).
٥.	صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.
٦.	بێژەی فەلسەفە لە بنەڕەتی (فيلا – سوفيا) ی یۆنانیەوە دارێژراوەو واتای خۆشویستنی داناییتی یە. بەو زانینە دەوترێت کە پەی بەحەقیقەتی شتەکان دەباتو ئەنجامدانی کارەکانیش بە باشترین شێوە. ( جميل صليبا: المعجم الفلسفي، ج٢، منشورات ذوي القربى، ط١، قم، ١٣٨٥، ل١٦٠)
٧.	حميد عزيز: سەرەتايەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل٣١.
٨.	نبيل محمد توفيق السمالوطي: الأيديولوجياء ازمة علم الأجتماع المعاصر، دراسة تحليلية للمشكلات النظريةء المنهجية، دار بورسعيد للطباعة، اسكندرية، ١٩٧٥، ل٢٠٥.
٩.	جميل صليبا: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.
١٠.	صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو،١٧٢.
١١.	هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی پێشوو.
١٢.	هەمان سەرچاوە، ل١٧٢ دواتر.
١٣.	محمد مزوز: الوظيفة الرمزية للأيديولوجيا من خلال فكرة الخلاص، مجلة الكلمة، العدد(٤٧)، السنة الثانية عشر – ربيع ٢٠٠٥. (ww.kalema.net).
١٤.	صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢ دواتر.
١٥.	محمد مزوز: سەرچاوەی پێشوو.
١٦.	صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢ دواتر.
١٧.	هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.
١٨.	جان – ماری موللێر: فەرهەنگی ناتوندوتیژی، و.عومەر عەلی غەفوور، دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٨٨-٨٩.
١٩. کامەران محەمەد: فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی، بەڕیوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٢.
٢٠. وظائف الإيديولوجيا (بول ريكور: http:// philo٤bac.blogspot.com/ ٢٠١٥/ ٠١/ Fonctions-ideologie.html))
٢١. انور محمود زناتي: علم التاريخ واتجاهات تفسيره اقتراب جديد، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٤١ ومابعدها.
٢٢. عبدالكريم سروش: ارحب من الايديولوجيا، ت.احمد القبانجي، مؤسسة الأنتشار العربى، ط١، بيروت، ٢٠١٤، ص١٣٩.
٢٣. فاضل جابر ضامي: محاضرات فى منهج البحث التاريخى، ط٥، دمشق، ٢٠١٣، ص ١٩.
٢٤. ابن خلدون: المقدمه، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٤، ص٢١ ومابعدها.
٢٥.	اميل برهيية: تاريخ الفلسفة، القرن تاسع عشر(١٨٠٠ – ١٨٥٠)، (ترجمة: جورج طرابيشي)، ج٦، دار الطليعة للطباعةء النشر، ط١، بيروت، ١٩٨٥، ل ٣٧.
٢٦.	هەمان سەرچاوەی ، ل٣٩ – ٤٠.
٢٧.	هەمان سەرچاوەی، ل٤١.
٢٨.	دينكن ميشيل: معجم العلم الأجتماع، ت.احسان محمد حسن)، بغداد، ١٩٨٠، ل ١٦٩ – ١٧٠.
٢٩.	مارثيلو فيليكس تور: مصادرءآثار المفهوم الأيديولوجيا عند ريكور، ت.هشام الميلوي، مجلة الكلمة، العدد ٤٧، السنة الثانية عشر- ربيع ٢٠٠٥، (ww.kalema.net ).
٣٠.	هينري ايكن: عصر الأيديولوجيا، ت.محى الدين صبحي، دمشق، ١٩٧١، ل١٣.
٣١.	هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٣٢.	دينكن ميشيل: هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.
٣٣.	عبدالله العروي: مفهوم الأيديولوجيا، مركز

الثقافي العربي، ط٦، دار البيضاء، ١٩٩٩، ل٩٣.
٣٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
٣٥. هنری ایكن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
٣٦. هەمان سەرچاوە، ل١٤.
٣٧. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٣٨. فاطمة بدوي: علم اجتماع المعرفة بين الفكر الخلدونيء الفكر الغربي، منشورات جر□وس برس، ل٧٢.
٣٩. هنری ایكن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.
٤٠. هەمان سەرچاوە، ل١٥.
٤١. مارثيلو فيليكس: سەرچاوەی پێشوو.
٤٢. عبدالله العروی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.
٤٣. هنری ایكن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.
٤٤. محمد عبده محبوب: مقدمة في الأنثرولوجيا (المجالات النظريةء التطبيقية)، دار المعرفة الجامعية، جامعة اسكندرية، ل١٣٩.
٤٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.
٤٦. عبدالله العروي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤و دواتر. محمد عبدالله محبوب: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.
٤٧. عبدالمنعم حفني: موسوعة الفلسفةء الفلاسفة، ج٢، ط٢، مكتبة مدبولي، ١٩٩٩، ل١٢٢٣.
٤٨. محمد عبد محبوب: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠ – ١٤١.
٤٩. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٥٠. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٥.
٥١. لويس التوسير: سەرچاوەی پێشوو.
٥٢. هنری ایكن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
٥٣. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٥٤. شاكر مصطفى: قاموس انثربولوجيا، جامعة الكويت، ط١، ١٩٨١، ل٤٤٧.
٥٥. مارپيوفيليكس: سەرچاوەی پێشوو.
٥٦. بورهان قانع: فەرهەنگی نوێ، بغداد، ١٩٨٥، ل ل ٤٨ – ٤٩.
٥٧. هەمان سەرچاوە، ل ٤٩ – ٥٠.
٥٨. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٤و دواتر.
٥٩. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٦٠. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٦١. مارپيلو فيليكس: سەرچاوەی پێشوو.
٦٢. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤و دواتر.
٦٣. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ل ١٧٤ – ١٧٥.
٦٤. بول ريكور: معايير الظاهرة الإيديولوجية، مجلة الكلمة، العدد ٤٧، السنة الثانية عشر- ربيع ٢٠٠٥، (ww.kalema.net ).
٦٥. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل ٢١٨.
٦٦. زانا رەئوف مەنمی: سەرنجێك لە مەعریفەی زاتیو ئایدیۆلۆجیا، گۆڤاری كاروان، ژمارە (١٢٦)، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤.
٦٧. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل٢١٨.
٦٨. زانا رەئوف مەنمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.
٦٩. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل ١٧٦.
٧٠. زانا رەئوف مەنمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤.
٧١. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل٢١٨.
٧٢. محمد مزوز: سەرچاوەی پێشوو.
٧٣. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧.
٧٤. نبيل محمد توفيق السمالوطي: سەرچاوەی پێشوو. ل٢١٩.
٧٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.
٧٦. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥و دواتر.
٧٧. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٧٨. هەمان سەرچاوە، ل١٧٧.
٧٩. مارثيلو فيليكس: سەرچاوەی پێشوو.
٨٠. بول ريكور: سەرچاوەی پێشوو، مارپيلو فيليكس: سەرچاوەی پێشوو.
٨١. صفاء عبدالسلام جعفر: سەرچاوەی پێشوو. ل١٧٨.
٨٢. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٨٣. هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.
٨٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

# ئایدۆلۆجیا

## نەخۆشییە ترسناکەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی



**د. هێمن عومەر خۆشناو**
لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند کتێبێکی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا
چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.



ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی (ڕەخنەی ڕەخنە)، سەبارەت بە بەرجەستەبوونی ئایدۆلۆجیا لەناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیی و، جۆر و مەترسییەکانی لەناو کاروانی ئەدەبیاتی کوردی و هێڵە گشتییەکانی پشت ئەو بەرجەستەبوونە و کاریگەرییەکەی بەسەر کزبوونی دەنگی ڕەخنەوە دەخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە.

بۆئەوەی لە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ئایدۆلۆجیا بگەین و سنووری هەردوو چەمک و جۆر و چۆنیەتی تێکەڵبوونەکان دەستنیشان بکەین، دەبێت سەرەتا هەردوو چەمک بناسێنین و ئەنجا لە پەیوەندییەکانیان تێبگەین:

ئەدەبیات: ئەگەر ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانی ناویەوە، هەموو ئەو هەست و پەیامانەی ناخی مرۆڤ بێت و چۆنیەتی دەربڕینەکەی لە ڕێگای زمان یان نووسینەوە و بە پاڵپشتی ئەندێشە و خەیاڵ و چێژی زمانییەوە بێت، ئەوا ناکاتە ئەوەی کە بە ئایدۆلۆجیاوە خۆی گرێ بدات، بەو پێیەی ئایدۆلۆجیا بریتییە لە فەرزکردن و سەپاندنی بیرۆکەیەک بەسەر کار و کردەوەکانی مرۆڤەکەوە، واتە کردەوە و هەنگاوەکان مەحکومی دەستی بیرۆکەیەک بن و نەتوانن لێی لابدەن. ئەگەرچی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم بۆچوونە گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە کۆمەڵگەیەکی وەک ڕووسیای جاران و سۆڤیەتدا لەبەر کاریگەریی تین و تەوژمی ئایدۆلۆجیا لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا دەبوایە ئەدەبیاتیش لە خزمەتی ئامانج و ستراتیژییەکانی دەوڵەتدا بێت، هەر لەبەرئەوەش بوو بۆ خۆدوورگرتن لەو خزمەتە ئایدۆلۆجییە بزووتنەوەی شێوەخوازی (فۆرمالیسم) دروست بوو، کە بتوانێت لە ڕێگەی بایەخدان بەشێوە و دیوی دەرەوەی تێکست، مومارەسەی بۆچوونەکانیان بکەن و تەعبیر لە ئازادییەکانی کۆمەڵگە بکەن.

هەرچی ئایدۆلۆجیایە وەک زاراوە و خۆگونجانی بۆ ناو ئەدەبیات (لە سەرەتادا واتای زانستی بیری دەگەیاند، ئەنتوان دستوت دی تراسی فەیلەسووفی فەرەنسایی یەکەمجار ئەو تێگەیەی وەک (ideologie) بەکارهێنا ئەوەش لە کتێبەکەی خۆیدا بوو لە ساڵی ١٨٠١، لەسەر ئەم بنەمایە زاراوەکە بەرامبەر ئەو زانستە وەستا کە لێکۆڵینەوە لە بیر و هزر بکات بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەوە، هەروەها بە پەیڕەوکردنی هەموو ڕێسا زانستییەکان بەرێک و پێکی)(١) هەر لە میانی ئەو پێناسەیەی دی تراسییەوە، ئایدۆلۆجیستەکان گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی هزر داوە کە پشت بەو ڕاستییانە دەبەستێت لە ڕاڤەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو چەمکانەی لەناو واقیعدا خۆیان بەرجەستە دەکەن.

زاراوەی ئایدۆلۆجیا بە گۆڕانی کات و سەردەم، گۆڕان بەسەر تێگەیشتنیدا هاتووە، تەنانەت مارکس کە یەکەم کەس بووە زاراوەکەی لەناو کۆمەڵناسیدا بەکاربردووە ئەویش بۆ بنیادنانی هزری فەلسەفەکەی، کە فەلسەفەی ماددی مێژوویی بوو، زۆر ڕەخنە لە هزری چەپەکان (بەتایبەتی چەپەکانی ئەڵمانیا) دەگرێت و پێیوایە لەبن مزگێنیدان بە ئازادیی تاکەوە پشت بە گریمانەی پڕوپووچ دەبەستن، کە هزرێکی ئایدۆلۆجی خەیاڵییە، چونکە وەک پەرەسەندنێکی واقیع پشت بە مێژوو نابەستێت، تەنانەت بانگیان دەکات و دەڵێت: ئێوە مێژووی واقیع وەلاوەدەنێن و بیر و هۆشتان پڕ لە خەیاڵ و وەهم دەکەن و ئایدۆلۆجییەکی نازانستی پەیڕەو دەکەن(٢).

لێرەدا ئایدۆلۆجیا نەک هەر بۆ تەفسیری مێژوویی، بەڵکو بۆ ڕاڤەکردنی چەمکەکانی دیکەش و لەنێویشدا ئەدەبیات پەلی هاویشت و لە زۆر شوێن و کاتدا پەلهاویشتنەکە ئەوەندە چڕبوویەوە ئایدۆلۆجیا حوکمی بەسەر مەبەست و ئامانجەکەدا دەکرد و چەمکە ئەدەبییەکە تەنیا دەبووە ئامراز و وەسیلە بۆ گەیاندنی هزرە سەپێندراوە تاکگەرایی و چەقبەستووەکەوە.

## ئایدۆلۆجیا و دەقی ئەدەبی:

ئەگەرچی ئێمە لەم نوسینەماندا زیاتر لەسەر بواری ڕەخنەدا دەسەنگرییەوە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی ڕەخنەش لەسەر بنیادی دەق پەرەدەستێنێت، بۆیە گرنگە قامک بخەینە سەر ئەو تارماییانەی کە لە کاروانی نووسینی تێکستی ئەدەبیدا(بەتایبەتی شیعر) بۆن و تامی ئایدۆلۆجیان لێوەدێت.

شیعری کلاسیکیی کوردی وەک شیعری میللەتەکانی دەوروبەری، زۆر بە کەمی ئەو هەوری ئایدۆلۆجیایەی بەسەرەوە دیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هیچ کام لەم نەتەوانەی دەوروبەری، لە سەدەکانی ڕابردوودا شیعر وەک پەیامێکی ئەدەبی، ئەوەندەی تەعبیرکردن بووە لە خەمی گشتی و باسکردنی ئەو شتە گشتییانە بووە کە لە زاتی هەرکەسێکدا هەیە، ئەوەندە سەپاندنی بیرۆکە و هزرێک نەبووە کە وەک شتێکی نامۆ و تایبەت خۆی نیشانبدات، لەبەرئەوە ئەگەر بنەماکەشی لەسەر ئایدۆلۆجیایەک داندرابێت، ئەوا لەناو تێگەیشتنە گشتییە کۆمەڵایەتییەکەدا شیعری کلاسیکی کوردی وەک شیعری فارسی و عەرەبی پەیامێکی ڕوون و شێوازێکی گشتی هەبووە. هەربۆیەش شاعیرێکی کورد بە چەند زمانی نووسیوە و لە هەموو زمانەکانیدا یەک پەیامی تایبەتی هەبووە کە بۆنی سەپاندنی هیچ هزرێکی لێوەنایەت هەر لەبەرئەوەش بووە تەنانەت ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەروەریش وەک ئایدۆلۆجیا خۆی نیشان نەداوە، تا دوای ئەوەی سستەمی دەوڵەت دروست دەبێت و لە ئەنجامی ستەمکردن لە نەتەوەی کورد و بایەخدان بە سیاسەت، ئەنجا شاعیری کورد پەیامەکەی دەگۆڕێت و بە بۆن و بەرامەیەکی ئایدۆلۆجیانەوە دێتەوە نێو شیعری کوردی. هەتا ئێرە ئەدەب وەک موڵکی یەک کەس و یەک نەتەوە و یەک لایەن خۆی نیشان نەداوە، بەڵکو پەیامێکی جیهانی و مرۆڤدۆستی و تەقلیدی هەبووە. جا شیعرە ئایینی و نەتەوەییەکانیش مۆرکێکی تایبەتیان بە شاعیرەکە نەداوە و نەیانخستۆتە ناو قاڵبی ئەوەی مەحکومی ئایدۆلۆجییەکی تایبەتی بێت، واتە بۆ نمونە لەناو شیعری ئایینیدا مەحکومی دەستی ئایدۆلۆجیا بێت، چونکە وەک بنەمایەک بۆ شیعر نووسین شاعیر ناچاربوو بۆ هەموو جۆرەکانی شیعر و لە هەموو مژار و بابەتە باوەکانی ئەوسای شیعری کلاسیک دەبوایە شیعری نووسیبا، ئەگەر بۆ خۆی هەر ئایدۆلۆجیایەکی هەبوایە، نەیدەتوانی بە ئاشکرا و بە زەقی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی بدابایەوە.

## ئایدۆلۆجیا و ڕەخنەی ئەدەبی:

ئەگەر (ئەدەب داهێنانێکی ئاوێتە و تێکەڵ بێت، ئەوا ڕەخنە داهێنانێکی شرۆڤەییە، هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەستن، ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە بەبێ دەقێکی پڕ لە داهێنان پەرەناستێنێت و هەروەک ئەدەبیش بە بێ ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە گەشەناکات)(٣)، ئەم تێکەڵبوونە وایکردووە بەیەکەوە بەندیواربن، بەتایبەت لەوەدا کە ڕەخنە وەک کردەیەک بە پاڵپشتی تیۆرەکانی تایبەت بە ئەدەبیات هەڵسەنگاندن بۆ دەقێکی ئەدەبی دەکات و حوکمی باشی و خراپی و زانستی و نازانستی و گونجان و نەگونجانی بەسەردا دەدات لە ڕێگای شیکردنەوە و بە پێوەرەکانی تیۆری ئەدەبی، لەم بوارەشدا ڕەخنەگر بە توانا و سەلیقە و زانستەکەیەوە دەقەکە شیدەکاتەوە، بێ ئەوەی بۆچوون و هزرەکانی خۆی بسەپێنێت، چونکە ئەگەر بۆچوونەکانی سەپاند کردەکە دەبێتە ئایدۆلۆجیا و لە ڕەخنەی بابەتی دووردەکەوێتەوە و بەرەو ڕەخنەی خودی هەنگاو دەنێت. لەو بوارەشدا کەم تا زۆر کەلەپووری نەتەوە (لەنێویشیاندا ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانییەوە) ڕووبەڕووی ئەو جۆرە ڕەخنەیە بۆتەوە و بە زاڵبوونی ئایدۆلۆجیا بواری ڕاڤەکردن و گواستنەوەی زانیارییەکانی دەقی بۆ نەوەی ئێستا شێواندووە، چونکە لەلایەک لە مێژوو

و ئەوەی لەناو مێژوودا هەیە دەڕوانرێت، بەڵام بە چاویلەکەی ئێستاوە، لەلایەکی تر ئەو ئێستایە بە ئایدۆلۆجیایەکی وشک و تایبەتەوە بارگاوی کراوە و وایکردووە تەنیا لە ڕێگەی چاویلکەی ئەو ئایدۆلۆجیایەوە دەقەکان شرۆڤە بکرێن، ئەمەش بۆ کاروانی ڕەخنەی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەک جێی مەترسییە و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکانی لێ شین دەبێت و ئەو ئیستێتیک و جوانییە خۆرسکەی ئەدەبیات بۆ سستەمێکی وشکی تێگەیشتن و پڕ لە ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دەگۆڕێت.

## سیکۆلاریزم و ئایین وەك دوو ئایدۆلۆجیا لەناو ڕەخنەی نوێی کوردیدا:

لە دوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم و دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژئاواوە و دروستبوونی پارت و بنەماکانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت و نەتەوەپەروەری، ئایدۆلۆجیا بووە چەکێک بۆ شەڕی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، تەنانەت بووە بناغەی دروستبوون و لەسەرپێ وەستان و گەشەکردنی پارت و کۆمەڵەکان، هەروەک زۆربەی لایەنەکانی ژیان بەوەوە گۆش دەکران و لەم ڕووەوەش یەکێک لەو ڕێگایانەی کە ئایدۆلۆجیای پێدا دەرباز دەبوو بریتی بوو لە ئەدەبیات، ئیدی ئەدەبیات ئەو پێکهاتەیەی جارانی نەما و پێویستییەکانی واقیع لەنێویشیدا (ئایدیۆلۆجیا) وایکرد شیعر ڕۆڵ وئەرکی خۆی بگۆڕێت و لە بەرژەوەندی ئەودا ئەسپی خۆی تاوبدات. ڕەنگە کورد لە ناوچەکەدا دواهەمین نەتەوە بووبێت کە بەبیری ئایدۆلۆجییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەدەبیات کردبێت، بەڵام سیمایەکانی لەناو ڕەخنەی ئەدەبیشدا بە ڕوونی و کاریگەری تێدا دەبینرێت.

پەیدابوونی بزاڤی کۆمۆنیزمی لە ناوچەکەدا و سەرهەڵدانی بیری دژە ئایینی بە بەرگێکی ئایدۆلۆجیانە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، لەناو بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا پەیدابوو. ئیدی مژار و بابەتی شیعری کلاسیک بەرەو گۆڕانکاری چوون، لەکاتێکدا پێش ئەمە ڕوانینێکی دیکەی نەتەوەیی بێ ئایدۆلۆجیانە پەیدابووبوو کە هەستی ئیلتیزامی داوادەکرد، بێ ئەوەی هزری خۆی وابسەپێنێ کە بۆنی ئایدۆلۆجیای لێ بکرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی خوێندنەوەی واقیعەکەوە دەیەویست لە ڕێگەی شیعرەوە خزمەتی گشتی بکرێت نەک تەنیا ئاوات و بەرژەوەندییەکانی ناخ و خودی شاعیر بێتەدی. لەم نمونەیەشدا ئەحمەدموختار بەگی جافە کە دێت و دەڵێت:

**شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**
**زووبەزوو تا ئێش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن**
**ئێوە تەعریفی مەی و پیاڵە و گوڵ و سەهبا ئەکەن**
**دائیمەن هەر باسی لەنجە و قامەتی ڕەعنا ئەکەن**
**سەرخۆشی خۆشە وە یا سەربەستی؟ بۆ چی وا ئەکەن**
**تاکوو کەی ئێوە قسەی وا پووچ و بێ مەعنا ئەکەن**
**زووبە زوو تا ئێش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن(٤)**

ئەم ڕەوتە کە ئەحمەدموختار تێیدا دیارترینیانە دەیەوێت شاعیران لەو بوارە تەقلیدییە چەقبەستووە ڕزگار بکات و مژارەکانیان بەرەو واقیع بگۆڕن، کەچی لە بەرامبەردا و لە دوای قۆناغی ئەحمەد موختاردا چ وەک شاعیر و چ وەک ڕەخنەگر، مژارەکانیان بەگوێرەی ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزمی ئەو بزاوتانەی ئەوسا باوبوون ئاوێتەی دەقەکانیان دەکەن و ئەم جۆرە بۆچوونە بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت.

**ئایدۆلۆجیا و شاکارە جیهانییەکان:**

هەر لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجی بوونەوە، زۆر جاران نووسەر و ڕەخنەگر وەها چەقبەستوو دەکات، کە جگە لە بیروڕای خۆی هیچ بیروڕایەکی دیکەی ناکەوێتە بەرچاو، تەنانەت لەناو ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەو هەمیشە ڕۆژهەڵات بەبێ شاکاری ئەدەبی و فەلسەفییەوە دەبینێت و لە بەرامبەریشدا ڕۆژئاوا و بێهێزترین دەقی ئەدەبی ئەوی، بە باشترین و بەهێزترین دەبینێت. لەکاتێکدا پێچەوانەی خودی ڕوانینی ڕۆژئاواییەکانیشە کە سەردەمانێک شاکارێکی وەک (کۆمیدیای ئیلاهی)ی (دانتی) بە بۆن و بەرامەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە فرچک دەگرێت و دەنگی چەندانی وەک سەعدی و حافز و مەولانای ڕۆمی لەوێ بە شاکاری مەزن دەخەملێندرێن، کەچی بابای نووسەر و ڕەخنەگری ڕۆژهەڵات هیچ ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆی ناداتەوە و بە پاساوی مۆدێرنێتە یان بە پاساوی دژە ئایین و بە بانگەشەی سیکیۆلاری شاکارەکانی خۆی وەلاوەدەنێت و لەبەرامبەردا بە دەقەکانی ڕۆژئاوا سەرسام دەبێت، ئەگەر دەقەکە یان نووسەرە ڕۆژئاواییەکە فرچکی بە ئایینەکەی خۆشیەوە گرتبێت.

ئەم حاڵەتە زیاتر ئەوکاتە پەرەی سەند، کە تیۆرە نوێیەکانی ئایدۆلۆجیا وەک سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی لە جیهانی ئیسلامیدا پەیدابوون و میتۆدی ئایدیۆلۆجیی سۆسیالیستی و میتۆدی ماددی لە گۆڕەپانی ڕەخنەی عەرەبیدا بوونە کەرەستەی ڕەخنەگرانی وەک (محەمەد مەندور و حسین مروە و سەلامە موسا و عزالدین ئیسماعیل و محمد برادە) و کەسانی دیکە و لەوانیشەوە بۆ وڵاتانی دیکە و لەوێشەوە بۆ ناو ڕەخنەی کوردی گواسترایەوە. پێشتریش ئەمە وەک میتۆد (لەلایەن یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٣٤ بڕیاری لەسەردرا و بەناوی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، کرایە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

**ڕەنگە کورد لە ناوچەکەدا دواهەمین نەتەوە بووبێت کە بەبیری ئایدۆلۆجییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەدەبیات کردبێت.**

لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مارکسیی لینینی یان ماددیی و دیالێکتیکی و خرایە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی)(٥) و وەک بەرگێکی دروستکراوی ئایدۆلۆجیانە بەبەر ئەدەبیاتدا کرا. ئەگەرچی دواتر و دوای هاتنی قوتابخانەی دیکەی ڕەخنەیی بۆ ناو ئەدەبیاتی عەرەبی، گڵۆڵەی ئایدۆلۆجیای بەرەو لێژی برد، بەڵام هەتا ئێستاش لەناو ڕەخنەی کوردیدا ئەم بابەتە دەقی گرتووە و بە تەواوی کاڵ نەبۆتەوە.

جا ئەگەر وردتر ببینەوە و ڕەوتی نوسینی کوردی بە نمونە وەربگرین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر بەکەمی دەبینرێت ئەدیب یان ڕەخنەگرێکی سیکیۆلار بایەخ بە ئەدەبیاتێک یان بە ئەدیبێکی جیهانی بدات کە پاشخانێکی ئیسلامییانەی هەبێت، نەک لەبەرئەوەی بابای سیکیۆلار باوەڕی بە ئایین نییە، بەڵکو بە چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆجیانەوە دەڕوانێتە ئایینی ئیسلام (نەک ئایینەکانی تر)، بۆ وێنە ئەدیبێکی جیهانی ڕۆمانێک لەژێر ناونیشانی تێگەهـ یان سیمبول و هێمایەکی دیان (کریستیان) ان دەنووسێت، چونکە نووسەرە ڕۆژئاواییەکە کاریگەری کولتوور و ئایینی مەسیحییەتی بەسەرەوەیە، کەچی نووسەر و ئەدیبی کورد بە شانازییەوە بۆ کوردیشی وەردەگێڕێت و لە پانتایی ڕەخنەی کوردیشدا وتاری ڕەخنەییشی لەسەر

**مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبیات دەبێت لە ئایدۆلۆجیا دارنێت تا ئامانج لێی گەشەی هزر و مەیدانەکە بێت.**

دەنووسرێت. لێرەدا ئێمە زۆر بە ئاسایی ئەم حاڵەتە وەردەگرین، بەڵام گرفتەکە لە قەڵەمڕەوی ئایدۆلۆجیادایە کە نەیهێشتووە نووسەری کورد لە یەک کاتدا بەرامبەر شاکارە ئەدەبییەکانی هەموو جیهان ڕاستگۆ بێت، بێ ڕەچاوکردنی پاشخانە ئاینییەکانیان.

لەو بارەوە نموونە زۆرن، دیارترینیان تەنیا ئەو ناونیشانانەی سەرەبەرگی ئەو کتێبانەیە لەناو کتێبخانەی کوردیدا کە تەنانەت ناوی کتێبەکان بە ئایینی مەسیحییەتەوە مەزنکراون و ڕەخنەگر و نووسەری کورد ئایدۆلۆجیای دژەئایین وای لێدەکات لەهەمبەر ئایینی ئیسلامدا نیشانەی پرسیار دابنێت و کەچی ئایدۆلۆجیاکەی ڕادەستی ئایینی دیکە بکات. ئەمانە ناونیشانی چەند کتێبێکن لە بواری ئەدەبیدا هەندێکیان نووسراون و هەندێکیشیان کراونەتە کوردی، بە ناوەکانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوەی نیکۆس کازانتێکس لە وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی. پیاوێک بە خاچەوە، نووسینی میکاڤالتاری، وەرگێڕانی ئەیمەن محەمەد. لەخاچدانەوەی کریست، نیکۆس کازانتێکس، وەرگێڕانی غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا. مرۆڤ و خاچ و بیر، شانۆگەری مەهدی ئومێد. دواهەمین شەوی دابەزینی عیسای شێرزاد حەسەن، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێکی شێرکۆ بێکەس و چەندان بەرهەمی دیکەش..)(٦) ، ئەم حاڵەتە لەناو کورددا لە بابەتی ئەدەبیات و فەلسەفەدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ وێنە ئەدیبێکی وەک سەید قوتب و فەیلەسوفێکی فەرەنسایی وەک ڕۆجیەگاروودی لەبەر ناسنامە دیندارییەکەیان بەرهەمەکانیان نابنە مژاری هزر و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەناو کورددا، لەکاتێکدا ئەدیب و فەیلەسوفی هاوشێوەیان زۆر بە گرنگییەوە وەک هێما و سیمبول تەماشا دەکرێن، بەپێچەوانەوەش لە بەشێک لە نووسەرە ئاینپەروەرەکانیشدا ئەو نابابەتیبوونە دەبینرێت. واتە نابابەتیبوونەکە لە هەردوو بارادایە، چونکە مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبیات دەبێت لە ئایدۆلۆجیا دارنێت تا ئامانج لێی گەشەی هزر و مەیدانەکە بێت نەک وەسیلەی سەپاندنی هزری دیکە و سەرسامبوونێکی بێ بنەما و ئیزدیواجیبوونێک لەناو بۆتەی ئایینەکان و سەپاندنی ئەو ئایدۆلۆجیایەی کە دواتر لە گرێی دەروونی و چاندنی ڕق و قینە و نابابەتیبوون زیاتر شتێکی دیکەی لێ شین نابێت.

### ئایدۆلۆجیای ئەدەبیات لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین:

لەپێش ڕاپەڕینەوە هەروەک چۆن ڕەوتی بەناو سیکیولار(ئایدۆلۆجیست) خۆی کردە خاوەنی ئەدەبیاتی کوردیی و بە هەناسە و هزری داسەپێنی چەپگەرییەوە لە هەموو ژیانیان دەڕوانی، هەر بەو هەناسەشەوە شرۆڤەیان بۆ شیعری کلاسیکی کوردی دەکرد و تەنیا شیعری شاعیری کلاسیکییان لە بابەتی نزیک لە ئایدۆلۆجیای خۆیانەوە دەویست، ئەمەش بێگومان تەنیا ڕووکەشگەراییەکی ڕووت دێنێتەکایەوە بێ ئەوەی ناوەڕۆک و جەوهەری لەگەڵدابێت. بۆ نموونە ئایدۆلۆجیستە دوور لە ئایینەکە نالی وەک نالیی حەبیبە و مەستوورە و عیشق و دڵداری دەوێت، لە بەرامبەردا تخونی نالیی مەدینە و نالیی پێغەمبەردۆست و نالیی زاهید ناکەوێت، لەکاتێکدا ڕەنگە زۆربەی ئەو

کەرەستە بە ڕووکەش مێیینی و عیشق و مەی و شەرابەش کەرەستەی سۆفییانە بن، کە ئەمە بۆ مەحویی و جزیریی و شاعیرانی دیکەش هەمان شتە، لەوەشدا ئایدۆلۆجیایەکی موجەڕەد شاعیرێک بە نیوەچڵی دەهێڵێتەوە و کامەی لە بەرژەوەندیی ئایدۆلۆجیای خۆیەتی، شاعیرەکە بەو دەناسێنێت. لەکاتێکدا لە ئێستای ڕۆژئاواشەوە بەوشێوەیە نییە و لە ڕوانگەی سۆفیزم و حاڵەتی مەعنەوییەتەوە بە کەسانی وەک مەولانا کاریگەرن و هەر بەو چاویلکەشەوە بەشێکیان لە ئەدەبیاتی خۆیان دەڕوانن.

ئەم ڕوانینە بە چاویلەکەی ئایدۆلۆجیانە، بۆ ڕەوتی ئایینپەروەریش ڕاست دەبێت، بەوەی بابای دیندار هەمان ئەو دیندارەی سەد ساڵ لەمەوبەر نییە، کە (نالی و مەحوی و جزیری)ی لە ئەلفەوە تا یێ قبوڵ بێت، بەڵکو ئەویش بە کاریگەری ئایدۆلۆجیاوە لەناو دینداریدا قووڵ دەبێتەوە، قووڵبوونەوەیەک بە هەوێنی سەپاندنی بیروڕایەک بەسەر بیروڕاکانی دیکەدا و نەهێشتنەوەی بوار بۆ بەرامبەرەکان، لەمەشدا زەرەر بە ئەدەبیات و هەموو ئەو کەرەستانە دەگەیەنێت کە واقیعبینانە شرۆڤە بکرێن. بۆ وێنە بەشێک لە ڕەوتی دیندار بەتەنیا شیعرە ئایینییە ڕووکەشەکان دەکاتە سەنتەری بەرگریکردن و خستنەناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەوە، تەنانەت بەشێکی دیاری تەسەووفیش دەکاتە دەرەوەی بیرکردنەوەکانی. ئەمە وێرای شیعرە فەلسەفی و گەردوونی و بوارەکانی دیکە. لەم نێوەندەدا بەشێک لە شیعری شاعیرانی کلاسیک دووردەخرێنەوە کە ئەوسا مامۆستایانی ئایینی خاوەنی بوون، کەچی لێرەدا هەر بەشی زۆری مامۆستای ئایینی (خاوەن ئایدۆلۆجیا) لەبەر نەشارەزایی لە چەمکەکانی کلاسیک ڕەتی شیعرەکان دەکەنەوە و بە چاوی ڕووکەشانە و ئێستاییانە تەماشایان دەکەن و ڕەنگە بە گوناه و سەرپێچیشی بزانن. جا کە دەگاتە قۆناغی شیعری تازە، لە ڕوانگەی کەسایەتی شاعیرەوە هەموو شیعرەکانیشی ڕەتدەکرێتەوە، بەوەی مادەم ئایدۆلۆجیای شاعیرەکە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای وەرگر (المتلقی) تێک ناکاتەوە، بۆیە دەکەوێتە دەرەوەی بایەخدان پێی.

ئەم بارە درێژەدەکێشێت و لە کۆتایی هەشتاکان و دوای ڕاپەڕیندا سنووری جیاوازییەکە فراوانتر دەبێت و دەبێتە دوو بەرە، بەرەی شیعری ئیسلامی کە زۆر بە کەمی شیعر و شاعیرەکانی بەرەی دیکە دەخوێننەوە و بە پێچەوانەوەش بەرەی ئایدۆلۆجیای دژەدین یان خۆدوورگرتن لە مژاری دین، بەرەی بەرامبەر ناخوێنێتەوە، بەجۆرێک لەناو مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردیدا نموونەی کۆساری و شاعیری دیکە هەن کە بەگشتی لەناو چوارچێوەی ڕەوتی شیعری سەردەمی خۆیاندا شایانی قسەلەسەرکردنن، کەچی کەس لەسەریان نادوێت و تەنانەت لە بیبلۆگرافیا و سەرچاوەکانی شیعری و نووسینەوەی کرۆنۆلۆجیا و مێژووی شاعیراندا باسیان لێوەناکرێت و بە شاعیری دینی(ئیسلامی) دەخەملێندرێن. ڕەوتی دیکەش لەناو گۆڤار و بڵاوکراوەکانیاندا زۆرتر بایەخ بە شاعیرانی سەر بە ڕەوتی ئایدۆلۆجیای خۆیان دەدەن و وەک ئەوەی ئەوانی تر لەو فەرهەنگەدا نەبن وایە.

ئەم حاڵەتە جۆرێک لە دووفاقی و ئیزدواجییەت دێنێتەکایەوە، بۆ وێنە شاعیرێکی وەک قانع ئەو هەموو شیعرەی هەیە کە بۆنی ئایین و ئایینداری لێدێت و لە شیعرێکیشدا لەبەر بارودۆخی ئەوسا و ژان و ژواری پڕ لە ئازاری میللەتەکەی پەسنی هەر فریادرەسێک دەکات کە گەلەکەی ڕزگاربکات، ئەگەر ئەو کەسە ڕابەرێکی کۆمۆنیزمی وەک (ستالین)یش بێت، کەچی ڕەخنەگر و ئەدیبی گۆشکراو بە ئایدۆلۆجیا تەنیا ئەو پەسنە وەردەگرێت و دەیکاتە ناسنامەی شاعیر و بەرگێکی کۆمۆنیزمیی ئایدۆلۆجیانەی بەسەردا

دەسەپەنێت. یان لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی ماددیگەرای یان هەر بوارێکی فەلسەفی وەک (هایدگەر) و فەیلەسووفەکانی دیکەوە شرۆڤەی شیعری شاعیرێکی وەک جزیری یان مەحوی پێ دەکات و بەخورتی و زۆرەوە لە حەزی ئەوەدایە شاعیریش وەک خۆی، یان وەک خاوەنی تیۆرە مۆدێرنەکە ناسنامەیەکی ئایدۆلۆجی بۆ دروست بکات.

دوای تێپەڕینی بیست ساڵ لە پاش ڕاپەڕینەوە و دوای ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوا سەرسامبوونی خۆیان بە هەندێک لە ڕەمزە گەورەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات یان ئەدیبانی جیهانی ئیسلامی ڕاگەیاند و چەندین توێژینەوە و کتێبیان لەسەر نووسین، ئیتر لە بەشێک ڕەخنەگر و ئەدیبی خاوەن ئایدۆلۆجیای کورد، بە لاساییکردنەوەی ئەوانەوە دەیانەوێت بەناوی بواری ڕۆحی و مەعنەوییەوە لەو دەلاقە بچنەژوور، کە ئەمە نزیکبوونەوەیە لە قبوڵکردنی بەرامبەر و کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆجیایەکە کە پێشتر بەو هەناسەوە غەیری خۆیانیان پێ ڕەتدەکردەوە، بەڵام چونکە لە دەمی ڕۆژئاواوە شیرینە، ئەمانیش لاسایی دەکەنەوە. دیارترین نموونە کەسایەتێکی وەک جەلالەددین ڕۆمی ئێستا لە ڕۆژئاواوە بە قووڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و تەنانەت نووسەرانێکی زۆر لە ڕێگای وەرگێرانی شاکارەکەی پێیەوە کاریگەربوون، لە کوردستانیش هەندێک لەوانەی خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی چەپگەران لە نوێوە وەک حاڵەتێکی سۆفییانە و ڕۆحیانە پێیەوە سەرسامن و لەسەری دەنووسن، کە ئەمە دەکرێت بۆ مەولەویی کورد و مەحوی و جزیری و شاعیرانی دیکەشەوە بەبێ ئایدۆلۆجیاوە لە حاڵەتە ڕۆحیی و ئایینی و مەعنەوییەکانیان بڕوانرێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

## مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و بوونە قوربانی ئایدۆلۆجیا:

مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس یەکێک لەو زانایانەیە کە سەروکاری زۆر لەگەڵ ئەدەبیات هەیە، وێڕای ئەوەی بەشێوەی تیۆریش لەبارەی چەند زانستێکی ناو ئەدەبیاتەوە کتێبی نووسیوە، هەروەها شرۆڤەی دیوانە دیار و بەرچاوەکانی کلاسیکیشی کردووە، لەو ڕوانگەوە ڕەوتی سیکۆلاری خاوەن ئایدۆلۆجیا، ناوبراوی تەنیا لەو شوێنە دەوێت کە شیعرە بە ڕواڵەت نزیکەکانی لە ئایدۆلۆجیای ئەوان نزیک دەبێتەوە، ئەگەرنا پێویستی بە شرۆڤەی شیعرە ئایینییەکان نییە کە پێچەوانەی ئایدۆلۆجیایەکەیەتی، لەهەمانکاتدا مامۆستا چەند کتێبێکی لەبارەی بیروباوەڕی ئیسلامی بە شیعر نووسیوە، وەک (نووری ئیسلام، نووری ئیمان....) کەچی لە ئاستی ڕەخنەی ئەکادیمیشدا ئاوڕ لەو شیعرانە و لە بەرهەمەکانی دیکەی نادرێتەوە، چونکە سەپاندنی بیر بۆتە چاویلکەی خوێندنەوەکان و لە کوێ سنووری بەرژەوەندیی هزر هەبێت، مەیدانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەش لەوێ دەبێت. بەشێک لە ڕەوتی ئایینداریش مەیدانەکەی بۆ ڕەوتی پێچەوانە بەجێهێشتووە و ئەویش بە چاوێکی ئایدۆلۆجیانەوە لەو شاعیرانە دەڕوانێت و لە چاوی ئەوانەوە شاعیرە کلاسیکییەکان بە نزیک لە خۆیان نازانن، کەچی زۆر ئاساییە دێر یان شیعری شاعیرێکی عەرەبی وەک موتەنەببی یان ئەبونەواس لە نووسینەکانیدا وەک پەسنی بەڵگەیی بهێنێتەوە، بەڵام بە هۆشیاری و بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ شیعر و شاعیری کلاسیکی کوردی دەکات.

ئەمە سەرەتایەکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەو مەترسییەی ئایدۆلۆجیا لەناو ئەدەب و ڕەخنەی کوردی و ئەو دابەشبوونە دوو ئایدۆلۆجیایەی کە بۆتە بەربەست لە بەردەم

گەشەی نووسین و ڕەخنە و، وایکردووە وەک چۆن ئەم حاڵەتە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جەستەی نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە، ئەدەبیاتیش لەو نەخۆشییە دەربازی نەبووە و وەک ڕەنگدانەوەی واقیعەکە ئەویش کەوتۆتە بەر ئەم شاڵاوەوە. ئەم شەپۆڵەش زیاتر لە دونیای عەرەبییەوە بۆ ناو کورد هات و ئەو ململانێیەی نێوان تەوژمی ئیسلامی و سیکۆلار لە میسرەوە ئەدەبی ئیسلامی و نائیسلامی هێناکایەوە و بێ ئەوەی لەو نێوەندەدا ئەدەبێکی پابەند بە ڕەنگاوڕەنگی و فرەیی و پێکەوەژیانی بە گوێرەی کۆمەڵگەکە دروست بێت، ئەمەش تا قووڵتر بێتەوە پێکهاتەکان لەیەکتر دووردەخاتەوە و لە کۆتاییشدا لە بەرژەوەندیی ڕەخنە و ئەدەبیات کۆتایی پێ نایەت.

## پەراوێزەکان

١ الایدولوجیا/ الخطاب/ النص- نحو مقاربة مفاهیمیة، أ.عموری السعید، مجلة الاثر، العدد ١٨، جوان ٢٠١٣، ص١٣٨.

٢ سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٠.

٣ مدخل المناهج النقد الادبی، مجموعة من الكتاب، ترجمة: د.رضوان ظاظا، الكويت، ١٩٩٧، ص٦.

٤ دیوانی ئەحمەد موختار جاف، لیکۆڵینەوەی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٠٦.

٥ مدخل الی النقد الادبی الحدیث، د.شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوی للنشر والتوزیع ١٩٩٨، ص ٢٣٤.

٦ نمونە زۆرن و لە هێنانەوەی ئەم نمونانەشدا مەبەستمان ئەو گرێ دەروونییەیە کە تەنیا بەرامبەر ئاییینی ئیسلام هەیە، کە بەشێک لە نووسەری سیکۆلاری کورد تخوون نەکەوتنی ئایین دەکاتە بنەمای سیکۆلاربوونەکەی، کەچی لە واقیعدا زۆر لای ئاساییە بە سەرسامییەوە بڕوانێتە ئاییینی زەردەشتیەت و مەسیحییەت، کەچی بۆ ئیسلام پێی وایە دوورکەوتنەوەیە لە پرەنسیپی سیکۆلاربوون، لە کاتێکدا فەلسەفە و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات مولکی جیهانی ئیسلامییە و ناکرێت بە ڕق و ئایدۆلۆجیاوە سەیری ئەو کەلەپوورە بکرێت، بەڵکو دەبێ بابەتییانە و بێ گوێدانە ئایدۆلۆجیای شاعیرەکە لێی بکۆڵدرێتەوە.



# له نێوان خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانە و خوێندنەوەی مەعریفی و بابەتیانەدا

# پیرەمێردی دانا و شاعیر وەك نمونە



**عومەر ئیسماعیل رەحیم**

لەدایکبووی ١٩٦٧، کۆیە.

ماستەر لە فیکری ئیسلامی

شارەزا و توێژەر لە هزری سیاسی ئیسلامی.

دەکرێت خوێندنەوەی مێژوو و ڕووداوەکان، توراس و کەلتوورەکان، ئەفکار و دیدگاکان، ڕەمز و کەسایەتییەکان، لە چەندین گۆشە نیگا و پێگەی جیاجیاوە بکرێت، لە پێگەی سۆز و مەیلەوە بێت، لە پێگەی بڕیاری پێشوەختە و ئایدۆلۆژییەوە، یا خوێندنەوەیەکی زانستی و بابەتیانە بێت، هەروەها دەکرێت بە گیانی نەیاریی و گەڕان بە دوای دۆزینەوە و لکاندنی خەوش و کەم و کوڕییەوە بێت، دەشکرێت بە گیانی گەیشتن بە ڕاستییەکانەوە بێت.

هەریەک لەو جۆرە خوێندنەوانەش بە ئامراز و شێوازی تایبەتی ئەنجام دەدرێت و شوێنەوار و نەخشی ئەرێنی، یا نەرێنی تایبەتی خۆی بە جێدەهێڵێت لەسەر بابەتی خوێندراو و ڕەخنەکراو، هەربۆیەش تا ڕاستییەکان و چییەتی و حەقیقەتی ڕوداو و ئەفکار و توراس و کەسایەتییەکان گوم نەبێت و چەواشەکاریی و سەرلێشێوان ڕوونەدات، بابەتیانە و زانستییانە شتەکان بخوێنرێنەوە و هەڵبسەنگێنرێن، زانایان چەندین مەنهەجیەتی خوێندنەوە و ڕەخنەیان داناوە، تا ئەوەندەی بکرێت مەیل و سۆز و ئایدۆلۆژی کەسی خوێنەر و ڕەخنەگر لە سەر بابەتەکانەوە دووربخرێتەوە. قورئانی پیرۆز بانگمان دەکات بۆ بابەتی بوون و ڕاگرتنی هاوسەنگی و پابەندبوون بە پرنسیپی عەدالەت لە هەموو شتێکدا، لەوانە خوێندنەوە و ڕەخنەگرتن لە (مێژوو و ئەفکار و توراس و کەسایەتییەکان)، دەفەرموێت: (**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ**)(١)، عەدل دەرکردنی بڕیاری بابەتییانەیە، تەنانەت لەسەر نەیار و دوژمنەکانیشت، لێرەوە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بە پابەندبوون بەو مەنهەجیەتەی قورئانەوە، بابەتیانە و بەبێ تێکەڵکردنی ئایدیۆلۆژیای خۆیان و بە خەرجدانی عاتیفە و سۆز بەرامبەرەکانیان دەخوێندەوە، بەشێوەیەکی هاوسەنگ هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکردن، سەیری عەمری کوڕی عاص بکە چۆن ڕۆمەکانی دەخوێندەوە، لەگەڵ ئەوەش نەیار و دوژمنی یەکتر بوون، مستەوردەی قورەیشی دەڵێت گوێم لە پێغەمبەر (د.خ) بوو دەیفەرموو: کاتێ قیامەت دێت لەو کاتە ڕۆمەکان زۆرینەی خەڵک پێکدێنن، عەمری کوڕی عاص پێیووت: ئەگەر من بڵێم، ڕۆمەکان چوار خەسڵەتیان تیایە: ئارامگرترین گەلێکن لەکاتی کێشە و ئاژاوە، خێراترین گەلن لە هەڵسانەوە دوای موسیبەت، نزیکترینن لە گەڕانەوە دوای پشتهەڵکردن و ڕاکردن، باشترینن بۆ کەسانی بێ باوک و لاواز، خەسڵەتی پێنجەمیان کە زۆر جوانە لە هەموو کەس باشتر ڕێگە دەگرن لە ستەم و زۆرداری پاشاکان(٢).

خوێندنەوە و ڕەخنەی بابەتیانە ئەوەیە دووربێت و خاڵی بێت لە هەرچی بەربەستێکی تایبەت و پەیوەستە بە کەسی خوێنەر و ڕەخنەگر وەک: (تێگەیشتن و بڕیاری پێشوەختە و هزر و ئایدۆلۆژیا و ئەو پەیام و ئایینەی هەڵیگرتووە)، تا بابەتیانە و زانستیانە تێبگات بەپێی ئەو بەڵگەنامە و پێدارەوە مێژووییانەی لەبەردەستە.

### تایبەتمەندییەکانی خوێندنەوەی مەعریفی و بابەتیان:

١- بە کەسی نەکردنی پرس و بابەتەکان.

٢- نەسەپاندنی نەوتراوێک بەسەر نوسەر، یا کەلەپووردا، هەڵنەبەستن و نەخولقاندنی ڕوداوێک کە ڕووی نەداوە.

٣- لایەنگیری نەکردن و دوورکەتنەوە لە سۆز و عەواتف.

٤- دەرخستن و پەردەلادان لە سەر ڕاستییەکان وەک خۆیان.

٥- پاراستنی هاوسەنگی و موبالەغە نەکردن، نە لە هەڵە و نە لە ڕاستییەکاندا.

- تایبەتمەندییەکانی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژی:

١- بە کەسی کردنی بابەت و پرسەکان.
٢- بە قسەهێنان و سەپاندنی نەوتراوێک بەسەر نوسەر، یا کەلەپوور، لە خۆوە هەڵبەستنی هەندێ وورده رِوداو و تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ رِووداوە راستییەکان.
٣- لایەنگیری و جولاندنی هەست و سۆز.
٤- شاردنەوەی و بزرکردنی هەندێ لە راستییەکان.
٥- بێزراندن و ناشیرینکردن، یا گومانخستنە سەر راستییەکان.
٦- نەپاراستنی هاوسەنگی و موبالەغەکردن لە وێناکردنی هەڵە و راستییەکان.
٧- لەبەرچاو نەگرتنی کات (الزمن) لە خوێندنەوەی دەق و رِووداوەکان و موحاکەمەکردنیان بە پێوەری زەمەنێکی جیاواز.
٨- خوێندنەوەی دەق و رِووداوەکان لە سایەی پسپۆریەتی خودی رەخنەگر (اختزالی هەموو پسپۆریەتییەکان لە پسپۆریەتی رەخنەگر).

بۆ گەیشتن بەو تایبەتمەندیانەش زۆرجار خوێنەر و رەخنەگری ئایدیۆلۆژی پەنا دەباتە بەر چەندین ئامراز و میکانزم وەک:

١- شاردنەوە و فەرامۆشکردن: لەم شێوازەدا خوێنەر، یا رەخنەگر وێنە گەورە و تەواوەکە _متكامل- ناخاتە رِوو، یا رِووداوەکان لە هەموو قۆناغەکان بەیەکەوە نابەستێتەوە، هەموو رِەهەندەکانی ژیان (کۆمەڵایەتی، سیاسی، فیکری، ئەخلاقی، ژیاری) ناخاتە رِوو، بەڵکو لای خۆی هەندێ بریار و بۆچوونی پێشوەختەی هەیە سەبارەت بە بابەتی خوێنراو، یا رەخنەکراو، ئەنجا دێت ئەو بەڵگەنامە و دیمەن و تابلۆ و روداوانە دێنێت کە بۆچوون و بریارەکانی خۆی دەسەلمێنێت، وەک ئەوە کە لەگەڵ مێژووی مسوڵمانان، تەنانەت لەگەڵ ژیاننامەی پێغەمبەری سەروەر(د.خ) کراوە، وەک نمونە بەدرێژایی ژیانی پێغەمبەر(د.خ) لە مەدینە، چی دەزانین سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی، مامەڵەی لەگەڵ دۆست و نەیارەکانی، بەرِێوەبردنی کاروباری رۆژانەی مسوڵمانان، پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی، شێوازی بانگەوازی بۆ ئیسلام و چەندین رەهەندی تر، هەر کتێبێکی ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ) وەربگرە تەنانەت ئەوانەی بە پێنوسی مسوڵمانانیش نوسراوە لە ئەنجامی کەوتنە ژێر کاریگەری مەنهەجیەتی خۆرهەڵاتناسەکان، سەیردەکەیت بە جەنگی بەدر دەستپێدەکات و بە جەنگی فەتحی مەککەش کۆتایی دێت، زنجیرەیەکە لە جەنگ و غەزەوات، بەڵام لەرِاستیدا ئەگەر ئەو کاتەی ئەو جەنگانە پریانکردۆتەوە لە کۆی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) زیاتر لە چەند حەفتەیەک ناخایەنێت، ئەی ئەو کاتانەی تر چیکردووە، چالاکییە کۆمەڵایەتی و بانگخوازیی و سیاسییەکانی بۆ نەخراوەتە ناو مێژووی ژیاننامەکەی، ئەمە کاریگەری مەنهەجیەتی خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانەیە.

٢- پشتگوێخستن، ئەو کەسانەی لە پێگەی ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراوەوە و بەو گیانەوە هەوڵی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژوو، یا توراس و کەلەپوور، یا رەمز و کەسایەتییەکانی بەرامبەرەکانیان دەدەن، بە بەرنامە و پلانێکی دارِێژراوەوە هەوڵدەدەن خاڵە گەش و ئەرێنییەکان و ئەوانەی مایەی شانازین بشارنەوە و رِوناکیان ناخەنەسەر، بەپێچەوانە خاڵە نەرێنییەکان نەک هەر دەردەخەن، بەڵکو زیادەیان دەخەنەسەر، هەندێ شتی ئاسایی، یا ئەو شتانەی بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرن بەشێوەیەک تەفسیر دەکەن کە ببێت عەیبە و کەموکوری و جێگەی رەخنەلێگرتن.

نمونەیەکی دیار لەو میکانزمە وەک (د.عبدالرحمن علی حەجی) دەڵێت کتێبەکەی فیلیب حەتی لە مێژووی مسوڵمانان کە ناوی ناوە (تاريخ العرب) لە دوو بەرگدا، جاری هەر لە سەرەتاوە لە ناونیشانی کتێبەکە بە هەڵە بەڵام بۆ مەرام و بە مەبەستێکی دیاریکراو ناوی ناوە، چونکە ناوەرِۆکی

کتێبەکە مێژووی بانگەواز و گەلان(شعوب) و بەرهەمە شارستانییەتەکانی مسوڵمانانە، کە چەندین گەل و نەتەوەی تری غەیرە عەرب دەگرێتە خۆ، بێگومان پرۆفیسۆر (حەتی) ئەو ڕاستییەی زانیوە و ئەنجا ناونیشانەکەشی بەوشێوە داناوە، ئەوە بێ مەرام نەبووە، ئەنجا بەرگی یەکەمی کتێبەکەی کە پێکهاتووە لە (٤٠٨) لاپەڕە لە کۆی ئەو لاپەڕانە (١٥٢) لاپەڕە و لە دوو توێی حەوت فەصلدا تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لە سەر مێژووی نیوە دورگەی عەرەبی پێش ئیسلام، کەچی تەنها (٩٣) لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لە سەر هاتنی ئیسلام و بانگەوازەکەی و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بانگەوازی ئیسلام و کۆمەڵگە تازەکەی بەرهەمی هێنا تاکۆتایی قۆناغی خەلافەتی ڕاشدین، کە بێگومان دیارە بەڵگەنامە و سەرچاوەی زۆر زیاتر بۆ قۆناغی ئیسلامی تا قۆناغی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام لە بەردەستدایە، ئەم خوێندنەوەیە ئەگەر پاڵنەری ئایدیۆلۆژی لە پشت نەبێت چۆن لەو هەڵوێستە دەگەین و لێکیدەدەینەوە.

٣- خوێندنەوەی نییەت، یا خولقاندن و داهێنانی ڕوداوێک کە لەڕاستیدا نەبووە و لکاندنی بە وێنە گەورەکەی مێژوویکی دیاریکراو، بە هەندێ پاساودانی نا زانستی نا ڕوون. هەندێ جار خوێنەر و ڕەخنەگر بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژیی و لە ڕێگەی نییەت خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی بێ بەڵگە و ڕاشکاو، هەوڵدەدات بۆچوونێکی خۆی بسەپێنێت، ئەوەی پێمخۆشە لێرە وەک نمونە بیهێنمەوە، بۆچوونی هەندێ کەسی پاشخان چەپە سەبارەت بە قانعی شاعیر کە ناسراوە بە شاعیری چەوساوەکان، کە ڕەخنەگرتنی زۆری شاعیر (قانع) لە دیاردەی نایەکسانی کۆمەڵگە و وەستانەوەی لە ڕووی ستەمی ئاغەوات و پیاوە ئایینیە دەستڕۆیشتوەکان، بەرگریکردنی لە چەوساوە

# ناکرێت بە دروستی لە مێژووی گەلێك تێبگەیت بە پارچە و بەش بەشکراوی

و چینی زەحمەتکێش و هەژار و نەدارەکان لای هەندێ نوسەر و توێژەری چەپ و بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی وەها لێکدراوەتەوە کە قانع شیوعی بووبێت و باوەڕی بەو سۆشیالزمە و یەکسانییە کە پەیامی شیوعییەکان بووە هێناوە، کە ئەمە زیاتر خوێندنەوەی نییەت و بەڵگەی ڕاشکاوی لەسەر نییە، لەو پێگەوە ئەو خەباتەی دەستپێکردبێت، ئاخر قانع پیاوێکی خوێندەوار و مەلا و شەرعناس و سەرڕاست و نەترس و بێ باک لە دەستەڵاتی بەگ و ئاغا و شێخەکان، ئەشێت لە چەند بەیتە شیعر یا هەندێک هۆنراوەی لەگەڵ ئەو فیکرە یەکی گرتبێتەوە(٣)، بەڵام لە درێژی و پانی دیوانەکەی پابەندی قانع بە ئایینی ئیسلام دەردەکەوێت، ئەوە جگە لە مەلایەتییەکەی و مێزەر و کەواو جوببەکەی ناکرێت بە پاڵنەری ئیسلامی ئەو خەباتەی دژ بە ستەم و چەوساندنەوە دەستپێکردبێت.

یا لێکدانەوەی هەندێ بەیت و بڕگەی هۆنراوەکان و قەسیدەکانی مەولەوی و مەحوی کە ئەشێت لە حاڵەتێکی ڕوحی و وەجدی سوفیانەیان وترابێت، بە باوەڕ بوونیان بە وەحدەت الوجود، یا لای هەندێ بە ئینتیما بۆ ئایینی «یارسان» لێکدرابێتەوە، ئەم جۆرە خوێندنەوە و ڕەخنەکردنە جگە لە ئایدیۆلۆژیا و بوونی بڕیار و بۆچوونی

# پیرەمێرد بیرمەند و فەیلەسوف بوو خاوەن هزر و جیهانبینییەکی ڕوون و ڕاشکاو بوو

پێشوەختەی خوێنەر و ڕەخنەگر بە چێتر لێکدەدرێتەوە.

٤- دزێو و ناشیرینکردن، لە میانەی ئەو ئامراز و شێوازەدا خوێنەر، یا ڕەخنەگر، هەوڵدەدات ڕووە ناشیرنەکان و دیوە دزێوەکان پیشانبدات و جەختیان لێبکاتەوە، گەورەیان بکات، وەک ئەوەی کە بابەتی خوێنراو تەنها بریتییە لەو دیمەنە دزێو و ناشیرنانە، وەک ئەوەی کە زۆربەی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسە خۆرئاواییەکان کردوویانە لەگەڵ مێژووی مسوڵمانان، کە تێیدا تەنها تیشکیان خستۆتە سەر شەڕ و جەنگەکان، دیمەنی جەنگ و کوشتارەکانیان قەبەکردووە، هەوڵیانداوە گرتەکانی گەورە بکەن، وەک ئەوە کە مێژووی مسوڵمانان تەنها سەربرین و ملپەڕاندن بێت، بۆنی خوێن و تەپوتۆزی ژێرپێی ئەسپ و بەریقی شمشێر بێت، جگە لەوە هەموو دیمەن و تابلۆ و چالاکییە مرۆیی و حەزارییەکان فەرامۆش کراون، جەنگەکانیش وەک خۆیان نەخراونەتە ڕوو، بەڵکو زۆر زیاتر لە قەبارەی خۆیان گەورە کراون، ئەوە جگە لە گۆڕینی ئەو ئامانجانە کە شەڕەکانیان بۆ ئەنجامدراوە.

٥- گومانخستنە سەر، زۆر جار خوێندنەوە، یا ڕەخنەگرتن بە گیانی ئایدیۆلۆژیانە بۆ گەیشتن بەمەبەست و تەحقیقکردنی ئامانجەکان پەنا دەباتەبەر گومانخستنە سەر بابەتی خوێندرا و ڕەخنەکراو _مێژوو، یا توراس، یا ئەفکار، یا ڕەمز و کەسایەتی بێت، بەبێ گوێدانە ڕاستی و دروستی و بەهێزی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان، بۆ ئەمەش سوود لە بێئاگایی و نا هۆشیاریی و نەشارەزایی بە ئامانجگیراوەکان وەردەگرن، بۆ نمونە پرسی جەسوری و ئازایەتی پێغەمبەر (د.خ) چ لە مەیدانی جەنگەکاندا و چ لە بەردەم کێشە و ئاریشە سەختەکاندا ڕاستییەکە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە، پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، تەنانەت عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێت:" کاتێ شەڕ زۆر گەرم دەبوو و فشارمان بۆ دەهات ئێمە خۆمان دەدایە پەنای پێغەمبەر و خۆمان بەو دەپاراست، کەسێک نەبوو لە ئێمە وەک پێغەمبەر (د.خ) نزیکتر بێتەوە لە ڕیزی دوژمنەکان"(٤)، لەگەڵ ئەوەش قەشە و ڕۆژهەڵاتناس لامانس پێغەمبەر (د.خ) بە کەسێکی ترسنۆک دەناسێنێت و وەسف دەکات، ئایا لامانس ئازایەتی و چاونەترسی پێغەمبەری(د.خ) لا شاراوە بوو، هەرگیز، بەڵام خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیانەیە و مەرامی تایبەتی هەبووە، هەر ئەو قەشە ناحەزە وەسفی پێغەمبەر(د.خ) دەکات بە کەسێکی زۆر خۆر و خەواڵو و خەوخۆش، واتە زۆر دەخەوت، کە هەردووکی پێچەوانەی دەقی فەرمودەی متەواتەر و قورئانن(٥).

٦- پارچە و بەش بەشکردن، ئەمە میکانزمێکی ترە هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونی پێشوەخت، مێژوو و توراس و بەرهەمە فیکرییەکانی بەرامبەرەکانی پێ دەخوێننەوە و ڕەخنە دەکەن، مێژووی هەر گەل و کۆمەڵگەیەک چەند ڕوداوێکی پەرش و بڵاو و لێکترازاو نییە، تا ڕوداو ڕوداو، یا قوناغ بە قوناغ و دوور لە یەکتریی و بە جیا بخوێندرێتەوە و ڕەخنە بکرێت، توراس و کەلەپوور

و بەرهەمە فیکرییەکان بە هەمان شێوە لە خۆوە و بەبێ پێشەکی و کەڵک لە یەک وەرگرتن نەهاتونەتە بەرهەم، هەروەها مێژوویش زنجیرەیەک ڕوداوی بەیەکەوە بەستراوە، وەک شکستەکان بێ هۆکار و کەمتەرخەمی پێشوەخت نەبوون، هەرواش سەرکەوتنەکان بەبێ ڕێخۆشکردن و کاربۆکردنێکی درێژخایەن نایەنە بەرهەم، بۆیە ناکرێت بە دروستی لە مێژووی گەلێک تێبگەیت بە پارچە و بەش بەشکراوی، یا توراس و کەلەپووری بخوێنیتەوە و ڕەخنە بکەیت لە میانەی کتێبێک و دووان، یا بەرهەمی نوسەرێک و دووان، وەک مێژوو نوس و ڕۆژهەڵاتە خۆرئاواییەکان، یا بیرمەند و نوسەرە چەپەکان بە پاڵنەری ئایدیۆلۆژی بەرامبەر مێژوو و کەلەپووری ئیسلامی کردویانە.

جارێکی تر نمونە بە مێژووی ئیسلامی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دەهێنینەوە، دەبینین مێژوونووس لە جەنگێکەوە دەگوازێتەوە بۆ جەنگێکی تر، لەویشیان بۆ دواتر، بەڵام پەیوەندی ئەو ڕوداوانە بە یەکتر و چالاکی و جموجۆڵی پێغەمبەر و مسوڵمانان لە نێوان ئەم جەنگانە هیچی لێ باس ناکرێت. یا سەبارەت بە توراس و کەلەپووری ئیسلامی بەتایبەتی توراسی سیاسی، دێن توراسی ماوەردی و غەزالی و ئیبن خەلدون و ئیبن تەیمیە وەک چەند کەسێکی هەڵکەوتوو دەخوێننەوە، وەک ئەوە بەر لەوان کەسێکی تر نەبوبێت و دوای ئەوانیش هزری ئیسلامی ووشکی کردبێت، چاو لەوە دادەخەن کە بەرهەمە زانستی و هزرییەکانی ئەو بیرمەندانەش بەشێکە، یا ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی بزوتنەوەی زانستی و هزری مسوڵمانان، ئەگەر ئەو هەڵکەوتوانە زۆریان داهێناوە و پێشکەشیان کردووە بە نەوەکانی دوای خۆیان، بێگومان بەرهەم و تیۆریاکانی خۆیشیان لە سەر ڕابردووی خۆیان بنیاتناوە(٦).

## نمونەیەك لە مامەڵەی ئایدۆلۆژیانە لەگەڵ توراسی هزریی و ئەدەبی كوردی:

لە دوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا بەڵکو بەرلەوەش تەوژمی زاڵ بە سەر ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا تەوژمی چەپ و مارکسیەت بوو، بەشێکی زۆری نوسەر و قەڵەم بەدەستەکانی ئەو ماوە مێژووییە یا چەپ و مارکسی بوو، یا بەشێوەیەک لە شێوەکان کەتبوونە ژێرکاریگەری بیری چەپگەرایی، هەروەها توانیبوویان بخزێنە ناو ئۆرگان و بازنە دەستڕۆیشتوەکان لە بواری ئەدب و ڕۆشنبیریدا، لێرەوە هەوڵدراوە سیما و ڕوخسارێکی چەپی و سۆشیالزمی بدرێت بە کایەی فیکر و ئەدەب و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردەواری، بەو ئامراز و میکانزمانەی لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، بە تەفسیر و تەئویل، یا نییەت خوێندنەوە، یا تەنانەت فەرامۆش و بزرکردن و شاردنەوەی ئەو بەڵگەنامە و پێدراوانەی نەتوانراوە بە ئارەزووی خۆیان مامەڵەی و ئاڕاستەی بکەن، هەرچی گیانی ئایینداریی و پەیوەست بە ئیسلام و هەڵقوڵاوی پرنسیپ و بەها ئیسلامییەکانەوە بووبێت هەوڵی شاردنەوەی یا تەفسیرکردنی و لێکدانەوەی بەشێوەیەک لەگەڵ بیری ئەوان تەریب بێتەوە دراوە.

لەو ماوە مێژووییەی کە ئاماژەمان پێکرد هەر نوسەر و توێژەرێک کە ناساز و نەیاربوایە بە تەوژمی چەپ و تەفسیری ماددی بۆ دیاردە و ڕووداوەکان ئەوا تەنگی پێهەڵدەچنراو دژایەتی دەکرا، من خۆم جارێک لە ساڵی ١٩٨٨ لە وەرزێکی ڕۆشنبیری لە هەولێر بەشداربووم کە ئەوانەی بیرمە کۆڕیان بۆ گیرا: دکتور (عمادالدین خلیل) پرۆفیسۆر و بیرمەندی عێراقی، پسپۆر لە مێژوو، هەروەها مامۆستا و نوسەری گەورەی کورد (مەسعود محمد) بوون، لەو وەرزە ڕۆشنبیرییەدا بە چاوی خۆم بینیم کە چۆن ڕۆشنبیرە چەپەکان

لە ڕێگەی پرسیار و کۆمێنتەکانیانەوە گاڵتە و لاقرتێیان دەکرد بە (مەسعود محمد)، چونکە لە دەرەوەی ئەو تەوژمە زاڵە بوو.

## مامەڵەی ئایدیۆلۆژیانەی ئەو ناوەندە لەگەڵ پیرەمێرد و بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەکەیدا:

لە میانەی چەند تەوەرێک ئەو مامەڵە ئایدیۆلۆژیانە لەگەڵ پیرەمێرددا دەسەلمێنین:

تەوەری یەکەم، شێوەی خستنەڕوو و دابەشکردنی هۆنراوەکانی پیرەمێرد لە دیوانەکەیدا بەتایبەتی ئەوەی دیوانەی مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار کۆیکردۆتەوە. پیرەمێرد وەک بڕواداریکی ڕاستەقینە و خاوەن پەیام، هەستی بە بەرپرسیاریەتی خۆی لە بەرامبەر ئایینەکەی لەلایەک، خەمخۆری بۆ میللەتەکەی و بەتەنگەوە بوونیان و ڕێ پیشاندانیان لەلایەکی تر، بەردەوام هەوڵیداوە ئەرکی دینداری خۆی ڕاپەڕێنێت، ڕاستییەکانی ئایینی ئیسلام بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە، ئاگاداریان بکاتەوە لەو شتانەی پێچەوانەی ئیسلامن و ئەوان خویان پێوەگرتووە، وەڵامی ئەو گومان و دوودڵیانە بداتەوە کە نەیار و ناحەزانی ئیسلام هەڵیان بەستوون و دورستیان کردوون، بەناو گەنجەکاندا بڵاویان کردونەتەوە، هەمیشە ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی کردووە کە پابەندبن بە ئایینەکەیانەوە، لێی لانەدەن، چونکە سەربەرزی و پێشکەوتن و گەشەکردن لە پابەندی و شانازیکردنیان بە ئایینەکەیانەوەیە، بۆیە ئیدی پیرەمێرد تەنها خوێندەوارێکی سادە و ئاسایی نەبوو، تەنها شاعیر نەبوو شیعر بهۆنێتەوە و بەس، بەڵکو پیرەمێرد بیرمەند و فەیلەسوف بوو، خاوەن هزر و جیهانبینییەکی ڕوون و ڕاشکاو بوو، لە هەموو بۆچوون و شیعر و نوسینەکانی لە دیدگای ئەو فەلسەفە و جیهانبینییەوە دەردەچوو، بۆ هەر پەندێک کە نوسیویەتی و بۆ هەر شیعرێک کە هۆنیویەتییەوە ئامانجێکی هەبووە، بۆیە ناکرێت

و ناتوانرێت جیهانبینی پیرەمێرد بە گشتی و ڕوانینی بۆ ئایین بە تایبەتی کورتبکرێتەوە لەو چەند پارچە شیعرەی کە لە ژێر ناوی (ناڵەی پیری پیران)دا بڵاوی کردۆتەوە، ناوی بنرێت هۆنراوە ئایینیەکانی پیرەمێرد، هەروەک چۆن د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ(٧) و محەمەد ڕەسول هاوار(٨) کردویانە، بەڵکو جیهانبینی و بیروباوەری ئیسلامی پیرەمێرد و لێکدانەوەکانی بۆ بوون و ژیان و دیاردەکانی تر، بە پێی ئەم جیهانبینییە لە تەواوی پەند و شیعر و نوسینەکانی تریشی ڕەنگیداوەتەوە.

مامۆستا هاوار ئەو کۆمەڵە هۆنراوەی ناوی ناوە هۆنراوە ئایینیەکانی پیرەمێرد خستویەتییە دوای دواوەی دیوانەکەی، تەنها بەشی هۆنراوەکانی گاڵتە و گەپ لە دوای هۆنراوە ئایینیەکانەوە دێت، نازانم بە چ پاساوێک ئەوەی کردووە، ئاخر ئەگەر بەپێی پێوەری زۆری شیعرەکان بێت، یا بەپێی کاریگەری کایەکە بێت، یا بە هەر پێوەرێکی تری دابەشکردن نابێت شیعری ئایینی بکەوێتە دوای شیعری وەسف، نیگار و سروشت و جوانی، چونکە شیعرەکانی نیگار و سروشت و جوانی (٢٨) لاپەڕەیە، بە مەرجێک زیاتر لە (٧) لاپەڕە پێشەکی و ڕونکردنەوە و شەرحی هاوار خۆیەتی، کەچی شیعرە ئایینیەکان (٢٥) لاپەڕەیە کەمتر لە دوو لاپەڕە پێشەکی خۆیەتی، خۆ دیارە کاریگەری ڕۆڵی کایەی ئایین لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری چەندەیە و پرسی نیگار و سروشت مەگەر دەستەبژێرێک سەروکاری لەگەڵ ئەو پرسە ببێت. هەروەها شیعری نیشتمانی (٢٢)لاپەڕەیە زیاتر لە (٥)لاپەڕە پێشەکی و ڕونکردنەوەی مامۆستا هاوار خۆیەتی، کەچی هەر لە پێش شیعرە ئایینیەکان دانراوە. ئیتر نازانم بە چ پێوەرێک ئەو ڕێکخستنە ئەنجامدراوە، بەندە جگە لە بەکەم سەیرکردنی ئایین و هەوڵ بۆ بچوککردنەوەی ڕۆڵی ئایین شتێکی تر نابینم.

بۆ زیاتر دڵنیایی خوێنەری بەڕێز و دەرخستنی خەمخۆری پیرەمێرد سەبارەت بە بیروباوەری

ئیسلامی نەتەوەکەی بە گشتی و گەنجەکانی بەتایبەتی، ڕێگە گرتن لەو هەوڵانەی لەوکاتە دراوە بۆ گومڕاکردن و تێکدانی باوەڕی ئایینی، بەرەنگاربوونەوەی پیرەمێرد لە ڕێگەی هۆنراوە و پەندە بە پێزەکانییەوە بۆ ئەو هەوڵانە بەشێوەیەکی سادە و قبوڵکراوی سروشت و ڕەمەکی مرۆڤ، دوور لە فەلسەفە و هزری ووشک و ڕووت، بەهێنانەوەی بەڵگەی لۆجیکی و واقیعی تا فریای ئەو خەڵکە بکەوێت، لەسەر لێشێواوی ڕزگاریان بکات بە پێویستی دەزانم چەند نمونەیەک بێنمەوە(٩).

لە بەشێکی ناڵەی پیری پیران سەبارەت بە بەڵگەکانی دامەزراندنی بڕواهێنان بە خودا و وەدیهێنەری ئەم بوونەوەرە دەفەرموێت:

**خوای گەورە و بزورگ پادشای ڕێی نیاز**
**بێ هاوبەش، بێ کەس، بێ شوێن و بێ هاوڕاز**
**تێگەیشتنت دامێ تێتبگەم**
**پێم لێنا هەر تۆی، بێ زیاد و کەم**
**چاوم هەڵبڕی، ئاسمانم دی**
**وتم بێ وەستا نەهاتوتە دی**
**ئەگەر کردەوەی بێ «گا» نەبوایە**
**ئەشیا بێ ستوون ڕانەوەستایە**
**دیارە هەر چەرخێ پیاو دروستی کا**
**کاتێکت زانی سوا و تێکشکا**
**چەرخی ماکینەی ئەم ڕۆژ و شەوە**
**بێ هەڵم و بەنزین ئەخولێتەوە**
**چەوری پێ ناوێ، هیچ ژەنگ ناگرێ**
**لێک هەڵناوەشێ دەستی تێ نابرێ**
**هەر لەو ڕۆژەوە، کە تێکخراوە**
**هێشتا جەرێکی لێ نەگۆڕاوە**
**هەر بەو پێودانە، کە بۆت داناوە**
**وا دێت و دەچێ، هیچ نەوەستاوە**
**بێ گوڕە و برە بێ چرپە و بێ دەنگ**
**تێکڕا لە کاران یەک ڕەنگ یەک ئاهەنگ**
**تۆ نەبوویتایە چۆن تێک ئەخرا**
**ئەمانە لە کوێ پێکەوە ئەنرا**
**چۆن چەرخی گەردوون بێ دەستی وەستا**
**لە کارا ئەبوو هەتاکو ئێستا**
**ئاش بێ ئاش وەستا نانرێتەوە**
**«گا» بێ «هۆ»ی جوتیار ناگەڕێتەوە**
**سەد هەزار هەزار ئەستێرەناسان**
**ئەو دیو خێوەتیان نەدی بەئاسان**
**منیش ئەگەڕێم کە تۆ بناسم**
**ناتدۆزمەوە کوێر و کەساسم**
**چاوێکم بەری تۆی پێ ببینم**
**«ارنی» بێژ نیم، کردەوە بینم**
**دەستم پێ گرتووی شەرمەندەم مەکە**
**بۆ بەخشین «گونای» زۆر و کەم یەکە**
**هەر کردەوەیەک لە من ڕووی داوە**
**لەپێش کردنا، لای تۆ نوسراوە**
**کە لەو تەختەیەی لای تۆ نوسراوە**
**کێ ڕێ دەکەوێ بڵێ وا نابێ(١٠)**

بۆ هەمان مەبەست و لە وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە دەیان ووت سروشت خۆی خۆی ئەفراندووە، بۆ تەفسیرکردنی بوونی ئەو جیهان و بوونەوەرانە پێویستمان بە خودا نییە، بە ڕاستی هەرکەس هۆنراوە و نوسینەکانی پیرەمێرد بەگشتی و بە ووردی بخوێنێتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بەرگریکارێکی دڵسۆز بووە بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی گەنج و لاوەکانی ئەو سەردەمە، لە بەرانبەر ئەو تەوژم و هێرشە ئایدیۆلۆژی و فیکرییانەی کە لەو سەردەمە شەپۆلەکانیان گەیشتبووە وڵاتی ئێمە، وەک تیۆر و بیروباوەڕەکانی مارکسییەت، تیۆرەکانی داروین و هی تریش، پیرەمێرد دانایانە و بە عەقڵێکی سەلیقەدارانە و بە زمانێکی سادە و شیرین و بە بەڵگە گەلێکی هەڵێنجراو لە ژینگەکە و نزیک لە عەقڵ و هۆشیاری خەڵکی ئەو سەردەمە، لە هەمان کات سەرنج ڕاکێش و لۆژیکی و زانستی و دڵنیاکەر.

ئەم هۆنراوانە بە بۆچوونی من تەنها وەک خولیایەکی هونەریی و ئەدەبی شاعیر لەدایک

نەبووون، بەڵکو جگە لەو خولیایە بەرهەمی تێفکرین و موعانات و خەمخۆری پیرەمێرد بووە، لەلایەک بۆ ئەو گەنج و لاوانەی وڵاتەکەی کە سەریان لێ نەشێوێندرێت، هەروەها بۆ خەمخواردن لە بیروباوەڕی ئیسلامی خۆی، کە خۆی لە بەرامبەردا بە بەرپرسیار زانیوە، ئیتر ئەو هۆنراوانە بەرهەمی ئەو ئەزموونە بانگخوازیی و خەباتە ئیسلامی و ئایین پەروەرییەی بووە.

لە شوێنێکی تری زنجیرە هۆنراوەی پیری پیراندا دەفەرموێت:

**خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن**
**هیچیان نەدیوە وا هەڵەوەڕن**
**ئەگینا سەیری باغێکی گوڵ کەن**
**تەماشایەکی بە عەقڵ و دڵ کەن**
**ئەو ڕەنگە جوانەی پەڕەی «هەرجایی»**
**بە زەڕەبینی تیشکی بینایی**
**لێی وردبنەوە کە ئەو سنعەتە**
**کێ دەڵێ زادەی خووی تەبیعەتە؟**
**گەڵای «گوڵ پەسەند» کام مەقەست بڕی**
**«پەردە عەروسی» کێ پەردەی دڕی**
**کێ هات «لاولاوی» بەدارا ئاڵان**
**کام دەست گەردەنی «وەنەوشە»ی شکان**
**ئەمانە نەیسا بڵێین بێ گیانن**
**مادەیەکە ڕوویدا زۆر کەس ئەیزانن**
**ئاغای شیوەکەڵ یەکێکیان تیابوو**
**کە ئاغال ئاغای قادراغای ناوبوو**
**پێی بریندار بوو، لێی کرد بەخۆرە**
**ئەهاتنە سەری حەکیم بە نۆرە**
**ڕۆژێک «مەولەوی» حەکیمی بانە**
**پێی وت ڕەحمەت بێ بەم مناڵانە**
**ئەم دەردە پیسە ئەتەنێتەوە**
**پیاو ئەبێ لێیان دووررکەوێتەوە**
**ئاغا لە دوور دێ چووە بن داری**
**ڕاکشا و ڕوانی بۆی کشا ماری**
**ئەمیش بێزار بوو چاوی لێ قووچان**
**تا هاتە سەر پێی خۆی هیچ نەجولان**
**هەرچەند خەڵک و خوا لە دوور پەیدابوو**
**تا ئەوان هاتن مار پێوەی دابوو**
**پێی چاک بووەوە وەک دۆخی جاردی**
**خۆ ناڵێن ئەمەش تەبیعەت ناردی**
**بەردە زلەکەی ناو ئاوی دووکان**
**کە بۆ ئەندازەی ئاو بووە بەنیشان**
**شارە مێروولەی لەناودا ئەژی**
**ئەویش تەبیعەت هێناویەتە دی؟**
**ئەم ئاسمانە کە بێ ستوونە**
**بۆ کردەوەی تۆ بوو بە نموونە**
**چەرخی ماکینەی ئەم ڕۆژ و شەوە**
**بێ هەڵم و بەنزین ئەسووڕێتەوە**
**چەوری پێ ناوێ هیچ ژەنگ ناگرێ**
**لێک هەڵناوەشێ دەستی تێ نابڕێ**
**ئاش بێ ئاش وەستا ناسوڕێتەوە**
**گا جووت بێ جوتیار ناگەڕێتەوە(۱۱).**

تەوەری دووەم: بزرکردن و شاردنەوەی نامیلکەیەکی پیرەمێرد کە ڕەخنەگرتن و مەحکومکردنێکی ڕاشکاو و دەگمەنە لەو سەردەمە لە سیاسەتەکانی یەکیەتی سۆڤیەت.

لە سەرەتای دەرکەوتنی بیری شیوعیەت، پیرەمێرد زۆر دژی شیوعییەت و دەوڵەتی سۆڤیەت بووە، بێگومان بەشێکی بنەڕەتی ئەو دژایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ دژایەتی کردنی شیوعیەت بۆ بنەماکانی ئاینی ئیسلام و بێبڕواییان بە خودا، تەنانەت وەک د.مارف خەزنەدار باس دەکات هەر لە دژی دەوڵەتی سۆڤیەت و بیروباوەڕی مارکسیزم بوو. بۆ ئەم مەسەلەیە نامیلکەیێکی پەخشانی هونەری نووسیوە بەناوی «ئاوە ڕەشەی ڕووسی سوور» لە ساڵی ١٩٤٠ نوسیویەتی و لە چاپخانەی ژین چاپی کردووە و لە سلێمانی بڵاوی کردۆتەوە، واتە پێش ئەوەی ڕووسیا تووشی جەنگی دووەمی گیتی بێ، ئەم پەخشانە بریتییە لە پەخشانێکی ئەدەبی سیاسی بە زمانێکی جوان

و پاراو نووسراوەتەوە. سەیر لەوەدایە ئەم کارە ئەدەبییەی پیرەمێرد دیزە بەدەرخونەکرا، ناوی لە هەموو ئەو زانیاریی و هەواڵە زۆرانەی لە بابەت پیرەمێردەوە بڵاوکراونەتەوە نەهاتووە. لە مێژووی ئەدەبی کوردی(١٢)، کاتێک ئەو پەرەگرافەم بەرچاوکەوت، ئیدی دەستمکرد بە گەڕان بە دوای ئەو نامیلکەیە، هەرچی کتێبخانە گشتییەکانی هەولێر هەیە گەڕام و پرسیم، بەڵام بێ ئاکام هیچم دەست نەکەوت و هەواڵێک نەبوو، لە کتێبخانە تایبەتەکان ئەوانەی دەمزانی دیرین و سەرچاوە و کتێبی دەگمەنیان تیایە وەک کتێبخانەکەی نوسەر و رۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، دواجار لە رێگەی دۆستێکەوە پەیوەندیم کرد بە کاک بونیادی کوڕی د.مارف خەزنەدار کە پێم وابوو مادام لە مێژوویی ئەدەبییەکەی باسی کردووە دەبێت نوسخەی بوبێت، بەڵام لەوێش هەواڵێکم دەست نەکەوت، لە رێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیم کرد بە کاک دانای کچەزای پیرەمێردەوە، ئەویش ووتی ئێمە هەرچی ئەرشیفی پیرەمێردە داومانە بە بنکەی ژین، لە سەفەرێکم بۆ سلێمانی سەردانی برای بەڕێزم مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز لە رێکخراوی زانست کرد و باسی ئەو نامیلکەیەم بۆ کرد بەڵکو یارمەتیم بدات بۆ دۆزینەوەی فەرمووی من پەیوەندیم خۆشە لەگەڵ بنکەی ژین، دوای ماوەیەک ووتی ئەوە نوسخەیەکیان بۆ کۆپی کردووین، لێرەوە سوپاسێکی زۆری مامۆستا عومەر دەکەم، دەستخۆشی و سوپاسێکی بێ پایانیشم هەیە بۆ بنکەی ژین و ئەو بەڕێزانەی ماندونەناسانە کاری تێدا دەکەن و پارێزگاری لەو توراس و کەلەپوورەی نوسەرانی کورد و دیکۆمێنتەکانی دەکەن.

ئەو نوسراوەی پیرەمێرد ئەگەرچی لە رووی ناوەڕۆکەوە و بە بەراورد لەگەڵ ئەم سەردەمەدا کە بە دەیان و بگرە سەدان توێژینەوە لەبارەی رەتکردنەوەی تیژ و فەلسەفەی شوعیەت و مارکسیەت و چەندینی تریش سەبارەت بە رەتکردنەوەی سیاسەتەکانیان و مومارەسەی خەفەکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ لەلایەن حیزبی شیوعی نوسراوە زۆر سادەیە، بەڵام بەها و نرخی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، هیچ نەبێت یەکێکە لە ئاوێنەی خەمخۆرییەکان و پەرۆشی پیرەمێرد سەبارەت بە پارێزگاری کردنی ئایین و بیروباوەڕی نەتەوەکەی لەو لافاوە بێدینەی فەلسەفەی مارکسیەت لەگەڵ خۆی دەیهێنێت لەلایەک و بەرگریی کردنی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی لەلایەکی تر، هەر لەبەرئەوەش لە کۆتایی ئەو نوسینەدا بە رێنوسی سەردەم بڵاوی دەکەینەوە، منیش لای خۆم دەڵێم ئەو دیزەبەدەرخۆنە کردنە هەڵوێستێکی نامۆ نییە لە هەوادارانی بیری چەپ و مارکسیەت و ئەو ناوەندە رۆشنبیرییەی ئەوان تێیدا باڵا دەست بوون.

تەوەری سێیەم، کەمی قسەکردن و ئاماژەکردن بە قۆناغی دووەمی ژیانی پیرەمێرد، واتە ئەو ماوەیەی کە لە تورکیا ژیاوە. بە بۆچوونی بەندە ژیانی پیرەمێرد بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت، قوناغی پێش چوونی بۆ ئەستەمبوڵ کە لە لەدایکبوونیەوە لە ساڵی ١٨٦٧ دەستپێدەکات تا ١٨٩٨، قۆناغی دووەم لە چوونی بۆ ئەستەمبوڵەوە دەستپێدەکات تا گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٢٤، کە دەکاتە نزیکەی (٢٦) ساڵ، ئاشکرایە ئەو ماوەیەی لە ئەستەمبوڵ بووە دوای تەمەنی (٤٠) ساڵییە و هەرەتی بەخشین و چالاکی فیکریی و ئەدەبی مرۆڤە، کەچی کەمترین تیشکی خراوەتە سەر و قسە و باسی لە بارەوە کراوە، کەمترین بەرهەمی ئەدەبی و فیکری ئەو قۆناغەی کەوتۆتە بەردەست، کە وەک لە هەندێ بەڵگەنامە و دیکۆمێنت دەردەکەوێت لێوانلێو بووە لە چالاکی رێکخراوەیی و سیاسیی و فیکریی و کارگێری، بەتایبەتی چالاکییە ئیسلامییەکانی لەگەڵ زانای پایە بەرزی کورد سەعید نورسی، کەسانی تریش، پیرەمێرد لەگەڵ نورسی یەکێک بووە لە

دامەزرێنەرانی «جمعیە الاتحاد المحمدی»(١٣)، کە وەک لە پەیامەکانی نوور بە ڕوونی دەردەکەوێت یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵەیە خەباتکردن بووە بۆ گێڕانەوەی وەحدەتی مسوڵمانان و بەرەنگاربوونەوەی بیری تورانییەت و پارچە پارچە کردنی جیهانی ئیسلامی و مسوڵمانان(١٤). هەروەها وەک محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: پیرەمێرد زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری بیرمەندی تورک نامق کەمال(١٥)، کە ئەویش خەباتگێرێکی سەرسەختی وەحدەتی ئیسلامی و پشتیوانێک بووە بۆ خەلافەتی عوسمانی(١٦). ئەشێت کەمی قسە و باس لەسەر ئەو قۆناغەی ژیانی پیرەمێرد بە کەمی بوونی بەڵگەنامە و زانیاری پێویست پاساو بدرێتەوە، بەڵام پێموایە پاساوێکی لاوازە، پاساوی حەقیقی ئەو خوێندنەوە و مامەڵە ئایدیۆلۆژیەیە لەگەڵ توراسی پیرەمێرد.

تەوەری چوارەم، بە ئینتیقائی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆی بەرهەمی شیعری پیرەمێرد، ئەو بەراوردەی کە لەم تەوەرەیە دەیکەم نابێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە من بە سووک، یا بە کەم سەیری نەورۆز وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی دەکەم، بەڵکو زیاتر بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگی و ڕونکردنەوەی ڕاستییەکانە، پیرەمێر سێ چوار پارچە شیعری هەیە سەبارەت بە نەورۆز، ساڵانەش ئەگەر بۆی بگونجایە ئاهەنگی سازدەکرد بۆ زیندو ڕاگرتنی یادەکە، بۆ ئەوەش دەیان توێژینەوە و سەدان لاپەرە لە بارەی پیرەمێرد و نەورۆز نوسراوە، کەچی جگە لە وەرگێرانی قەسیدە عیرفانییەکانی مەولەویی و چوارینەکانی عاریفی فارسی ئەبوالخیر و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی بە شێوەیەکی داهێنەرانە و کەم وێنە، مومارەسەی لەگەڵ ژیانێکی عاریفانە و خوداناسانە بە درێژایی ژیانی، بەڵام لە بەرامبەردا تائێستا شتێکی ئەوتۆ لە بارەی پیرەمێرد و عیرفان نەنوسراوە، لە بەشێک لە ژیانیدا دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان کاری ڕۆژنامەگەری کردووە، چەندین توێژینەوە لەو بارەوە کراوە، کەچی وەک باسم کرد ئەوەی سەبارەت بە عیرفان و چالاکی و خەباتی ئیسلامی پیرەمێرد نوسراوە نزیکە لە هیچ و لە حوکمی نەبوندایە.

بە لای منەوە ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەوژمێکی زاڵ بەسەر ناوەندی هزریی و ئەدەبی کوردی لەو پەنجا شەست ساڵەی ڕابردوودا، ئەویش تەوژمی چەپگەرایی بووە.

### ئاوە ڕەشەی ڕوسی سوور
### لە چاپخانەی (ژیان)ی سلێمانی چاپ کراوە
### ١٣٥٩ ھ ١٩٤٠ م.
### غەرەزی سیاسەتی ڕوسیا لە شەڕدا

ڕوسیا ئەیەوێ بە هەموو (اولکەی) دونیادا فیتنە و خراپی بڵاو بکاتەوە، لە عالەمدا هیچ نەیەڵێ لە قینی ئەوانەش سەلامەتی و ئاسایشی جیهانیان ئەوێ.

مەسائیلی ڕوسیا بەتایبەتی دوو ڕوییێکە هیچ ڕوییەک ڕو ناکاتە ئەو ڕوەکەی تر، ڕوسی شیوعی دەوڵەتێکە و لە عەینی زەماندا دەعوەتی ئیجتماعیشە، لەبەرئەوە ئەم دوو وەجهەیە لە هەندێ جیهاتدا یەک ناکەون.

مەسەلەن سیاسەتی لاوە (وەلاوە نان) یەعنی سیاسەتی خارجیە و مەرجەعی هەیە لە هەندێ کاردا یەکدیگیر ئەبن و لە هەندێکی تردا نابن. یەکێکیان حکومەتی ڕەسمییە کە موقەیەدە بە ڕاە و —مەبەستی ڕایە- (ڕێرەسمی جەمیعی حکومەتەکانی تر، لە ئەحوالی موعامەلاتی دوەلیە و مەراسمی سەفارات و دۆستی و پەیمانداری و قەواعدی تیجاری بەینەل ئومەم، کەچی نایەوێ ڕیعایەتی دڵ بە جێ هێنان و خاتر شوناسی و

ملکەچی بۆ هیچ کەس بکا، ئەگەرچی بە زاهیریش بێ کە حوکمی زەرورەتی پێ دەڵێن.

مەرجەعی دووەم حزبی شیوعیە کە ئیعلانی دوشمنایەتی لەگەڵ عالەمدا کردووە ئەم هەموو ئوممەتانە بەسەرمایەی بەردەستی خۆی دەناسێ، پێیان ئەڵێن (ئوممەی سەرمایە و هیچ نایەوێ موناسەبەتی لەگەڵ ئوممەتی تردا بێ. زۆر لاقەید و بە دەعیە و فیز حەتتا سوفەرایشیان وانە.

حزب دەستەڵاتدار تر و بە قووەت تری مەرجەعەکانە بێ قرە و برە چونکە صاحیب نفوز و زۆردارە، لەوێدا ڕەفیق (ستالیین) کە لە شێوونی دەوڵەتدا هەر خۆی حیسابە. هەر چەندە کە ستالیین موەزەفیش نەبێ بە وەزیفەی حکومەتی، دیسان خەتایە ئەگەر ئێمە بڵێین حزب سەربەخۆ و ئەتوانێ چشتێ بکات وەلەو لە حساباتی زەروریشدا بێ و بە وقایەی هەندێ ئەحوالی مەملەکەت پارێزیش بێ بتوانی سەربەست بی غایە و مەرامی ئەم حزبە:

نە زانراوە و نە ئەزانرێ چونکو ئەمە غایەییکە (کاڕل مارکس) لە حەیاتی خۆیدا مژدەی داونێ کە (دیکتاتۆری) یێک پەیدا ئەبێ و شیوعی دێتە ناو، تا دونیا ئەبڕێتەوە دەوام ئەکا، جا لەسەر ئەو مژدەی کاهینی مارکسیە لەو وەقتەوە مارکیزیۆنەکان خەریکن و هەوڵ و تەقەلا ئەدەن، کە شیرازەی نیزامی عالەم وەرگێڕن و گڕی ئاگری ئاشوب بخەنە جیهانەوە، تا ئەو دیکتاتۆریەی پێی دەڵێن صەعلیکی دەست کەوێ و شیوعی بکەوێتە دنیاوە.

ئەم غایەیەش دوو ویجهەی هەیە یەکێکیان ڕێ و تەریقەی تروتسکی یە! لای وایە دەوڵەتی شیوعی و مەبادئی مارکسی بنج نابەستێ تا پشێوییەک و ناکۆکییەک نەخرێتە ناوەوە و نیزامی سەرمایەگیری ــرأس المالــ نەگیرێ بەدەستەوە خواهو ناخواه یەعنی بییەوێ نەیەوێ.

ئینجا چار نییە بۆ ڕوسیا غەیری بڵاوکردنەوەی ئەو ئاشوبە بەناو تەبەقاتی جەمیعی ئوممەتدا و پیاوی جەربەزەی دەم هەراش هەڵساندنە پێ و لێرە و لەوێ نەشری دەعوەتی مارکیزی جارێ بە ڕیسالە و کیتاب، جارێکیتر بە ئاین و ئۆین و گەردش و ئاشوب.

تەریقەی ستالین لە تەشکیلی ئەم حزبەدا ئەمەیە ئەم شیوعییە بە دنیادا بڵاو نابێتەوە، ئیللا لە پێشدا دەوڵەتێکی زۆر بە قووەتی بە زۆر و سام تەشکیل نەکرێ ئەو دەوڵەتە شەڕ و دەعوا نەخاتە ناو وڵاتەوە و خۆی فرسەت نەبینێ بە سەر ئەوانەدا کە لە شەڕدا ماندو و کز و بێ هێز ئەبن و نەیان کا بە ئوممەی ڕەئس مالی، ئەوسا لە سەر شکستەی دار و پەردوی ئەو ئوممەتە دەستە بەهەشتێکی مارکیزی ئەکرێتەوە و ئەو مژدەی کاڕل مارکسە دێتەدی.

ئەمەیە کە ڕوسیەی سووری خستۆتە ژێر قەزیەی ستالینەوە لەبەر ئەمەیە شەڕی خستۆتە ناوەوە، بیینەوە سەر ئەوە کە چۆن ئەم شەڕە دەخاتە ناوەوە، ئەیەوێ ئەم عالەمە بە گژ یەکدا بچن قڕیان تێکەوێ تەنها ئیشی خۆی بێتە بەرهەم، وەکو لە شەڕی ئیسپانیادا بە ماڵ و بە لەشکر و سیلاح قسوری نەکرد، نیهایەت بەخت نەیهێنا حکومەتی ئیسپانیا سەرکەوت.

ئەگەر تای تەرازوی (فرانکۆ) سەربکەوتایە ئەورووپای دەخستە دووبەرەکی، وەکو لەلایەکەوە ئیتالیا و ئەڵمانیا، و لە لایەکی ترەوە فەڕنسا و بەریتانیای گەورە وای لێکدابوەوە فرانکۆ کە دۆستی نازی و فاشیستی بوو نفوزی و دەستەڵاتی ئەڵمانیا و ئیتاڵیای بەسەر ساحیلی بەحری سپی غەربی و کەناری بەحری موحیتی ئەتڵەسیدا بڵاو ئەکردەوە و ئینجا ئەشیا دەوڵەتەکانی ئەورووپا بەگژ یەکدا بچێ و بکەونە سەر و چاوی یەکتری، دیارە کە ئەم دەوڵەتانە چوون بە گژ یەکدا و ئاشوب کەوتە

دونیاوە، ڕۆژ ڕۆژی ڕوسیا دەبێ. بەو فیکر و نیازە ستالین حکومەتی ئیسپانیای خستە جندرەوە و پەلی بەست، ئەم هەمو کوشتارە ناحەقەیان لێک کرد، ئەمەندە رەحم و مروەت لە دڵیا نەبو کە بەم خوێنرێژی یە نەختێ دڵی دانەچڵەکی.

سیاسەتی ژاپۆن و چینیش نمونەیەکی ئەم سیاسەتەیە جەنجەڕی رادەکێشی ساڵ بە ساڵ و ئیقلیم بە ئیقلیم شەڕ و کوشتارە، هەرچەند ویلایاتی موتەحیدە و بەریتانیای گەورە خەریکن بکەونە ناو و ئەم خصومەتە نەهێڵن، بەڵام هێشتا چارەیەک پەیدا نەبووە. چ جای ئەوە دابمرێتەوە ئیختلافێک و بەربەرەکانییەک لە بەینی ئەڵمانیا و بەریتانیای گەورە و فەرەنسەدا پەیدا بووە.

## لەسەر مەسئەلەی (دانزیغ) یا خود پۆلونیا ئایا ئەمە کێ هەڵگیرساند؟

ئەگەر لەگەڵ بەریتانیای عوزما و فەرەنسەدا یەک بکەوتایە و لە ئەندازەی ئەڵمانیای نازیدا پەیرەوی بکردنایە خەتەر و تەهلوکەی حەرب ئەوسایە نەدەما، چونکە تای تەرازوی ئەمن سەلامەتی قورس تر ئەبوو، شەڕ بەر هەوا دەبوو، عەلاوەی ئەوە کە بەینی شیوعی و نازی هیچ ڕێک نەبووە هەمیشە عەداوەت و ناکۆکی و شەڕە جنێویان لە بەینایە، وا مۆسکۆ و بەرلینی یەک خستووە کە سەریش ناگرێ، لەلایەکی تریشەوە شیوعی و فاشیستی ئیختلافێکی مەزهەبی وایان لە بەینیدایە لە دیوانی خۆیشدا یەک ناکەوون.

ئەعوان و ئەنصار و دەستە و پێڕەوەکانی کارڵ مارکس و لینین بۆیە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان بە خەتەر و تەهلوکە ئەزانن ئەوانەی کە ماڵ و ئەرزیان تەواو بەدەستەوە نییە بە ئومەم ڕەئس ماڵ ئەناسن، کە لەبەر ئیحتیاجییە، ئەگەر دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان ماڵ و ئەرزیان بدەنێ و دڵنەواییان بکەن ڕەگی شیوعی لە خاکی خۆیاندا ناهێڵن. جا بەو ڕەنگە چاویان لەوەیە دەوڵەتە بچکۆلەکان نەمێنن، هەمیشە خەریکی سەورە و ئینقیلابن و بفەوتێن و ڕەواجی قیامی صەعالیکی پەیدابێ ئەوە تێنەگەیشتن و جەهلە کە بڵێین شیوعی ئەیانەوێ دەوڵەتە گەورەکان پایەدار بمێننەوە، چونکو دەوڵەتەکان نایەڵن شیوعی پەرە بسێنێ.

ئەمە کلیلی قاپی خەیاڵخانەی سیاسەتی شیوعی یە دەوام ئەکا، هیچیشی لە هیچی ناکا سیاسەتەکەیان ڕوو ئەکاتە دوو نوقتە: ئەوەلیان، خراپی و پشێوی دەوڵەتە گەورەکان، دووەمیان، دۆست و ئەسدیقایان هەرچییان بەسەر بێ ئەوان پێیان ناخۆش نییە.

ڕوسیەی حمری _مەبەستی سوورە_ لەسەر دەستوری ئەسلافی ئەڕۆن، ئیمپراتۆرەکانی بە پادشای دین و دونیا ئەزانی کەچی فرصەتی دەستکەوت ڕەگی دەرهێنان، لەولایشەوە لە سەر خولیای دولی پتروی گەورە ئەڕۆن ئەیانەوێ دونیا بکەن بە شیوعی، دراوسێیەکانیان بە ڕەنگی سووری شیوعی ڕەنگ بکەن و دیموقراتی نەهێڵێ لە بەحری بەلتیق و بەحری سیاوە –ڕەش– پەرە بسێنن و جیهان گیریان بۆ بلوێ.

ئەم هەموو بەیاناتەمان نوسی هێشتا کەس لە ڕوسیا ناگا مەسلەکی –سیاسات و نەهجی– چییە تەنها ئەوە زانراوە موشەدەمەیەکی بەدەستەوەیە ئاگری فیتنە و فەسادی بە هەموو لایەکدا پێ بڵاوئەکاتەوە یەقینیشمان وایە خۆیان ناخەنە وەرتەی حەربەوە و ماندوبن، ئەمە نەبێ بە هەڵکەوت پەلاماری بێدەستەڵاتەکان بدەن و نایشیان ئەوێ شەڕ ئەمڕۆ کۆتایی بێت و ببڕێتەوە تا ئەم دەوڵەتانە ماندو ئەبن ئەوان بە دەماخی خۆیان و بە کەیف و نیشات ئیش و کار بکرنە دەست خۆیان.

## بایەخی ئەو نامیلەکەیە:

ئەو نامیلکە دەگمەنەی پیرەمێرد لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی قەبارەوە زۆر بچوکە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سادەیە، بەڵام لە چەند ڕوویەکەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم:

یەکەم: بایەخی مێژوویی: ئەو نامیلکەی پیرەمێرد بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەیە، خوێندەوارێکی کورد لە ناوچەیەکی ئاوا دوور و لەو سەردەمە کە ئەشێت تازە بیری چەپ و مارکسییەت گەیشتبێتە کوردستان بەر لە ٧٦ساڵ بێت بەوشێوە ڕەخنە لە شیوعییەت و سیاساتی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت بگرێت، کە لەوکاتە جیهان بە گشتی و گەلانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، شەیدا و عاشقی شیوعیەت بوون و لە هەموو لایەک گۆرانی بە باڵادا دەوترا، پیرەمێرد هاتووە نەوەک تەنها ڕەخنە لە فیکر و عەقیدەی مارکسیەت بەڵکو نەشتەرگەری سیاسەتەکانیشی دەکات، ئەمە جێگەی تێڕامانە و بەهاو نرخی مێژوویی خۆی هەیە و دەبێت وەک بەڵگەنامەیەکی گرنگ لێی بڕوانرێت و بپارێزرێت.

دووەم: ئامراز و خاڵێکی گرنگە بۆ ناسینی پیرەمێرد بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، پیرەمێرد وەک لە هەندێ سەرچاوە وێناکراوە پیاوێکی گۆشەگیر و دێوانەیەک بووبێت لە قەلەندەرخانەکەیدا، دوور لە نەخێر پیرەمێرد بیرمەند و ڕوناکبیرێکی گەورە و هۆشیار و دەگمەن بووە، بەدواداچوونی خۆی هەبووە بۆ سیاساتی نێونەتەوەیی و ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، شیکردنەوەیی و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەبووە، لەم چەند لاپەڕە کەمە و نوسینە کورتەیدا دەبینین چۆن بەدواداچوون بۆ سەرەداوی ڕوداوەکان و جموجوڵە سیاسییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی دەکات و شییاندەکاتەوە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە لە ئەنجامی ئەوەش پێشبینی سیاسی خۆی دەخاتە ڕوو.

سێیەم: بیروباوەڕی سیاسی پیرەمێرد زیاتر دەردەخات، هەرکەس ئەگەر بەشێوەیەکی سەرپێیش بێت هۆنراوە و پەندەکانی پیرەمێرد بخوێنێتەوە، تێدەگات پیرەمێرد لە پاڵ ئەوەی ئەدیب و نوسەر و ڕۆنامەنووس و دانا و عاریفێکی گەورە بووە، بیرمەندێکی سیاسیش بووە، دیدگا و بۆچوونی سیاسی تایبەتی خۆی بۆ پرسەکان هەبووە. پیرەمێرد قەناعەتی ڕوون و ڕاشکاوی خۆی لە دووتوێی نوسینەکانی لە بارەی پرسەکانی چاکسازی، ئاشتی و ئاسایش، میانڕەوی، بەیەکەوە ژیانی جیاوازییەکان و فرەیی، مافی مرۆڤ، پێشکەوتن و مەدەنییەت، مافەکانی ئافرەت و پێگەی لەناو کۆمەڵگە و ڕۆڵی تەواوکاری لەگەڵ پیاودا، چەندین پرسی تری هەستیار دەربڕیوە و ڕاگەیاندووە.

لەم نامیلکەیەشدا زیاتر بیروباوەڕی سیاسی و هەڵوێستی پیرەمێر سەبارەت بە دابەشبوون و بلۆک بەندییە سیاسیەکانی جیهان و ئەو ڕووداوانەی لەو سەردەمە ڕویانداوە ڕوون دەبێتەوە. دەتوانرێت نوسەر و توێژەران پشتی پێببەستن بۆ هەر توێژینەوەیەک لەمەڕ مێژووی ئەو سەردەمە بە گشتی و لەمەڕ پیرەمێرد بە تایبەتی.

چوارەم: لە میانەی ئەو بزرکردن و دیزە بەدەرخۆنە کردنەی ئەم نامیلکەیە وەک مارف خەزنەدار دەڵێت، دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە شیوعییەکان نەیانتوانیوە لە ڕووی مەعریفی و فیکرییەوە ڕووبەڕووی پیرەمێرد و ئەوانە ببنەوە کە دژ بوون بە ئاراستەی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتە، نەیانتوانیوە لە ڕێگەی وەڵام و نوسینەوە لە کاریگەری گوتاری پیرەمێرد و هاوبۆچوونەکانی کەمبکەنەوە بۆیە هاتوون هەوڵیانداوە بەوشێوازە بۆچوون و ئەفکارەکانیان لە ناوەندی ڕوشنبیری کوردی دوور بخەنەوە.

**ـ وێنەی لاپەڕەی یەکەم و دووەم و کۆتایی نامیلکەی ئاوەڕەشەی ڕوسی سوور**








## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١ـ سورەتی مائدە، ئایەتی ٨.

٢ـ (**قَالَ الْمُسْتَوْرِدُ الْقُرَشِيُّ عِنْدَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ يَقُولُ: «تَقُومُ السَّاعَةُ وَالرُّومُ أَكْثَرُ النَّاسِ». فَقَالَ لَهُ عَمْرٌو: أَبْصِرْ مَا تَقُولُ؟! قَالَ: أَقُولُ مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ قَالَ: لَئِنْ قُلْتَ ذَلِكَ، إِنَّ فِيهِمْ لَخِصَالًا أَرْبَعًا: إِنَّهُمْ لَأَحْلَمُ النَّاسِ عِنْدَ فِتْنَةٍ، وَأَسْرَعُهُمْ إِفَاقَةً بَعْدَ مُصِيبَةٍ، وَأَوْشَكُهُمْ كَرَّةً بَعْدَ فَرَّةٍ، وَخَيْرُهُمْ لِمِسْكِينٍ وَيَتِيمٍ وَضَعِيفٍ، وَخَامِسَةٌ حَسَنَةٌ جَمِيلَةٌ، وَأَمْنَعُهُمْ مِنْ ظُلْمِ الْمُلُوكِ**) ئیمامی موسلیم گێڕاویەتییەوە.

٣ـ ڕاستە قانع لە هەندێ شیعر باسی لە لینین کردووە و ئاماژەی بە سوشیالزم کردووە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەوە ناگەیەنێت بوبێتە شیوعی و باوەڕی بەو سۆشیالزمە هێنابێت کە پەیامی شیوعییەت بووە، هەر ئەوەیە هاوتەریبیەک و یەکانگیریەک لە ڕووی دژایەتیکردنی ستەم و چەوساندنەوە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە بووە لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونانەی قانع پێیبووە، کە لە بنەڕەتدا لە ئایینی ئیسلام سەرچاوەی گرتووە، کە قانع زۆر بە توندی ئیمانی پێیبووە وەک لە زۆر لە شیعرەکانی دەردەکەوێت، بە نمونە:

**یا محەممەد لێو بە بار ودڵ بە بوریانم مەکە**
**ئەی ڕەئبسی هەردوو دونیا، دیدە گریانم مەکە**
**دەستە ئەژنۆ و چاوەڕێگەی دەستی یارانم مەکە**
**من کە ئالی تۆم، زەلیلی باری عصیانم مەکە**
**غەیری قاپی ڕەئفەتت، بۆ کەس سەناخوانم مەکە!**
**(سەیری دیوانی قانع بکە)**

٤ـ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ، رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ، قَالَ : « كُنَّا إِذَا احْمَرَّ الْبَأْسُ، وَلَقِيَ الْقَوْمُ الْقَوْمَ اتَّقَيْنَا بِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَمَا يَكُونُ أَحَدٌ أَقْرَبُ إِلَى الْعَدُو مِنْهُ».

٥ـ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُفْطِرُ مِنَ الشَّهْرِ حَتَّى يُظَنَّ أَنَّهُ لا يَصُومُ مِنْهُ، وَيَصُومُ مِنْهُ حَتَّى يُظَنَّ أَنَّهُ لا يُفْطِرُ مِنْهُ ، وَكَانَ لا تَشَاءُ تَرَاهُ فِي اللَّيْلِ مُصَلِّيًا إِلا رَأَيْتَهُ ، وَلا نَائِمًا إِلا رَأَيْتَهُ « .

سەبارەت بە خەوتن و شەو بێداریش قورئان دەفەرموێت: (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِنْ ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَنْ لَنْ تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ عَلِمَ أَنْ سَيَكُونُ مِنْكُمْ مَرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) بۆ زیاتر درێژەی ئەو بابەتە سەیری کتێبی «الاسلام في مواجهة الغزو الفكري الاستشراقي والتبشيرى، محمد مهدي حسن بخيت، ل١٧١ بە دواوە.

٦ـ بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە هەندێ لەو میکانزمانە و نمونەی زیاتر لە مێژووی مسوڵمانان سەیری کتێبی: د.عبدالرحمن علي الحجي: نظرات في دراسة التاريخ الاسلامي، لە ل٢٣ – ٥٧، چ١، ضاشى دار الارشاد، ١٩٦٩.

٧ـ د.عیزەدین مستەفا رەسول، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەکانی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠، ل٥٥-٧٠.

٨ـ دیوانی پیرەمێردی نەمر، محەممەد ڕەسوڵ هاوار، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان ٢٥، ساڵی ٢٠٠٧.

٩ـ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە سەرقاڵی نوسینی کتێبێکم لە مەر جیهانبینی و ئایین پەروەری و خەباتی ئیسلامی پیرەمێرد، بەشێکی باشم نوسیوە، بەڵام بە هۆی دەست نەگەیشتنم بە هەندێ سەرچاوەوە لە تەواوکردن دواکەوتم، پشت بە خوا لەم نزیکانە تەواو دەبێت و دەگاتە خزمەت خوێنەران.

١٠ـ دیوانی پیرەمێرد، ئومێد ئاشنا، ب٢، ل٦١-٦٢.

١١ـ دیوانی پیرەمێرد، ئومێد، ب٢، ل٨٥-٨٧.

١٢ـ د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥، ل١١٠.

١٣ـ مامۆستا عومەر عەبدولعەزیز لە کتێبە نایابەکەی خۆی بەشێکی تەرخان کردووە بۆ چۆنیەتی یەکتر ناسینی پیرەمێرد و سەعید نورسی و پەیوەندی نێوانیان.

١٤ـ بۆ نمونە سەیری ئەو شوێنانە بکە لە کتێبی «كليات رسائل النور» کە سەرجەم پەیامەکانی نووری گرتوتە خۆ: ب٨، ل٤٤٧، ٤٥٤، ٥٢٩، ٥٣٣،٥٣٤، ب٩، ل٩٥، ٩٦،١٠٧.

١٥ـ دیوانی پیرەمێرد، محەممەد ڕەسول هاوار، ل٥٧.

١٦ـ بۆ دروستی ئەو بۆچوونە بڕوانە: منظور الدين احمد: النظريات السياسية الاسلامية، ل٩٠.



# فۆڕمێك دوور له‌ ئایدیۆلۆژیا



**كه‌مال ڕه‌ئوف**

له‌دایكبووی سلێمانی، ١٩٦٢. یه‌كێكه‌ له‌ دامه‌زرێنه‌رانی میدیای ئه‌هلی و ڕۆژنامه‌ی هاوڵاتی. ماوه‌ی (٥)ساڵ سه‌رنوسه‌ری ڕۆژنامه‌ی هاوڵاتی بووه‌. له‌ ساڵی ٢٠٠٣وه‌ سه‌رنوسه‌ر و به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌زگای (شارپرێس)ه‌.

لە دنیای سیاسەت و حیزبایەتی ئەمڕۆدا، فۆڕمێکی نوێ دور لە ئایدیۆلۆژیا دەرکەوتووە، فۆڕمێک دەیەوێت لەکایەی ڕۆشنبیری سیاسیی و کۆمەڵایەتی بوونێکی فیعلی نیشانبدات و دۆخی چەقبەستوی نێوان بەریەککەوتە ئایدیۆلۆژییەکان تێپەڕێنێت، ئەم فۆڕمە کە تارادەیەک سنووری وڵاتی بڕیوە و بووە بە فۆڕمێکی جیهانی، دەیەوێت لە دەرەوەی چواچێوە ئایدیۆلۆژیا باوەکان، تەنانەت دور لە هەژموونی حیزبە کۆن و خاوەن دەسەڵاتەکان، بە سادەیی نەخشەیەکی تری کارکردن و بیرکردنەوەی جیاواز بخرێتە ڕوو. لە کوردستانیش هەنگاوێکی لەوشێوەیە هەرچەندە لە سەرەتایدایە بەڵام دەستپێکردووە و خەریکە بیرکردنەوەیەکی وا دەکەنە ئەلتەرناتیڤ، ئەم بزاڤە پێش دەستپێکردنی (بەهاری عەرەبی) لە کوردستان لە فۆڕمێکی تەواو کوردیدا خۆی مەترەح کرد و لە هەنگاوی یەکەمی خۆیدا ئەم فۆرمە لە بزووتنەوەی گۆڕان وەدەرکەوت، هەرچەندە لە سەرەتادا زیاتر وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری ناڕازی و دژی نادادی و گەندەڵی بەدەرکەوت، بەڵام لە کۆکردنەوەی جەماوەر و کارەکتەری خاوەن دید و بیرکردنەوەی جیاواز تارادەیەک بە سەرکەوتوویی قۆناغی فۆڕمە کۆنەکە و حیزبیاتی باوی خستە ژێر پرسیارەوە و بە سەرەتایەکی بەهێزەوە هاتە سەر شانۆیی سیاسی.

ئێستا ئەم فۆڕمە لە جیهاندا لە قۆناغی دووەمی خۆیدایە و لە هەندێک وڵاتدا تارادەی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک و بەدەستهێنانی دەسەڵات لە هەڵکشاندایە، لە کوردستانیش جگە لە بازنەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم فۆڕمە لە گەشەسەندنایە و لەچوارچێوەی گرووپ و دەستەی جیاجیا لە هەوڵی ئەوەدایە لە شێوەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری زیاتر لەسەر ناوەڕۆکی فۆڕمەکە گروتینێک بداتە ئەم ڕەوتە و بەدەر لە جەدەل و گفتوگۆی درێژی ئایدلۆژیستانە کارەکە بەوشێوە سادەییە کە سەرەتای گۆڕانی لەسەر بیناکرا تێپەڕێنرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بۆ هەنگاوی دووەم هێشتا زووە بڕیار لەوە بدرێت یان ئەوە بزانرێت کە ئاخۆ بزووتنەوەی گۆڕان چۆن و بە چ ناونیشانێکەوە دەتوانێت بەشدار و هاوبەش بێت، ئەمە وێرای ئەوەی فرسەتێکی لەبار و گونجاو بۆ بزووتنەوەی گۆڕان هاتۆتە پێشەوە تاخاوەندارێتی لەم دیدە بکات.

دیارە لەبەرچاوگرتنی دەستپێکی گۆڕان، هەروەها بنکە و هێزی جەماوەری ئەم بزووتنەوەیە، بۆ ئەوانی تریش گرنگییەکی زۆری دەبێت تا بتوانن سەرکەوتن و چەسپاندنی قۆناغی دووەمیش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لێرەدا قوڵی بیرکردنەوەکەش بۆ هاوبیرانی فۆڕمە نوێکە هەرئەوەیە بتوانرێت بەسادەیی خۆ لەو کارە لە ئاڵۆزەی جەدەلی ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنی ئایدیۆلۆژیا و کێبەرکێی کۆنی نێوان گرووپەکان بپارێزت و فۆڕمێکی تری دور لە ئایدیۆلۆژیا لە شێوەی چەترێکی سیاسی بەهاوبەشی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بخرێتە ڕوو.

## فۆڕمی نوێ و سادەیی:

هەرچەندە بەردەوام سادەیی لە جەدەلی ناو دنیای ئایدیۆلۆژیا دوو تێرمی تەواو جیاواز بەدەردەکەوێت، یەکێکیان بۆ جێخستن و چەسپاندنی جەوهەری ئایدیۆلۆژیایە، ئەوی تریشیان بۆ خۆدزینەوەیە لە پرسیاری جدی کە لەسەر خودی جەوهەری ئایدیۆلۆژیا هەیە، بەڵام بەردەوام ئایدیۆلۆژیا بە دوو دیوی تەواو جیاواز خۆی دەردەخات کە ئەویش بە سادەکردنی ئاڵۆزی فکر و دیدی ئایدیۆلۆژیایە بۆ ئامادەکردن و توانەوە لەناو تێگەیشتنێکی سادەدا، ئەم بوونە بوونێکی سیحری بەردەوام و کاریگەری هەیە، هاوشانی تەمەنی ئایدیۆلۆژیا بە دورودرێژیی بوونێکی بەهێزی هەبووە تا ئاستی خورافە بەردەوام دەبێت و هێڵی نێوان سادەیی و قوڵیی تێکستە مانابەخشە ئاڵۆز و تیۆرییەکان کەم

ڕەنگ دەکاتەوە، ئەم دوو دیدە دژبەیەکە وەک دوو هێڵی هاوتەریبی بەیەک نەگەیشتوو بەتەنیش تەمەنی ئایدیۆلۆژیا تێپەردەبێت، بۆیە بەردەوام بەسادەگرتنی و سادەبیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا خزمەتێکی زۆری بە نەهێشتنی ئەو پرسیارە جددیانە کردووە کە لەسەر خودی ئایدیۆلۆژیا هەبوون، دید و بۆچوونە ئایدیۆلۆژیستەکان بەبێ ئامادەبوونی بوونی وەرگرتنێکی سادەیی بۆ خەڵکی ئاسایی، ئایدیۆلۆژیاکان کەمتر لە توانیاناندا دەبوو لەناو چینی هەژار و کەم سەوادا جێگەیان هەبێت لەلای ئەوان هەر بە ئاڵۆزی دەمانەوە و ئەمەش وایدەکرد کاریگەریی کەمتر بێت لەسەریان، لە باشترین حاڵەتدا لە قسەی ناو کتێبە پیرۆزەکان زیاتر تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام لە گوزارشتێکی سادەییدا دەبێتە دوالیزمێکی پێکەوە گرێدراوی بەردەست و خۆشدەستی هەمووی ئەوانەی لە سادەیی خۆیان دەرگیر و وابەستەی ئاڵۆزییەکانی دنیای ناو ئایدیۆلۆژیا دەبن، واتە ئەوکاتە کە ئایدیۆلۆژیا ئەتوانێت کاریگەرییەکانی فراوان تر بێت کە لە ژینگەیەکی سادەدا بتوانێت خۆی وەک دنیا بینییەکی چەسپاو و قوڵ نمایش بکات ئاراستەکان بە ڕەهایەتی بخاتە ڕوو و لەجیاتی مرۆڤەکان بیربکاتەوە.

کەواتە تا ئایدلیۆلۆژیا توانای بەسادەکردنی زیاتری هەبێت، مەترسی فەنابوونی کەمتر دەبێت و کاریگەرێتی نەرێنیشی لەسەر کۆمەڵگە زیاتر و بەربڵاوتردەبێت. کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا لە سادەیدا دەتوانێت بەشێک لە نەریتی باوی ناو کۆمەڵ بۆخۆیی بەو ئاراستەیە داگیربکات کە لەناو قولاییەکی زۆری ناخی خەڵکدا پەیامە ئایدلۆژیستییەکەی لە تێکستێکی سیاسی موجەرەدەوە بکاتە تێکستی کۆمەڵایەتیی و ئاینی، بەمەش نەریتی بەشێک یان زۆرینەی کۆمەڵ بکاتە ژینگەی چەسپاندن و گەشەسەندنی هەمیشەیی خۆیی.

## چۆنیەتی وەلانانی ئایدیۆلۆژیا به فۆڕمی سادەیی:

وەلانانی ئایدیۆلۆژیا بە فۆڕمی سادەیی، مەرج نییە دواجار بۆ خۆی تاڕادەیەک بەوجۆرە تاسەر لەمەداری سادەیی خۆیدا بمێنێتەوە، چونکە گەر فۆڕمێک لەتوانایدا هەبێت فۆڕمێکی تر وەلابنێت و هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەبێت خۆیی کاریگەری لەسەر ئەو قوڵاییە دروست بکات کە فۆرمە کۆنەکە هەیبووە تا بتوانێت لە قوڵییەوە هەڵیکێشت، دیارە ئەمەش پێویستی بەوەیە تاڕادەیەک ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەلماندنی فۆرمە نوێکە ئامادە بکات، چونکە تێپەڕاندنی ژینگەیەکی سیخناخی ئایدیۆلۆژیایەکی جێکەوتە هەرگیز یەکسان نابێت بە دنیایەکی سادە و ساکاری بێ بیرکردنەوەی قوڵ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە فۆرمە تازەکەدا بیرکردنەوەی قوڵ پێچەوانەی فۆرمە کۆنەکە، کۆمەڵێک شتی تازەی ناجێگیر دەبنە جەوهەر و ناوەڕۆک، نەک تەنها شتگەلێکی چەساپاو و بە پیرۆزکراوی ناو فۆرمە کۆنەکە، واتە لەم گۆڕانکارییەدا ئەوەی فۆرمە تازەکە بینای دەکات، سادەییە ئەوەی مانا دەبەخشێت بەم سادەییەش، ڕەتکردنەوەی ئەو کاریگەرییەیە کە ئایدیۆلۆژیا لە قوڵایی و لە پانتایی کۆمەڵگە دایناوە نەک بەسادەیی کردنەکەی. فەیلەسوفی ئەمریکی (جۆن ڕاوڵز) لە کتێبی (تیۆری دادپەروەر)ی دەڵێت:»دادپەروەری کۆمەڵایەتی بریتییە لە چارەسەرکردنی ناکۆکی جەوهەری دەربارەی فۆرمی دادوەرانەی دامەزراوە سەرکییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە گرفتەکە لە دژواری دۆزینەوەی ڕێسایەکە بۆ یەکێتی کۆمەڵایەتی بەبێ هیچ ئایدیۆلۆژیایەک». دیارە مەبەست لەم تێڕوانینە ئەوەیە لە فۆرمی نوێدا هەرچەندە کێبەرکێ هەیە، بەڵام بەرامبەرکێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بوونی نییە، ئەمەش ئەو جیاوازییە قوڵە کۆمەڵایەتیی و سیاسییە

نیشان دەدات  کە لە نێوان هەردوو فۆرمەکەدا بە ئاشکراو ڕوونی بەرجەستە دەبنەوە، هەروەک کەشفکردنی کاریگەرییە خراپەکانی نایەکسانی بە یەکسانی، یان لە نێوان کێبەرکێی هەردوو فۆرمەکەدا بە قۆناغ، بەوەش کۆمەڵێک نهێنی تازە بۆ هاوڵاتیان ئاشکرا دەبێت کە بەقازانجی ئەو ژینگەیە دەبێت کەبەژینگەیەکی لەبار دەزانرێت بۆ قۆناغی پۆست ئایدیۆلۆژیا، لەوانەش مادام ئایدیۆلۆژیاکان هەموویان بەرەبابی توندوتیژین، مادام بەریەککەوتنە قوڵ و بەهێزەکان چەمکی ئایدیۆلۆیایان لەپشتەوەیە، هەروەها بیرکردنەوە لە ئازادیی و یەکسانیی و دادپەروەری لە فۆرمە کۆنەکەدا سنوردار کراوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو ئەوانە ناکۆکە لە ڕووی بیرکردنەوەی ئازادانەی مرۆڤ و بونیادی دادی کۆمەڵایەتی و ژیانیشەوە، لە فۆرمی نوێدا خۆشگوزەرانیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کراوەتە ئامانج، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە هەست بەوەدەکرێت چیتر تاکەکان حەزیان بەریسک و پشێوی نیە و ئارامی زیاتر پەسەند دەکەن ئەوا هەنگاوەکانی وەدەرکەوتنی فۆرمی نوێ خۆرسکانە چووەتە پێشەوە و ئەوەی ماوە ئەوەیە کە پێویستە بە بەرنامەیەکی نوێی ڕێکبخرێت.

ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا:

مەرجی سەرەکی خۆدزینەوە، یان ڕەتکردنەوەی تێرمی ئایدلۆژیستی، شەرت نییە هەموو کات پێویستی بەدەرخستنی ئایدیۆلۆژیایەکی تر هەبێت، واتە گرەوکردن لە نێوان جەنگی دوو ئایدیۆلۆژیا  تا یەکێکیان سەرکەوێت و ئەوەی تریان فەنابێت، جەنگێکی تەقلیدی نێوان ئایدیۆلۆژییاکانە و بەپێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەشەوە لە مێژووی ململانێیەتی ئایدلۆژیاکان ئەو ڕاستییەی دەرکەوتووە لەو جۆرە جەنگ و ململانێیەتیەدا، ئەوەی قوربانییە خودی ئایدیۆلۆژیا وەک فۆرم نییە، بەڵکو جۆرێکە لە پاشەکشەی ئایدیۆلۆژیایەک لە بەرامبەر

**تا ئایدلیۆلۆژیا توانای بەسادەکردنی زیاتری هەبێت، مەترسی فەنابوونی کەمتر دەبێت.**

هاوتاکەی، تا لەچوارچێوەیەکی ترو شێوازێکی تری ڕوکەشانەدا ئایدیۆلۆژیایەکی تر بچەسپێت، بۆیە قوربانییە گەورەکە ئەوانەن کە بەسادەیی کەوتوونەتە  ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاوە و ئەوانەن کە بەتەواوی غەرق و تەسلیمی یۆتۆپیای ئایدیۆلۆژیا بوون، چونکە ئەوانە دنیا لەیەک دیدەوە بەیەقینی دەبینن و چاویان و تەنیا لە گۆشە نیگایەکەوە دیمەنەکە دەبینێت و توانای ئەوەیان لەدەستداوە تا کۆی دیمەنەکە بەتەواوەتی ببینن.

بۆیە زۆربەی قوربانی ئەم جەنگانە هەر ئەوانە دەبن کە لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیاکەیان نوقمی خەیاڵیکی قوڵ بوون و چاویان واقیع نابینێت، تەنانەت هەندێکجار دەگەنە حاڵەتێکی واوە کە ناتوانن بوونی ئەوی دی بەڕاست وەربگرن و مافی دیلیتکردن و کۆژاندنەوەی هەموو ئەوانە بەخۆیان دەدەن کە لە خۆیان ناچن و وەک ئەوان بیرناکەنەوە، دیارە ئەم خەیاڵ و دنیا یۆتۆپییەش کە لەژێر کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا بەرهەمهاتووە، بە جۆرێک کار لەسەر وابەستەکانی دادەنێت، تاڕادەی لاشعوری بیرکردنەوەیان تێکەڵ بەوشتانە دەبێت کە هێشتا بوونیان بەرجەستە نییە و تاڕادەیەک پێچەوانەی هەموو سەلماندنێکی زانسیانەیە، یان بە جۆرێک ئەوان چاویان بیرکردنەوەیان دەچێتە سەر دنیایەک کە چیتر هیچ شتێک بەواقعەوە

**ئەرکی سەرەکی ئەم فۆڕمە لەوێوە دەستپێدەکات چۆن دەتوانن ئومێد بە جوڵەی جڤات و شەقام دروستبکەنەوە.**

نایبەستێتەوە، بۆیە هەندێک لە بیرمەندان لایان وایە ئەم بزێوییە لە جوڵە و بیرکردنەوەی زیادەڕۆییانە بەشێکی پەیوەستن بەو چەپاندنانەوە کە بەردەوام بوونێکی فیعلییان هەیە و کاریگەرییەکانی وادەکات ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بە زیندۆیتی بمێننەوە و بەتەواوەتی نەمرن و لە فۆرمی جیاوازی ئایدیۆلۆژیا لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا خۆیان دەربخەنەوە، خۆ ئەگەر ژینگەیەکی تەندروستیان بۆ نەڕەخسێت ئەگەری زۆر هەیە بێ ئومێدی وابکات ئەو جۆرە لە مرۆڤ پەنا بۆ شتگەلێک بەرن کە هێشتا دەرنەکەوتوون و شوناسێکی دیاریان نییە، بەتایبەت زاڵبوونی بیرکردنەوەیەک کە لە ئیرادەی مرۆڤ بەدەربێت و لە دەرەوەی قودرەتی خود چاوەڕێی فریادرەسێک بکرێت کە لە دەرەوەی هێزی ئاسایی مرۆڤ نیشانبدات، بۆیە لای هەندێک لە ئاینزاکان باس لە سفرکردنەوەی زەمەن و هاتنی کەسانی دی دەکرێت بۆ ئەو قۆناغە دیاریکراوەنە.

فۆرمی کۆن و فۆرمی تازە:

ئێمە بۆئەوەی پێناسەیەکی فۆرمە تازەکە بکەین، پێویستمان بە نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی فۆرمە کۆنەکە هەیە، بۆئەوەی کۆن و نوێ لە رووی ناوەڕۆکەوە جیاکارییان بخەینە روو، ئەوا پێویستمان بە تێگەیشتنێکی قوڵی فۆرمە کۆنە بارگاوییەکە هەیە بە ئایدیۆلۆژیا، هەروەها پێویستمان بە ئاشکراکردنی ئەو کاریگەرییانە هەیە کە ئایدیۆلۆژیا بە جیاوازییەکانیانەوە لەسەر کۆمەڵگە و رەوتی ژیان دروستی دەکەن، دیارە لێرەدا پرسیار لەسەر جۆرێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆژیا نییە، یان مەبەست لە رەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا نییە وەک عەقیدەی تاک، بەڵکو ئامانج لەم لێکدانەوەیە، نیشاندانی هێزێکی کۆمەڵایەتی دور لە ئایدیۆلۆژیایە بۆ تێپەڕاندنی دوخێکی دیاریکراو چەقبەستوو، یان ئامانج لە کۆکردنەوەی توانا و وزەی هەموو ئەوانەیە کە دەیانەوێت دور لە توندوتیژی کۆمەڵگە پێبنێتە قۆناغیکی شایستەتری دادپەروەرانەوە و ناڕازین لە دۆخی ئێستا.

بۆیە گشتگیری لە باسکردنی ئایدیۆلۆژیاکان پەیوەستە بەوەوە کە هەرچەندە ئاییدلۆژیاکان لەیەکتر جیابن و سەر بە مەدەرسەی جیاوازبن، بەڵام تارادەیەک توشبووانی وەبای ئایدیۆلۆژیا نیشانە و دەرکەوتەکانیان لەیەک دەچن، رەتکردنەوەی ئەوی دی، تورەیی و بڕوابوون بە بەکارهێنانی توندوتیژی، بەرتەسکردنەوەی مەودای گفتوگۆ و ئازادی رادەبرین، نادادی کۆمەڵایەتی و ئیرادەگەری، بەشێک لەو نیشانانەن کە ئەوانی پێدەناسرێتەوە. واتە بۆئەوەی بیسەلمێنین دنیای دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا جۆریکی ترە، پێویستە خەسڵەتەکانی ژینگەی دنیای ئایدیۆلۆژیا هێندە زەق بکەینەوە تا بەتەواوەتی بسەلمێنرێت ئەم دوو فۆرمە تەواو لەیەکتری جیاوازن، هەربۆیە ژینگەی فۆرمی کۆن و نوێ ئەبێت بەتەواوەتی خەتی جیاکەرەوەی خۆی لە ئاکار و هەڵسوکەوت نەک تەنها وتن و گوتار، لای خەڵک رۆشن بێت و جیابکرێتەوە.

دیارە بەبێ پێناسە و ناساندنی فۆرمە کۆنەکە ئەستمە تۆ بتوانی هەق بدەیت بە ناساندن و پێناسە کردنی فۆرمە تازەکە، لێرەشەوە لە رەتکردنەوەیەکی سادەییانەی ئایدیۆلۆژیاوە پێویستت بە قوڵبوونەوەیەکی ئاڵۆز و تارادەیەک هەستیارە، تا گرنگی و لایەنە باش و جوانەکانی فۆرمە تازەکە

بخەیتە ڕوو تا ئاستی ڕێنمایی کردنیش. بۆ نمونە ئەگەر دابەشکاری ئایدیۆلۆژیایی ماکسیزم لەسەر بنەمای چینەکان بێت، بۆ چینی هەژار و دەوڵەمەند، لە فۆرمی نوێدا بۆ تاک و گرووپیش بۆئەوەی نەبێتە تەرەفی یەکێک لەو چینانە و خۆشی بە نەیار و دژ بە چینەکەی تر نەبینێتەوە، باسی پێداویستی سەردەمییانەی خۆشگوزەرانی دەکرێت، بۆ هەمووان، باس لە بەدەستهێنانی دادی کۆمەڵایەتی ئەکرێت بۆ گشت، نەک بۆ چینێکی دیاریکراو، تەنانەت ئەو توێژەی لە هەندێک شوێندا بە توێژێکی ئینتهازی لاکەوتە دەژمێرێن، واتە توێژی مامناوەند کە لە تێزی خەباتگێڕیی و شۆڕشی مارکسیزمدا گرنگی پێنادرێت، لە فۆرمی نوێدا دەبێتە شەریکێکی سەرسەختی بزووتنەوەی داخوازییە گشتییەکان و خواستی خۆشگوزەرانی، چونکە لەکۆتاییدا ئەوەی زیاتر مەتڵەبی خۆشگوزەرانییە بەرادەی سەرەکی، ئەوە توێژی ناوەندە نەک چینی هەژار و دەوڵەمەند، ئەوەی ڕێگا کورت ئەکاتەوە بۆ دەستکەوتی کۆمەڵایەتی ناتوندوتیژی، ئەوە دروستکردنی تەباییە لە دژی دەسەڵاتی ستەمگەر لە نێوان چینەکان نەک دژایەتیکردنی یەکتریی و توندکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان.

لە فۆرمە تازەکەدا پێچەوانەی فۆرمە کۆنەکە، دیندار و بێ دین، هەژار و دەوڵەمەند، ئەندامانی نەتەوە و ئاینی جیاواز لەسەر دادی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانی، لەسەر ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ستەمگەر، ئەتوانن هاوخەم و هاوخەباتی یەکتر بن و هەریەک بە قەناعەتەکانی خۆیەوە، چمکێکی ئەو ئاڵایە بگرێت، کە لە دژی نادادی بەرزکراوەتەوە و پێکەوە ژیان و خواستە گشتییەکان بکەنە ئامانج و ئامادەی کاری هاوبەش پێکەوە نیشانبدەن. ئەوان دەتوانن پێکەوەبن بۆ بەدەستهێنانی ئەم خواستە گشتیانە هاوکار و هاوبەشی یەکتر بن.

کوردستان چ جۆرە فۆرمێکی پێویستە:

بیرمەندی بەریتانی»ئەنتۆنی گیدنز« خاوەن بۆچوونی خەتی سێ، لە کتێبی »لە نێوان ڕاست و چەپ« لە بەشی حەوتەمی بابەتەکەی لەسەر بەهاکانی ژیان ئەڵێت:» ئەڵتەرناتیف، سستمێکی گونجاوی عەمەلییە لەناو چوارچێوە و واقیعێکی تۆباویدا، دەکرێت ڕەوتی فەلسەفی کۆنیش بەشداری کارا بکات لە کەشفکردنی دیاردەکانی ئەم جۆرە سستەمە، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ خەمەکانی سیاسەتی ژیاندا یەکبگرێتەوە و بەوشێوەیەی تەرزە نوێگەرەکە لێی تێبگات«. ئێمە لە کوردستان لە باشوور و باکوور تارادەیەکیش لە ڕۆژهەڵاتیش سێ نمونەی زیندومان هەیە، ئەوەی باشوور خۆی لە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایی جەماوەریدا نمایش کرد و هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتووانە بڕی، ئێستا لە بەردەم بەرپرسیارێتی قۆناغێکی نوێ و هەنگاوی دووەمیدایە، سرووشتی چونە پێشەوە و سەرکەوتنی ئەم فۆرمە بەشێکی لە جوڵە و نەوەستانەکەیدایە، لەوەدایە لەواقیعەوە سەیر دەکات و دەیەوێت ئەو واقیعە بگۆڕێت کە تووشی چەقبەستن بووە، بۆیە گۆڕان  هەرچەندە لە هەنگاوی یەکەمدا سەرکەوتووش بووبێت، خۆ گەر بۆ هانگاوەکانی ئایندە تووشی چەقبەستن بێت و نەچێتە پێشەوە، ئەوە چیتر ناتوانێت هێزێکی کارابێت لە فۆرمە تازەکە و لەئاکامیشدا تووشی بەریەککەوتن دەبێت لە نێوان بۆچوونی کۆن و نوێدا، چونکە حیکمەتی گەشەی ئەم جۆرە بزووتنەوانە ئەوەیە لە شوێنێکدا نەوەستێت و قۆناغ بە قۆناغ وەڵامدەرەوەی خواستەکانی جەماوەر و بێت و لەگەڵیان بچێتە پێشەوە، گوتار و بۆچوونەکانی لەئێستەوە بۆ گۆڕینی ئێستا بێت، خۆ گەر هەرکات وەستا و لە شکڵێکدا قەتیسی خوارد و لەچوارچێوەیەکدا مایەوە،  ئیتر بۆخۆی ئەو وەستاندنە ئەبێتە خۆرەی خۆیی و تووشی گرفت داخورانی دەکات.

گۆڕان مادام پاشخانێکی نائایدیۆلۆژی هەیە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت لەم قۆناغەدا ئەرکی فروانکردنەوەی فۆرمە نوێیەکە بە بەشێک لە کارەکانی خۆی ببینێتەوە، واتە چوارچێوە قبوڵ نەکات، چونکە لە ڕابردوو زۆرجار ئەو شێوازانەی تری بەرهەڵستیکردنی سستەمی باو پیادەکراو سەرکەوتوو نەبوو، ئەوەی تەنها ماوەتەوە ئەوەیە کاری پێکەوەیی دور لە ئایدیۆلۆژیا و فۆرمی حیزبایەتی باو بکرێتە وەسیلەی بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان.

لە ڕابردوودا پتر لە نیو سەدە، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە فۆرمی ئایدیۆلۆژی حیزبیدا کێبەرکێی یەکتر و حکومەت و دەسەڵاتەکانیان کرد، سەردەمی شاخ قوناغێکی پڕ بەریەککەوتن و خوێناویی بوو، لە بیست و شەش ساڵی ڕابردووی حوکمڕانی شاریشدا، حومکڕانییەکی حیزبی و بارگیاویان بە ئایدیۆلۆژیان گرت بەدەستەوە، بۆیە لەم دوو قۆناغەدا، ئەوەی بەرچاودەکەوت زیاتر کۆمەڵێک کارەکتەری سیاسیی و دیدی حیزبی باو هەیمەنەی خۆیان بەسەر دەسەڵات و ئەو جومگانەشدا کرد کە دەبوو لە دەست ئەواندا نەبوایە، فەرزکردنی شێوازێکی حوکمڕانی لە سێبەری ئایدیۆلۆژیا کرایە بناغەی حوکمڕانیەکی شکستخواردوو، ئەوەی لەسەر ئەم ئاڕاستەیە بیناکردووە، تێکەڵەیەک بازرگانی و سیاسەت، وەک دووانەیەکی لەیەکجیانەکراوەی دنیای سیاسەت و فۆرمە باوەکە سیخناخکراوە و بە ئاڕاستەیەکی ناشەفاف و بەرژەوەندخوازی حیزبیی و شەخسی بەڕێوەدەچێت.

ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە بەرئەنجامی ئەم سیاسەت و حیزبایەتییە، دەسەڵاتێکی ڕەقەنی لێبەرهەمهاتووە، دەسەڵاتێک کە نەک ئامادەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و ملدان بە ئیرادەی دەنگدەر و هەڵبژاردن نییە، تەنانەت بە ئاسانی ئامادەی گۆڕانکاری ناو سەرکردەکانی خۆشیان نیین، بۆیە بۆ تەجاوزکردنی قۆناغێکی واچەقبەستوو، بۆ مامەڵە لەگەڵ حیزبگەلێکی ڕەقنی بڕوانەبوو بە دیموکراتیەت و چەمکی هەڵبژاردن، ئیتر پێویستت بە شۆڕشێکی سپیی و بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی دور لە ئایدیۆلۆژیایە، بزووتنەوەیەک کە زۆرترین توێژ و جەماوەری ناڕازی بواری ئەوەیان هەبێت بەدیدی خۆیانەوە بەشداری تیادا بکەن و بەخواستەکانی خۆیانەوە بەرەکە بە ئامرازێکی گونجاو بزانن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە دوور و نزیکەکانی خۆیان. هەرچەندە بەڵگە نەویستە لە بەرامبەر ئەم فۆرمە نوێیەدا کۆنەپارێزان سەرباری پڕوپاگەندەکانیان لەسەر ئاشتی و پێکەوەژیان و یەکتر قبوڵکردن، تەنانەت یەکسانی و ئازادیش، بەڵام هێشتا هەموویان بەجیاوازی مەیلەکانیانەوە، خاوەن گرنگییەکی زیاترن بە بەهاکانی جەنگ و توندوتیژی و دەربڕینەکانیان زیاتر بارگاوییە بەوەی بڕوا بەهەمووومان بهێنن کە جەنگ و توندوتیژی لە سرووشتی مرۆڤدا ڕیشەین و زەرورەتن بۆ ژیان و خۆپارێزی.

لێرەدا گرنگی فۆرمە نوێکە ئەوەیە، چۆن کاروانەکە بەپاڵ مەتەرێزی ئەم دیدە پڕ شەڕەنگێزییە تێئەپەڕێنیت بەبێ ئەوەی توندوتیژی بکرێتە وەسلەی تێپەڕاندن و گەیشتن بە ئامانج، گرنگە بۆ هاوبیرانی فۆرمە نوێکە بتوانن لە مەداری شۆڕشی سپیدا بمێننەوە و لەوەش تێبگەن چەسپاندنی ئەم فۆرمە، بە هیچ جۆرێک مانای ونبوونی توندوتیژی یەکجارەکی نییە، یان مانای چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی نییە، چونکە ئەوەی تائێستا بڕیاریداوە دور لە توندتیژی کاروانەکە تێپەڕێنێت، کاروانەکەیە نەک ڕێگرەکانی کاروانەکە، بەڵام جیاوازییەکە تەنها ئەوەیە فۆرمە نوێکە بڕیاری ئەوە دەدات چەترێک دروستبکات هەم بۆ خۆپارێزی لە توندوتیژی هەم بۆ و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بۆ شۆڕشی سپی و دوور لە بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی، بەڵکو بۆئەوەی کاروانەکە بە هێمنی تێپەڕێت وەسیلەگەرێکی تری بەهێزی بەرگریی و خەباتی مەدەنی دەخاتە ڕوو

بەبێ ئەوەی خۆش خەیاڵیش بێت بەوەی ئەم هەنگاوە لە کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو و نقومبووی دنیای ئایدیۆلۆژیدا ئاسانە و بە سادەیی و بێ توندوتیژی تێدەپەڕێت.

ئەزموونی جیهان ئەوەی نیشانداوە کە گۆڕانکارییە گەورەکان بەسەر بزاڤ و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیای خاوەن دەسەڵات، بەتایبەت ئەوەی زەمەنێک لە قوڵاییدا جێگەیان لەناو خەڵکدا گرتووە و کۆنترۆڵی سستەمی پەروەردەیان بەدەستەوە بووە، یان تارادەیەک بووەتە بەشێک لە سلوکی جێکەوتەی سیاسی گشتیی و کاریگەریان لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، گۆڕانکاری تیاندا پێویستی بە مەودا و زەمەن و تێکۆشانێکی زیاتر دەوێت، بۆ نمونە لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٠٤ وە ململانێ لەسەر پێگەی ژن لە کۆمەڵگە بەو جۆرە چووەتە پێشەوە، لەسەر سەپاندنی گوێرایەڵی ژنان بۆ پیاوان، تا ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام بووە و ئەوکات بڕیاردراوە و کراوەتە ماددەیەکی دەستوری ژنان مافی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا هەبێت. ئەمە جگەلەوەی تا ساڵانی ناوەراستی هەشتاکانیش کێشەی بەڕێوەبردنی خێزان و پەروەردەی منداڵان مشتومڕی زۆری لەسەربووە.

لە دۆخێکی وەک ئەوەی کوردستان، کە هێشتا شێواز و پێناسەی حوکمرانی تەمومژێکی زۆری بەسەرەوەیە و لە سێبەری نادادی نەتەوەیی و فکری ناسیۆنالیسیدا دەواری هەڵداوە، کارکردن قورسایی و ئەرکی خۆیی دەوێت، بۆیە پێویستە پێچەوانەی پێشوو هەوادارانی فۆرمی نوێ بەڕادەی فۆرمە کلاسیکییەکە نەچنە ژێرباری دروشمی هەڵخەڵەتێنەری دابینکردنی ئازادیی و یەکسانیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئەوانە پێویستە وەک خواست جیابکرێنەوە لە بەڵێنی بەدەستهێنان لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەناو قبوڵکردنی سادەیی ئایدیۆلۆژیادا خەرق کراوە و توانای بینینی ڕەئی جیاوازی زۆر کەمبۆتەوە و لە نائومێدی و بێمتمانەییدا نوقوم بووە. بەپێچەوانەوە سەرەتا گرنگە ڕێگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوەی بەها بۆ چەمکی بەشداری لە هەڵبژاردن و گەڕانەوەی ئومێد بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستەتر. ئەرکی سەرەکی فۆرمە نوێیەکە لەوێوە دەستپێدەکات چۆن دەتوانن ئومێد بە جوڵەی جڤات و شەقام دروستبکەنەوە، گرنگە ئەو قەناعەتە لای هاوڵاتیان دروستبکرێت، ئەگەر سەرەتاش توانای کۆژاندنەوەی ئاگرەکە ئامادە نەبێت، ئەوا توانای دورستکردنی ئاگر بڕەکە هەیە تا تەڕ و وش پێکەوە لەم نادادیی و ئاڵوزییەی گەندەڵیی و خۆسەپێنییەدا نەسوتێت.

دەکرێت هەنگاوی عەمەلی بۆ بەگەڕخستنی فۆرمە نوێکە، لە کۆنفرانسێک یان کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەوکەسانەوە دەستپێبکات کە بەتەواوەتی تێگەیشتن و بەرچاوڕوونییان لادروست بووە لەسەر تێپەڕاندنی فۆرمە کۆنەکە و تێگەیشتنی هاوبەشیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگە نارازییەکان لەچوارچێوەی چەترێکی نوێی دور لە ئایدیۆلۆژیا، سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە لەوێوە ڕەنگرێژ دەبێت، کە هێزە چالاک و کەسایەتییە چالاک و دەرکەوتووەکانی کۆمەڵگە، ئەوانەی تێوەنەگلاون لە بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی و دەستیان نەبووە لە گەندەڵی، لەگەڵ نوخبەی دەرەوەی فۆرمە کۆنەکە پێکبێن لەسەر دروستکردنی سەرکردایەتییەکی هاوبەشی کاتی، تا چوارچێوەی فۆرمە تازەکە لەسەر کۆمەڵێک خواستی سیاسی ئانی ڕێکبخەن، دەکرێت ئەم هێزانە بەجیاوازییەکانیانەوە پێکەوە کاربکەن و خۆیان لە مینبەر و دەستەی جیاوازی سیاسیی و ڕێکخراوەیی ڕێکبخەن و هەریەک بەوشێوەیەی دیاری دەکرێت ببێتە بەشێک لە هەیکەلی ئەو چەترەی وێنای گشتی فۆرمە نوێیەکە پێکدەهێنێت.



# بیری ڕیفۆرم و نوێخوازی
# پیرەمێرد




**د. ئاراس محەمەد ساڵح**

لەدایکبووی ١٩٧٠

دکتۆرا لە شەریعە. مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

چەند کتێب و وتاری بڵاوکراوەی هەیە.

پیرەمێردی شاعیر دوای مانەوەی بۆ چارەکە سەدەیەک لەناو دەوڵەتی عوسمانی ئەو رۆژگارەدا و بەدەستهێنانی بڕوانامە و بەشداریکردنی لە کاری رۆشنبیریی و رێکخراوەییدا، بۆ دواجار دەگەڕێتەوە کوردستان و چارەکە سەدەیەک بەبیرێکی نوێخوازییەوە بەردەوام دەبێت لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و رۆشنبیریی و کاری رۆژنامەنووسی، لە هەموو کارە رۆشنبیریی و ئەدەبیی و رۆژنامەوانیەکانیدا بەردەوام هەوڵی ریشەکێشکردنی بیری دواکەوتوویی داوەو لە کەناڵە جیاوازەکانەوە هەوڵ و کۆششی خۆی خستووەتەکار بۆ پێشخستنی میللەت و نیشتمانەکەی، پیرەمێرد بە ورەیەکی بەرز و بەرنامەیەکی گەورەوە گەڕاوەتەوە نیشتمان، هەروەکو خۆی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**چیم کردووە جارێ هێشتا لە کوێمە**
**میللەت لەمەودوا ئاواتی پێمە.**

پیرەمێرد کە گەڕاوەتەوە کوردستان بینیویەتی میللەتەکەی گیرۆدەی دەردی نەزانی و نەخوێندەوارییە، هەربۆیە لەیەکەم رۆژی گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەکەوێتە هەوڵی هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەیی و چاپخانە پەیدا دەکات و رۆژنامە دەردەکات، کاری رۆژنامەنوسی رۆڵی گەورە و کاریگەری هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی گەلاندا، پیرەمێرد لە شارێکی فەرهەنگی وەک ئەستەمبوڵی ئەو رۆژگارەدا چاوی کردووەتەوە و بینیویەتی رۆشنبیرانی گەلە جیاوازەکان و ئازادیخوازان لە رێگەی کاری ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووسییەوە لە هەوڵی خزمەتکردنی میللەتەکانیاندان، کەسێکی هۆشیاری وەک پیرەمێرد ئەو بارودۆخەی ئەوکاتەی ئەستەمبوڵی بینیوە، بڕیار دەدات لەپێناوی گەلەکەیدا ژیانی ئەوکاتی ئەستەمبوڵ و پۆست و ژیانی خۆی وازلیبێنێت و بگەڕێتەوە و خۆی تەرخان بکات بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی، هەروەها بەگژ هەموو رێگرەکانی بەردەم پرۆژە نوێخوازیەکەیدا بچێتەوە و کۆڵ نەدات هەتا دوا ساتەکانی تەمەنی .

پیرەمێرد سەرەتا کە دەگەڕێتەوە سلێمانی لە رۆژنامەی (ژیان) دەست بە نووسین دەکات، رۆژنامەی (ژیان)یش درێژەپێدەری (ژیانەوە) بوو، لە ژمارە (٦)دا بەخێرهاتنەوەی پیرەمێرد دەکات، لە ژمارە (٣٢١) لە رۆژی ١٩٣٢/٥/٩وە پیرەمێرد دەبێتە بەرێوەبەری رۆژنامەکە، دەرکردنی رۆژنامە بە زمانی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا و پەیداکردنی چاپخانە کارێکی گەورە و گرنگ بووە، لە هەمانکاتدا کارێکی زۆر قورس و گران و وەک مەحاڵ وابووە، لەو رۆژگارەدا تەنها ئەو چاپخانەیە هەبووە کە مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩٢٠ هێناویەتییە سلێمانی، هەرچەند پیرەمێرد و رووناکبیرانی ئەنجومەنی زانستی هەوڵی پەیداکردنی چاپخانەیەکی نوێ دەدەن، بەڵام سەرکەوتوو نابن، لە هەمانکاتدا پیرەمێردی دانا توانیویەتی هەموو بەربەستەکانی بەردەم پرۆژە چاکسازییەکەی لابەرێت و درێژە بەکارەکانی بدات، لەو پێناوەشدا قوربانی و بەخششی زۆری بەخشیوە.

ئەم روناکبیرە بەردەوام لە رۆژنامەکەیدا بانگەشەی بۆ خوێندن و خوێندەواری کردووە، لە هەمانکاتدا بیری کوردایەتی بڵاودەکردەوە و خەڵکی هانداوە داوای مافە نەتەوەییەکانیان بکەن، پیرەمێرد لەو رۆژگارەدا یەکێک بووە لەو رۆشنبیر و خوێندەوارانەی لە ئەستەمبوڵەوە گەڕابووەوە بە ئاسانی دەیتوانی ببێتە فەرمانبەرێکی پلە باڵای دەوڵەت، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستان داوایان لێکردووە پۆستی حکومی وەربگرێت، بەڵام ئەو کاری رۆژنامەنووسی لە هەموو شتێک بەلاوە گرنگتر بووە بۆ خزمەتی گەلەکەی و ئەو کارەی هەڵبژاردووە .

هەر بە هەوڵی پیرەمێرد و خەمخۆرانی ئەوکاتی میللەت (کۆمەڵەی زانستی) دادەمەزرێت

که ئامانجی سەرەکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە، ئەم کۆمەڵە و خوێندنگەی زانستی رۆڵی سەرەکیان بینیوە لە پێشخستنی خوێندەواریی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکیدا، بەری هەوڵی کاری رۆژنامەنووسی پیرەمێرد و مونەوەرەکانی ئەوکاتی سلێمانی دوای چەند ساڵێک خەباتی مەدەنی شاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا گەشە دەکات و رووداوەکانی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ لێدەکەوێتەوە، هەرچەندە ئەو رووداوە بە رەش ناودەبرێت و راستە قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەڵام یەکەم خۆپیشاندانی مەدەنیانەی شارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ داواکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، ئیتر لە دوای ئەو رووداوانەوە خەباتی کوردایەتی لە ناو خێڵ و سەرۆک هۆز و لادێکانەوە گواسترایەوە بۆ شار و قۆناغێکی گەورە بیری کوردایەتی و نیشتمانی هاتە پێشەوە.

## پیرەمێرد لە سێ بواری سەرەکیدا لە رێگەی نووسین و ئەدەب و راگەیاندنەوە هەوڵی ریفۆرمی داوە:

یەکەم/ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی: کۆمەڵی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گیرۆدەی دەردی نەزانیی و نەخوێندەواریی و هەژاریی و نا ئارامی سیاسیی بووە، بێگومان هەموو ئەمانەش چەندین دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، پیرەمێرد بە شیعر و هەروەها وەک رۆژنامەنووسێکی بە توانا هەوڵی ریفۆرم و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگای داوە، پیرەمێرد چانسی ئەوەی بووە لە رۆژگارێکدا ژیاوە رۆژنامە و چاپەمەنی لە کوردستاندا هەبووە و وەک شاعیرانی پێش خۆی تەنها لە رێگەی شیعرەکانییەوە کاری بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی نەکردووە.

ئەم شاعیرە بەهرەمەندە سەرچاوەی پێشکەوتن و رزگاری میللەتی تەنها لە خوێندەواریدا بینیوە، هەموو کات داوای لە نەوەی نوێی میللەتەکەی کردووە بخوێنن و لە هەموو دواکەتن و بیرێکی کۆن خۆیان رزگار بکەن، هەروەک دەڵێت:

**لەلای من خوێندەوارییە، ئاە خوێندەوارییە**
**هەر میللەتێک عیلمی نەبێ دەردی کارییە**
**ئاخ خوێندنیش وەک من ئارەزوی دەکەم**
**ببینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم**

**هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:**

**زۆر کەم ئەمێنێ نوێژ و جەماعەت**
**لە ئەمانیش ئەکەن خیانەت**
**عیزەت ئەچێتە لای پیاوی زاڵم**
**قەدر و ئیمانی نامێنێ عالم**
**برەو ئەسێنێ شەراب و قومار**
**ماڵ گران ئەبێ لە شار و بازار**
**کوشتن و دزی و تاڵان و درۆ**
**فەقیر و هەژار دەخاتە هاوار و رۆرۆ**

پیرەمێرد سەرچاوەی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییە خراپەکان دەگێڕێتەوە بۆ نەزانی و نەخوێندەواری، ئەم دەردەش هەموو ئاکارە ناشیرینەکان بەدوای خۆیدا رادەکێشێ، بۆیە بەردەوام لە شیعرەکانیدا و لە گوتارە رۆژنامەنووسییەکانیدا بەگژ هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییە خراپەکاندا چووەتەوە و هەوڵی ریشەکێشکردنی داون لەناو کۆمەڵگادا.

لە رۆژگاری پیرەمێردا بەهۆی کورتبینی ئایینی و دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتییەوە چوونی کوڕانیان بۆ قوتابخانەی مۆدێرن بە خراپ زانیوە، بەڵام پیرەمێرد هانی کچانی داوە بڕۆن بۆ قوتابخانە و بخوێنن و گوێ بە قسەی نەزان و توانجی کەس نەدەن، شیعری بۆ کچانی قوتابخانە و سروودی قوتابخانەی کچان داناوە و بەردەوام هانی داون بخوێنن.

دووەم/ ریفۆرمی ئاینی: لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بیری ریفۆرمی ئاینی دەبێتە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی، ئەویش لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی جەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەدا، پیرەمێرد لە

ئەستەمبوڵدا کە ماوەیەک جەمالەدین لەوێ بووە و بانگەشەی بیری ڕیفۆرمی کردووە، هەروەها لە ڕێگای گۆڤارەکەیانەوە (العروة الوثقی) کە بێگومان گەیشتوەتە شارێکی وەک ئەستەمبوڵ و پیرەمێردیش وەک کەسێکی ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنووس بینیویەتی، هەروەها پەیوەندی پیرەمێرد لەگەڵ کەسێکی وەک (سەعیدی نورسی) کە خاوەن دیدگا و بیرێکی ئیسلامی تایبەت بەخۆیەتی و ژیانی فەرهەنگی ئەستەمبوڵ هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر بیری ئاینی پیرەمێرد. پیرەمێرد ئاینداریکی عەقلانی نوێخوازبووە و دژی لە هەموو خورافە و تەفسیرێکی دوواکەتووانە و بێبەما بووە بۆ ئایین لە ژێر کاریگەری دابونەریتی دوواکەوتووی کۆمەڵدا.

پیرەمێرد لە شیعرەکانیدا ڕەخنەی توند لە ڕەوشی ئاینیی و هەموو ئەو خورافە و شتە پروپوچانە دەگرێت کە تێکەڵی ئاین کراوە، لە هەمانکاتدا ڕەخنە لە گوتاری داخراوی ئایینی دەگرێت و داوای نوێبوونەوەی دەکات، سەرەتا بە هاوکاری کەسایەتیەکی ئاینیی مونەوەری وەک شێخ محەمەدی خاڵ دەستپێدەکات، چونکە دەزانێت شێخی خاڵ پێگەی ئاینیی و کۆمەڵایەتی بەهێزە و ناوەندە ئاینییە تەقلیدییە دەروێشگەراکە ناتوانن هیچی لە دژ بکەن، لە هەمانکاتدا خەڵکی وەریدەگرن و دەڵێن قسەی شێخی خاڵە.

پیرەمێرد ساڵانە یادی مەولودی پێغەمبەر(د.خ)ی ڕێکخستووە و خەڵکی کۆکردوەتەوە وەک دەرفەتێک بۆ گەیاندنی پەیامی ئاینداریی و خۆشەویستی پێغەمبەر، لە ساڵی ١٩٣٦دا دەیەوێت یادێکی مەولود بکات، بەڵام سەیر دەکات کتێبەکانی مەولودنامە پڕن لە شتی پڕوپوچ و خورافە و بێبنەما، داوا لە مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەکات مەولودنامەیەکی ڕاست و بە کوردییەکی ڕەوان بۆ بنوسێت، مامۆستای خاڵیش (مەولودنامەی نەوئەسەر یان ژیانی پێغەمبەر) دەنوسێت کە بەپێوەری ئەوکاتە کتێبێکی باشە و هەنگاوێکی گرنگە لە نوێکردنەوەی گوتاری ئاینیدا.

هەروەها پیرەمێرد هاوکارێکی باشی شێخ محەمەدی خاڵ بووە بۆ بە چاپ گەیاندنی تەفسیری خاڵ، تەفسیری سورەتی فاتیحە و جوزئی (عم)ەی بۆ چاپ دەکات، کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوی کردوونەتەوە و لەسەر ڕێبازی تەفسیری شێخ محەمەد عەبدە نوسراون.

هەروەها لە شیعرەکانیدا ڕەخنە لە ڕەوشی ئاینداری دەگرێت و داوای گۆڕینی دەکات، بەڵام پیرەمێرد خواناسێکی ڕاست و هۆشیار و بووە و ئاینیی ئیسلامی زۆر بەلاوە گەورە بووە، ئەو ڕەخنەی لە ڕەوشی ئاینداری گرتووە نەک ئاین وەک هەندێک کەس بە هەڵە باسی دەکەن و هەوڵدەدەن ئەو وێنای بۆ بکەن، هەروەها سوودیان وەرگرتووە لە قسەی هەندێک کەسی ئاینداری دواکەوتووی مەشرەب خورافی کە بیرە نوێخواز و عەقڵانیەکەی پیرەمێردی بۆ قبوڵ نەکراوە، نوێکردنەوەی ئاین، واتە: پاککردنەوەی ئاین لە هەموو ئەو خڵتەوخاڵانەی تێکەڵاوی کراوە نەک گۆڕینی ئاین.

لە شیعرێکدا ڕەخنە لەو ڕەوشە ئاینداریەی ئەوکات دەگرێت و تیایدا دەڵێت:

**وشکە سۆفیەکان بەهەشتیان ئەوێ**
**بۆئەوەی حۆری و کۆشکیان بەرکەوێ**
**یادی تۆم لە هەر شوێنێ دەسکەوێ**
**بەهەشت دۆزەخی لێ پڕ نامەوێ**

پیرەمێرد ڕەخنە لەو بیرکردنەوە ئاینییە دەگرێت کە ئایین کورت دەکاتەوە لە بیری بەهەشت و حۆریدا، ئایین پێش ئەوەی باسی بەهەشت و حۆری بێت ڕێکخراوەیەکی تەشریعی و قانوونییە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان لەسەر زەویدا و ئاوەدانکردنەوەی دنیا، مەخابن لە ڕۆژگاری

ئەمڕۆشدا کەسانێک بەناوی بانگخوازەوە هەر خەریکی گوتاری وەعزی دواکەوتوو و باسی حۆریی و ئەو جۆرە شتانەن.

ئەم شاعیرە بیر ڕووناکە لە شیعرێکی تردا ڕەخنە لە نوێژکەران دەگرێت کە نوێژەکانیان بەپێی بەرنامەی پاکی ئیسلام ناکەن، لە هەمانکاتدا ئەو نوێژانە لە کاری خراپ نایانگێڕێتەوە کە فەلسەفەی نوێژ لە قورئاندا ئەوەیە خاوەنەکەی لە هەموو کردەوەیەکی خراپ بگێڕێتەوە و لایەنی ڕۆحی مرۆڤ ئاسودە و تێر بکات، لەمبارەیەوە دەربارەی نوێژکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەڵێت:

**هەرچی نوێژ ئەکات لەو بەرهەیوانە**
**سوجدە ئەباتە بەر ئەو قەبرانە**
**لە شێخ ئەترسێت لە خوا قەیناکا**
**لەبەر شێخ نەبێت هیچ نوێژێک ناکا**
**قەیناکا قەبری شێخی سەرکارە**
**سوجدە بۆ شێخە (زاتەن) لەم شارە**
**لە جەردەیشدا نوێژیان تەرک ناکەن**
**بۆ هەژار کوشتن پف لە دۆ ناکەن**
**چاولێکەرییە نوێژ کردنی کورد**
**هەر بۆئەوەیە بڵێن نوێژمان کرد**
**ژن و شێخ لە خوا پێشترە بۆ سوێند**
**ئیتر بەسیەتی تەواومان تێچەند**

هەروەها ڕەخنە لە بانگدانی مزگەوتی گەورەی سلێمانی دەگرێت، کە کەسێکی دەنگ ناخۆش بانگ دەدات، کە لەڕاستیدا دەبوو کەسێکی دەنگخۆشی وەک بیلالی حەبەشی بانگی بدایە لەسەر پەیڕەوی سونەتی پێغەمبەر(د.خ) بۆئەوەی دڵ و دەروونمان زیندوو بکاتەوە.

**وا دەستنوێژ شۆرا گوێمان لە بانگە**
**بۆرە بۆرێک دێت وەک بۆرەی مانگا**
**مەلا سەعیدە وا سەلا ئەکا**
**ڕۆحی بیلالمان بۆ ئەحیا ئەکا**
**دوور لە بانگەکە ئەمەم هاتە بیر**
**(أنكر الاصوات لصوت الحمير)**
**دەک خوایە بانگدەر قوڕەت لێ کەوێ**
**کە هەڵسابن بۆڕەت برا بێ شەوێ**
**من بۆڕەی ئەمەم لا گران نایە**
**خەڵک ئەڵێن زەوقی مەملەکەت وایە**
**کەس نیە بڵێ موسڵمانینە**
**بانگی محەممەد ڕەونەقی دینە**
**بۆچی دەنگخۆشێ نییە بانگ بدات**
**هەر لێرەم دیوە بانگ بە قۆنتەرات .**

لە شیعرێکی تردا پیرەمێرد ڕەخنە لە پیسوپۆخڵی مزگەوتی گەورە دەگرێت کە موسڵمانان گرنگی بە پاکوخاوێنی مزگەوت و ژینگەی گشتی سەرئاوەکان نادەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینی ئیسلام زۆر گرنگی بە پاکوخاوێنی دەدات و وەک یەکێک لە مەرجەکانی نوێژ و شوێنی نوێژ کردن دایناوە، لەو ڕۆژگارەدا هەموو خەڵکی لە یەک حەوزدا دەستنوێژیان گرتووە و وەک ئێستا دابەشکردن و سستمی بۆری نەبووە، بەڵام خۆشبەختانە هیواکەی پیرەمێرد ئێستا هاتووەتەدی و لە هەموو مزگەوتێکدا سستمی نوێی دابەشکردن و بۆری ئاوا دامەزراوە و گرنگی زۆر بە ژینگەی گشتی مزگەوتەکان دەدرێت.

**لە حەوز بەرەو خوار تابڵێی خوارە**
**گەر باوەڕ ناکەی وەرە بنوارە**
**حەوزە گەورەکەی کە دەڵێن پاکە**
**پڕیە لە قەوزە هەروەکو شیاکە**
**حەوز نیە خەزنەی چڵم و بەڵغەمە**
**هەر بەڵغەمێکی سەلکە شەڵغەمە**

سێیەم/ ڕیفۆرمی سیاسی: پیرەمێرد خاوەنی پڕۆژەی بیری کوردایەتی و هۆشیارکردنەوەی میللەت و نەهێشتنی بیری دواکەوتوو بووە، لەم بوارانەشدا تووشی دژایەتی و تۆمەت

بەخشینەوەی زۆر بووە، لە ڕووی بیری کوردایەتی و سیاسییەوە پیرەمێرد بەلایەوە باش نەبووە کورد و سیاسییەکانی ئیعلانی دوژمنایەتی بەرەی ڕۆژئاوا بکەن و تەنها بەرەی ڕۆژهەڵات بە دۆست و فریادڕەسی خۆیان بزانن، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بزوتنەوەی سیاسی کورد بەهۆی باڵادەستی بیری چەپەوە کوێرانە دوژمنایەتی بەرەی ڕۆژئاوای سەرمایەدارییان دەکرد و تەنها بەرەی ڕۆژهەڵاتیان بە دۆستی بزووتنەوەی کوردایەتی دەزانی، هەرکەسیش بیوتایە هەڵەن، دەیان تۆمەتی کۆنەپەرستی و بەرکرێگیراوی ئینگلیز و شتی لەو بابەتەیان دەدایە پاڵ، ئەو هەڵە کوشندە یەک سەدە بزووتنەوەی سیاسی کوردایەتی پیادەی کرد.
دەبوو بزووتنەوەی کوردایەتی بەپێی بەرژەوەندی سیاسیی و نیشتمانی خۆی دۆستایەتی و دوژمنایەتی بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی بکردایە نەک لەژێر هەژموونی ئایدۆلۆژیای کوێرانە، دوای یەک سەدە بۆچوونەکەی پیرەمێرد ڕاست دەرچوو کاتێک بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا بە یەکجاری ڕووی کردەوە ڕۆژئاوا و هیچ خێرێکی لە بەرەی ڕۆژهەڵات نەدی، بەپێچەوانەوە تووشی زیانی گەورە بوو بەهۆی سیاسەتی بەرەی چەپەوە، چونکە بە هاوکاری سۆڤیەتی ئەوکات کۆماری کوردستان لەناو براو سەرکردەکانی بە بەرچاوی جیهانەوە لەسێدارەدران و بەرەی ڕۆژهەڵاتی قیبلەی ئازادیخوازانیش هیچ هەڵوێست و کاردانەوەیەکی نەبوو، لەکاتێکدا کە ڕژێمی شاهەنشاهی ئەوکاتی ئێران سەر بە بەرەی ڕۆژئاوا بوو.

پیرەمێردی بلیمەت لە ساڵی ١٩٤٠دا کتێبی (ئاوە ڕەشەی ڕوسی سوری) دەرکرد و لە چاپخانەی (ژیان) لە سلێمانی چاپی کرد و بڵاوی کردەوە، بەڵام هەر ئەوکات تووشی دژایەتی زۆر و تۆمەتی ناشیرین بووەوە و کتێبەکەیشی دیزە بە دەخۆنەکراو نەیانهێشت کاریگەریی و کاردانەوەی هەبێت لەسەر خەڵکی. لە ڕووی بیری کوردایەتییەوە پیرەمێرد هەوڵی دەدا هەموو کەناڵەکان بەکاربهێنێت بۆ ئەو مەبەستە، یەکێک لەو هەنگاوانەی بەکاری دەهێنا بۆنەی ئاگری نەورۆز و کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەریی و ڕازاندنەوەی بوو بە کەلتووری کوردی لە گردی مامەیارە لەسەر ئەرکی خۆی ساڵانە ئەو بۆنە جەماوەرییە گەورەی ساز دەکرد، هەر لەوپێناوەشدا دەیان تۆمەتی وەک ئاگرپەرستی و شتی لەو بابەتەی تووش بووە لەلایەن ناوەندە داخراو و بێ فکرەکانەوە.

پیرەمێرد ڕەخنەی توند لە سیاسییەکان دەگرێت و باس لە پاشکەوتوویی بیرکردنەوەیان دەکات و دەڵێت:

**سیاسیەکانمان هێند بە عیوانن**
**خەڵک بە مەخلوقی خۆیان ئەزانن**
**دەعوای ملووکی کرمی کەللەیە**
**گەر کامیان هەستێ گورگی گەلەیە**
**بەخۆ هەڵکێشان بە باڵ ئەفڕن**
(ئوتێل ماجستیک) بە خەنجەر ئەدڕن.

پیرەمێرد ڕەخنە لە سیاسییەکان دەگرێت کە لەبری ئەوەی خزمەتی نیشتمان و میللەت بکەن کەچی بە چاوی سوک سەیریان دەکەن وەکو ئەوەی ئەوان دروستییان کردبن، هەروەها بە گورگ ناویان دەبات کە کرابێت بە شوانی گەلەڕان، بەداخەوە هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارەکان ئەو بیرکردنەوە پاشکەوتووەیان تێنەپەڕاندووە کە پیرەمێرد پێش حەفتا ساڵ ڕەخنەی لێگرتووە.

پیرەمێرد وەک کەسێکی بیرمەند و دووربین و دڵسۆزی میللەت و نیشتمانەکەی هیچ یەکێک لەو بەرداشانە نەیانتوانیوە بیهاڕن و کۆڵی پێبدەن لە پرۆژە ڕۆشنبیریی و نوێخوازیی و نیشتمانییەکەی، ئەم بیرمەندە گەورەی کورد زانیویەتی پرۆژەکەی بەرهەمی گەورەی دەبێت و نەوەی داهاتووی کورد چاوەڕێی بیر و بەرهەمی کەسانی وەک پیرەمێردن.

**بەرگی یەکەمی کتێبی:**

**ئاوە ڕەشەی ڕوسی سور، چاپی ١٩٤٠.**



**بەرگی کتێبی:**

**ئاوە ڕەشەی ڕوسی سور، چاپی ٢٠١٦.**




## سەرچاوە و پەراوێزەکان


-١. بڕوانە: مستەفا ساڵح کەریم، باخێک لە وشە، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، تاران،٢٠١٥، ل٧ بەدواوە.

٢. بڕوانە: نەوشروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ، موسسسە ناشرون- بیروت، ٢٠١٣ ، ل١٢ بەدواوە.

-٣. بڕوانە: پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، فائق هۆشیار، مەحمود ئەحمەد محەمەد، مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، چ١ بەغداد، ،١٩٩٠، ل٣٩-٤٠.

- ٤. محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی پیرەمێردی نەمر، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٦، ل٢٣٦.

- ٥. محەمەد ڕەسول هاوار، دیوانی پیرەمێردی نەمر، ل٢٤٠-٢٤١.

- ٦. بڕوانە: د.عومەر عبدالعزیز، سەعید نورسی لە زمانی پیرەمێردەوە، گۆڤاری خاڵ، ژ(٥) حوزەیرانی ٢٠١٦.

-٧. بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، مەولودنامەی نەوئەسەر یان ژیانی پێغەمبەر، چ٢، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی،١٣٩٢ک، ل٤-٥.

-٨. ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، چ٢، دەزگای ئاراس- هەولێر،٢٠٠٩، ل٢٧٠.

- ٩. ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، ل٣١٩.

-١٠. ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، ل٣١٧- ٣١٨.

-١١. ئومێد ئاشنا پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، ل٣١٧.

-١٢. د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥، چاپی دووەم، دەزگاری ئاراس هەولێر،٢٠١٠، ل١٠٨ بەدواوە.

-١٣. ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی، ب١، ل٣٢٠.

- ١٤. بڕوانە: د.ئاراس محەمەد صاڵح، پیرەمێرد لە نێوان بەرداشی دژەکاندا، ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ) ژ(٧٢٩٨)، ٢٠١٧/٦/٢٠.

# تەوەری داهاتوو

## ئایندەی کوردستان
## لە بەردەم ململانێی مەزهەبیدا

گۆڤاری خاڵ بابەتی (ئایندەی کوردستان لە بەردەم ململانێی مەزهەبیدا) دەکاتە ناونیشانی تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، لەو چوارچێوەیەشدا دەخوازێت لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا بکرێت:

١- ئایا جیاوازی مەزهەبی لە کوردستاندا کاریگەری لەسەر دابەشبوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نێو ماڵی کورد داناوە؟

٢- تەیارە شیعیی و سوننییەکانی عێراق چۆن لە کێشەی کورد و مافەکانی دەڕوانن؟

٣- مەرجەعییەتی شیعی چۆن ڕۆڵ دەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی تێڕوانینی لایەنە شیعییەکان بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا؟

٤- جێکەوتە کلتوورییەکانی ئەم ململانێیە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئاییندەی کوردستان؟

٥- کورد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ململانێ ناوخۆیی و هەرێمییەدا بکات؟

٦- ئایا کورد لە کوێی ئەم گەمە سیاسییەی ناوچەکەدایە؟

٧- ئایندەی کوردستان لە سایەی ئەم ململانێ مەزهەبییەدا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت؟

- داواکارین لە نوسەرانی بەڕێز، لێکۆڵینەوەکانیان لەو تەوەر و بوارانەی کە ئاماژەیان پێدراوە تا بەرواری (٢٠١٧/٩/١٠) بنێرن بۆ گۆڤارەکەمان.

گۆڤاری خاڵ

# کەلەپوور و
# مامەڵە لەگەڵ کردنی

## بە ئایدۆلۆجیاکردنی کەلەپووری کوردی وەك نمونە




**د.زریان حاجی**

- لەدایکبووی ١٩٨٢، سلێمانی. ماستەر و دکتۆرا لە مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست). مامۆستا لە بەشی شوێنەوار و مێژوو/ زانکۆی سلێمانی. دە لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاو کراوەی هەیە. سێ کتێبی چاپکراوی هەیە.

زۆرجار لێرەو لەوێ بەرگوێمان دەکەوێت، کە کەلەپوور بابەتێکی کۆنە و پێویست بە نوێ کردنەوە ناکات، یان دەگوترێت هەر نەتەوەیەک کەلەپووری تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە بیپارێزێت و شانازی پێوەبکات، لێرەوە لە پاش سەدەی نۆزدە ململانێیەکی گرنگ و قوڵ لەنێو قوتابخانە هزرییەکان دروست بووە، بەتایبەتیش ناوچەکانی مسوڵمان نشین و خاوەن پاشخانی ئیسلامی، ئەمەش بە کاریگەری هێزی ئیستعماریی و پاشان رۆژهەڵاتناسان، کاتێک بانگەشەی نوێگەریی و بەرەوپێشچوون و چاولێکەری رۆژئاوایی و بە گەورە و پێشکەوتنخواز نیشاندانی کەلەپووری ئەورووپیی و بە ناشرینکردنی کەلەپووری رۆژهەڵاتیی و ئیسلامی، ئەم بابەتە بووەتە جێگەی تێرامان و ململانێیەکی قوڵی نێوان ڕەسەنایەتی خوازان و شوێنکەوتەیی رۆژئاواییەکان، بەجۆرێک کە هەرچی کەلەپووری ئەو دەوڵەتانەیە بە هۆکاری دواکەوتەیی و خراپی و پاشخستن بهێننە بەرچاو!، بابەتێکی وا کە بووەتە هۆی ئەوەی کەلەپووری نەتەوەیی و شوناسی دەوڵەتان و ئاستی هۆشیاریی و زانستخوازیش لەوپەڕی دواکەتندابێت تەنها چاولێکەریی و شوێنکەوتەیی رۆژئاوا بە چارەسەر بزانرێت و لاسایی کردنەوە و دەستبەردان لە کەلەپووری خۆپێوەگیراوی نەتەوەیی و ئایینی بە مۆدێل بزانرێت، ئەمەش بۆخۆی زیانی گەورەی هەیە، چونکە هەموو میللەتێک بە کەلەپووری خۆی شوناسی پارێزراوە، بە کەلەپووری خۆشی پێشکەوتنی بۆ بەرجەستە دەبێت، چونکە هەڵقوڵاوی ناخ و مێژووی ناوچەیی خۆیەتی، بۆ ئەمەش پێویستە مامەڵەی دروست لەگەڵ کەلەپوور بکرێت، بێگومان هەموو بەشێکی کەلەپوور دروست و تەواو نیە، بەڵکو ئەوەی کە ناتەواوە تەواو بکرێت و ئەوەشی گرنگە سودی لێوەربگیرێت و ئەوەشی نەسازە لەگەڵ سەردەم و بۆچوونی نوێ وەلابنرێت، لە خوارەوە هەوڵدەدەین کەم تازۆر کەلەپوور بناسێنین و پاشان دیدی بیریارانی رۆژهەڵاتی لەبارەیەوە بخەینە ڕوو، پاشان کەلەپووری کوردیش لە بەردەم دیدی بە ئایدۆلۆجیا بینین بناسێنین.

## یەکەم/ کەلەپوور لە ڕووی ماناو زاراوە:

زاراوەی کەلەپوور لە ڕووی زمانەوانی لە زمانە جیاوازەکان بەمانای جۆراوجۆر هاتووە، بۆ نمونە لە زمانی عەرەبی بە (التراث) هاتووە کە ئەمیش لە (الإرث)ەوە وەرگیراوە و مەبەست لێی ڕەچەڵەک و نەسەبی کەسەکان و ئەو پاشماوە ماددیی و مەعنەویانەیە کە بە میراتی دەمێنێتەوە بۆ نەوەکان، هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی زەکەریا پێغەمبەر دەفەرموێت:» **فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا ★ يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا**»، لێرەدا مەبەست پێی پێغەمبەرایەتیی و موڵکەکەیەتی، ئەمەش واتە لایەنی مەعنەوی نەک ماددی، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی بە (Heritage) هاتووە کە بە مانای هەموو ئەوانە دێت کە لە مرۆڤەکان بەجێ دەمێنێت و پارێزگاری لێ دەکات و بەنرخە لەلای و دەیگوازێتەوە بۆ ئەوانەی کە پاش ئەو دێن، لە زمانی فەرەنسیش زاراوەی (Patrimoine) بۆ بەکاردەهێنرێت، کە لە بنەڕەتێکی لاتینی وەرگیراوە و لە دوو برگە پێکهاتووە کە بەمانای باوک و هەروەها زانست و ڕێنیشاندان و ئامۆژگاری دێت، بۆیە ماناکەی بریتییە لە: ڕەنگدانەوەی گرنگی ئەو شمەکانەی کە باب و باپیرانمان بیردەخەنەوە، کە دەمانبەستێتەوە بە پێشینان و بە مێژووەوە.

لە ڕووی زاراوەشەوە کەلەپوور دوو بەشی سەرەکی دەگرێتەوە ئەوانیش ماددیی و مەعنەوییە، هەرچی بەشی ماددی کەلەپوورە خۆی دەبینێتەوە لە سەرجەم ئەو جێماوانەی کە باب وباپیران بۆیان بەجێهێشتووین لە شوێنەوار و تائێستاش ماونەتەوە، وەک دامەزراوە ئایینییەکان و پەرستگاکان و مزگەوت و بینا سەربازیی و مەدەنیەکانی وەک

قەڵا و شورا و کۆشکەکان و پرد و بەربەست و دیوار....هتد، کە لە زمانی شوێنەوارناساندا پێی دەگوترێت شوێنەواری جێگیر، ئەمە سەرباری ئەو پاشماوانەی لە ژیانی رۆژانەش بەکاردەهێنرێت کە شوێنەوارناسان پێیان دەڵێن شوێنەواری گواستراوە. جگە لەمانەش کەلەپووری سروشتیش هەیە کە بەشێکی گرنگی کەلەپووری شارستانیانە پێکدەهێنێت، کە مەبەست پێی سەرجەم ئەو پێکهاتە جیۆلۆجیی و پێگە سروشتیانەیە کە بۆ خۆیان دروست بوون و جێنزرگەی مرۆڤ و هەروەها چەندین جۆر لە رەگەزی ئاژەڵیی و رووەکی بوون، لێرەوە سەرجەم ئەو ئاژەڵ و رووەکانەی مەترسی لەناوچوونیان هەیە وەک بەشێک لە کەلەپووری مرۆڤایەتی لێیان دەروانرێت و پێویستە بپارێزرێن ئەمە سەرباری چەندین ئەشکەوت و زنجیرە چیا و شوێنەواری دیکە.

هەرچی بەشی دووەمە لە کەلەپوور کە لایەنی مەعنەوییە، دەناسرێت بە (کەلەپووری میللی) کە پێکدێت لە دابونەریتی خەڵکیی و بیروبۆچوون و بیرکردنەوە کە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە، کە ئەمەش بریتییە لە بەردەوامی فۆلکلۆری میللی وەک چیرۆکە میللییەکان و هۆنراوە و هەڵبەست و ئەفسانەکان، ئەمە جگە لە هونەر و پیشەگەریی و جۆری هەڵپەرکێ و یارییەکان و گۆرانی و پەندی پێشینان و مەتەڵ و تێگەیشتنە ئەفسانەییەکان، هەروەها ئاهەنگ و بۆنە و جەژنە ئاینییەکان و خواردن و خواردنەوەکان، ئەم بەشەش گرنگی لەوەی پێشتر زیاترە، چونکە بریتییە لە مانەوەی بیرەوەریەکانی نیشتمان و شوناسی نەتەوەیی، بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین کەلەپووری میللی بکەین بە چوار بەشی سەرەکی ئەوانیش: ئەدەبی زارەکی وەک قسە و گۆرانی و چیرۆک و داستان و ئەفسانە و پەند و ئامۆژگاری، هەروەها رۆشنبیری ماددی وەک هونەر و پیشەگەریی و بیناسازی و جلوبەرگ و پۆشاک و شێوازەکانی جوانکاری و رازاندنەوە، پاشان دابونەریت و بیروباوەرەکان وەک جەژن و ئاهەنگ و یارییەکان و رێگاکانی چارەسەریی و بیروباوەرە ئاینیی و میللییەکان و تێرامان لە بوونەوەر و راڤەی گەردوون و چۆنیەتی دروستبوون و کۆتایی، هەروەها هونەری نواندن وەک مۆسیقا و هەڵپەرکێ و دراما.

## دووەم/ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور و دیدی بیریاران:

سەبارەت بە کەلەپوور و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵکردنی لەنێو بیریارانی عەرەبیی و ئیسلامی چەندین بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت، کە هەریەکە و لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە هەوڵیداوە بابەتەکە شیکار بکات، لێرەدا بۆچوونی چەند بیریارێک بەنمونە دەهێنینەوە، کە لەو بوارەدا نوسینەکانیان کاریگەری لەسەر جیهانی ئیسلامی و کوردیش بەتایبەتی هەیە کە وەردەگێردراونەتە سەر زمانی کوردی و بونەتە جێگەی مشتومڕ ئەوانیش (عبدالله العروی) و (حسن حنفی) و (أدونیس محمد عابد الجابری) و...

عبدالله العروی، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور پێیوایە کە دوو جۆر مامەڵە هەیە یەکێکیان مامەڵەی سەلەفیانەیە کە تێروانینێکی تەقلیدیانەی هەیە بۆ کەلەپوور و لە بەرامبەریشدا تێروانینی سەرپێیانە هەیە کە ئەوەی لای پەسەندە و خزمەتی بۆچوونەکانی دەکات لە کەلەپوور هەڵیدەبژێرێت و ئەوی دیکە وەلادەنێت، بەڵام هەردوو بۆچوون لایەنی مێژوویی فەرامۆش دەکەن کە پەیوەستە بە پەرەسەندنی شارستانیانە و هزری، ئیدی ئەمەش لە رۆژئاوا بێت یان لە رۆژهەڵات، بۆیە پێویستە لە مێژوو نزیک بینەوە و بە ژیریی مامەڵە لەگەڵ کەلەپووری رۆشنبیریی و شارستانیەت بکەین تا بتوانین پێشکەوتن و دروستکردن دووبارە بنیاتبنێینەوە.

لە دیدێکی هاوشێوەی ئەمیشدا د.حسن حنفی پێیوایە کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو بۆئەوەی باش لێی تێبگەین، و بەشێوەیەکی هۆشیارانەش وەریبگرین تا لە حاڵی ئێستا تێبگەین، تا ڕەسەنایەتی بەرجەستە بکەین لەپێناو پێشکەوتن و گەشەسەندن، چونکە ئەستەمە کە جیاکاری لە نێوان ڕەسەنایەتی و مۆدێرنە و هاوچەرخدا بکەین هەردوک یەک یەکەن و پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوانیاندا هەیە.

بەڵام ئەدۆنیس پێیوایە کە پێویستە بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکرێت کە لێک هەڵبوەشێنرێت، هەروەها باش بژاردە بکرێت ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی مەنهەجی نوێ و هاوچەرخ و لە ڕێگەی خوێندنەوەی قوڵ و هۆشیارانە کە لەسەر بنەمای هەڵوەشاندن و دروستکردنەوە بێت و بگەڕێین بەدوای خاڵی گواستنەوە و گۆڕانکاری لەو کەلەپوورە مرۆڤایەتییە، ئەمەش بەرەچاوکردنی دووركەوتنەوە لە هەرچییەک کە پەیوەندی بە ئایین و پیرۆزیی و جێگری بەها و ڕەوشت هەبێت.

محمد عابد الجابری کە خاوەنی تیۆری (نقد العقل العربی)یە دەڵێت: سێ جۆر مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور هەیە، کە ئەوانیش ڕێگەی تەقلیدییە کە جەخت دەکاتەوە لە مامەڵەی کەلەپووریانە لەگەڵ کەلەپوور، ئەمەش مامەڵەی سەلەفیانەیە بۆ کەلەپوور کە تێڕوانینێکی هەڵەیە، چونکە تێڕوانینی سەلەفی بۆ کەلەپوور خوێندنەوەیەکی مێژوویی نیە، تەنها یەک تێگەیشتن بۆ کەلەپوور ئەبێت ئەویش خوێندنەوەی کەلەپووریانەیە بۆ کەلەپوور، بۆیە ناتوانین سوودی لێوەربگرین، چونکە کەلەپوور خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ڕێگەی دووەم تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسانە بۆ کەلەپوور و کارەکانی، ئەوانە یان تاکی ڕۆژهەڵاتییە کە هاوشێوەی ئەوان بیردەکاتەوە، ئەم تێڕوانینە بەوە جیادەکرێتەوە کە بیری ئیستعماری پیرۆز دەکات و دژایەتی عەقڵیەتی تاکی مسوڵمان دەکات، بۆ نمونە لەم بوارە دەبینین هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان دان بە فەلسەفەی ئیسلامیدا نانێن، یان بیری سۆفیگەری و (علم الکلام) لە مسوڵمانان دووردەخەنەوە بەوپێیەی عەقڵییەتی تاکی مسوڵمان توانای بەرهەمهێنانی ئەو بابەتەی نییە، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسان هەر لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەوتنە پارێزگاری کردن لە ناوەندێتی ئەوروپا تا بیکەنە بناغە و بنەمای پێشکەوتن و زانستەکان و بەم جۆرەش خوێندنەوەی ئەوروپیانە بۆ کەلەپوور باڵا دەست بوو.

ڕێگای سێیەم: لەمامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور بریتییە لە ڕێگەی مارکسی، کە پشتدەبەستێت بە تێڕوانینی ماددی بۆ مێژوو لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کەلەپوور، ئەمەش بریتییە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانە بۆ کەلەپوور، کە ئەمیش بۆخۆی لە چوارچێوەی ناوەندێتی ئەوروپی بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی کەلەپوور ڕۆڵ دەگێڕێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تێڕوانینی ڕۆژئاوایی و مارکسی و لیبراڵی بەتەواوی بەسەر گێڕانەوەی کەلەپووردا زاڵە کەم تا زۆر بابەتەکانی

**تێڕوانینی ڕۆژئاوایی و مارکسی و لیبراڵی بەتەواوی بەسەر گێڕانەوەی کەلەپووردا زاڵە**

# گەلانی پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەت هەمیشە شانازی بە کەلەپووری خۆیانەوە دەکەن

فەرامۆشکراوە، تا شارستانیەت و بیرکردنەوەی ئەورووپی بسەپێنن و تاکی رۆژهەلاتیش هەمیشە وەک مرۆڤێکی نمرە دوو بێت تا بە ئاسانی بەسەریدا زاڵببن، بەمجۆرەش بیر و هزر و کەلەپووری رۆژئاوایی بسەپێنن.

### سێیەم/ بە ئایدۆلۆجیا بینی کەلەپووری کوردی:

کورد خاوەنی پاشخانێکی گەورەیە لە کەلەپووری مەعریفیی و نەتەوەیی و تەنانەت ئاینی و زمانەوانی و کەلوپەل و خواردن و پۆشاک و دابونەریت و چەندان رێو شوێن و تایبەتمەندی گرنگ، کە کەم تا زۆر بەشدارە لە پرۆسێستی کەلەپووری جیهانی و بەمەش توانیویەتی شوناسێکی جێگیر بۆ خۆی دیاری بکات، لە هەڵسەنگاندن و تایبەتمەندێتی و دروستی نازناوی خۆی، ئەم تایبەتمەندییە مەعنەویی و ماددیەش لە کەلەپوور سەردەمانێکە لەلایەن خەڵکانی دیکەی ناکورد هەستی پێکراوە ئیدی وەک پیاداهەڵدان بێت یان پێداکێشان و زەمکردن باسیان لێوەکردووە، بۆ نمونە سیفەتی شەڕەنگێزیی و توندڕەوی و ئازایەتی لە ساڵی (٤٠١)پ.ز کەسایەتیەکی وەک (زەینەفۆن) ی یۆنانی ئەسپارتی کاتێک بەخۆیی و سوپاکەی بەم ناوچەیە تێپەردەبێت باس لە ئازایەتیی و لێوەشایی سەربازیی و توندوتیژی کورد دەکات لەکاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە کە چۆن هەرا بە سوپاکەی دەکەن، هەرئەمەش دواجار دەبێتە کەلەپوورێک و پاش سەدان ساڵ دەبینین هەمان ناسنامە بۆ کورد دەبڕێتەوە، گێرانەوەکانی ئەم کەسایەتییە لە کتێبی (ئانا باسیس) دەبێتە کەلەپوورێکی دیار و ئیدی کوردی پێ دەناسرێتەوە، تا کار دەگاتە ئەوەی لە سەدەکانی دواتر و لە سەردەمی ئیسلامی ئەم بابەتە دەچێتە ناو راڤەی قورئان و لە تەفسیری (ابن الكثير) لەباسی ئایەتی **(سَتُدْعَوْنَ إِلَى قَوْمٍ أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ)** دەڵێت مەبەست پێی کوردە، یان (امام السيوطي) لە کتێبی (حسن المحاضرة)دا دەڵێت: خوای گەورە غیرەتی کردووە بە دە بەشەوە و نۆبەشی داوە بە کورد، دەبینین ئەم بابەتە بووەتە کەلەپوورێکی مەعنەویی و هەمیشە و تائێستاش لەنێو کورد بەردەوامی هەیە.

پاش هاتنی ئیسلام و ئاوێتەبوونی کورد بەم ئاینە بەدرێژایی مێژووی ئەم ئاینە مێژوو کوردیش تێکەڵ بووە، دیسان هەزار و چوارسەد ساڵە کەلەپوورێکی دەوڵەمەند و دانسقە لەگەڵ ئەم ئاینە گرێدراوی هەیە، کە فەرامۆش کردنی دەکاتە فەرامۆشکردنی بوونی نەتەوەیی کوردیش لەلایەکی دیکەوە، چونکە تەنانەت هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکەکانی کوردیش لەگەڵ بابەتەکە ئاوێتەبووە، کەچی لێرەو لەوێ دەنگی ناساز و نادروست هەیە بۆ لەناوبردنی ئەم کەلەپوورە یان باس نەکردنی یان لێکنەدانەوەی بەوپێیەی جێگەی شەرمە و پڕە لە کەموکورتی، یان هۆکارە بۆ دواکەوتنی نەتەوەیی کورد و دواکەوتنی لە شارستانیەتی! یان بیدعە و زیادەڕەویە و پێویست نیە و لادانە لە ئەسڵی بابەت، دیدێکی ئایدۆلۆجی وشک بە هەردوو بەری دوور لە دین و سیکۆلار و یان پێچەوانەکەی توندڕۆی ئاینی کە هەمیشە لە دژی کەلەپوور دەدوێن و کەم تا زۆر ململانێیە لەگەڵ پارێزەرانی کەلەپووری کوردی.

ڕەنگە ئێستا لە هەموو کات زیاتر کەلەپوور و بابەتەکانی بووبێتە جێگەی مشتومڕ و لێدوانی ناوەندە هزرییەکان و هەمیشە قسە و بابەت و ڕەخنە لەمبارەیەوە دەگیرێت، کەلەپوور بە زیادە و تەپوتۆز دادەنێرت و دەگوترێت: پێویستە پاک بکرێتەوە و بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی بابەت، ئەمەش کاریگەری قوتابخانە ڕۆژئاواییەکانە بە پلەی یەکەم و پاش ئەوانیش قوتابخانە ئایدۆلۆجیا عەرەبیەکان و سیکۆلارەکان و مارکسییەکان کە باسکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامی، بەهەمان ڕەنگ و تایپیش گواستراوەتەوە بۆ ناو کورد و لێرەو لەوێش لەبارەیانەوە قسە و لێدوان هەیە.

لە دیدی هەندێک نووسەری کورد، کەلەپووری کوردی کراوەتە دێوەزمەیەک و نزیک بوونەوە لێی وەک تاوان و زیانێکی گەورە دەبینرێت، هۆکاری ئەمەش پاشخانی ئیسلامی و تێکەڵبوونی ئەم کەلەپوورەیە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام، باسکردن لەلایەنی باشەی کەلەپووری کوردی هەمیشە ڕووبەڕوی ڕەخنە و کۆنەخوازی دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زیندووکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کوردی لە ئێستادا و دەستپێوەگرتنی بایەخێکی زۆری هەیە، پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی دروست بایەخ بە کەلەپووری میللی بدرێت و زیندوو بکرێتەوە چونکە:

١- شوناسێکی تایبەت دەدات بە گەل و نەتەوەی کورد و جیای دەکاتەوە لە گەلانی دیکە، بەمەش کورد دەخاتە ڕیزی گەلانی خاوەن شارستانیەت و مێژوو، لێرەوە دەتوانرێت پێشکەوتن بە ئەزموونەکانی ڕابردوو بەرجەستە بکرێت.

٢- بەشدارییەکی گەورە دەکات لە کەڵەکە بوونی مەعریفەی گشتی بەتایبەت لەو پاشماوانەی کە لە زانستەکان جێ ماون، کە دواجار سوودی گەورەی دەبێت نەک تەنها بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیش بەیەکەوە.

٣- کەلەپوور بناغەی پێشکەوتن و دروستبوونەوەی شارستانیەتە و هەرگیز ڕێگرنییە لە بەردەمیدا، گەلانی پێشکەوتووی خاوەن شارستانیەت هەمیشە شانازی بە کەلەپووری خۆیانەوە دەکەن و بەرز ڕای دەگرن.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین، کەلەپوور پاشخانێکی گرنگی مرۆڤایەتییە و هەروا بە سانایی و لەخۆوە دروست نەبووە، بریتییە لە کەڵەکەبوونی ئەزموون و ماندووبونی چەندان جیلی پێشوو، بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی شایستەی لەگەڵدا بکرێت و بە لۆژیکیانە لێی بڕوانرێت و خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت، ناکرێت تەنها لە یەک گۆشەنیگای تەسکی ئایدۆلۆجیانە لێی بڕوانرێت و خوێندنەوەی ئایدۆلۆجیانەی بۆ بکرێت و ئەوەی لەگەڵ فیکر و بۆچوونی سەردەم نەگونجا لێی لاببرێت و هەمیشەش بە کەموکورتی لێی بڕوانرێت، هەروەک ناشکرێت هەمووی بە ڕاست و دروست و بێ خەوش وێنا بکرێت. پێویستە ئێمە خوێندنەوەیەکی شیکاریی ورد بۆ کەلەپوور ئەنجامبدەین تا وەک ئەزمونێکی مرۆڤایەتی مێژوویی باش لە خراپ جیابکەینەوە، کەلەپوور هەڵوێستی بەرز و ئازایەتی تێدایە هەروەک هەڵوێستی نالەبار و ناجۆر و شکستیشی تێدایە، کەسایەتی مەزنی خاوەن هەڵوێستی بەرز و زانستی تێدایە و لە بەرامبەریشدا چەندین کەسێتی ناجۆر و نەگونجاوی تێدایە، بۆیە پێویستە شیکارییانە بەدوای هۆکارەکان بگەڕێین، ئەمەش تەنها بە خوێندنەوەی بێلایەنانە دەبێت، پێویستە ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە کەلەپوور پیرۆز نیە ئەوە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و بیروبۆچوونیانە سەبارەت بە ژیان و ئەزموونی ڕۆژانەیان و

بەکارهێنانی کەل و پەلیانە، بۆیە دەکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، بەڵام ڕەخنەی دروست و بەچاوی سەردەمی خۆی، واتە ناکرێت من بە چاوی ئەمڕۆ ڕەخنە لە دیاردە و ئاراستەکانی کەلەپوور بگرم کە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بۆچی وەک ئەمڕۆ بیرییان نەکردۆتەوە و گەورەترین هەڵەش ئەوەیە کە دادگایی مێژوویی کەلەپوور بکرێت بە شتێک کە لەو سەردەم بوونی نەبووە، جێگەی خۆشیەتی کە مرۆڤ شانازی بە ڕابردوو و کەلەپووری خۆیەوە بکات، چونکە ناسنامەی مرۆڤ ڕابردوو و پاشخانی کەلەپووریەتی کە داهاتووی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان


١- عبد الله العروي، مفهوم العقل، المركز الثقافي العربي، ط٢، ١٩٩٧.

٢- كمال عبد اللطيف « الفكر الفلسفي في المغرب » إفريقيا الشرق ٢٠٠٣.

٣- عبد الله العروي، الإيديولوجيا العربية المعاصرة، المركز الثقافي العربي، ط٢، ١٩٩٩.

٤- عبد الله العروي، مفهوم العقل، المركز الثقافي العربي، ط٢ ، ١٩٩٧.

٥- محمد عابد الجابري، الخطاب العربي المعاصر،مركز دراسات الوحدة العربية، ط٤، ١٩٩٢.

٦- محمد عابد الجابري، تكوين العقل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية ط١٩٩٤،٦.

٧- جورج طرابيشي، إشكاليات العقل العربي، دار الساقي، ١٩٩٨.

٨- علي حرب، خطاب الهوية، دار الكنوز الأدبية، بيروت، ١٩٩٦.

٩- محمد عابد الجابري، نحن و التراث، المركز الثقافي العربي، ط٦، ١٩٩٣.



# ئایدیۆلۆجیا و بەرگەکانی

## خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجی



**ئیبراهیم حاجی زەڵمی**
لەدایکبووی ١٩٧٢، زەڵم/ خورماڵ
ماستەر لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی قاهیرە(٢٠١٤).
خاوەنی (٣)کتێبی وەرگێڕدراو و (٧)کتێبی نوسراوە.

گومانی تیادا نیە بۆ قسەکردن لەسەرهەر پرس و دیاردە و بابەتێک پێشینەیەکی مەعریفی و دەست و پەنجە گەرمکردنێکی ئەزموونی و لەگەڵ ژیانێکی فیکریی و عەمەلی ئەگەرچی ڕاگوزەریی و سەرپێیانەش بێت گەرەکە، لەمەشدا ئەو بابەت و دیاردە و پرس و چەمکانەش چون یەک نین، بەڵکو بە ئەندازەی ئەبستراک بوونەوەیان و گەڕانەوەیان بۆ بیر و خەیاڵەکان و دوورکەوتنەوەیان لە بازنەی گێرانەوە و حەکایەت و ئەزموون ئەوەندە زیاتر ئەشکالیەتی خۆبەدەستەوانی مەعریفی و شوێن قسە لەسەرکردنی فەلسەفی و لەچنگرتنی پێناساندنیان هەیە بەدەرلەوەی پێویست بە توانای زانستی و هەبوونی پاشخانی مەعریفی شرۆڤەکاریشیان گەرەکە.

بەو مانایە بابەت و شتە مەعنەویی و فیکریەکانیش زیاتر لەمەیان دەوێت تاوەکو بابەتە ڕوخسارییە ماددیی و ئەزموونی و کردەییەکانیش، هەربۆیە کاتێک دێینە سەر بابەتێکی فیکریی وەک ئایدیۆلۆژیا بێگومان ئێتر گرانی و قورسیەکەی بەدەردەکەوێت بەوەی کە ئەم بابەتە دەست و دەمی وتن و قسە لەبارەوە کردن و مامەڵەکردنی مەعریفی و فەلسەفی لەگەڵی ناسانایە.

گەر کرۆکی بابەتەکەمان وەک پرسیار دابڕێژین، بپرسین ئایا ئایدیۆلۆژیا چیە؟ ئەوکات لەوێوە سەرەتەقییەکی مەعریفی بە گەڕان لە کونج و قوژبنەکانی ئەو وشە و پەیوەندی ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ ئاین و بەمەغزابوونی ئاین لە هەندێ بارودۆخدا بۆ ئایدیۆلۆژیا و پاشان ئەو لێکچوون، یان نەهاتنەوانەی ئەو دوانە لەگەڵ یەکتر سەرپێیانە لەم وتارەدا بخەینە بەرشەن و کەو.

پێشەکی جارێ بە ڕوخساری چەمکی ئایدیۆلۆژیادا خۆمان هەڵواسین تا بتوانین لە شوێنێکەوە گوزەرێکی سانا بۆ ئەو چەمکە و دەرەوەی بکەین.

ئایدیۆلۆجیا: Ideology ووشەیەکی لێکدراوی یۆنانیە و پێکدێت لە ووشەی (Idea) بەواتای بیر، لەگەڵ ووشەی (Logos) بەواتای زانست، گەر وەرگێرانێکی پیتی بۆ ئەم ووشەیە بکەین ئەوکات بە واتای «زانستی بیرەکان» دێت(١).

دیارە یەکەم کەسێک ئەم چەمکەی بەکارهێنابێت فەیلەسوفی فەڕەنسی ئەنتۆنیۆ دی- ترەیس (Antoine Destutde tracyy) (١٧٥٥ – ١٨٣٦) لە کتێبەکەیدا بەناوی(نەخشەیەک بۆ ڕەگەزەکانی ئایدیۆلۆجیا)، ترەیس مەبەست پێیوایە ئایدیۆلۆجیا زانستی بیر و تێفکرین بوو، یان ئەو زانستەی کە ئاستی دروستی یان هەڵەی ئەو بیرانەی کە مرۆڤ هەڵیگرتوون، ئەو بیرانەی کە لێیانەوە تیۆریا و گریمانەکان گەڵاڵە دەبن کە لەگەڵ پرۆسە عەقڵانیەکاندا دەگونجێن بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە(٢).

دواتر بەکاربردنی ئەم چەمکە واتای (زانستی بیرەکان)ی تێپەڕاند و چوویە خولگەی ئەو سستمە فیکریی و عاتیفییە گشتیەوە کە دەربڕی هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکە سەبارەت بە جیهان و کۆمەڵگە و مرۆڤ بێت. ئەم چەمکەش بەشێوەیەکی تایبەت پراکتیک کراوە بەسەر ئەو بیر و سۆز و ئەو هەڵوێستە سیاسییەی کە بنەمای کاری سیاسییە و بنچینەی جێبەجێکردن و ڕەوایی پێدانی کاری سیاسییە.

وەک وتمان چەمکی ئایدیۆلۆجیا نەیتوانی پارێزگاری لە واتای ڕاستەقینەی خۆی بکات، مانای نوێ و بەکاربردنی نوێی بۆ دروست بوو، بەتایبەتی فەیلەسوفانی ئەڵمانی ئەم چەمکەیان خواست و بەرگ و واتای نوێیان پێدا، دووریان خستەوە لەو خولیا و نەزعە هەستی و ماددییەی کە لە فەرەنسا بەباڵایدا کرابوو لە سەدەی نۆزدەدا، بەو پێیەی میتۆدێکی زانستیە، دەبێ خاڵی بێت لە میتافیزیکا، پاشان واتای نوێی وەک (سستمی فیکریی و بیروباوەڕی سیاسی، هزری بیرکردنەوە، هۆشیاری ساختە، دەمامک، دیدو جیهانبینی، مەعریفە)، یانی هەرکەسە و بەلای دەمی تەشوی

خۆیەوە شوناسی بە سەردا دا.

وەک دافید ماکلیلان(١٩٩٥) دەڵێت: دیارترینی ئەو چەمکانەی لە زانستە مرۆییەکاندا پێچ و پەنایی و گێرمە و کێشەی هەیە، چەمکی ئایدیۆلۆژیایە(٣)، ئەوەش پێدەچێت بۆ دوو هۆکار بگەڕێتەوە، بەپلەی یەکەم بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا خۆی لە پەیوەندیگرتنی نێوان تیۆر و پیادەکردن، چونکە ئەو مشتومڕ و جیاوازی تێگەیشتنانەی کە لە ڕۆڵی بیر و ئایدیاکاندا لە سیاسەتدا، پەیوەندی نێوان بیروباوەڕەکان و تیۆریاکان لەلایەک و جیهانی ماددیی و ڕەفتاری سیاسی و سیاسەتکردن لەلاکەی ترەوە وایلێکردووە. دووەم چەمکی ئایدیۆلۆژیا نەیتوانیوە خۆی بەدووربگرێت لەو بازنە ململانێیەی کە لە نێوان ئایدیۆلۆژیا سیاسییە جۆراوجۆرەکاندا بوونی هەبووە.

## دەتوانین لە چەمکی ئایدیۆلۆژیا چەند مانای جیاواز دەستنیشان بکەین لەوانە:

- نەسەقێکی بیروباوەڕی سیاسییە.
- کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی سیاسییە کە خاوەن ئاڕاستەیەکی بزواوە.
- بیر و ئایدیای چینی فەرمانڕەوایە.
- جیهانبینی گرووپێکی کۆمەڵایەتییە، یان چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە.
- بیروباوەڕێکی سیاسییە، کە خۆی لە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەیەک ، یان چینێک لە کۆمەڵگا بەرجەستە دەکات یان دەبینێتەوە.
- کۆمەڵێک بیر و ئایدیایە لای تاک لە بەرگ و چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، کە هەست بە لایەنگیریی و ئینتیما بۆ گرووپێکی پێ لەدایک دەبێت.
- کۆمەڵێک بیر و ئایدیایە، بەرگێکی فەرمی کراوە بەبەریدا کراوە، وەک ڕووپۆشێک بۆ ڕەوایەتیدان بەو سستمە سیاسییەی کە پەیڕەوی لێدەکرێت.
- ڕەوت و ڕێچکەیەکی سیاسی گشتگیرە، پڕوپاگەندەی ئیحتکاری ڕاستی دەکات.
- کۆمەڵە بیرێکی سیاسیی ئەبستراکتن و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە پلەیەکی باڵا بەرچاوخراون(٤).

دیارە ئایدیۆلۆژیا بۆخۆی بەرجەستەکردنی سیاقێکی شارستانیی و بەرجەستەکردنێکی بیری پێشکەوتوو پەرەسەندووی مرۆڤ و ئاوێزەبوونەوەی تێگەیشتنە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفانی قوتابخانە فەلسەفیەکانە، دیارە بە ڕەنگ و تام بۆنی ئەو ئاینە باڵادەستەی کە: ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە تیایدا دروستبووە یان ئەو شوێنەی کە هەوڵی بەرجەستەکردنی تیا دەدرێت لە دوو توێی واقیعێکی سیاسیدا.

ئایدیۆلۆژیا کاتێک بەرگێکی سیاسی بە باڵایدا برا، کە ناپلیۆن ڕوخسارێکی سیاسی پێداو وەک ئاماژەیەک بۆ تێفکرینێکی هزری دوور لە واقیع کە لەلایەن ئەوانەی وەک بەربەست دەیبینین لە بەردەم دروستکردنی ئەو ئیمپراتۆریەیدا لە خەونیدا بوو، کردبوویە هەوێنی هەوڵەکانی. پاشتر ئەم چەمکە لەبری ئەو بیر و سۆز و هەڵوێستە سیاسیانە بەکاربرا کە کرابوونە بنەمای کاری سیاسیی و بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنی و شەرعیەت پێدانی. بۆ نمونە دەوترێت فلانە پارتی سیاسی هەڵگری فلانە ئایدیۆلۆجیایە، مەبەست لێی ئەو ئایدیایەی کە کۆمەڵێک بەها و ئاکار و ئامانجی لەخۆگرتوە هەنگاوی پراکتیک کردنیان دەدات(٥).

ئایدیۆلۆجیەتی سیاسی ئەو ئایدیۆلۆژیایەیە کە کەسە سیاسییەکان و بیرمەندانی سیاسی بە ڕێژەیەکی باڵا پابەند دەکات بەخۆیەوە، کاریگەری لەسەر گووتە و ڕەفتاری سیاسییان دەبێت کە بەتەواوی چوارچێوە بۆ کێشی پەیوەندییە

سیاسییەکانیان لەگەڵ دەستە و ڕەگەزەکانی تردا دەبێت.

ئەو ئایدیۆلۆژیا سیاسییانەی کە دەستە و ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە هەگبەیان ناوە، بەردەوام پێکدادانیان دەبێت، هەندێکیان بە شێوازی نەرم و چاکسازی و هەندێکی تریشیان گەرم و شۆڕشگێرانە بەو ئامانجەی کە بارودۆخی کۆمەڵگە بگۆڕن، بەڵام هەموو ئایدیۆلۆژیاکان لە خاڵێکدا لەیەک دەچن ئەویش بەکاربردنی ئەو ڕێوشوێنە سۆزاویی و سروشتە دیماگۆجیەیە کە بەکاری دەبەن و توانای بزواندنی جەماوەری هەیە.

هەموو ئایدیۆلۆژیەکی سیاسی لە هەوڵی ئەنجامدانی یەکێک لەم سێ خاڵەیە کە دواتر ئەم هەوڵ و هەنگاوانەی کە دەیکاتە ئامانج و کاری بۆ بەجێگەیاندنی یەکێک لەم سێ خاڵە لەو سستمە سیاسییە باڵادەستەی کە ئەو کاری تیا دەکات، دەبێتە شوناسێک بۆی یان هیچ نا جیاکاری ئەو لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکانی تر ئەو سێ خاڵەش ئەمانەن:

یەکەم: پاساو هێنانەوە و پشتیوانیکردنی ئەو سستمە سیاسییەی کە هەیە و پشتیوانی دەکات.

دووەم: چاکسازیی و دەستپیاهێنانێکی ڕێککاری بە سستمی سیاسی ئامادەبوودا.

سێیەم: گۆڕانکاریی و ڕیشەکێشکردنی ئەو سستمە سیاسییەی باڵادەستە و دواتر لە جێدانانی و جێگیرکردنی ئەوەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی و بەدەستیەوەیەتی.

## سەردەمی پێش ئایدیۆلۆجیا:

ناتوانین ئەو چەمکە هەر لەخۆمانەوە بەکاربهێنین ئەگەر بیری ڕەخنەگری (بیری سەدەی هەژدەیەم) ڕەتبکەینەوە، بیری پێشینەی سەدەی هەژدە چەمکی ئایدیۆلۆجیای دانەهێنا، چونکە ئەو هیچ پێویستییەکی پێی نەبوو.

## یەکەم: میراتی ئەفلاتوونی:

لەکاتێکدا لێکدژی نەهاتنەوەیەکی تەواو لەگەڵ بیر و واقیعدا سەریهەڵدا، فەلسەفەی یۆنانی هاتە مەیدان بۆئەوەی ئەو لێکدژیی و نەهاتنەوەی واقیع و بیر و ویژدانە ڕۆشن بکاتەوە، جا ئەوەیە یان ویژدان و بیر ناتوانن وێنایەکی ڕۆشنی واقیعی ڕاستەقینە بن (یان ئەوەیە خەلەل لە هەستەکاندا هەیە، یان نەخێر لەواقیعدا خەوشێک بوونی هەیە) یان هێزێکی دەرەکی لە توانابەدەر ویستی تێکدانی هەیە. هەربۆیە فیکر و فەلسەفەی یۆنانی لە سەردەستی ڕابەرەکانی فەلسەفە وەک سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ، دەبینین چەندە ناتەبابوون لەگەڵ ئەو واقیعەی تیایدا ژیاون و لە هەگبەی فیکریی و خەیاڵدانی خۆیاندا چۆن خەریکی نەخشە و پلانی گۆڕانکاری بوون بەوەی واقیع و بیر بەیەکتر ئاشت بکەنەوە، گفتوگۆکانی سوکرات گەواهیدەرێکی ڕاست و یۆتۆپیاکەی ئەفلاتونیش نمونەیەکی زیندووە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان.

## دووەم: میراتی ئیسلامی:

هەندێک وای دەبینن کە کاتێک ڕاستەقینەیەکی خودایی کەوتە دەست کەسانێک کە مەرامی خودی ئینسانی و شەهوانی و پێگە و پلەی دنیاییان تێکەڵ کرد، ئیتر دەست بۆ ڕێچکە و پەلوپۆ بچووککردنەوەی ڕاستەقینەکە دەکەن و وابەستەی دەکەنەوە بە خەم و مەرام و هەوەس و ئەو خەونانەی کە لە پشت ئەو بانگەشە ڕاستەقینەیەی کە بە تەئویلە خەیاڵییە مایل بە خواستە دنیاییانەی خۆیان کە بە عورفێک و کلتوورێکی نەهاتووەوە لەگەڵ ڕاستەقینەکە بۆیاخی دەکەن و واتای بەرژەوەندی ئاینیی و دنیایی تێکەڵ دەکەن، ئیتر ئاینیی هەڵگری ڕاستەقینە کە ڕەحمەتوللعالەمینە بەرتەسک دەکرێتەوە و دەچێتە پەراوێز و دیندار و گوتار و ڕەفتاری

دیندار دەبێتە سەرتۆپی ئایندارێی و بۆخۆی ئەو ئایندارییەش ملکەچی مێژوو ئەزمونێکی مرۆیی دەبێت و ئەو مێژووەش دواجار دەبێتە پیرۆزیی و ئەو پیرۆزیەش شوێن پیرۆزییە ڕاستەقینەکان لێژ دەکات و دەیانکاتە پلە دوو، ئیتر ئەوکات ئەوەی بەرچاوان دەخرێت سێبەری ڕاستەقینەکەیە و ئەوەی لەواقیعدا دەگوزەرێت دەرهاویشتەی دینداری بەناو دیندارەکانە، لەمەشدا تاقم و دەستەکان بەپێی فراوانبوونی دەستەی دیندارەکان زیاتر و فراوان دەبن، مەزهەب و ڕێچکەیەکی شێوە ئایدیۆلۆجی سەرهەڵدەدات کاتێک پیرۆزیی و وابەستەیی دەچێتە ناو ژیانی ئایندارێی وابەستە بەئایندارە پێشەنگەکانی تاقمەکانەوە و دواجار ئەوانیش دەنیشنە سەرتەختی دەسەلات و دەکەونە گیانی نەیارەکانی یەکتر.

ئەمەیە جیاوازی بیر و واقیع بەتەوای بەدەردەکەوێت کاتێک بینرا تاقمەکان هەستان بە تەئویلکردن و شرۆڤەی تاکە حەقیقەتێ لە قورئانی پیرۆز بە تەئویلی هەمەچەشنە. ئەمە ئەو سەرەتایە بوو کە ئیماندارەکانی شوێنکەوتەی یەک ئاینی کردە دوژمنی یەک و کەوتنە بەرگیانی یەکتر، چونکە بەرژەوەندی کەسی و تاقمی وابەستە بە ڕێچکەیەکی تایفی(شێوە ئایدیۆلۆجیا)، شوێنگەی خەمی ئیمانی و خەون و مەرامی ئاینی ئینسانی شمولی خستە پشت کەنوڵانەوە. دەست بەرزکردنەوەی ئیماندارەکان لە یەکتر و سەنگەرگرتنی هەمەچەشنەیان لەیەکتر دەگەڕایەوە بۆ دەمارگیریی مرۆڤ و ملکەچ بوون بۆ بانگەوازی لێکدژی بەڵگەیی کە پرسێک بوو هیچ لۆژیکیەتێکی تیانەبوو، لەبەرئەوەش هیچ بەرامبەربوونەوە جەلەحانەیەکی کەلامی سودی نەدەبوو، هەریەکەیان دەیویست لە دەسەلات نزیک بکەوێتەوە و ملی بەرامبەرەکەی بدا بە چەقۆدا. تەنانەت غەزالی هەستی بەم ڕاستییە کردبوو دەیوت: چونکە دەرەنجامی ئەو چەلەحانییە تەنها دوژمنایەتی و پەرش و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵگەی لێ بەرهەم دەهات، غەزالی داوای وابوو کە دەسەلات دەستوەرداتە ئەمەوە و لای خۆیەوە و لە ناوەوە ڕیشەکێشی بکات. عەزالی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو بەڵگەکاریی و قسە و چەلەحانە بێ مانایە هەریەک لەسەر ڕاستی ڕێچکەکەی عەقڵ و بیروباوەڕ دەکاتە دەرەوەی مرۆڤەوە. ئەو پێی وابوو هەمووی دوکەوتنی شەیتان و لەخشتەبردنی ئەو بوو بۆ ئەوان(٨)، بۆیە غەزالی بەرگیری کرد لەوەی کە تەسەوری چەمکی ئایدیۆلۆژیا بکات بەهۆی گریمانەکردنی ئەو بەوەی کە ئەوە دەچێتە ژێر لەخشتەبردنی شەیتانەوە.

# ناکرێت ئاینە ئاسمانییەکان وەك بیروباوەڕی سیاسی (ئایدیۆلۆجیا) تەماشە بکرێن

## سێیەم: پرۆژەی فەلسەفی ڕۆشنگەری

دیارە سەدەی هەژدەیەم سەردەمێکە کە ململانێیەکی توند لە نێوان کەنیسە و فەلسەفەدا بوونی هەبوو، هەریەکە لای خۆیەوە ئەوی دی تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە خەریکی پیلانگێرییە بەرامبەر مرۆڤایەتی و هەریەکەیان ئامانجێکی نائەخلاقی لە پشت کار و کردە و نیازەکانیەوە هەیە. بەڵام فەیلەسوفانی ئەم سەردەمە پەنجەیان بۆ پیلانی شەیتان و گریمانەی لەخشتەبردنی شەیتان نەدەبرد، هەرچەندە دەستەواژەی تاریکییەکان تاقمی کەنیسە دەیان بەستەوە بەوەی کە لەگەڵیدا

# ئایدیۆلۆژیاکان لە خاڵێکدا لەیەك دەچن ئەویش بەکاربردنی ڕێوشوێنی سۆزاویی و دیماگۆجیە.

لەدایکبووە، بە دوورگیری لە گریمانەی شەیتان دەرگا کرایەوە لە بەردەم کۆڵینەوە لە بنەما و بنچی بیر و تێفکرینی نەهاتووەوە لەگەڵ واقیع ئیتر ئەو پرسیارە لەوێوە سەریهەڵدا چۆن بیربکەینەوە؟ چۆن دەتوانین ببینە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی درووست کە بەدەم ئەو واقیعە تاڵەی کۆمەڵگەوە بێت؟ پاشان ئەم پرسیارە گفتوگۆو مشتومڕی بەدووی خۆیدا هێنا و پرسیاری تری لێکەوتەوە، یەکەمیان چۆن بیربکەینەوە لە سنورێکی لۆژیکیدا، ئەوی تریان بەدووی ئەو شوێندانەر و کارتێکەرانەی بیردا دەگەڕا کە ئامانجی بوو ئازادکردنی کۆمەڵگە بوو لەو دەسەڵاتە پاشماوەی کەوا کە هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و عەقڵانی نەدەناسی. بۆیە فەلسەفەی ڕۆشنگەری ڕێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیا. بەڵام ئەو پرۆژەیەی ئاشکرا نەکرد تەنها لایەنێک نەبێت کە ئەویش لایەنێکی دیاری کێشەکە بوو کە کاریگەری بیری کۆن لەسەر بیری تاکەکان بوو، بەبێ گەڕانەوە بۆئەوەی کە ئەو بیرە کۆنە ڕیشەکەیان بۆچی دەگەڕێتەوە. بەهەڵوێستگیری ئەو سیانە کۆتایی دەهێنین بەوەی کە چەمکی ئایدیۆلۆجیا پەیوەندی ئۆرگانیکی بە کۆمەڵگە و مێژووەوە هەیە.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری بڕیاری ئەوەیدا کە بارودۆخ (سستمی کۆمەڵایەتی و بیرە کۆنە پشتاوپشتییەکان) بەرگیرێکن وەک ڕووپۆشێک لە بەردەم گەیشتن بە حەقیقەت. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی بیر و ڕۆشنگەری بڵاوبوویەوە گرنگیدان بە پرۆژەی (زانستی بیرەکان) بە چاکسازی بیر و ئاشکراکردنی ئەو وەهم و خەیاڵ پڵاویەی کە جوانی و پاکێتی بیری شێواندبوو. ئەوکات ئایدیۆلۆجیا بەواتای ئەو وەهم و خیاڵ پڵاویەی کە دەسەڵاتدارەکان قۆستبوویانەوە بۆ درێژەدان بە دەسەڵات و ستەمی خۆیان دەهات؟ ئەم بەکارهێنانەش بڵاوبوویەوە و گەشەی سەند بەو قۆناغەی کە بە مارکسیەت دەستی پێدەکەین.

بەکاربردنەکانی ئایدیۆلۆجیا لە سەردەمی هاوچەرخدا:

یەکەم: لە بواری گفتوگۆ و کێبەرکێبوونەوەی سیاسیدا: دیارە کەسی ئایدیۆلۆجی بۆ ئایدیۆلۆجیەتی تایبەتی خۆی وادەبینێ، وەک بیروباوەڕێک وایە کە شایستە بەدەربڕی وەفا و قوربانیدانە. کەچی لە ئایدیۆلۆجیاکەی بەرامبەریدا دەمامکێک دەبینێت گومانی بەردوامی وایە کە لەپشتییەوە نیازی خراپ و شەرەنگێزی هەیە. بڕیاری ڕاستی و ناڕاستی ئایدیۆلۆجیای سیاسی لەو گۆشەیەوە نادات و تەماشەی ناکات کە چەندە بە تەنگ واقیعەوەیە و خەون بۆ واقیع دەگوازێتەوە، بەڵکو ئەو لەسەر بنەمای چالاکیەکانی وەسف دەکرێت.

دووەم: لە بواری کۆمەڵگەدا لەگەڵ ڕۆڵە مێژووییەکەی ئەویش ڕۆڵی دەبێت و دەسوڕێتەوە: دیارە لەناو کۆمەڵگەدا ئایدیۆلۆجیا بەشێوەیەکی شاراوە و ناهۆشیارانە لە پشت بیر و کار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی خەڵکەوە دەبێت.

سێیەم: لە بواری ئەنتۆلۆجی: ئایدیۆلۆجیا دیاریکەری بواری ئەنتۆلۆجی مرۆڤە لە چۆنیەتی مامەڵەی لەگەڵ ژینگە سروشتییەکەی.

## چوارەم: هاوبەشی و تێکەڵی خاڵەکانی پێشتر لەگەڵ یەکتر.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەبێتە دەسمایە لە چەمکی ئایدیۆلۆجیا کە دوالیزمی(وەسفی و رەخنەیی) لەخۆگرتووە، هەردەم پابەندی دوو ئاستە: ئاستێک کە ئایدیۆلۆجیا لەسەری دەوەستێت و پێیوایە راستەقینەیە و رێک و هاتووەوە و تەریبە لەگەڵ واقیعدا و شیاوترین و گونجاوترینە بۆی کە ئەمە دیوە (وەسفیەکەیەتی).

هەرچی ئاستی دووەمە لێکۆڵەر لەسەری دەوەستێت کاتێک حوکمی لەسەردەدات بەوەی کە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بەشێوەیەکی راست ناتوانێت رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بێت (رەخنە و دیدی رەخنەیی دەتوانێت جیاکاری بکات لە نێوان چەمکی ئایدیۆلۆجیا و چەمکەکانی تر).

## ئاین و ئایدیۆلۆجیا:

بەوپێیەی بە ئایدیۆلۆجیا دەوترێت بیروباوەڕی سیاسی پارت یان حکومەت: کە دەتوانێت بە کۆمەڵێک پرانسیپی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و بەهای ئەخلاقی کە پارت یان حکومەت لای خۆیەوە دیاریان دەکات و چوارچێوەیان بۆ دەکێشێت، کە هەردوکیان لە هەوڵی چەسپاندن و جێبەجێکردنیانن جا بەسەپاندن بێت یان بەخواستیان یان هەردو شێوەکە پێکەوە پاشان لەسەر رۆشتنیان لەمرۆدا رووە و پاشەرۆژ. ئایدیۆلۆجیا وەک بیروباوەڕێکی سیاسی کە پارت یان حکومەتێکی دیاریکراو بەرهەمی دەهێنێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی، چونکە ئایدیۆلۆجیا بۆخۆی بەرهەم و دەرهاویشتەیەکی تیۆری هزریی و بیری ئەو بیرمەندانەیە کە بە بیرمەندی پارت و حکومەت ناسراون. هەرچی بیروباوەڕی ئایینیە کۆمەڵێک بیروباوەڕن کە کۆمەڵێک باوەڕیان پێی هەیە، ئەو بیروباوەڕانەش بە ویست و خواستی خودایی و بە سروش و لە کتێبێکی پیرۆزدا، هاتوون لەسەرئاستی گشتی و تەماشایەکی دادیانە بۆ مرۆڤەکان و بێ جیاکاری بە خەسڵەتی (رەحمەت و رەحمان) واتە سۆز و بەخشندەیی گشتی بێ جیاکردنەوەی تەنها تاقمێک و ئەوانی تر بۆ کەنار.. خودایی خودا چ لە سەرئاستی خەلق و پەیام(ئاین) و عەدلی شمولیە لەم جیهانەدا و رژدنیە بەوەی بەندەکانی جیابکاتەوە. ناکرێت ئاینە ئاسمانییەکان وەک بیروباوەڕی سیاسی (ئایدیۆلۆجیا) تەماشە بکرێن، بەڵکو ئەوانە بیروباوەڕی ئاینین، پەیامەکەیان پەیامێکی خودایی و جیهانی و رەحمەت و سۆزە بۆ گرۆی جیهانی، هەریەکەیان لە سەردەم و بۆ سەردەمی خۆی، بەتایبەتی ئیسلام لە رووی زەمەن و مرۆڤایەتیەوە نادیاریکراوە، ئەوەنیە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو یان فیئەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە و کۆمەڵێکیش ئیتر بانگەشەی ئەو فئەیە ( تائیفەیە..) بکەن و بەهەشت و بەزەیی خودا ئیحتیکار بکەن و لەملاشەوە دین و دەسەڵاتی دنیا بۆ ئەوان بێت و وەسیلەیەکی ئیستیغلال بێت. بۆیە دین بۆخۆی هەرگیز ئایدیۆلۆجیا نیە، ئەوە شوێنکەوتەکانی ئاینن (دیندارەکان) بەرگی بە دیندارییەکەیاندا دەکەن و دینداری ئایدیۆلۆجیانە بۆ خۆیان دەسازێنن، بۆیە ئەوە راستە، گەر بوترێت دینداری ئایدیۆلۆجی و دینداریی ئایدیۆلۆجیانە هەیە و ئیمرۆش دەیبینین!. بەڵام شوعییەت و سەرمایەداری چەندین نمونەی ئایدیۆلۆجیایان بەرجەستە کردووە، هەروەها ئەو پارتە سیاسیانەی کە هەڵگری بیر و ئاراستەی ئاینین دەیان ئایدیۆلۆجیای ئاینیان بەرهەمهێناوە، بەڵام لە بنچینەدا ئەوانە دینەکە نین وەک دین. ئەوانە تێگەیشتن و دەستبردنی مرۆیی ئەوانە بۆ دین وەک ئایدیۆلۆجیا نەک وەک دین، مادام دین لە مەرامی بەرتەسکدا بچووک دەکەنەوە!! شوێنکەوتووانی تری ئاین بەدەر لە رێرەوگرتنی هاوشێوەی رێچکەی ئەوان بە هەڵە دەزانن و دەمارگیرییان بۆ تاقمی تەنها خۆیان هەیە(٦).

ئایدیۆلۆجیا وەک خۆی بە گۆڕاویی و ناجێگیری ناسراوە یانی جێگیری ڕەها لای هیچ ئایدیۆلۆجیایەک بوونی نیە، بەڵکو سروشتێکی دینامیکی هەیە، چونکە پرۆسەی گەشە و گۆڕانکاری و وەرچەرخان و هەندێ جار ونبوون و دەرکەوتنەوەی سەر لەنوێی هەیە. ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخە جیاواز و گۆڕاوەکان و هەڵویستە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکان ڕوودەدات، بە زۆری ئەوکاتانەی کە کۆمەڵگەکان لە ڕاراییەکی ناوخۆیی و دەرەکی دەتلێنەوە لە شکڵ و شێوەی لادانی تایبەت لە ئایدیۆلۆجیای باو دەردەکەون، یان لە شێوەی گۆڕان لە بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، یان لە شێوەی ململانێ بەها تایبەت و بەها گشتییەکان و ڕاو ئاڕاستە جیاوازەکان دەردەکەوێت. دەگونجێت ئەو ڕاراییەش لە دەرەنجامی کارەساتە سرووشتییەکان، یان شۆڕشەکان یان بەسەرداران و داگیرکارییەکان و...هتد. لەم حاڵەتانەدا دەکرێت ڕەگەزی نوێ خۆیان بئاخنینە نێو نەسەقە ئایدیۆلۆجیەکەوە یان هەندێ ڕەگەزی لەدەستبدات یان لەکۆڵی خۆی بکاتەوە کە دەزانێت بۆ ئەو بارودۆخە نوێیە و لەگەڵ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نایەتەوە، یان چاکسازی لە هەندێکیاندا دەکات.

## بیری کارل مانهایم و ئایدیۆلۆجیای سیاسی:

کۆمەڵناسانی ئەڵمانی ناچاربوون بەوەی کە ڕەخنە لە گوتەزایەکانی مارکسیزم بگرن، دیارە دیارترینی ئەو ڕەخنانەش ئەمانە بوون:

١- تیۆری مارکس لەسەر بنەمای گریمانەی عەقڵانی داڕێژراوە، دیارە عەقڵیش تەنیا میکانیزمێکە و هیچی تر، هەموو بەرهەمەکانی دەچنە نێو ئەو ئامانجانەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئەودان.

٢- مارکسیزم وای دادەنێت کە ئایدیۆلۆژیا سەراپای چینایەتیە، بەڵام ئەو حوکمە بەسەر خۆیدا نادات کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پرۆلیتاریا چینێکی جیهانییە سەرەخۆرەی هەموو چینەکانی تر دەبێت. دیارە چینێکی جیهانی وەک پرۆلیتاریا و ئەو بانگەشەی یەکگرتنەی بۆ خۆی ئایدیالە و هیچ واقیعیەتی تیانییە.

٣- مارکسیە تەنها لە خزمەت چینێکی ئیشکەردایە، ئەویش لەنێو ئایدیۆلۆجیاکەیدایە.

بەم ڕەخنە لۆژیکیەیان کۆمەڵناسانی ئەڵمانی گەیشتنە ئەوەی کە بڵێن کۆمەڵگەی سیاسی گۆرەپانی بانگەشە و بانگەوازکارییەکە بۆ بەرژەوەندییەکان نەک گۆرەپانی ڕاستەقینە(حەق).

کارل مەنهایم تیۆرێکی زانستی سیاسی بە پاڵپشتی چەمکی ئایدیۆلۆجیا خستە ڕوو کە پوختەکەی لە کتێبی (ئایدیۆلۆجیا و تۆباوی) کە ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری سیاسییەوە هەیە ئاماژەیان پێدەدەین:

یەکەم: چەمکی ئایدۆیۆلۆجیای کرد بە چەمکێکی تەوەرەیی لە زانستی سیاسیدا، ئایدیۆلۆجیا سیاسیەکانی بەستەوە بە بەرژەوەندی ئەو دەستە و تاقمانەوە کە لە هەوڵی گەیشتن بە کورسی دەسەلات، و خەریکی ململانێن لەسەری. بەرژەوەندی لێرەدا واتای بەرژەوەندی ئابووری هەیە، (هەموو ئایدیۆلۆجیەکان بۆئەوەی شوێنکەوتە و لایەنگرییان بۆ دروست بێت و کاریگەربن، خۆیان وانیشان دەدەن کە ئەوان هەڵگری حەقیقەتی ڕەهان، بەرامبەرەکەشیان هەڵەیە و خەریکی درۆو دەلەسە و هەڵخەڵەتاندی کۆمەڵگەیە).

دووەم: مانهایم جیاکاری کرد لە نێوان دوو چەمکی تۆباویەت و ئایدیۆلۆجیا، ئەو پێی وابوو کە هەردوو وشەکە لە مانایەکدا کۆدەبنەوە ئەویش: دوورکەوتنەوەیان لە واقیع و کورتهێنانی هەردووکیان لەو پەیبردن و زانینی واقیع، بەڵام ئەوەی ئایدیۆلۆجیا لە دۆخێکدایە دەتوانێت پەیوەست بێت بە پێشکەوتنەوە، بەڵام تۆباوییەت پەیوەستە بە داهاتوویەکەوە کە جێبەجێبوونی نیە و تەنیا خەیاڵپلاویە، هەموو سستمێکی فیکری بەپێی بارودۆخە مێژووییەکەی کە تیایدا دەردەکەوێت

هەڵگری جۆرێک لە ڕەنگ و بۆی ئایدیۆلۆجی یان تۆباوی دەگرێت (تۆباوی بابەتێکی چینی هزرییە لە هەڵکشاندا خۆی دەردەخات کەچی ئایدیۆلۆژیا لە داکشانی چینەکاندا بەدەردەکەوێت).

سێیەم: بیرە ئایدیۆلۆژییەکان هەردەم دەربڕی بەرژەوەندی دەستە و تاقمێک دەبن، ئەو ڕێچکەیەی ناوزەند کرد بە (ڕوانگەیی) کە مەبەست پێی دەستە و تاقمێکی کۆمەڵایەتین، وایدەبینن کە کۆمەڵگە لە پێگەیەکی تایبەتدایە بەو بەرژەوەندییەکانی دیاری دەکات.

چوارەم: وای دەبینن ئەو ڕێچکەیەی ئەو دەستە و تاقمە ئایدیۆلۆجیە دایدەمەزرێنن ئازادی سنوردار دەکەن، هەردوو چەمکی تۆباوییەت و ئایدیۆلۆژیا لەژێر چەمکێکدا کۆدەکرێنەوە ئەویش هۆشیاری ساختەیە کە بەرامبەر هۆشیاری ڕاستەقینەیە.

پێنجەم: مەنهایم پرسیار دەکات کێ لەو ڕێچکەی تاقمە ڕوانگەیە دەردەچێت؟ ئەو پێی وایە ئەوەی لەگەردنیدا ئایدیۆلۆجیایەک هەبێت ناتوانێت بیرکەرەوەو ڕۆشنبیرێکی ئازاد بێت(٧).

لەوانەیە ئەمەش بێت کە چەمکی ئایدیۆلۆجیا بەردەوام بڕیارێکی نەرێنی و بێ بەهایی بەسەریدا دەدرێت، بەردەوامیش شوێنکەوتووانی بە کەسانی بەرژەوەندخواز و بۆخۆ ویست و ئەنانی و کەمبڕست لە توانای دروستکردنی پەیوەندیی و کارکردنی گشتی دەدرێنە قەڵەم. ئەوەش دەرەنجامی ئەو ڕەفتار و کارانەیە کە پیاوانی سیاسیی و ئایدیۆلۆجی دەینوێنن و ئەنجامی دەدەن لە ئەزموونی حوکمڕانیاندا، چونکە مەرجەکانی تێپەڕاندنی ژیانی ڕۆژانە هەرگیز لەگەڵ بڕیارە پێشینەکان و پێشمەرجییەکان یەک ناگرنەوە، چونکە یەکەمینیان سرووشتێکی دینامیکی هەیە، لەکاتێکدا دووەمیان خولیایەکی دۆگمایی بەسەریدا زاڵە، بەگێژاوەکانی و وەحشیەتگەراییەکەیی و ڕژدییەکەی لە ئاست هەرچی واتای مرۆڤایەتی هەیە.

ئایدیۆلۆجیەتی مارکسی کە لە سەدەی ڕابردوودا گرمەی دەهات، بەو هەموو خولیا مرۆیی و دونیاگەراییەوە، کەچی لەسەر ئاستی واقیع و گەیشتنی بە پراکتیک بە پشتا کەوت، کە تەنانەت ئەوانەی هەلهەلەیان بۆ لێدەدا بۆئەوەی گوایە لە کاروانەکە دوانەکەون بەپەلە پشتیان تێکرد و بایاندایەوە بەلای سەرمایەداریدا !! لەکاتێکدا مارکسیەت لە ڕووی فەلسەفی و ئیستاتیکاو ڕاڤەکردنی دیاردەکاندا، پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەچاو هەموو ئایدیۆلۆجیەکانی تردا، بەڕای من خۆ ئەگەر بە ئۆپۆزسیۆنی بمایەتەوە بێگومان تەمەنی زیاتر و خولیاگەرانی زیاتر دەبوون و ئێمڕۆ زیاتر دەیتوانی بەگشتی لەمپەر بێت لە ئاست ئەو حەپەلوشکردنەی جیهان لەلایەن سەرمایەدارییەوە و ئەو چنگە خوێنینانەی (کە ئێمڕۆ بەناوی بازاڕی ئازاد و لەسەردەستی کۆمپانیای فرە ڕەگەزەکان و... جیهانگەراییەوە) خستووەتە گەردنی هەرچی بەهای ئینسانی و ئەخلاقی و ئاینی هەیە. هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتەکانیش بێگومان بەهەمان شێوە باشتر دەبوو لەم دۆخەی ئێمڕۆ توانای چاکسازی و خزمەتکاری بۆ مرۆڤ زیاتر دەبوو.

بێگومان هەموو ئەوانەشی بەناوی ئیسلامەوە ئایدیۆلۆجیەتیان داتاشیوە و لە قاڵبی تایفە و مەزهەبدا جێگیریان کردووە مەرامی دەسەڵاتگرتنە دەستیان هەیە یان کەوتونەتە دەستیان بێگومان ئەوانیش ئێمڕۆ سبەی هەر هارە دەکەن، عەرش و قورشیان بەرپێیان دەکەوێت، چونکە ئەو بەردەوامیەی ئەوان لە ڕێچگەرایی و ئەو پەیوەستییەی ئەوان بە مەزهەب و مێژووی تایفەگەرایی ئاینییەوە و لە خزمەت بوونی سوڵتە بۆ کۆمەڵێک ئاینداری بەرژەوەندیخواز، ئاینداری کردن بە جۆرێک کە لە خزمەتی ئەو کۆمەڵە و تایفە دیاریکراوە ئاینداردا بێت و بچێتە خزمەت بەرژەوەندیی و کورسی ئەوان و بکرێتە ماساوی بەردەم ئەوانەی بەهۆی گوایە دینەوە گەیشتوونەتە دەسەڵات، ئیتر درزی نێوانی بانگەشە و واقیع زیاتر دەبێت و دواتر بە پەتی درۆی ئایدیۆلۆجی و دیماگۆجی ئەوەیان بۆ

چارەسەر ناكرێت. چونكە قورسترین ئیستیغلالی مرۆڤ ئیستیغلالی پیرۆزییەكان و حەقیقەتە، یانی ئیحتیكاركردنی خوا و بەهەشت و بەزەیی خواو ڕاستەقینەی خودایە كە دەستەیەک یان تایفەیەكی ئاینی (شیعە، سوننە، عەلەوی،-سەلەفی، ئیخوان، سۆفی، تایفەی مەنسورە و چی چی.هتد) بەخۆی ڕەوا ببینێ و هەموو جیهان بكاتە دەرەوەی ئەو بازنەیەی كە ئایدیۆلۆجیستەكانی ئەو تاقمە بۆ خۆیان نەخشەیان كێشاوە، ئیتر دیارە ئەگەر ڕەحمەتی خوا بەشی تەنها یەک تاقم بكات و ڕژدبن لەشتێكدا كە خاوەنی نین؟!! دیارە ئەو تاقمەش بگاتە دەسەڵات ئەوە خێروبێری دەسەڵاتەكەیان كە لەچنگی خۆیانە چۆن ئەوانی تر دەگرێتەوە؟؟

دواجاریش ئەو دەقانەی خۆیان پێكردووە بە پێشەنگ و شایەن هەربۆ خۆیان دەبنە بەرگیر لە بەردەم خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەكان و نوێ نەبوونەوەی ئاین. پاشان پیرۆزكردنەكان لە خواو سەرچاوەی ئاینەوە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤەكان و قسەی ئەمان بەناوی ڕاڤەی دەقی پیرۆزەوە شوێنی وتەی ڕاستەقینەی خودایی دەگرێتەوە و وتەی مەرجەع و موفتییەكان دەچێتە ڕەفەی پیرۆزییەكەوە كە دەبێت مسوڵمان و ئیماندارانی بۆ قوربانی بدرێت. چونكە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بەرهەمەكەی تەنها دەچێتە خزمەتی كەس و بنەماڵە و تاقمێكی دەسەڵاتدارەوە، ئەو پەیوەندییە مرۆییانەی لەسەر بنەمای دینە ڕاستەقینەكە نراون ئاڵوگۆڕ دەكەن، دەستەواژەی نێو ئایەتە پیرۆزەكەی قورئان (يحرفون الكلم عن مواضعه) جێبەجێدەكەن، ئیتر ئەو زاهیدانە زۆر دەبن بەوەی مەجبوور بڵێن (الله انی اعوذ بک من الشيطان والسياسة)، چونكە دواجار ئایین لە ڕێكخستنەوەی پەیوەندیدا پێشەنگە! ئایین لەسەر هەموو ئاستەكاندا بۆ جوانكردن و ڕێكخستن و ڕێككردنەوەی پەیوەندییە ئینسانیەكان هاتووە، جا ئەو پەیوەندییە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بێت یان خۆی و خودا یان ئەو و خەڵكان بەگشتی.

بۆیە ئایین كاتێک لە ئایدیۆلۆجیا دەچێتە دەرەوە كە ئایین لە دیندار و مێژووی دیندارەكان جوێ بكرێتەوە، پاشان ئایین لەسەر ئاستی دینداری دیندارەكان مامەڵەی لەگەڵ نەكرێت، بڕیاردەری جۆری دینداری لە دەستی مرۆڤەكان بسەنرێتەوە، گەرنا ئایینی جیانەكراوە لە ( دیندار و دینداری) ڕووی دووەمی ئایدیۆلۆجیا دەبێت، چونكە ئەوەی ئەمرۆ شیعە یان سوننە یان ئەو تاقمانەی تر دەیكەن مێژووی دیندار و جۆری دینداری پێشینەكانە كە ڕێچكەیەكی مێژووییان دروستكردووە، بۆ خۆیان پیرۆزیی و لەسەر ڕۆیشتنیان لە ئاینەوە گواستووەتەوە سەر ئەو ڕێچكانە. بۆیە گەر وردبوونەوەی تەواو بكرێت بە ئاسانی ئەوە دەردەكەوێت كە ئاینی خودا سەرچاوەكەی كامەیە و ڕەواییەكەی تەنها لە قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەرەوەیە، ئەوانیش لەناو كام مێژووی دینداریی و ڕێچكەی كام دیندارەكانەوە ڕەوایی وەردەگرن، بۆیە سنوری ئیمان و ئیسلامەتییان تەنها جێگەی تایفەكەی خۆی تیادەبێتەوە!.

## سەرچاوە و پەراوێزەكان


١- رشيد عوبدة : الإيديولوجيا وسيط ضروري للفعل في التاريخ ، حيوار المتمدن..الانترنيت.

٢- محمد سبيلا، الإيديولوجيا، نحو نظرة تكاملية، الدار البيضاء، المركز الثقافي الغربي، الطبعة ١٩٩٢، ص ١١.

٣- اندروهيود: مدخل الى الايديولوجيات السياسة، ترجمة»محمد صفار» المركز القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠١٢، ص١٥.

٤- هەمان سەرچاوە، ص١٧-١٨

٥- ستيفن ديليو، تيموثي ديل: التفكير السياسي والنظرية السياسية، ترجمة ربيه وهبة، المركز الفومي للترجمة،٢٠١٠ قاهرة، ص٣٦..

٦- منير شفيق، الإسلام في معركة الحضارة، تونس، دار البرق للنشر، ط: ١، ١٩٩١، ص١٣٨-١٣٩.

٧- كارل مانهايم" الميتافيزيقا: العصر والإيديولوجيا" نقلا عن عبد السلام بنعبد العالي، الدار البيضاء، الشركة المغربية للناشرين المتحدين، ط: ١، ١٩٨١، ص ٤٩-٥٠.

٨- ابو حامد الغزالي: مقاصد الفلاسفة، تحقيق: اسعد جمعة، داركيرانيس للطباعة والنشر والتوزيع، المغرب العربي،

# کاریگەریی تێڕوانینی
# ئایدۆلۆژی
# لەسەر کەلتووری کورد



**تۆفیق کەریم ساڵح**
لەدایکبووی هەڵەبجە، ١٩٦٨. زانستە ئیسلامییەکانی لە سلێمانی تەواوکردووە. خاوەنی شەش کتێبی چاپکراوە. ئێستا سەنوسەری گۆڤاری (خاڵ)ە.



کورد لە پێشەنگی ئەو نەتەوانەیە کە زۆرترین زانا و ڕۆشنبیر و مێژوونووسی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام نووسین بە زمانی کوردی زۆر درەنگ هاتە ئاراوە، خوێندەوارانی کورد بە زمانە باڵادەستەکانی دراوسێکانیان لە عەرەب و فارس و تورک بابەتەکانی خۆیان دەخستە ڕوو.

سەرجەم ئەو نووسینانەش کە کورد بەو زمانانە نووسیویانە هەرچەندە بوارەکانیشیان جیاواز بووبێت وەک بواری: عەقیدە، شەرعزانی، مێژوو، ئەدەب، ... بەڵام لەبەرئەوەی نووسەرەکانیان دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکان بوون ڕەنگی ئاینیی بەو نووسینانەوە نەخشاون، ئەم حاڵەتە لە دوای پەیدابوونی نووسین بە زمانی کوردیش هەر بەردەوامبوو تا چەرخی بیستەم. بەڵام لە سەد ساڵی ڕابردووەوە دۆخەکە گۆڕا، نووسینی کوردی خەمڵیی و خوێندەوار و ڕۆشنبیری گەورە پەیدابوون، جگە لە ئیسلام هزر و ڕۆشنبیری دیکە دەرکەوتن، لەبری حوجرە و مزگەوتەکانیش خوێندنگە و زانکۆکان کرانەوە، وردە وردە ڕۆڵی مزگەوت و حوجرەکان لە پێگەیاندنی ڕۆشنبیراندا بەرتەسکبوونەوە.

لەو ساتەوە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو لەناو ڕۆشنبیراندا باڵادەستبوو و گەشەی دەکرد، کە تێڕوانینی نەرێنی لەسەر ئاین هەبوو، بە نەهامەتی سەر مرۆڤایەتی دەزانی، ئەم تێڕوانینە بوو بە ئاڕاستەکاری زۆرینەی ڕۆشنبیران و ئەوانیش هەتا ئەم دواییەش هەمان تێڕوانینیان لەسەر ئاین هەبوو، وەک فاروق ڕەفیق دەڵێت: «هێزێک هەیە کە کۆی چەند دەست و تاقمی (سیاسیی) و (فکریی) و (کولتووریی)یە، وا سەیری کێشەی کورد دەکات لەو دیدەوە کە نەهامەتی و ماڵکاولی و تراژیدیا و شکستەکانی کورد هەر هەموو لە ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو هێزەی پێیوایە کە ئەوە مسوڵمانبوونی کوردە کە بۆتە مایەی (دواکەوتنی) کورد، نقومبوونی لە ئاداب و نەریتە (کۆنەپەرستییەکان)دا، ڕێکنەخستنی ماڵی خۆ و نەتوانینی بەخود گەیشتن و چاو نەبرینە داهێنان، سەرجەم هەموو ئەمانە لە مسوڵمانبوونییەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوەی کە کورد ناتوانێ لە ئێستادا خۆی (مۆدێرنیزە)کات، بوون و عەقڵی (تازە بکاتەوە)، ئەوە ئیسلام لێی بەرپرسیارە، ئەوەی کە لە ڕابردوودا دەوڵەت و کیانی سیاسیی سەربەخۆی خۆی دروست نەکردووە، ئیسلام ڕێگر بووە، هۆی داگیرکردنی لەلایەن بێگانەوە، مسوڵمانبوونیەتی، لەنێو ئەم هێزەدا هەندێک دەستە و تاقم هەنگاوێک لەمە زیاتر دەڕۆن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە: کورد ئایین و شارستانیەتی خۆی هەبووە و لەلایەن ئیسلامەوە، (عەرەبە بیابانشینەکانەوە)، خاپوور کراوە. بۆیە ئەم هێزە ئامانجی هەیە (ئامانجە گەورە بریتییە لە گۆڕینی کورد لە موسڵمانبوونەوە بۆ موسڵمان نەبوون، جا کە موسڵمان نابێت هەر چییەک دەبێت با ببێت، کێشەی ئەم هێزە نییە).

(ئەم هێزە بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک کەس کە بانگەشە بۆ تازەگەریی دەکەن لەسەر مۆدیلی (خۆرئاوا) و دەیانەوێت ئەزموونی عەلمانیەتی خۆرئاوا لە ماڵی کوردیدا بە ورد و درشتییەوە دووپات بکەنەوە، کۆمەڵێک ڕۆشنبیر، بەتایبەت ئەوانەیان کە ئێمە ناویان دەبەین بە (خۆرئاوا پەرستەکان) و هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس کە لەنێو حیزبە کوردییە بەناو ناسیۆنالیستەکاندا سەریانهەڵداوە و ئەو ڕۆشنبیرانەش کە مارکسیی و کۆمۆنستین، لایەنە چەپەکان، لە پاڵ هەندێک سیاسەتمەداری کورددا سەرجەم ئەو هێزە پێکدەهێنن).

ئەم هێزە کە فاروق ڕەفیق وێنای دەکات زیاتر لە سەدەی ڕابردوودا باڵادەستییان لەسەر کایە کەلتوورییەکە هەبوو و جێپەنجەشیان بەسەر زۆر بەش و لقەکانییەوە دیاربوو، بۆیە بەڕێژەیەکی زۆر ڕابردووی کەلتووری کوردیان فەرامۆش

کرد و بەدەستئەنقەست بەهۆی باگراوندە ئایدۆلۆژییەکەیانەوە نەدەچوونە سەری، بەڵکو دابڕانێکی زەقیان دروستکرد و خۆیان لەقەرەی بابەتە کەلتووریی و کەلەپوورییەکان نەدەدا، ئەگەر بیانزانیبا بۆنێکی ئاینی لێوە دێت، تۆ سەرنجی ئەم گێڕانەوە تەنزئامێزە بدەن کە عەلائەدین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا بۆمان دەگێڕێتەوە و خۆی شایەتحاڵ بووە: (... کۆڕێک بووین، بڕیاربوو کە لیژنەیەک هەبێت لە کەلەپووری ئیسلامەتی بدوێ و بیهێنێتە ناوەوە، ئەو لیژنەیە بریتیی بوو لە شێخ محەمەدی خاڵ و یەکێکی تر و خاوەنی ئەم کتێبە (مەبەستی خۆیەتی)، یەکەکەی تر تۆزێ ملپێچی ئەکرد و پێی خۆش نەبوو بچێتە لیژنەیەکی واوە، لە ناو ئەو دانیشتوانەدا لەو شوێنە هەبوون، یەکێکیان مەسعوود محەمەد بوو، کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، هەڵیدایە وتی: خزمە من ئەبم، خۆ پیاو مسوڵمان بێ کافر نابێ.

هەر ئەو مەسعوود محەمەدەی سەجادی باسی ئەکات، لە سەردەمێکدا کە سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بوو، کتێبێکی مامۆستا محەمەد شارەزووری (ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا)ی بڵاوکردەوە، کەچی هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژیا باڵادەستە مەپرسە چ بەزمێکیان پێکرد و چەندین تۆمەت و ناوزڕاندنیان خستە پاڵی.

لەگەڵ ئەوەی ئەو کۆرە چەندین زانای ئاینیی تیایدا ئەندام بوون، لە نموونەی (مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ و مەلا عەلائەدین سەجادی)، کەچی بەمانەشەوە نەبوونە ڕێگری ڕەخنەبارانکردنی سەرۆکی کۆڕ کە نامیلکەیەک بڵاوبکاتەوە باس لەوە بکات بوونەوەر لە خۆیەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو بەدیهێنەرێک هێناویەتییە بوون.

ئەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژیایە تەنها نەبووە هۆی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی چەندین بەرهەمی گرنگی کەلەپووریی و فۆلکلۆریی و مێژوویی بایەخدار، بەڵکو بوو بەهۆی ئاوەژووکردنەوەی کۆمەڵێک ڕووداوی مێژوویی و ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کۆمەڵێک زانا و کەسایەتی مەزنی مێژوویی، تەنها لەبەر مێزەرە سپییەکەیان یان پێشگری شێخ و مەلا بەناوەکەیانەوە، لە نموونەی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، مەلا محەمەدی خەتێ، مەلا ئیبنو ئادەم و... هتد.

بەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژییە، یەکنەگرتنی میرنشینە کوردییەکانیان خستەسەر مەلا ئیدریسی بەدلیسی و ڕووخاندنی میرنشینی سۆرانیشیان دایە پاڵ فەتوایەکی هەڵبەستراوی مەلای خەتێ، بێ ئەوەی سەرنجی ئەوە بدەن ئەو جۆرە ڕووداوانە ناکرێت پەیوەستی تەنها هۆیەک بن.

ئەوانەی لەم ڕووداوانە ورد نەدەبوونەوە کەسانێکی خوێندەوار و شارەزا بوون، تەنها مامەڵە ئایدۆلۆژیایەکە نەیدەهێشت بەدواداچوونی زانستی بۆ دەرخستنی ڕاستێتی ڕووداوەکان بکەن، ئەگەرنا چەندین بابەتی کەمبایەختری وا هەبوون مشتومڕی دوورودرێژیان لەسەر دەکرد و سەرنجی وردیان هەبوو لەسەریان، بە نموونە، یەکەم چیرۆکی نووسراوی کوردی ئایا موستەفا سائیب نووسیویەتی یان ئەحمەد موختار جاف؟ یان شیعری:

**نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ**
**نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ**

چەندین جار لە گۆڤاری (بەیان) و ڕۆژنامەی (هاوکاری) موناقەشەی لەسەر بڵاودەکرایەوە، کە ئایا شیعری مەلا خدری نالییە، یان موستەفا بەگی کوردی. کەچی ئێستا و ئەوساش کەسێک لە و خوێندەوار و شارەزایانە نەیانپرسی ئەو پارچە چەرمە کوا و لای کێیە و چ شوێنەوارناسێک پشتڕاستی کردووەتەوە کە ساختە نییە، گوایە ئەم شیعرەی بەر لە هەزار ساڵی تێدا بڵاوکراونەتەوە

**هۆرمزگان ڕمان ئاتران کوژران**
**وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان**

**زۆرکار ئەرەب کردنە خاپوور**
**گونا و پاڵەی هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان وەدیل بەشینا**
**میرد ئازا تلی وە رووی هۆینا**
**رەوشت زەردەشترە مانەوە بێدەس**
**بە زیکا نێکا هورمزە وە هێچ کەس**

پرسیارکردنەکەش تێڕوانینی ئایدۆلۆژی رێگەی لێدەگرت نەک شتی دی!

بەڵێ ئەم تێڕوانینە و مامەڵە ئایدۆلۆژیاییە ئەو سنوورانەی تێپەڕاند و چنگی گەیشتە توێژینەوە زانستییەکان و لێکۆڵینەوە بابەتییەکانیش لە بوارە جیاوازەکانی کەلتووردا، تەنانەت هەندێکیان لەم تێڕوانینەوە سەرنجی سەرجەم کایەکانی دەدا و دەیکردە تەرازوویەک بۆ کێشانە و پێوانە.

ببینە پەندی پێشینان کە دەماودەم سەدان ساڵە لە باوباپیرانمانەوە بۆ وەچەکانیان دەگێڕێتەوە، لە تێزی دکتۆراکەی شوکریە رەسوڵدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت: (زۆربەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق راستەوخۆ لە ئەنجامی تاقیکردنەوە کۆمەلایەتیی و مێژووییەکانی گەلەوە پەیدا بوون و هەر ئەو تاقیکردنەوانەش یەکەم سەرچاوەیانن، تاکە رێگای لێکۆڵینەوەشیان رێگای زانستییانەی مارکسیزم ـ لینینزمە، کە ئەمەش بە روونکردنەوە و کردنەوەی باری کۆمەلایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمە پێکدێت کە پەندەکەی تێدا پەیدا بووە).

ئێمە کە دەڵێین کاریگەریی ئایدۆلۆژیا مەبەستمان هەموو جۆرە مامەڵەیەکە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا بێت و نایبەستینەوە بە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە، چونکە سەردەمێک کە ئەو ئایدۆلۆژیا چەپە باڵادەستبوو، کاریگەریی قووڵی بەسەر کەلتووری کوردەوە جێهێشت، دڵنیام ئەو کاریگەرییە نەرێنییەش بە ئاسانی ناسڕێتەوە.

لە دوای ئەوانیش کە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی سەریهەڵدا، بەشێک لە نووسەر و رۆشنبیرانیان نەیانتوانی ئەوانیش بابەتی و زانستییانە لە کەلتووری کوردی بڕوانن و مامەڵەی واقیعیانەی لەگەڵ بکەن. ئەوانیش لەبری ئەوەی وەک: ئیبن روشد، فارابی، ئیبن سینا، غەزالی، بێن مامەڵە لەگەڵ بیر و هزرە مرۆییەکان بکەن و پشتیوانی ئەرێنییەکانیان بکەن و موناقەشەی ئەوانی دیکەی بکەن و رێبازێکی نوێ دابهێنن، هاتن هەرچی تیۆرەی مارکس و فرۆید و داروین، سەرجەم زانایانی دیکەی ئەو بوارانەیە هێڵێکی چەپ و راستیان پێدا هێنان و سەرلەبەریان رەتکردەوە، هەرئەوەندەش نا، بەڵکو خاوەنی ئەو بیردۆزانەیان بە شێت و بە بەکرێگیراوی جوولەکە و ماسۆنیەت و نەشارەزا دەناساند و رسوایان دەکردن، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو کەسایەتییە کوردانەش کە بەو بیردۆزانە کاریگەر بوون لەکەدار دەکران و بەرهەم و نووسینەکانیان وەلا دەخران، ئەوەی کتێبی (کوردستان و ئیمپریالیزم) بخوێنێتەوە لە راستێتی ئەم داوایەمان دڵنیا دەبێتەوە، کتێبی ناوبراو بەناوی خوازراوی کۆمەڵەی غەمخۆری کوردەوە دەرچووە، بەڵام نووسەرەکەی کەسایەتییەکی دیارە و زۆرمان دەیناسین، ئەو کتێبە نەک رەواجی زۆری پێدەدرا، بەڵکو خزێنرایە ناو بەرنامەی رێکخستنە ئیسلامییەکانەوە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، کەسێکیشمان نەمانپرسی باشە سەرچاوەی ئەو زانیارییانە کامانەن کە لە کتێبەکەدا بلاوکراونەتەوە، کێ بوو ئەم قسەیەی لەسەر زاری سەرکردەیەکی چەپی کورد بیست: (ئەگەر کوردستانمان رزگار کرد ئەوا هەرچی قورئانە کۆیان دەکەینەوە و بەباری حوشتر رەوانەی عەرەبستانیان دەکەینەوە، با گوێدرێژی کورد ماندوو نەبێت!).

ئایدۆلۆژیستەکان دەیانویست کەلتوور وەها بێت کە ئەوان وێنای دەکەن، نەک خۆی چۆنە! رووداوەکان بەوشێوەیە بن ئەمان پێیان باشە نەک وەک ئەوەی کە هەیە، بۆیە دەستەبژێرییان لە گشت کایەکانی کەلەپوور و مێژوو و کەلتووردا بەگشتی

دەکرد، لە ئەنجامدا یۆتۆپیاکەیان لێ دەنەخشاند، ئاخر جگە لە کاردانەوەی ئایدۆلۆژیی چ لزومێک هەیە کەسێک ببێت بە پارێزەری هارونە ڕەشید یان ئەبو جەعفەری مەنسور یان دەوڵەتی عوسمانی و پاسا و بۆ هەڵە و ستەمەکانیان بهێنێتەوە؟

نموونەیەکی دیکە گەر ئاماژەی پێ بکەین کتێبی (کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا)، کە نووسەری بەتوانا و مێژوونووسی شارەزا مامۆستا حەسەن مەحموود حەمەکەریم لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا نوسیویەتی و تائێستا چەند جارێک چاپکراوەتەوە و دەیان هەزار نوسخەی لێ بڵاوبووەتەوە، ئەم کتێبە بە هەموو جوانییەکانیەوە کە دەیخوێنیتەوە دەبینیت سەرلەبەری بە نەفەسێکی ئایدۆلۆژییانە داڕێژراوە، شەڕ و شۆڕ و کوشتن و بڕین و بەرەنگاربوونەوە و توندوتیژیی و کاولکاریی، کە ئەمانە هەموو سروشتی جەنگن، لەو کتێبەدا زۆر دەگمەنن، کە (فتوحات) دەخوێنیتەوە لەگەڵ ئەو هەموو زانیارییانەدا، بەڵام هەست دەکەیت کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو تانەوتەشەر و زیادەڕەوییانە کە زیاتر لە نیو سەدەیە دژ بە فتوحاتی ئیسلامی کراوە.

بەڵێ ئەم تێڕوانینە ئایدۆلۆژییە سیاسییە، بووە هۆی کەڵکوەرنەگرتنی ئیسلامییەکان لە کەلەپوور و بەرهەمی زانایانی کوردەواری، لە نموونەی: مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، کاک ئەحمەدی شێخ، مەولەوی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس، شێخ محەمەدی خاڵ و....هتد، دەچووین لەبری سوودوەرگرتن لە (شەریعەتی ئیسلام) و (تەفسیری نامی) مەلا کەریم و (تەفسیری خاڵ)ی شێخ محەمەدی خاڵ، هەر لەبەرئەوەی خاوەنەکانیان بەشێک نەبوون لە جموجوڵی ئیسلامی سیاسی، دەچووین (فقه السنة) ی سید سابق و (في ظلال القرآن)ی سەید قوتبمان دەکرد بە بەرنامەی پەروەردە کردنی ئە ندامانمان.

## ئەنجام

نموونە هێنانەوەمان بەو دوو ئایدۆلۆژیایە مانای ئەوە ناگەیەنێت تەنها ئەو دوو ئایدۆلۆژیایە بوونیان هەبووە، بەڵکو دەکرێت بڵێین جێپەنجەی ئەو دووە بە کەلتووری کوردییەوە و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە ڕوونتر دیارن، ڕەنگە بکرێت لێکەوتەکانیان لەسەر کەلتووری کوردی لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- پشتگوێ خرانی سامانێکی قەبەی مەعریفی کەلەپووری زانایانمان، کە بەدڵنیاییەوە بەشێکیان بەیەکجاری فەوتان ئەگەر مشووریان بخورایە تیانەدەچوون، بەشێکیشیان سوودیان لێوەرنەگیرا و تەنها وەک سامانێکی کەلەپووری نەک مەعریفی ماونەتەوە، لە نموونەی (العقيدة المرضية)ی مەولەوی و قەسیدەی (بەحری نوری) مەحوی و زۆری دیکەش.

٢- بایەخ نەدان و بە بچووک نیشاندانی زۆر لە زانایان و کەسایەتییە مەزنەکانی کورد، کە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە و کاریگەرییان لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە، بەڵکو تیایاندا بووە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیش هەبووە، ئەو هەوڵانەشیان کە بۆ خزمەتی میللەتەکەشیان داوە باس نەکراوە و بە فەرامۆشکراوی ماوەتەوە، لە نموونە هەوڵەکانی زانای گەورە مەلا سەعیدی کوردی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و ئەو گیانە کوردایەتییەی کە لەو سەردەمەدا لە ناخی زانا و پێشەوایەکی جیهانی وەک نەورەسیدا بووە، بەڵام هەر باسیشی نەکراوە، کەچی باس لە ڕۆڵی مەزنی لەیلا بەدرخان دەکرێت کە یەکەم سەماکار(راقصە)ی کورد بووە لە یانە شەوانیەکانی فەڕەنسادا، سەمایەکی لێهاتووانەی کردووە و ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی فەڕەنسی لە سییەکاندا بە بایەخەوە ئەم سەروەرییانەیان تۆمارکردووە.

هەروا باسنەکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی

ئیینوئادەم و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، یان گەشتە تورلانییەکەی مەولانا خالید بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک لەو دواکەوتوییەی کۆمەڵگە تیایدا نغرۆ بووە و گەڕانەوەی بە سەرکەوتوویی و دۆزینەوەی چارەسەر، زۆر کەسایەتی دیکەش.

٣ـ ئاوەژووکردنەوەی زۆر حەقیقەتی مێژوویی و لەکەدارکردنی زۆر کەسایەتی مەزن و عەشیرەت و بنەماڵەی بەڕێز و بەخزمەت لە نموونەی: مەلا ئیدریسی بەدلیسی، مەلای خەتێ، عەشیرەتی هەمەوەند، هۆی یەکنەگرتنی سەرۆک عەشیرەت و میرەکان لە سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانیدا، هۆی رووخانی میرنشینی سۆران... هتد.

٤ـ رووکردنە کەلتووری بێگانە و پشتهەڵکردن لە کەلتووری کوردی لە هەموو بوارەکاندا، دەبینین زۆر لە رۆشنبیرە ئایدۆلۆژییەکان ئەوەندەی بایەخیان بە کەلتوور و ئەدەب و هونەری سۆڤێتی و ئەورووپی و تەنانەت ئەمریکای لاتینی دەدا، نیو ئەوەندە لایان بە لای کوردییەکەدا نەدەکردەوە، بەهەمانشێوە بەشەکەی دیکەی رۆشنبیر و ئایدۆلۆژییەکان ئەوەندە ئاشنای ئیبن موقەفەع و موتەنەبی و سومەیدعی و کتێبی (الأغانی) و (نزهة القلوب) دەبوون، ئاگاداری کەلتووری هاوزمانانی خۆیان نەدەبوون، ئەم دیاردەیەش چەند نەوەیەکی نائاشنا و بێگانەی بە کەلەپوور و مێژوو و ئەدەب و هونەری کورد پێگەیاند.

٥ـ پێکدادان لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەدا، چونکە کۆمەڵگە لەسەر کەلەپوورێکی دووروودرێژ و فراوانی کەڵەکەبوو هەڵسوکەوتی دەکرد و بیروباوەڕ و قەناعەتی خۆی بەشێوەیەکی خۆڕسکی لەسەر دارشتبوو، هاتنی ئەم ئایدۆلۆژیا نامۆیانەش پێچەوانەی کەلەپووری ئەو بوون، بۆیە زۆرجار کۆمەڵگە وەک جەستەیەکی نامۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکردن و ئەوانیش کۆمەڵگەیان بە دواکەوتوو و جاهیل وێنا دەکرد.

٦ـ دروستبوونی دوو بەرەی هاودژ کە هەردوولایان بەهۆی ئایدۆلۆژیاوە لافی ئەوەیان لێدەدا کە حەقیقەتی رەها لای ئەوانە و پێچەوانەکەشی بە رەهایی لای بەرامبەرەکەیانە، بۆیە لەبری ئیشکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و هەوڵی نزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتن، دەگەڕان بۆ خاڵی لێکترازان و جیاواز، یەکتر تۆمەتبارکردن و ناشیرین نیشاندانی یەکتریی و دەرخستنی کەموکورتییەکانیان، ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە کرد و لە کایەکانی دیکەشدا رەنگیدایەوە.

## سەرچاوەکان

١ـ تۆفیق کەریم: کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد، بەرگی یەکەم.
٢ـ فاروق رەفیق:ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار.
٣ـ حەسەن مەحمود حەمەکەریم: مەلا ئیدریسی بەدلیس.
٤ـ حەسەن مەحمود حەمەکەریم: فەتواکەی مەلای خەتێ.
٥ـ کۆمەڵەی غەمخۆری کورد: کوردستان و ئیمپریالیزم.
٦ـ حەسەن مەحمود حەمەکەریم: کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا.
٧ـ د.شوکریە رەسوڵ: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی.

# ڕامانێك لە دەوڵەت و ڕۆڵە كۆمەڵایەتییەكەی



**مەجید ساڵح**
لەدایكبووی ١٩٦٨، خانەقین. ماستەر لە ڕاگەیاندن، پانزە كتێبی نوسراو و وەرگێڕدراوی لە بوارەكانی ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئەدەبدا هەیە.

مرۆڤ بەبێ دامودەزگاکانی دەوڵەت ناتوانێ بژی، سەرەتاییترین پێناسە بۆ دەوڵەت ئەوەیە کە دەوڵەت: بریتییە لە کۆمەڵێک دامودەزگای سیاسیی و یاسایی و سەربازیی و کارگێڕیی و ئابووری، کە لە ڕێگەیانەوە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگا لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا ڕێکدەخرێت. شارەزایان دوو مەرجیان داناوە بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت لەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەسەڵاتەکانی خۆی بەڕێوە ببات، یەکەم، بەردەوام بوونی دەسەڵاتەکە، بەمانایەکی دیکە دەوڵەت وجودی نابێ تا ئەوکاتەی دەسەڵات دەبێتە دامەزراوەی ئیداریی و یاسایی هەمیشەیی و بۆشایی تێدا نابێ. مەرجی دووەمیش بریتییە لەوەی پەیوەست بێت بە بواری گشتییەوە، بەو مانایەی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسی خەڵک ڕێکدەخات.

زاراوەی (دەوڵەت – State) یەکێکە لە ئاڵۆزترین زاراوەکانی زانستی سیاسی، چونکە وەک زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکە لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکانەوە بۆچوونی جیاجیای لەسەر خراوەتە ڕوو. هەندێکیان بەرگی پیرۆزیان بەبەردا کردووە و هەندێکی دیکەشیان بە داپڵۆسێنەری دەزانن و تا ڕادەی ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی دەچنە پێشێ. بەڵام سەرەڕای ئەو بۆچوونە جیاوازانە لەئێستادا دەوڵەت دیاردەیەکی ئەم گیتییەی ئێمەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەکەی لە زیادبووندایە و تا دێت ڕۆڵی دەوڵەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا زیاتر دەبێت و سەرەڕای جیاوازی سستمەکانی فەرمانڕەوایی، کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیشی بەرفراوانتر دەبێت.

زاراوەی دەوڵەت لە زمانی ئینگلیزیدا بە (State) هاتووە، ئەم زاراوەیە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی Stare لاتینی کە بە مانای وەستان دێت. دواتر لە ئینگلیزیدا بووەتە Status کە مانای دۆخی سەقامگیر یان جێگیر دێت. هەر لەبەر ئەوەشە پاشاکانیان بە دابینکەری سەقامگیریی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا زانیوە.

لە ڕۆژئاوا زاراوەی State بە دوو مانا بەکاردێت:

یەکەم: تا پێش سەدەی شازدەی زاینی «دەوڵەت – Status» بریتی بوو لە ئیمپراتۆر یان پاپا و لە مانا گشتییەکەشیدا بریتیی بوو لە پلەوپایە و سەقامگیریی و بەردەوامی و ئاسایش. ئەمەش نزیک بوو لە مانا یۆنانییەکەی کە جێگە و پلەوپایەی حاکمی دەگەیاند کە پلەکەیان باڵاتر و بەردەوام بوو، بەوەش سەقامگیریی و خۆشگوزەرانیيان بۆ کۆمەڵگا دابین دەکرد.

ئەم تێگەیشتنە بۆ دەوڵەت کە تێیدا سنورێکی دیاریکراو نەبوو لە نێوان دەسەڵاتداران و کۆمەڵگا، دیاردەیەکی سەربەخۆ و جیاواز نەبوو پێی بوترێ دەوڵەت. لە دەوڵەتە کۆنەکاندا (دەوڵەت شار و ئیمپراتۆرییەتەکانی سەردەمی فیوداڵی)، فەرمانڕەواکان ویست و توانایەکی کەمیان هەبوو بۆ دەستوەردان لە کاروبارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا.

دووەم: لە سەدەی شازدەیەمەوە تائێستا، ئەو تێگەیشتنە بۆ دەوڵەت گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، لەوکاتە بەدواوە چەمکی دەوڵەت یەکسان بوو بە چەمکی «کۆمەڵگای سیاسی»، واتە ئەو پلە و پۆست و پێگە و سەقامگیریی و بەردەوامیی و ئاسایش و خۆشگوزەرانییەی کە بە مانا کۆنەکەی دەدرایە پاڵ حاکم هەڵوەشایەوە و لەوە بەدواوە کۆمەڵگا بە مانا گشتییەکەی جێگەی گرتەوە، ئیتر دەوڵەت لە چوار ڕەگەزی (زەوی – دانیشتوان- حکومەت و سەروەری) پێکدەهات و بەگۆڕینی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران دەوڵەت هەر وەک خۆی بە پایەداری دەمایەوە. بەڵام دەوڵەتی مۆدێرن بە پێچەوانی دەوڵەتی کۆن کە دەستی لە ژیانی خەڵک وەرنەدەدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستی

بەوە هەبوو لە ڕووە جیاجیاکانەوە دەست لە ژیانی مرۆڤەکان وەردات. تا تەکنەلۆژیا و زانست پێشکەوێت، جۆر و قەبارەی ئەو دەستوەردانەش زیاتر دەبێت، لەئێستاشدا حکومەتی ئەلیکترۆنی بەرجەستەترین شێوازەکانی دەستوەردانی دەوڵەتە لە هەموو کاروبارەکانی هاووڵاتیانی.

**هۆکاری دروست بوونی دەوڵەت:**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، خواستە سروشتییە ماددیی و مەعنەوییەکانی وای لێکردووە بە کۆمەڵ بژی، لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و کەڵەکەبوونی خواستەکانیی و بۆ ڕێگریکردن لە پێکدادان و ڕێکخستنی کاروبارەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا، خواستی دەوڵەت سەریهەڵدا. کەی و چۆن و بۆ دەوڵەتداری سەریهەڵدا، بۆچوونی جیاواز هەیە. لێکۆڵینەوەکانی بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و زمانەوانی و تارادەیەک وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارانە هەیە و چەندین تیۆری جیاجیایان خستوەتەڕوو، لە خوارەوە سەرەکیترین تیۆرەکان دەخەینەڕوو:

**یەکەم: تیۆری مافی خودایی:**

یەکێکە لە کۆنترین تیورەکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت، دەکرێت بڵێین زۆربەی دەوڵەتەکانی کۆن لەسەر بنەمای مافی خودایی دامەزراون، ئەو فەرمانڕەوایانەی کە لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی کۆمەڵگاکانیان بەڕێوەبردووە، هەم کاهن بوون و هەمیش شا. بۆچوونی سەرەکی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە دەوڵەت و حکومەت دوو دامەزراوەی جیا نین لە یەک، بەڵکو یەک شتن و لە کەسایەتی فەرمانڕەوادا کۆبوونەتەوە. ئەوانەی بەرگری لەم تیۆرییە دەکەن پێیانوایە خوداوەند خۆی دەوڵەتی دروستکردووە و لە ڕێگەی خەلیفەیەکەوە دەوڵەت لەسەر زەوی بەڕێوە دەبات، بۆیە سەرپێچی کردن لە فەرمانەکانی فەرمانڕەوا سەرپێچییە لە خوا، بە مانایەکی دیکە ملکەچ کردن بۆ دەسەڵات ملکەچکردنە بۆ خوا خۆی. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم تیۆرییە لە شێوەی مافی خواوەندی پادشاکاندا دەرکەوت، بەڵام لەئێستادا ئەم تیۆرییە لە فەلسەفەی مۆدێرنی ڕۆژئاوادا نەماوە.

**دووەم/ تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:**

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو بنەمایە دروستکراوە کە لە سەرەتادا مرۆڤەکان وەک هەموو گیاندارەکانی دیکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و سروشتی ژیاون، پاشان بە هۆی پێشکەوتنەکان و دروستبوونی هەلومەرجێک لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و لە نێوان خۆیاندا گرێبەستێکیان کردووە و بەپێی ئەو گرێبەستە دەوڵەتیان دروستکردووە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە ژیان لەژێر سایەی دەوڵەتیان ناوناوە «دۆخی مەدەنی» یان «دۆخی کۆمەڵایەتی» و ژیانی پێش دەوڵەتیشیان ناوناوە «دۆخی سروشتی»، ئەو پەیماننامەیەشیان ناوناوە «گرێبەستی کۆمەڵایەتی». بەپێی ئەو پەیمانە تاکەکانی کۆمەڵگا دەستبەرداری بەشێک لە ئازادییە سروشتییەکانی خۆیان دەبن بۆ دەوڵەت، لە بەرامبەردا دەوڵەت لە هەڕەشەی دەرەکی و کەسانی شەڕەنگێزی ناوخۆیی دەیانپارێزێت.

هەرچەند ئەفلاتۆن لە کتێبی «کۆمار» و کتێبەکانی دیکەیدا باسی لە تیۆری دەوڵەت کردەوە لەسەر ئەساسی ڕێکەوتنی گشتی، بەڵام ئەم تیۆرییە لە سەردەمی «ڕێنیسانس»دا لەسەر دەستی بیرمەندانێکی وەک توماس هۆبز و جون لۆک لە بەریتانیا و ژانژاک ڕۆسۆ لە فەرەنسا، گەیشتە چڵەپۆپەی فەلسەفەی سیاسی.

هۆبز کە یەکێکە لە داڕێژەرە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرییە، دەڵێت: «من بەرپرسم لە خۆم، گیانی من بەڕێزە». ئەو لەو باوەڕەدا بوو مرۆڤەکان گورگن بۆ گیانی یەکتر و لە دۆخی سروشتیدا یەکتری لەتوپەت دەکەن. خەڵک بۆئەوەی یەکتر لەتوپەت نەکەن، بەپێی گرێبەستێک، دەستبەرداری بەشێک لە مافەکانی خۆیان دەبن و دەیدەنە دەستی

لایەنی سێیەم، کە حکومەتە. بەڵام ئایا هاوڵاتیان مافی هەڵوەشانەوەی ئەو گرێبەستەیان هەیە؟

ئێمە دەزانین هەموو مەرجی خۆی هەیە و دوو لایەن لەکاتی گرێبەستەکەدا لەسەر ئەو مەرجانە ڕێکدەکەون، بۆیە دەکرێت بڵێین بەڵێ گەر دەوڵەت پابەند نەبوو بەو مەرجانەوە دەکرێت گرێبەستەکە هەڵوەشێنرێتەوە، گرێبەست و مەرجەکانی خەڵک و دەوڵەت بریتییە لە دەستوری وڵات.

**سێیەم/ تیۆری زۆر و زاڵبوون:**

ئەم تیۆرییە پێیوایە سەرچاوەی دروستکردنی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ تەسلیمبوونی لاوازەکان بە بەهێزەکان. ستیفن لیکاک (١٨٦٩ - ١٩٤٤) یەکێکە لەو کەسانەی کە ئەم تیۆرییەی داهێناوە و پێیوایە دەوڵەت دەرئەنجامی جەنگی نێوان خێڵەکانە و بەهۆی درێژەکێشانی ئەو جەنگانەوە خێڵێک بەسەر خێڵەکانی دەوروبەریدا زاڵبووە و ملی پێ کەچ کردوون و خستونیەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خۆیەوە.

**چوارەم/ تیۆری مێژوویی:**

ئەم تیۆرییە جێگەی پەسەندی زۆربەی زانایانی ئەم سەردەمەیە و بە ڕاسترینی دەزانن، بەپێی ئەم تیۆرییە دەوڵەت بەهۆی پێداوستییە سەرەکیی و ڕاستەقینەکانی مرۆڤەوە دروست بووە و لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی هۆکاری جوراوجۆر و بەماوەیەکی دوروردرێژی مێژوویی بەشێوە سەرەتاییەکەی دروست بووە تا گەیشتووەتە ئەم ستراکچەرە ئاڵۆزەی ئێستای. ئەو هۆکارەنەشیان لە چەند نمونەیەکدا کۆکردووەتەوە، لەوانە: خزمایەتی و هاوخوێنی، ئاین، سەرمایە و پاراستنی سەرمایە، زۆر، هۆشیاری سیاسی.

**پێکهێنەرەکانی دووەڵەت:**

یەکەم: دانیشوان

جۆر و ژمارەی دانیشتوان لە ڕووی یاساییەوە کاریگەرییان بەسەر دروستکردنی دەوڵەتەوە نییە، دەکرێت دەوڵەتێکی وەک کوەیت و یان چین، لە یەک کاتدا هەردوکیان ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بن. بەڵام تەیبەتمەندی دانیشتوان ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە ڕادەی بەهێزی دەوڵەتەکە؛ بەرزی ئاستی پەرەسەندویی و زۆری ڕێژەی خوێنەواریی و پسپۆڕی، شارەزایی، هۆشیاری گشتی و خۆشگوزەرانی دەوڵەتێکی بەهێزی لێدەکەوێتەوە. جگەلەوە بوونی هاوبەشی لە ڕووی نەژاد، ئاین، مەزهەب، زمان و کلتورەوە ڕۆڵی بەرچاویان دەبێ لە بەهێزی دەوڵەت و کەمبوونەوەی کێشە و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

**دووەم:** زەویی

لە ڕووی یاساییەوە بوونی سەرزەمینێک بۆ دروستکردنی دەوڵەت زۆر پێویستە، دەبێ بوترێت قەبارەی ئەو زەوییە ڕۆڵ نابینێت لە دروستکردنی دەوڵەتدا، بەڵام کاریگەری خۆشی دەبێت لەسەر بەهێزی یان لاوازی دەوڵەتەکە. دەبێ بزانین لە ڕوانگەی جیوپۆلەتیکی و پانتایی و شێوەی هەندەسی و سەرچاوەکانی ژێرزەوەیی و سەرزەوەیی و دۆخی سروشتیی و هەرێمی و سنوورەکانەوە سەرزەمین کاریگەری دەبێت لە سەر دەوڵەتەکە.

**سێیەم:** حکومەت

جۆری حکومەتەکان و سستمی سیاسی و ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە پەیڕەوی دەکەن، ڕۆڵ نابینن لە بوونی دەوڵەت، لێکچوون و هاوبەشی کلتوور و زمان و هەماهەنگیش ڕۆڵی ئەوتۆیان نییە لە دروستکردنی دەوڵەت، هەر بۆ نمونە عەرەبەکان سەرەڕای هاوبەشی زمان و ئاین و نەژادیان کەچی خاوەنی زیاتر لە ٢٠ دەوڵەتن.

**چوارەم:** سەروەری

سەروەری یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت و ڕادەی بەهێزیی و لاوازی دەوڵەتەکانی پێ پێوانە دەکرێت. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە سەروەری دەوترێت سەربەخۆیی و لەسەر ئاستی

ناوخۆییش پێی دەوترێ ئازادی دەوڵەت. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەبیانووی جیاجیاو بەهۆی دەستوەردانی وڵاتە زلهێزەکانەوە لە کاروباری وڵاتانی دیکە، بەشێوەیەکی بەرچاو سەروەری وڵاتان پێشێلکراوە، نمونەشمان بۆ ئەوە وڵاتانی وەک سوریا و عێراق و ئەفغانستانە کە بوونەتە پێگەی سەربازی بۆ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەو وڵاتانە دەتوانن خاوەنی دەستوور و یاسای تایبەت بە خۆیان بن و لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا جێبەجێی بکەن.

**دەوڵەت لە ڕوانگەی فەیلەسۆفەکانەوە.**

گەر دەوڵەت باڵاترین دامودەزگای سیاسیی بێت کە مرۆڤایەتی پەی پێ بردبێت، دەبێ مەبەست لە دروستکردنی چی بێت، دەبێ سەرچاوەی شەرعیەتی لەکوێوە بەدەستهێنابێت؟ بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایاتی ئەم پرسیارە جێگەی مشتومڕی فەیلەسوف و بیرمەند و سیاسیی و یاساناسان بووە، لێرەدا تێڕوانینی بەشێک لەو فەیلەسوف و بیرمەندانە دەخەینەڕوو:

**ـ دەوڵەت لای ئەرستۆ.**

بەلای ئەرستۆوە، دروستکردنی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەگی سروشتی مرۆڤەکان بۆ ئاوێتەبوون لە ژیانی مەدەنیی و کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان، چونکە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی (مەدەنی)یە و ناتوانێت لە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بژی. ئەرستۆ پێیوایە هەرکەسێک ئەو سیفاتەی تێدا نەبێت یان ئەوەیە لە مرۆڤ باڵاترە، یاخود پلەیەک لە خوار مرۆڤەوەیە. مرۆڤەکان بەوە لە ئاژەڵەکان جیادەکرێنەوە کە کۆمەڵێک توانا و ئیمکانییەتیان هەیە وەک قسەکردن و جیاکردنەوەی خێر و شەڕ و داد و ستەم؛ بەڵام دەنگ لای ئاژەڵەکان تەنها بۆ تەعبیرکردنە لە ئازار و خۆشی، هەر لەبەر ئەو توانایانەیە مرۆڤەکان توانیویانە لەنێو خۆیاندا زانیاری بگۆڕنەوە

**هیگڵ پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەوڵەت ئامانجە نەك وەسیلە**

و خێزان و دەوڵەت پێکەوە بنێن و لە ئاستی ئاژەڵییەوە بەرز ببنەوە بۆ جیهانی مرۆڤایەتی. ئەرکی دەوڵەت بەلای ئەرستۆوە دابینکردنی خێر و خۆشگوزەرانییە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و دابینکردنی پێگەیەندنیان لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەوەش ژیانێکی بە بەهایان بۆ دەڕەخسێنێت و خێر و دادپەروەریی و یەکسانی بەرقەرار دەبێت و بەوەش لە ئاژەڵەکانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. ئەرستۆ وەک هەموو فەیلەسوفەکانی دیکەی یۆنانی کۆن پێیوایە، سستمێکی چاک و گونجاو تەنها لە دەوڵەتی شاردا دابین دەبێت و ئەو دەوڵەتە شارەش دەبێ ئەم ڕەگەزانەی تێدا بێت:

یەکەم: دابینکردنی هەموو جۆرە خۆراکێک.

دووەم: دابینکردنی کەرەستە و ئامێرە هونەرییەکان.

سێیەم: دابینکردنی چەک و کەرەستەکانی بەرگریکردن.

چوارەم: دابینکردنی کەرەستەی یەدەگ و خۆراک بۆ حاڵەتی نائاسایی و جەنگ.

پێنجەم: بوونی ئایین لە ڕێگەی کاهینەکانەوە.

شەشەم: بوونی شوێنی گشتی.

حەوتەم: بوونی دادوەر.

ئەرستۆ شەش سستمی بۆ فەرمانڕەوایی داناوە، سێیان گەندەڵ و سیانەکەی دیکەشی بە گونجاو داناوە:

# دەوڵەت سەنتەری بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا

**سستمە گونجاوەکان:**

١. سستمی پاشایی، دەسەلات لە دەستی تاکدایە، بەلام بەپێی یاسا و لە بەرژەوەندی گشتیدا.

٢. سستمی ئەرستۆکراتی کە دەسەلات بۆ کەمینەیەکی تایبەتە بەپێی یاسا و لە بەرژەوەندی گشتیدا.

٣. سستمی تێکەلاو یان دەستووری کە دەسەلات بۆ زۆرینەیە و باشترین سستمە بەلای ئەرستووە.

سیستمە گەندەڵەکان:

١. سستمی ستەمکار کە دەسەلات بۆ تاکە کەسێکە و هیچ یاسایەک پەیرەو ناکات و لەپێناوی بەرژەوەندی شەخسیدایە.

٢. سستمی ئۆلیگارشی کە دەسەلات تێیدا بۆ کەمینەیە و هیچ یاسایەک پەیرەو ناکات و لە پێناوی بەرژەوەندی شەخسیدایە.

٣. سستمی دیموکراسی کە دەسەلاتی زۆرینەی هەژارە دژی چینی دەوڵەمەند.

- ئیبن خەلدوون(١٤٠٦ – ١٣٣٢):

عەبدولرەحمان ئیبن خەلدون مێژوونووس و دامەزرێنەری تیۆری کۆمەڵناسییە و لە تونس لەدایکبووە و لە باکووری ئەفریقا چەندین پلەوپایەی وەرگرتووە، لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا دادوەر بووە لە میسر.

ئەو هەوڵە فیکریانەی ئیبن خەلدون لە کتێبی «المقدمە»دا ئەنجامیداون، بەیەکەم هەوڵی مەنهەجیانە دادەنرێت لە مێژووی فیکری ئیسلامیدا بۆ تێگەیشتن لە کلتوور و سیاسەت و کۆمەڵناسیی و ئایین، هەر لە رێگەی شیکردنەوەکانی ئیبن خەلدون بۆ ئەو بابەتانەی سەرەوە، پەی دەبەین بە بۆچوونەکانی ئەو سەبارەت بەو یاسایانەی کە لە رێگەیەوە دەوڵەت بەرێوەدەبرێت. ئیبن خەلدون وا پێناسەی دەوڵەت دەکات: «دەوڵەت بونەوەرێکی زیندووە، سروشتێکی تایبەتی هەیە، لە هەمانکاتدا دامەزراوەیەکی مرۆیی سروشتیی و پێویستە. هاوکات یەکەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتییە و هیچ شارستانیەتێک بەبێ دەوڵەت سەر هەڵنادات».

ئین خەلدون پێیوایە مرۆڤ پێویستی بە خۆراک و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێ و پاراستن هەیە، ئەو پێویستیانە وای لێدەکات بە کۆمەڵ بژی، مرۆڤ بەتەنها ناتوانێت خۆراکی خۆی دابین بکات، چونکە کاری زۆری دەوێت و خۆی بەتەنها ناتوانێت بیکات، بۆیە لەگەڵ هاورێکانیدا هاوکاری یەکتر دەکەن، هەروەها مرۆڤەکان ناتوانن خۆیان لە هەرەشەی مرۆڤەکانی دیکە بپارێزن، بۆیە خۆیان لەژێر چەتری کەسێکدا رێکدەخەن و دەوڵەتی بۆ دروست دەکەن.

پرسیاری سەرەکی لای ئین خەلدون ئەوە بووە: دەسەلات چۆن خۆی دەسەپێنێت، بە توندوتیژیی و زەبروزەنگ یان پەنابردن بۆ عەقڵ و حیکمەت، ئایا پێداویستییەکانی رەعیەت تەنها لە سایەی فەرمانرەوایەکی دادپەروەردا دێتەدی؟

وەلامی ئیبن خەلدون بۆ ئەم پرسیارە ئەوەبووە: پەنابردنی سوڵتان بۆ توندوتیژیی و زەبر، یان فرت و فێڵکردن لە رەعیەت، وادەکات دەوڵەتێکی گەندەڵ بێتە سەرکار. ئیبن خەلدون پێیوایە سوڵتان دەبێ میانەرەوی بەکاربهێنێت لە نێوان هێز و ژیری، تۆقاندن و هاندان، باشکردنی بارودۆخ لە رێگەی هۆشیارکردنەوە و باشکردنی رەفتار، بۆیە داوا دەکات فەرمانرەوا لە هەڵوسکەوتەکانیدا میانەرەو

بێت. خەلدون دەڵێت: خەڵک لەبەر جوانی و زانایی پەنا بۆ سوڵتان نابەن، بەڵکو لەبەرئەوەی پێویستیان پێیەتی، وەک چۆن سوڵتان پێوسیتی بەوانە، سوڵتانی حەق لای ئیبن خەلدون ئەو سوڵتانەیە کە لە پاڵ باش ئیدارەدانی مەمەلەکەتەکەی، کەسێکی بەبەزەییە.

خەلدون پێیوایە هەموو دەوڵەتێک بە سێ قۆناغ و چوار نەوەی بنەماڵەیی تێدەپەڕێت: قۆناغەکانیش بریتین لە قۆناغی دروستکردن کە تێدا فەرمانڕەوا ڕێ بۆ بەرقەرارکردنی دەسەڵاتەکانی خۆش دەکات تا دەگاتە ئەوەی دەبێتە تاکە فەرمانڕەوا، قۆناغی گەشەکردن خۆی لە خێڵەکەی دوردەخاتەوە، قۆناغی هەرەسهێنان پشت بە بەکرێگیراو دەبەستێت بۆ پاراستنی، بەڵام بەکرێگیراوەکان دەیڕوخێنن.

**- باروخ ئسپینوزا (١٦٣٢ – ١٦٧٧):**

ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەت بەلای ئسپینوزاوە ئازادییە، ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤەکان لە کۆتوبەندی پیاوانی ئاینیی و ئەو تەئویلانەی دەیکەن بۆ دەقە ئاینییەکان. ئسپینوزا داوای جیاکردنەوەی بواری ئاینیی دەکرد لە بواری سیاسیی، لە سیاسەتیشدا ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی دەوڵەت دابینکردنی ئازادییە.

بەلای ئسپینوزاوە مرۆڤەکان بۆئەوەی بتوانن دور لە جەنگ و خوێنڕشتن بژین و لە ترس ڕزگاریان ببێت، دەبێ ئازاد بن، ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەت بۆ پاراستنی ئەو ئازادیەیە، ئسپینوزا پێیوایە: دامەزراندنی دەوڵەت پەیوەندی بە سەروەری و بە زۆر سەپاندنی دەسەڵات بەسەر خەڵکەوە نییە.

– ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی مافە سروشتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا، دەبێ ئازادییان بۆ بڕەخسێنێت بۆئەوەی بە ئەرکە هزریی و فیزیکییەکانی خۆیان هەستن. بۆئەوەی دەوڵەت لەسەر بناغەیەکی پتە و دروست بکرێت، دەبێ کۆدەنگی هەبێت لە بڕیاردان لە دروستکردنی.

– هاوڵاتیان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا لەپێناوی ئازادیدا لە هەندێ لە مافەکانیان خۆش دەبن و پابەندی یاساکان دەبن، بەڵام مافی ڕەخنەگرتنیان هەیە لە یاسا و بڕیارەکانی دەسەڵاتداران.

فەلسەفەی ئسپینوزا لە (ئازادی و ڕەخنەگرتن) دا کورت دەکرێتەوە، بەلای ئەوەوە دەوڵەت لە پێناوی سەروەریدا دروست ناکرێت، بەڵکو بۆ ئازادی تاکەکان و ڕزگارکردنیان لە ترس و تۆقین دادەمەزرێت، ڕەخنەگرتن لە هەموو ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئازادی.

**- هیگڵ(١٧٧٠ – ١٨٣١):**

هیگڵ بەوە دەناسرێتەوە کە تێڕوانینێکی ئایدیالیستیی و میتافیزیکیانەی هەیە بۆ دەوڵەت، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە نوسینەکانیدا هەندێ زاراوەی بەکارهێناوە کە قابیلی هەڵە تێگەیشتنە، بۆ نمونە کاتێک نوسیویەتی»دەوڵەت تەواوکەری کاروانی خودایە لەسەر زەوەی»، ئیتر لەلایەن فەیلەسوفە مادییەکانەوە ئەو تۆمەتەی بە باڵادا براوە. هیگڵ پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەوڵەت ئامانجە نەک وەسیلە، بەتوندیش دژی ئەو بۆچوونە وەستاوەتەوە کە دەوڵەتی بە وەسیلە زانیوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە شەخسییەکان، چونکە گەر ئەرکی دەوڵەت هەر تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانی خەڵک بێت، ئەوا لە سرووشتە ئەخلاقیەکەی دووری دەخاتەوە و لەکۆتاییدا سەری لە گەندەڵی سیاسیی و هەرەسی کۆمەڵایەتی دەتەقێتەوە و دواجار خۆشی هەرەس دەهێنێت. بۆئەوەش نمونەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای بەنمونە هێناوەتەوە کە خۆخۆری ناوخۆیی وایلێکردووە بە دەستی بەربەرەکان بڕوخێت.

هیگڵ پێیوابووە ئیتر فەلسەفە هیچ بابەتێکی نەماوە بۆ قسە لەسەر کردن و دوای دامەزاندنی دەوڵەتی پروسیا عەقڵ کاروانی پێگەیشتنی خۆی تەی کردووە. فەلسەفەی هیگڵ دوای فەلسەفەی کانت بە دووەم فەلسەفەی ئەڵمانی دادەنرێت،

بەپێی ئەم فەلسەفەیە عەقڵ و ڕۆح لە دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، بەمەش ئەندێشەی ئەخلاقی کامڵ دەبێت، لای هیگڵ ئەقڵ مێژووییە، واتە ئەقڵ تەنها لە سیاقە مێژوویەکەدا دەردەکەوێت. بەلای هیگڵەوە دەوڵەت دەرهاویشتەی جیهانی بابەتی و کۆمەڵایەتییە، دەوڵەت لە خۆیدا هەموو شێوازەکانی ژیان کۆدەکاتەوە هەر لە هونەرەوە بگرە تا دەگاتە یاسا و ئەخلاق و....

هیگڵ دەوڵەتی بەوە لەقەڵەمداوە کە بەرزترین تەعبیرکردنە لە ئیرادەی ڕۆحی بابەتیی و ئیرادەی خودی، ئەو پێیوابووە تاکەکان بۆئەوەی بونێکی حەقیقیی و ئەخلاقیان هەبێت، دەبێ ببنە بەشێک لە پێکهاتەی دەوڵەت. هیگڵ داوایکردووە دەوڵەتی عەقڵ دروست بکرێت کە هەڵقوڵاوی مێژوو بێت، چونکە دەوڵەت تەعبیر لە ڕۆحی گەل دەکات، بە مانایەکی دیکە دەوڵەت ئاستی هۆشیاری ئەو گەلە سەبارەت بە وجودی خۆی دەردەخات.

هیگڵ دژی تیۆری لیبرالیزم بوو بۆ دەوڵەت، کە پێیوایە دەوڵەت بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بە کۆدەنگی کۆمەڵگا دروست دەکرێت، چونکە ئەو تیۆرییە بواری دەوڵەت و بواری کۆمەڵگەی مەدەنی تێکەڵ دەکات. ئەو پێیوابووە دەوڵەت بریتییە لە: گردبوونەوەیەک بۆ پێکەوە ژیان، تێدا تاکەکان پابەند دەبن بەپێوەرەکانی دەوڵەتەوە. هیگڵ لایوایە عەقڵ مێژوو و ڕووداوەکان دروست دەکات، عەقلانیەتیش تەنها لە ڕێگەی ململانێی چینەکانی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات.

**ـ جون لوك(١٦٣٢ – ١٧٠٤):**

جون لوک، لە دیارترین فەیلەسوفەکانی ئینگلیزە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی، ئەو تیۆرییە پێیوایە دابینکردنی سەقامگیری لە کۆمەڵگا لە ئەنجامی دەستبەرداربوونی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە هەندێ بەرژەوەندییەکانیان بۆ دەوڵەت و دەوڵەتیش ئەرکی پاراستنی مافەکانیان دەگرێتە ئەستۆ، واتە دەبێ پەیمانێک لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا ببەسترێت.

بۆچوونە سەرەکییەکانی جۆن لوک:

أ. ئازادیی و یەکسانی مافی سرووشتی هاووڵاتیانە.

ب. لەبەرئەوەی ئازادیی و سەربەخۆیی مافی خەڵکە، بۆیە نابێ بە زۆر ملیان پێ کەچ بکرێت.

ج. هەر گرووپێکی سیاسی بیەوێت بەردەوام بێت دەبێ باوەڕی بەوە هەبێت بڕیاری زۆرینە دەبێتە بڕیاری گشتی.

د. ملنەدان بۆ بڕیاری زۆرینە، ئامانجەکانی پەیمانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەبێتە هۆی هەرەسهێنان و نائارامی و ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە.

لوک پێیوایە باڵاترین ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەت ئەوەیە ئاسایش بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دابین بکات و سەروەت و سامان و مومتەلەکاتەکانیان بپارێزێت. هەروەها دەڵێت ئەو یاسایانەی کە دەردەکرێن بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێ بەیەکسانی بەسەر هەمووواندا پەیڕەو بکرێت و هەرکەسێک لەهەر پلە و پۆستێکدا بێت گەر یاساکانی پێشێلکرد دەبێ سزا بدرێت.

دەوڵەت ژیان و ئازادیی و موڵکداریێتی هاووڵاتیان بپارێزێت، دەسەڵاتدار تا ئەوکاتە شەرعەتی هەیە کە ئەو سێ خاڵە جێبەجێ دەکات، گەر قسوری کرد، شەرعیەتی نامێنێت و دەبێ بڕوخێنرێت. ئەم بۆچوونانەی لوک باڵاترین شێوەکانی فکری سیاسیی هاوچەرخە بۆ ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەت.

**ـ مونتسکیو شارل لوی دی سیکوندا (١٦٨٩-١٧٥٥):**

یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە دژی سەلەفیەتی مەسیحی وەستاوەتەوە و باوەڕی بە عەقڵ و لیبوردەیی و بەها مرۆڤایەتییەکان هەبووە، ئامانجی سەرەکی مونتسکیو ئازادی مرۆڤ و ئازادی بیرکردنەوە بووە، بۆیە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دادەنرێت.

مونتسکیو سێ جۆر سستەمی سیاسی لێکجیاکردووەتەوە، سستەمی کۆماری کە پێیوابووە بۆ دەوڵەتە شارەکان باشە، سستەمی پاشایی کە بۆ ئەورووپا گونجاوە، سستەمی دیکتاتۆری کە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکاندا دەگونجێ. مونتسکیو باوەڕی بەجیاکردنەوەی کاری دەوڵەت و کاری کۆمەڵی مەدەنی نەبووە، تێزی سەرەکی مونتسکیو ئەوە بووە دەوڵەتی بێ چاودێر و بێ یاسا، دەوڵەتێکی ستەمکارە. یاسا لای مونتسکیو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤەکان بووە لەناو کۆمەڵگاکانیان، بۆیە بەشتێکی پیرۆزی زانیوە و داوای کردووە کە تاکەکانی کۆمەڵگا و دەسەڵات پێوەی پابەندبن، پێیوابووە یاسای سرووشتی دەبێ بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا، بە مرۆڤیشەوە جێبەجێ بکرێت.

مونتسکیو باوەڕی بەوە هەبووە دەوڵەت لە سێ بەش پێکدێت؛ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری. بۆئەوەی دادپەروەریی و مافی هاووڵاتیان بپارێزرێت، دەبێ هەرسێ دەسەڵاتەکە لێکجیابکرێنەوە، خۆی گوتەنی (دەسەڵاتێک سنووری بۆ دەسەڵاتەکەی دیکە دابنێت). هەروەها باوەڕی وابووە گەر هەر سێ دەسەڵاتەکە بدرێتە دەستی یەک کەس ئازادی پێشێل دەکرێت و ستەمگەری سەرهەڵدەدات.

سەبارەت بە ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەت مونتسکیو پێیوایە دابینکردنی ئاسایش و ئازادی و مافی وەک یەکی، لە سەرەکیترین ئەرکەکانی دەوڵەتە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەوانە دابین بکات گەر هەرسێ دەسەڵاتەکە لە یەک جیا نەکرێنەوە.

**ـ ئالان تۆرین:**

فەیلەسوف و زانایەکی سۆسۆلۆژیایە، ساڵی ١٩٢٥ لە فەرەنسا لەدایکبووە، زۆر دژی عەولەمەیە و پێیوایە کلتووری کەمینەکان لەناودەبات، هەروەها داوا دەکات پێداچوونەوە بکرێت بە مۆدێرنەدا، بۆئەوەی لەو قەیرانانە دەربازی ببێت کە بەهۆیەوە سەریهەڵداوە.

ئالان تورین، لە ڕوانگەی سۆسۆلۆژیای هاوچەرخەوە دەڕوانێتە مەسەلەی دەسەڵات و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵێک ڕێکەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە گرنگی بە مەسەلەی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ دەدەن و بوونەتە مۆدێل بۆ حکومەتەکان. بەتایبەتی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دا بڕیاری لەسەرداوە و دواتریش چەندین ڕێکەوتننامەی لێکەوتەوە، ئالان تۆرین وەک فەیلەسوفێکی هاوچەرخ پێیوایە دەوڵەتی پایەدار دەبێ ئەو دوو مەرجە ڕەچاو بکات.

بەلای «ئالان تۆرین»ەوە هێزی دیموکراسی لەوەدایە کە بتوانێت دەسەڵاتی سیاسی ناچار بکات ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و بازنەی دیموکراسی فراوان بکات. لەوەش زیاتر دەچێت، دەڵێت: دەسەڵاتی سیاسی تەنیا لە ڕێگەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و بەرگری لێکردنی شەرعیەتی خۆی بەدەستدەهێنێ. تێزی سەرەکی ئالان تۆرین بریتییە لە بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت، ڕێگری دەکات لەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان زوڵم وستەم بسەپێنن و بەرەو تاکڕەوی تۆتالیتاریەت هەنگاو هەڵنێن.

دیموکرسیەت بەلای ئالان تۆرینەوە دەتوانێت کەمینەکان و فرەیی بپارێزێت، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە شەرعیەتی زۆرینە لە ڕێگەی دیموکراسیەتەوە وا لە تاکەکان دەکات ئاستی هۆشیارییان بەرامبەر بە مافەکانی خۆیان و خەڵک زیاتر ببێت و هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆی بکات. تۆرین لای وایە هێزی مافی مرۆڤ ڕووبەڕووی دەسەڵاتی تەقلیدی ناوەستێتەوە، بەڵکو دژی ئەو دەسەڵاتانە دەوەستێتەوە کە بەناوی نوێنەرایەتی کردنی گەلەوە تۆتالیتاریزم پەیڕەو دەکەن.

تەنها ئەو کۆمەڵگایانەش دەتوانن هێزی کۆمەڵایەتی کاریگەر بەرهەم بهێنن، کە تاکەکانیان

هۆشیارییان بەرامبەر بە مافەکانیان هەیە و باوەڕیان بە پلورالیزمی سیاسیی و کلتووری هەیە، لە کۆمەڵگایەکی وادا دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەرقەرار دەبێت و سستمێکی سیاسی باڵادەست دەبێت کە لەسەر بناغەی دامەزراوەکان دامەزراوە و بەهیچ شێوەیەک بەرەو تاکڕەوی مل نانێت، دەوڵەتێکی لەو چەشنە هەم دەوڵەتی یاسایە و هەم دەوڵەتی حەق. بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی لەوجۆرە، دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان سێ بواردا؛ بواری دەوڵەت، بواری سیاسەت و بواری کۆمەڵی مەدەنی. گەر دەسەڵاتی سیاسی ئەو سێ بوارە کۆنترۆڵ بکات، بێ هیچ دوو دڵییەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتار دروست دەبێت.

لەم سەردەمەدا کە پێوەری ئابووری قسەی یەکەم دەکات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا؛ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵەتی سیاسی بە پشتبەستن بە پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی، وا دەکات تێزەکانی ئەم فەیلەسوفە فەڕەنسییە بەگرنگترین دەقە فکریی و سیاسییەکانی ئەم سەردەمە لەقەڵەم بدرێت.

**پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئایدۆلۆژیا:**

بەشێوەیەکی گشتی ئایدۆلۆژیا بریتییە لە چوارچێوەیەک لە فکر و ڕامان و نەریت کە لە ڕێگەیانەوە تاکێک دەڕوانێتە سروشت و کۆمەڵگا و لەو ڕوانگەیەشەوە ڕەفتار و چالاکییەکانی خۆی دیاری دەکات و بە ڕاست و ڕەوای دەزانێت. ئایدۆلۆژییەکان فرەچەشنن، هەیانە نەتەوەیین و بەپێی ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی دەڕوانێتە ئاسۆی دواڕۆژی نەتەوەکەیی و ئامانجەکانی بۆ دیاری دەکات، هەشیانە چینایەتین و بەپێی بەرژەوەندییەکانی چینەکەی خۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چینەکانی دیکەدا ڕێکدەخات، هەشیانە ئاینییە و کار بۆ سەپاندنی ئایدۆلۆژیای ئایینەکەی خۆی لە کۆمەڵگادا دەکات. لە ئێستادا حیزبە سیاسییەکان بوونەتە بۆتەقەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی کە خاوەن ئایدۆلۆژیای هاوشێوەی یەکترن و بەرنامە و کارنامە و چالاکییان بۆ ڕێکدەخات، بەمەبەستی گرتنەدەستی دەسەڵات.

سەبارەت بە دەوڵەتە ئایدۆلۆژییەکان، ئەو دەوڵەتانەن کە لە سەر بناغەی ئایدۆلۆژیایەک بنیاتنراون و پێیانوایە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا، هەر لە بواری سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە کۆمەڵایەتیی و کلتووری دەبێت لە چوارچێوەی ئەو ئایدۆلۆژیایەدا ڕێکبخرێت و کۆنترۆڵ بکرێت. ئەم جۆرە دەوڵەتانە دەرهاویشتەی قەیرانەکانی سەدەی بیستەم و سەرهەڵدانی مۆدێرنێتەن، لە قۆناغی ڕاگوزەردا، کۆمەڵگاکان تووشی کۆمەڵێک قەیرانی وەک قەیرانی: شوناس، بەشداری سیاسی، مەشروعیەت، کارایی دامودەزگا سیاسیی و ئیدارییەکان و نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتدا دەبن. پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە، دەوڵەتەکان لەلایەن ئایدۆلۆژییە ئاینییەکانی وەک (مەسیحی و ئیسلامی..) بەڕێوەدەبران، بەڵام بە سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە ناسیۆنالیزم بوو بە ئایدۆلۆژیای دیاری بەشی زۆری دەوڵەتەکان.

لیبراڵیزم کە ئاڕاستەیەکی فەلسەفییە و ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، لە سەدەی بیستەمدا پاش دەرکەوتنی مۆدێرنێتە، چەندین دەوڵەت کردیان بە بناغەی فەرمانڕەوایی خۆیان، بەڵام زۆربەی زانایانی زانستی سیاسی، وەک ئایدۆلۆژیا ناڕوانە لیبراڵیزم، چونکە پێیانوایە لیبراڵیزم نەخشەی چۆنێتی بیرکردنەوە و چۆنێتی ژیان و دیاریکردنی جۆری کلتوور بەسەر کۆمەڵگادا ناسەپێنێت.

بەڵام مارکسییە کلاسیکییەکانی وەک ئەنگڵس و لینین هەمیشە لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیاوە تەماشای دەوڵەتیان کردووە و دەوڵەتیان وەک دەزگایەکی (ماددیی و دیاری) داپڵۆسین لەلایەن چینێکەوە دژی چینێکی دیکە پێناسە کردووە، بەڵام

مارکسییەکانی سەدەی بیستەم وەک گرامشی و ئالتوسیر و نیکوس پولنتزاس، هەندێ نوێکارییان لەو پێناسەدا کرد و «دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت»یان بە مەترسیدارترین دەزگای داپلۆسینەری (نا ماددیی و شاراوەی) دەوڵەت لەقەڵەمدا بۆ چەوساندنەوەی چینی پرۆلیتاریا.

بەوپێیەی مارکیسزم لە روانگەی ئایدۆلۆژیاوە سەیری دەوڵەتی کردووە بۆیە لە خوارەوە بۆچوونی هەریەکە لە کارل مارکس وەک فەیلەسۆفێکی کلاسیکی و ئالتوسیر وەک بیرمەند و رێبەری مارکسییزمی هاوچەرخ دەخەینەڕوو:

## ـ کارل مارکس:

لای مارکس، دەوڵەت کەرەستەیە بەدەست نوخبەیەکی سیاسییەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی، لەسەر حسابی تێکڕای گەل. بۆیە هەرگیز دەوڵەت بێ لایەن نییە، بەڵکو پشتیوانی لە چینێکی دیاریکراو دەکات لە دژی چینێکی دیکە، بەمانایەکی دیکە دەوڵەت هەرگیز سەربەخۆ نییە و ملکەچی ئەو چینەیە کە دروستی کردووە. مارکس لای وابووە، دەوڵەت بێلایەن و هاوسەنگ نییە و بابەتیانەش ناڕوانێتە ململانێی چینەکانی کۆمەڵگا، ئەوەی وایکردووە لە نێوان چینی بۆرجواز کە خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و چینی کرێکار کە بزوێنەری کەرەستەی بەرهەمهێنان پێکدادان دروست ببێت، مارکس دەڵێت کاتێک چینەکان هەبن، کەواتە دەوڵەتیش هەیە.

بەلای مارکسەوە دەوڵەت وەسیلەیە بەدەستی چینی بورجوازەوە و بەکاری دەهێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیی و هێشتنەوەی وەک چینێکی باڵادەستی زاڵ. مارکس لای وایە دەوڵەت مەشروعیەتی خۆی لە چینی بورجوازیەتەوە بەدەستدەهێنێت و دەیەوێت لە رێگەی یاساکانییەوە بەرژەوەندی ئەو چینە بپارێزێت.

ئەم شێوازەی دەوڵەت بەلای مارکسەوە نەک هەر رەتکراوەتەوە، بەڵکو داوا لە پرۆلیتاریا دەکات بۆئەوەی لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی چینی بورژوازی رزگاریان بێت، دەبێ بە هەموو توانایەکیانەوە کار بکەن بۆ روخاندنی ئەو حکومەتە و گۆرینی ئەو کلتوور و ئایدۆلۆژیا و یاسایانەی کە دەرهاویشتەی فکری چینی بورژوازین. ئەرکی پرۆلیتاریا دوای روخانی رژێمی سەرمایەداری بریتی دەبێت لە دروستکردنی شێوازێکی نوێ لە بەرهەمهێنانی کاڵا و کلتووریی و سستمی کۆمەڵایەتی کە ئەو ناوی ناوە کۆمۆنیزم و تێیدا هیچ پێویست بە دەوڵەت نەکات.

## ـ ئالتۆسیر:

لوی ئالتۆسیر(١٩١٨-١٩٩٠) فەیلەسوفێکی فەرەنسیيە گرنگی بە فکری مارکیسزم داوە، و ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بووە. دوای هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت تووشی هەرەسی دەروونی هاتووە. یەکێکە لەو کەسانەی کە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ فکری مارکس هەبووە.

پرسیاری سەرەکی لای ئالتوسیر ئەوە بووە ئایا سرووشتی دەوڵەت تەنها لەو دامودەزگا داپلۆسێنەرە ئاشکرایانەدا چڕدەکرێتەوە کە هەیەتی؟ یان دەوڵەت کەرەستەی ئایدۆلۆژی دیکەی لەبەردەستدایە بۆ چەوساندنەوە؟

مەبەست لە کەرەستەی ئایدۆلۆژی وڵاتان، ئەو دامودەزگایانەیە کە دەوڵەتەکان لە رێگەیانەوە دەسەڵاتی خۆیان بەپێی قەناعەت و ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بەسەر خەڵکدا جێبەجێ دەکەن و بەپێی پرەنسیپێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێن، پێکدێن لە:

- دەزگای ئاینی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.
- دەزگای پەروەردەیی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.
- دەزگای خێزانی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.

- دەزگای یاسایی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.
- دەزگای سیاسی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.
- دەزگای سەندیکایی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت.
- دەزگای کلتووریی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت (ئەدەب و هونەر و وەرزش..).
- دەزگای میدیایی ئایدۆلۆژیای دەوڵەت (رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن..).

ئالتوسیر پێیوایە دەوڵەت داپڵۆسێنەرە و دەسەلاتداران لە رێگەی دوو جۆر دەزگاوە کۆمەڵگا بەرێوەدەبەن: یەکەمیان ئەو دەزگایانەن کە دیارن وەک «سوپا، پۆلیس و زیندانەکان»، جۆری دووەمیش ئەو دەزگا نهێنی و شاراوانەن کە دەوڵەت لە رێگەیانەوە ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی دەرژێنێتە ناو کۆمەڵگاوە، وەک دامودەزگا ئایینی و پەروەردەیی و راگەیاندنەکان..

ئالتوسیر وەک مارکس و ڤیبەر پێیوایە دەوڵەت هەوڵدەدات لە رێگەی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیەوە هەموو دەنگێکی نارازیی و ئۆپۆزسیۆن کپ بکاتەوە و بە ئارەزووی خۆی یاساکان پێشێل بکات، لە هەمانکاتدا لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی دامودەزگا ئایینی و پەروەردەیی و میدیاییەکانەوە کاردەکات بۆ لە قاڵبدانی تاکەکانی کۆمەڵگا لە رووی ئایدۆلۆژییەوە.

## پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا:

پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی کە هەمیشە جێگەی پرسیاری فەیلەسوفەکانی بواری کۆمەڵایەتیی و سیاسی بووە و لەوپێناوەدا دەیان تیۆری و لێکدانەوەی جیاجیا بەرهەمهاتووە. هۆکاری ئەوەش ئەو گۆرانە بەردەوامەیە کە لە هەموو سەردەمێکدا لە ستراکچەری کۆمەڵگا و ئەرک و ئامانجەکانی دەوڵەتدا دروست دەبێت. ئێمە دەزانین دەوڵەت لە مانا بەرفراوان و کۆنکرێتیەکەیدا واتە بەرجەستەکردنی دەسەلات، لە رێگەی دامودەزگاکانیشیەوە جۆری پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکاندا بەپێی ئەو سستم و یاسایانەی کە زاڵە لە وڵاتەکەدا رێکدەخات، دەوڵەتیش مافی بەکارهێنانی هێزی هەیە لە دژی ئەوانەی لادەدەن یان سەرپێچی لە یاساکان دەکەن.

سەبارەت بە کۆمەڵگاش دەکرێت بڵێین بریتییە لە سەرجەم ئەو پەیوەندییانەی کە تاکەکان و گرووپەکان هەیانە لە شێوەی بۆماوەیی وەک خێڵ و عەشیرەت یان بە ئارەزوو وەک رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، وەک سەندیکا و حیزبە سیاسییەکان. دەوڵەت ئەو ئاتمۆسفیرە سیاسییەیە کە مرۆڤەکان تێیدا لەگەڵ یەک هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام کۆمەڵگا ئەو بوارەیە کە مرۆڤەکان لە بوارە جیاجیاکانی وەک بواری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و کلتووری تێدا ئاوێتەی یەک دەبن.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا کاریگەری هەریەکەیان لەسەر ئەوەی دیکە رۆڵی سستمی ئابووریی و سیاسیی و کلتووری لەسەر ئەو پەیوەندیانە دوو ئاراستەی لە یەک جیا هەیە:

ئاراستەی یەکەم: ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەو روانگەیە بنیاتنراوە کە دەوڵەت سەنتەری بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و ئەرکی سەرەکی بریتییە لە دروستکردنی هاوسەنگیی و پێکەوەژیانی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵ. هەروەها پێیوایە دەوڵەت دادوەرێکی عادیلە بۆ رێکخستنی داخوازی ئەو گرووپانەی کە هەریەکەیان هەوڵدەدات زۆرترین بەرژەوەندی خۆی بەدی بێت. بەپێی لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە دەوڵەت کۆمەڵگا بەرێوەدەبات و بەرژەوەندییەکانی و ناسنامەکەی دەپارێزێت و بەرگری لە سنورەکانی دەکات و ئاسایشی تاکەکانی دابین دەکا.

ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەو گریمانەیە دانراوە کە دەوڵەت تاڕادەیەک سەربەخۆیە لە کۆمەڵگا و تەنها ئەو دەتوانێت بەپێی تێروانین و فکری

دەسەڵاتداران، کۆمەڵگا بگۆڕێت یان نوێی بکاتەوە و گەشەی پێبدات. سۆسیالیست و مارکسیستەکان بە کەڵکوەرگرتن لەم گریمانەیە فکری خۆیان بۆ رۆڵی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا دارشتووە، هەروەها ئەم ئاراستەیە بوو بەو گریمانەیەی کە فکری رۆژئاوایی لە رێگەیەوە تیۆرییەکانی پەرەپێدان و مۆدێرنیتەکردنی هێنایە ئاراوە.

**ئاراستەی دووەم:**

ئەم ئاراستەیە گرنگی زیاتر بە کۆمەڵگا دەدات، پێیوایە دەوڵەت نەسەربەخۆ و نەبێ لایەنە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، بەڵکو درێژکراوەی بەرژەوەندیی و کلتوور و بیروباوەڕە باوەکانی کۆمەڵگایە. ئەم ئاراستەیە سەرنەکەوتنی سیاسەتەکانی پەرەپێدان لە زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەبێ بەشداریکردنی هاووڵاتیان، پلان و سیاسەتی گشتی دادەرێژن و هەرخۆشیان جێبەجێی دەکەن. بەم هۆیەوە هەندێک جار دامودەزگاکانی دەوڵەت یان هەرەسیان هێناوە یان لەبەریەک هەڵوەشاونەتەوە، هەندێ جاریش ئەو دامودەزگایانە کەوتونەتە دەستی کەمینەکان یان دەستە و تاقمەکان و وایان لێهاتووە لە بەرژەوەندی گشتیدا نەبن، بگرە دەزگای دەوڵەت بووەتە کەرەستەی پاراستنی بەژەوەندییەکانی گرووپێک یان تائیفەیەک یان نەتەوەیەک یان رەگەزێک لەسەر حسابی ئەوانی دیکە، ئەمەش بووەتە هۆی قوڵبوونەوەی لێکترازانی کۆمەڵایەتیی و سەرهەڵدانی توندوتیژی نەتەوەیی و ئاینیی و تائیفی. لەبەرئەوەی دەوڵەت بۆ رێکخستن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دامەزراوە، بۆیە نابێت زۆربوونی هێزی دەوڵەت لەسەر حسابی کۆمەڵگا بێت، هەروەک چۆن نابێت زۆربوونی هێزی کۆمەڵگاش ببێتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئەم پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزە، لە رێگەی دەستوور و ئەو یاسانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەردەکرێت رێکخراوە. بەڵام سەرەرای ئەوەش کلتووری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری خەڵکیش رۆڵی گەورە دەبینێت لەسەر لەرێلانەدانی دەوڵەت. دەوڵەتی بەهێز پشت بە کۆمەڵگای بەهێز دەبەستێت و تەنها کۆمەڵگا بەهێزەکان دەوڵەتی بەهێز دروست دەکەن. دەوڵەتی بەهێز ئەو دەوڵەتە نییە کە هێزێکی سەربازیی و دەزگایەکی ئاسایش و پۆلیسیی بەهێزی هەبێ، بەڵکو دەوڵەتی بەهێز ئەوەیە لەپاڵ پاراستنی سەر و سامانی خەڵکدا، خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات.

**سەرچاوەکان**


- محمد شحرور، الدولة والمجتمع، الالي لطباعة والنشر، دیمشق، سوريا.
- داود صديقي، آشنايي با شاخصهاى دولت پستمدرن، دفتر: مطالعات بنيادين حكومتي، ١٣٩٥.
- دكتر سيد عبدالعلي قوام، فهم دولت ـ ملت در نظريههاى روابط بين الملل، دانشنامه حقوق و سياست شماره ، ١٠ زمستان.
- محسن كديور، نظرياي دولت در فقه شيعه، نشر ني، ايران – تهران، ١٣٣٨.
- عبد الا له بالقزيز، الجولة والمجتمع، الشبكة العربيي لابحاث والنشر، بيروت، ٢٠٠٨.
- د . علي الدين هلال. عن العلاقة بين الدولة والمجتمع.

- http://www.liberaldemocraticpartyofiraq.com/serendipity/index.php?/archives/759-..html

# گرفتی کەلەپوور
# لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا



**خالد محەمەد غەریب**
لەدایکبووی ١٩٦٩، هەڵەبجە، ماستەر لەبواری شەریعەت. چەندین وتار و بەرهەم و توێژینەوەی بڵاوکراوەی هەیە

کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆمایەکە لە مێژوو و لە کەلەپوور، ئەویش کۆمایەکی تێکەڵ و پێکەڵ! مێژووەکەی هێندەی مێژوویێکی راماریییە هێندە مێژوویێکی شارستانی نیە، ئەوەندەی مێژووی کەس و هۆز و خێڵ و عەشرەتە ئەوەندە مێژووی ئوممەت نیە، تێکەڵەیەکە لە ڕاستی و درۆ، لە حەقیقەت و ئەفسانە، لە ڕووداوو و دیاردەی هەڵبەستراو و هەڵنەبەستراو، لە خەیاڵ و لە واقیع، لە خەیر و لە شەڕ، لە شمشێر و لە خوێن، لە جوانی و لە دزێوی، لە پێکەنین و لە گریان، لە گەورەکردن و پیشاندانی شتە بچووک و هەندەکییەکان و بچووک کردنەوەی ڕووداوە گەورەکان و هەمەکییەکان، لە گشتاندنی حاڵەتە تایبەتەکان و تایبەتکردنی حاڵەتە گشتییەکان، لە هەڵوێستی بوێرانە و مرۆییانە، لە خەمی ئاین و جیهاد و لە خەمی ورگ و داوێن و گیرفان، لە شەونوێژی خەلیفەکان و کەنیزەکی کۆشکەکان و.... هتد.

ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە لە خودی خۆیدا بووە بە بارگرانییەکی تر و بووە بە گرفتێکی دیکەی ئوممەتی ئیسلامی، کە هەتا ئێستاش نازانێت چۆن مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکات و بە چ میکانیزمێک چارەسەری بکات و خۆیی لێ دەرباز بکات، هەندێک لە ناخیاندا پەسەندیان کردووە و هەرکاتێک بیانەوێت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەیکەن بە بەڵگە و پاڵپشتی بۆچوونە ناتەواوەکانیان، سەیر ئەوەیە هەتا ئێستاش هەندێک کوێرانە پاساو بۆ دیوە دزێو و ناشیرینەکەی ناو ئەم مێژووە دێننەوە! هەندێکی دیکەش بە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی فەرموودە شەن و کەوی دەکەن وەک ئەوەی مێژوو فەرموودە بێت نەک مێژوو! ، تاقمێکیش سەرلەبەری ڕەتدەکەنەوە و بە زبڵدانی مێژووی دەسپێرن. دۆخی کەلەپووریش لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەگەر لە دۆخی مێژوو خراپتر و ترسناکتر نەبێت، ئەوا هیچی لەو باشتر نیە.

کەلەپووریش کۆمایەکی تێکەڵ و پێکەڵە، تێکەڵەیەکە لە دابونەریت و خوو و خدەی عەرەبی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام، لە کەلەپووری عەرەب بەگشتی و لە کەلەپووری میللەتە موسڵمانەکانی تر، زۆرجار ئەم کەلەپوورە بەتایبەت بەشە عەرەبییەکەی دزەی کردووەتەوە ناو ئاین و بەرگی پیرۆزیی پۆشیوە و کورتبینەکان بە نرخی ئاین دەیفرۆشنەوە بە کەسانی دیکە و بە میللەتە موسڵمانەکانی دیکەی ناعەرەب!

لێرەوە لە مێژوو مەترسیدارتر دەردەکەوێت؛ چونکوو بەرگی خۆیی گۆڕیوە و دەمامک و چارشێوی شتێکی دیکەی لەسەر ڕوخساری داناوە، بەشێوەیەک کە نە بە کەلەپووری ماوەتەوە و نە دەشهێڵێت گەوهەری ئاین دەرکەوێت و ڕوخساری جوانی بدرەوشێت، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئاینیش لەبەر چاوان دەخات و بە فۆرمێکی وشکی بێ گیان و بێ تام و خوێ لە قاڵبی دەدات! بۆیە جێگای خۆیەتی گرنگی زیاتر بەم بوارە بدرێت و بە توێژینەوەی زانستی ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە شەن و کەو بکرێت و سنوورەکانی ئاین و کەلەپوور بە وردی جیا بکرێنەوە و بوێرانە هەڵبسەنگێنرێن.

گرفتی کەلەپوور لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا نە لە کەمی و کاڵ وکرچی و نە لە زۆری و فرەڕەنگی کەلەپوورەکەیدایە، بەڵکو لە شێوازی مامەڵەکردنیدایە لەگەڵ گەلەپوور، لە ئاوێتەکردنی کەلەپوور و ئایندایە، لە پیرۆزکردنی ناپیرۆز و لە جاویدانکردنی ناجاویدان و لە هێشتنەوەی بەسەرچووەکاندیدایە، لە جیا نەکردنەوەی تخووب و سنوورەکانی کەلەپوور و ئایندایە لە یەکدی... دیارە ئەم جیاکردنەوەیەش کارێکی سانا و ئاسان نیە، بەڵام دژواری و سەختی کارەکە هەرگیز نابێتە پاساو بۆ دەست نەبردن بۆی و دەستنەکردن پێی، بەڵکو ئەو جیاکردنەوەیە پێویستییەکی سەرەکی ژیانی ئێستایە و ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

# چەندە پێویستە کەلەپوور شەن و کەو بکرێت هێندەش زیاتر پێویستە شەن و کەوکردنەکەی بە میتۆدی زانستیی و گونجاو ئەنجام بدرێت

کۆی گرفتەکانیشی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە بە میتۆدێکی زانستیی و گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشی گەورە:
یەکەم: بەرداشی ئەوانەی – بە هەر پاساوێک هەبێت سەرلەبەری ڕەتدەکەنەوە و بەشێوەیەکی ڕەها و گشتی دەسبەرداری دەبن و پشتی لێ دەکەن.
دووەم: بەرداشی ئەوانەی کوێرانە نەک تەنها پەسەند، بەڵکو پیرۆزیشی دەکەن و شەن و کەوکردنی بە کوفر و لە ئاین دەرچوون لەقەڵەم دەدەن.
بۆیە پێویستە لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ کەلەپووردا وازبهێنین لەو ڕەهایی و پیرۆزکردنە، نە بە شێوەیەکی گشتی ڕەتی بکەینەوە و نە هەمووشی پەسەند بکەین چجای پیرۆزکردن!!
ڕاستە کەلەپوور سەرمایەیەکی بەپێز و بەسوودە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە کەلەپوور بەشێکی دانەبڕاوە لە شوێن و کات واتە کەلەپوور دەرهاویشتەی شوێن و کاتە و ناکرێت لە خوێندنەوەی کەلەپووردا ڕەچاوی شوێن و کاتەکەی نەکرێت.... ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە چەندە پێویستە کەلەپوور شەن و کەو بکرێت هێندەش زیاتر پێویستە شەن و کەوکردنەکەی بە میتۆدی زانستیی و گونجاو ئەنجام بدرێت، مەبەستمان لە گونجاوی ئەوەیە تەنها زانستیی بوون بەس نیە، بەڵکو کەلەپووری هەر میللەتێک میتۆدی زانستیی تایبەتی پێویستە و ناکرێ بە نەفەسێکی ئایدیۆلۆژییەوە و بە میتۆدێکەوە کە لەگەڵ حەز و ئایدیۆلۆژییەکەماندا بگونجێ نەک لەگەڵ کەلەپوورەکەماندا دەستبکەین بەو کارە، هەڵەیە ئەگەر بە یەک میتۆدی زانستیی هەموو کەلەپوورەکان بخرێنە ژێر نەشتەری شرۆڤە و توێژنەوە و پاک و پیسکردنەوە و وەک زۆربەی کارەکانمان لەم کارەشماندا چاو لەم و لەو بکەین و بە چاولێکەریی و لاساییکردنەوە بمانەوێت گرفتەکانمان چارەسەر بکەین.

# بابەتی گشتیی





# هەڵەبجە

# لە چەند بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانیدا



**سامان سەلاح**
خوێندکاری دکتۆرا لە زانکۆی ئەستەمبوڵ
(بەشی مێژووی نوێ و هاوچەرخ)

یەکێک لەو گرفتانەی کە رووبەڕووی توێژەری مێژووی کورد دەبێتەوە، نەبوونی سەرچاوەی نوسراو و باوەڕپێکراوە لە سەر مێژووی کورد. هەم لە بەر دواکەوتنی کلتووری نوسین و بە ئەرشیفکردن لە نێو کورددا و هەم لەبەر ماڵ لێشێوان و وێرانبوونی ئەزموونە ئیداریی و سیاسییە یەک لە دوای یەکەکان و لەناوچوونی بەڵگەنامە ئیدارییەکان لە لایەکی ترەوە، گۆڕانکاری و وێستگە مێژووییەکانی کوردستان زۆر بە ناڕوونی ماونەتەوە. بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میرنشینی بابانەوە تا راپەڕین، ماڵی کورد چەندین جار وێران و تالان کراوە، بۆیە ئەگەر سەرچاوە بیانییەکان نەبوونایە، بەشێکی گەورەی مێژووی کورد بە ناڕوونی و لێڵی دەمایەوە.

یەکێک لەو سەرچاوە بیانییانەش کە بەشێکی گەورەی لە مێژووی ئێمە لەخۆگرتووە ئەرشیفی عوسمانییە، کە گرنگترین بەشی ئەم ئەرشیفەش سەرۆکایەتی ئەرشیفی عوسمانییە(başbakanlık osmanlı arşivi)، کە بنکەکەی دەکەوێتە ئەستەنبوڵەوە و نزیکەی ١٥٠ ملیۆن بەڵگەنامەی لەخۆگرتووە(١). لەم ژمارەیەش بەشێکی گەورەی تایبەتە بە مێژووی کورد(ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی گەورەی مێژووی کورد لە ئەرشیفی عوسمانیدا بۆ ونکردنی بوونی کورد لە سەدەی بیستەمدا فەوتێنراوە). لەگەڵ ئەوەشدا ساغکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە کارێکی ئاسان نییە و سەرەڕای ئەوەی کە ئەو زمانەی کە بەکارهێنراوە زمانێکی تێکەڵ لە تورکی و ئەو وشە فارسی و عەرەبیانەیە کە لە زمانی تورکیدا واتای تایبەتی خۆیان وەرگرتووە، لەهەمان کاتدا شێوازی نوسینی بەڵگەنامەکان کە هەندێک جار بە خەتی زۆر خراپ نوسراون و ئەمە جگەلەوەی کە هەندێک وشە و دەستەواژە بە کۆد نوسراوە کە لەبەرگرتنەوە و کاری ترانسکریپشن تێیاندا پێوستی بە سەلیقە و شارەزاییەکی باش هەیە.

بەڕێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانیش تەنها سەرچاوەیەک نییە، بۆ گەڕان بە شوێن مێژووی کورددا لەچوارچێوەی مێژووی عوسمانیدا، بەڵکو چەندین سەرچاوەی تری وەک واقیعەنوسی(کە مێژوونووسی ڕەسمی سەڵتەنەت) و ساڵنامەکانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە رووداو و گۆڕانکاریی و مومتەلەکاتی دەوڵەتی تیا خراوەتە ڕوو، کە یەکەم ساڵنامە لە ١٨٤٧ داو لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە دەردەچێت، بەڵام دوای دەرکەوتنی گرنگی ساڵنامەی ناوەندی کە بە ساڵنامەی دەوڵەتی عالییەی عوسمانییە، ناسرابوو، دەستیانکرد بەدانانی ساڵنامەی ویلایەتەکان و یەکەم ساڵنامەی ویلایەتیش ساڵنامەی بۆسنە بوو لە ساڵی ١٨٦٦دا، دواتر بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٩٠ ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ دەردەچێت کە هەندێک وردەکاری لە بارەی پێکهاتەی ئیداری ویلایەتەکەوە تیا خراوەتەڕوو و کەرەستەی باشی توێژینەوەی لەسەر مێژووی کورد تێدایە. ئەگەرچی ساڵنامەی موسڵ تەمەنی زۆر درێژ نەبوو، تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوو. لەم بەڵگەنامانەشدا بەشێکی پەیوەندی بە مێژووی هەڵەبجەوە هەیە کە لەم چەند دێڕەدا چەند بەڵگەنامەیەک لەسەر هەندێک گۆڕانکاری ئیداری لە هەڵەبجەدا ئەخەینە ڕوو.

لە دوای ڕاگەیاندنی تەنزیماتەوە هەندێ گۆڕانکاری ئیداری دەکرێت، لە مانگی ئازاری ١٨٤٢دا پێکهاتەیەکی ئیداری نوێ ڕێکخرا، بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەش لە چوارچێوەی سەنجاقدا کۆمەڵێک گوند بە گوندێکەوە دەبەسترانەوە و یەکەیەکی نوێیان بەناوی قەزا پێکدەهێنا و لەلایەن بەڕێوەبەری قەزاوە بەڕێوە دەبران(٢)، سەنجاقیش

لەلایەن قایمقامەوە بەڕێوە دەبرا. واتە ئەوەی کە ئیدارەی قەزاکان دەکات لەم قۆناغەدا بەڕێوەبەری قەزایە نەک قایمقام، ئەم شێوازە بەڕێوەبردنی قەزاش لە ١٨٤٢ بەدواوە بەردەوام دەبێت هەتا ١٨٦٤و لەم بەروارەوە یەکەم دەسەلاتی بەڕێوەبردن لە قەزادا لە بەڕێوەبەرەوە دەبێتە قایمقام لەپاڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزادا(٣).

لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە نوێیەشدا هەریەک لە گوڵعەنبەر و هەڵەبجەش دەبن بە دوو قەزا لە لیوای سلێمانیدا، لە هەمانساڵدا (١٢٥٨ک/١٨٤٢ز) محەمەد خورشید پاشا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیاریکردنی سنوور لە کتێبی (سیاحەتنامەی حدوددا) ناوی هەریەک لە هەڵەبجە(البجە) و گوڵعەنبەر وەک دوو قەزا دەهێنێت. ئەگەرچی لەهەمان کتێبدا گوڵعەنبەر وەک قەسەبە و هەڵبەبجەش وەک 'قەریە' ناویان هاتووە، واتە هەریەک لە گوندی هەڵەبجە و گوڵعەنبەر دەبن بە بنکەی گوندەکانی دەوروبەریان. دوای ئەم بەکارهێنانەش لە ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ساڵنامەی ژمارە(٤)ی ١٨٥٠وە ناوی هەریەک لە گوڵعەنبەر(گوڵعەمبەر) و هەڵەبجە (علوچە) هاتووە. لە ساڵنامەی ١٨٥٠دا تەنانەت ناوی گوندی (گوندە) کە ئێستا یەکێکە لە ئاوایییەکانی ناوچەی نەورۆڵی سەر بە هەڵەبجە وەک یەکێک لە قەزاکانی سەر بە لیوای سلێمانی هاتووە(٤). لە ساڵنامەکانی دواتردا، ناوی (گوندە) نامێنێت و هەڵەبجە (کە لە ژمارەکانی دواتردا دەبێتە علوجە) و گوڵعەنبەر دەمێنێتەوە لەو ژمارانەی کە لە نێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٦٩ دەردەچن(٥).

بەڵام دوای ئەوەی کە یەکەی ئیداری هەڵەبجە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت گوڵعەنبەر کە لە بنەڕەتدا ناوی شارۆچکەی خورماڵە، وەک ناوێک بۆ قەزاکە بەکارهاتووە کە ناوەندەکەی هەڵەبجە بووە(٦). بۆیە کاتێک لە ئەرشیفی عوسمانیدا لە دوای ١٨٦٩وە قەزای گوڵعەنبەر بەکارهاتووە، مەبەست لێی شارۆچکەی هەڵەبجەیە.

ناوی هەڵەبجەش وەک لە سەرەوە باسکرا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و بە چەند ڕێنوسێکی جیاواز هاتووە. بۆ نمونە لە ساڵنامەکانی نێوان ١٨٥٠-١٨٦٩ دەوڵەتی عوسمانیدا، ناوی گوڵعەنبەر و عەلەوچە و دواتر عەلەوجە هاتووە وەک دوو قەزای لیوای سلێمانی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە بەڵگەنامەکانی تردا بە «ئەلەبجە»(٧)، و بەکەمی «حلبجە» ش بە کارهاتووە و جارو بار (ئەلیجە) ش بەکارهاتووە.

ناوی گوڵعەنبەریش، کە دەبێتە ناوی قەزاکە، لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، ئەتوانین بڵێین چوار قۆناغی بەکارهێنانی هەیە. قۆناغی یەکەم ئەو بەڵگەنامانەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەوە دەستپێدەکات و تایبەتە بە قەڵای گوڵعەنبەر وەک خاڵێکی ساربازی و سنووری. دووەم بەکارهێنان ناوی گوڵعەنبەرە وەک شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە دەکاتە خورماڵی ئێستا و بە قەصەبەی گوڵعەنبەر ناوی هاتووە، لە دەوروبەری نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە. بەکارهێنانی سێیەمیش ناوی گوڵعەنبەرە وەک قەزا لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە لە پاڵ هەڵەبجە و پێنجوێن و وارماوا و شوێنەکانی تردا تا ١٨٦٩. بەکارهێنانی چوارەمیش قەزای گوڵعەنبەر و قەصەبە و هەندێ جار قەرییەی گوڵعەنبەرە کە لە ١٨٦٩ وە دەستپێدەکات تاکۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی کە قەزای گوڵعەنبەر شارۆچکەی هەڵەبجە بنکەکەیەتی و قەریەی گوڵعەبەریش بەشێکە لەو قەزایە. ئەگەرچی هەندێک

جار لەم ماوەیەدا قەسەبەی گوڵعەنبەریش (بەهەڵە) بەکارهێنراوە بۆ شارۆچکەی هەڵەبجە.

لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامە ئیدارییانەش کە تایبەتن بە مێژووی هەڵەبجەوە ئەم چەند بەڵگەنامەیە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی چەند وێستگەیەکی گۆڕانکاری ئیداری ئەخەنە ڕوو لە هەڵەبجەدا.

١. جگە لە ساڵنامەکان ئەمەی خوارەوە کۆنترین بەڵگەنامەی بەردەستە لە سەرۆکایەتی ئەرشیفی عوسمانیدا کە تێیدا ناوی گوڵعەنبەر وەک قەزا هاتووە و بەپێی بەڵگەنامەکە بەڕێوەبەری قەزای گوڵعەنبەر ئەحمەد ئەفەندی بە هۆی نەتوانین (عدم اقتدار)وە لادەدرێت و عەبدوڵڵا ئاغا لە شوێنیدا دادەنرێت، مێژووی بەڵگەنامەکە دەگەڕێتەوە بۆ (١٠ی شەعبانی ١٢٧٢ک/ ١٦ی نیسانی ١٨٥٦). لەم بەڵگەنامەیەدا گوڵعەنبەر وادیارە مەبەست لێی خورماڵە، نەک هەڵەبجە لەبەرئەوەی لەم ماوەدا گوڵعەنبەر و هەڵەبجە وەک دوو قەزای جیا لە ساڵنامەکاندا ناویان هاتووە.

ئەوەی لە بەڵگەنامەکەدا ڕوونە ئەوەیە کە پێش ئەم بەروارە ئەحمەد ئەفەندی مدیری قەزاکە بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێک کە پێش ئەم بەروارەش گوڵعەنبەر  وەک قەزا مامەڵەی لەگەڵ کراوە و دوای ئەم بەروارەش لە بەڵگەمەناکانی تردا جگە لە ساڵنامەکان چ مەبەست لێی خورماڵ بووبێت و چ مەبەست لێی هەڵەبجە بێت بەشێوەیەکی گشتی ناوی گوڵعەنبەر وەک قەزا هاتووە. بۆ نمونە داواکاری موچەی (محەمەد صادق) کە خەڵکی قەزای گوڵعەنبەرە لە ئەستەمبوڵدا لە بەرواری ١٨٥٩/٩/٧(٨). بەڵگەنامەیەک لەسەر دامەزراندنی فەتحوڵا ئەفەندی وەک مودیری مەدرەسەی قەزای گوڵعەنبەر لە ١٠ی حوزەیرانی ١٨٧٢دا(٩)، بەڵگەنامەیەک لەسەر داهاتی باج لە سەنجاقی سلێمانی و قەزای گوڵعەنبەر لە ١٤ی مایسی ١٨٧٤(١٠).





٢-بەڵگەنامەی دووەم کە بەرواری یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی هەڵەبجەیە بریتییە لە جێگیرکردنی عەشیرەتی جاف لە هەڵەبجە و فەرمانی دامەزراندنی محەمەد پاشای جاف وەک قایمقامی قەزاکە کە  لە بەرواری ١٨٦٩/١١/٢٤ نێردراوە بۆ ویلایەتی بەغداد.

وەک لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە بەپێی ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کە لە سەنجاقی سلێمانیدا

کراوە، یەکێک لەو پێنج قەزایەی کە دەکەوێتە سەنجاقەکەوە(١١) و بریتییە لە دەشتی پانوبەرینی گوڵعەنبەر کە نزیک سنوری ئێرانە و هەوارگەی زستانەی عەشیرەتی جافە، لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەکرێتە قایماقامییەت و محەمەد بەگ( کە دیارە تا ئەم کاتە نازناوی پاشای وەرنەگرتووە) سەرۆکی جاف دەکرێتە قایمقامی قەزاکە و، زەوییەکانی ئەم قەزایە پارچە پارچە دابەش دەکرێت بەسەر ئەندامانی ئەم عەشیرەتەدا و ئەو ماڵانەشی کە هاتووچۆی ئێرانیان دەکرد نیشتەجێ دەکرێن... و کوڕی ناوبرا و بەناوی مەحمود بەگ دەکرێتە قاپیچی دەرگاهی عالی( کە ئەم پۆستەیان پاراستنی ئاسایشی لە ئەستۆدا بوو)....

ئەوەی گرنگە لەم بەڵگەنامەیەدا تێبینی بکەین ئەوەیە کە پێش ئەم بەروارە قەزای هەڵەبجە لەبری قایمقام، بەڕێوەبەری هەبووە و لەم بەروارە بەولاوە ئیدارەی قەزاکە لە بەڕێوەبەرایەتییەوە دەبێتە قایمقامییەت. بەم پێیەش ئەگەر قەزا وەک ناو وەرگرین ئەوا ساڵی ١٨٤٢ز مێژووی بە قەزابوونی شارەکەیە و ئەگەر قەزا بەوشێوازە ئیدارییە وەرگرین کە ئێستا هەیە، ئەوا ساڵی ١٨٦٩ مێژووی بە قەزابوونی شاری هەڵەبجە و دانانی یەکەم قایمقامە بۆ قەزاکە.

محەمەد پاشاش لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە تا ١٨٧٣(١٢)، دواتر لە سەر قایل نەبوونی بە نیشتەجێکردنی جافەکان و وازهێنان لە کوێستان و گەرمیان نێوانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا تێکدەچێت و ڕوو دەکاتە ئێران، ئەم هۆکارە سەرەڕای ئەوەی لە سەرچاوەکانی جافدا تۆمارکراوە لە ئەرشیفی عوسمانیشدا وەک هۆکاری ڕووکردنە ئێرانی محەمەد پاشا ئاماژەی پێکراوە(١٣).

بەپێی گێڕانەوەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف لە دوای محەمەد پاشا، محەمەد بەگی قادر پاشا دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە(١٤)، وادیارە ئەویش زۆر لەو پۆستەدا نەماوەتەوە، چونکە بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی بەغدادی ساڵی(١٢٩٢ک/ ١٨٧٥-١٨٧٦ز) محەمەد ساڵح بەگ ناوێک قایمقامی گوڵعەنبەر (هەڵەبجە) بووە(١٥)، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ئەرشیفی عوسمانیدا کەمترین نوسراو و بەڵگە لەسەر ئەو سەردەمانەی گوڵعەنبەر دەست دەکەوێت کە تیایدا گوڵعەنبەر خاڵییە لە جاف. ئیدی تەقریبەن لەگەڵ کۆچی جافەکاندا قورسایی سیاسی گوڵعەنبەریش دەکوژێتەوە و باسی نامێنێت. دواتر بەپێی بەڵگەنامەیەکی تری ئەرشیفی عوسمانی لە ١٨٧٧/٣/٢٩ محەمەد پاشا مەزبەتەی بوونەوە بە قایمقامی هەڵەبجە پڕ دەکاتەوە(١٦) و لەم پۆستەدا بەردەوام دەبێت هەتا کاتی کوژرانی لە ساڵی ١٨٨١.

٣- بەداخەوە بەڵگەیەکمان لە بەردەست نییە لەسەر فەرمان و بەرواری دەقیقی دەستبەکاربوونی مەحمود پاشا کە دوای باوکی دەبێتە قایماقامی هەڵەبجە، بەڵام ئەمەی خوارەوە فەرمانی لەسەر کار لابردنی مەحمود پاشا و دانانی عوسمان پاشای برایەتی وەک قایمقامی هەڵەبجە.

ئەم بەڵگەنامەیە، وەک لە سەری نوسراوە مەحرەمانە(نهێنی)و مێژووی فرمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ١٨٨٨/١١/٢٥ (بە پشتبەستن بە فرمانی سوڵتان کە سێ ڕۆژ پێشتر دەرکراوە واتە(١٨٨٨/١١/٢٢) و دواتر بەفەرمی لەلایەن سەدری ئەعزەمەوە ئاڕاستەی داخلییەی نەزارەت (کە ڕۆڵی وەزارەتی ناوخۆی بینیوە) دەکرێت، بە فەرمانی ڕەسمی(مەکتوبی قەڵەمی) لە بەرواری ١٨٨٨/١١/٢٥دەردەچێت.

بەپێی فرمانەکە عەشیرەتی جاف کە لە چوارچێوەی سەنجاقی سلێمانیدا، بەسەر قەزاکانی شارەزوور و بازیان و گوڵعەنبەر و ناحییەی صەلاحییە(کفری)دا بڵاوبوونەتەوە، بەشێوەکی گشتی جێگای خۆشنودی دەسەڵاتی عوسمانین، بەڵام ڕەئیسی عەشیرەتەکە کە لەهەمانکاتدا قایمقامی

قەزای گوڵعەنبەرە بەهۆی سەرەڕۆییەکانییەوە لە پۆستەکەی لادەبرێت و پلەی میری میرانی پێ دەدرێت و ڕەوانەی ئۆرفە دەکرێت و دەکرێتە موتەسەڕیفی ئەو شارە و لە جێگایدا عوسمان پاشای برای بە قایمقامی هەڵەبجەدا ئەنرێت.

. وێنەکە فرمانی کۆتاییە و لە مسوەدەکەی دەفتەری سەدارەتدا ئەوەی تیانوسراوە کە عوسمان پاشای برای دوای لابردنی والی موسڵ لە شوێنیدا دادەنرێت، بەڵام دواتر هێڵێکی بەسەردا هاتووە و لە فرمانە ڕەسمییەکەدا نەماوە.



ئەڵبەتە ئەوەی روونە ئەوەیە کە مەحمود پاشا هەرگیز نەچووە بەدەم ئەم فەرمانەوە و دوای چوار مانگ لە بری ئورفە ڕوو لە ئەستەمبوڵ دەکات بە ئومێدی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکە(١٧)، بەڵام جارێکی تر نابێتەوە بە قایمقام و لە بری ئەو عوسمان پاشا قایمقامی هەڵەبجە دەبێت.

٤- لە ماوەی فەرمانڕەوایی وعوسمان پاشا و بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا چەندین نوسراو ی لە دژ بەرز دەکرێتەوە و چەندین تەلەگرافی نامە گۆڕینەوە لە سەر هێشتنەوە یان لابردنی لەسەر دەسەڵات لە نێوان ئەستەنبوڵ و موسڵدا بەرچاو دەکەوێت، کە لەم نوسینەدا بواری خستنە ڕوویان نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ساڵێک بەر لە لادانی لە قایماقمییەت و لە حوزەیرانی ١٩٠٧ بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشتی موسڵ دەکرێت و ماوەی (٩)مانگ لە موسڵدا دەهێڵدرێتەوە و لە شوێنیدا جێگری قایمقامی ڕەواندز بەکاتی دادەمەزرێت(١٨). دواتر لە مانگی شوباتی ١٩٠٨ دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر کارەکەی(١٩) و لە کۆتاییەکانی ١٩٠٨ وە بابەتی لەسەرکارلادانی دەبێتە شتێکی حەتمی و دەوڵەتی عوسمانی بۆ جێگرتنەوەی وعوسمان پاشا چەندین هەوڵی پڕ وەسوەسە دەدات. لە ١٩٠٨/٨/١ والی موسڵ تەلەگرافێک ئاراستەی ئەستەمبوڵ دەکات لەسەر ئەوەی کە کەسێکی گونجاو لەگەڵ مەزاجی عەشائیری جافدا لە جێگەی عوسمان پاشادا دابنرێت(٢٠).لە ڕێکەوتی ١٩٠٨/١٢/٧ بڕیاری دانانی عەبدولفەتاح ئەفەندی دەدرێت کە سەر بە عەشیرەتی جافە و تا ئەوکات لە بەیروت فەرمانبەری دەوڵەت بووە(٢١)، بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بێت ئەمە سەرناگرێت و دواتر لە ١٩٠٨/١٢/٢٨ فرمانی دانانی ئیسماعیل حەقی ئەفەندی لە قایمقامییەتی چارشەنبە(شارێکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)وە لە جێی عوسمان پاشا دەدرێت(٢٢). بەمەش بۆ یەکەمجار بە ڕەسمی قایمقامێتی گوڵعەنبەر دەدرێتە دەستی یەکێک لە دەرەوەی خەڵکی شارەکە و عەشیرەتی جاف، لە بەرامبەر ئەمەشدا لە ١٩٠٩/٣/٦دا نزیکەی پەنجا کەسایەتی شارەکە کە بەشێکیان لە بەگزەکانی جافن، ( ئەگەرچی ناوی مەحمود پاشا و کوڕەکانی تیا نییە) نامەیەکی دوورودرێژ ئاراستەی سەدری ئەعزەم دەکەن، لە نامەکەدا داوای ئەوە ئەکەن کە پێداچوونەوە بە بڕیاری دانانی کەسێکی تر لەبری جافەکان لە قایمقامیتی هەڵەبجەدا بکرێت و لەبەر بەرژەوەندی شارەکە کەسێک لە بەگزادەکانی

جاف و بە تایبەت عوسمان پاشا بکرێتەوە بە قایمقام لە شارەکەدا لەبەرئەوەی کە بیست ساڵە ئاسایشی شارەکەی پاراستووە و لەناو عەشائیری جافدا بەقسەی دەکرێت و پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەکدا هەیە(٢٣). زۆری پێ ناچێت ئیسماعیل حەقی ئەفەندیش، بەبیانووی نەخۆشی (کە دوور نییە لەژێر فشاری جافەکاندا ئەمەی کردبێت) ناتوانێت کاری قایمقامێتی لە هەڵەبجەدا بکات و لە مانگی نیسانی ١٩٠٩دا مشتومڕی دانانی کەسێکی تر دێتە ئاراوە. لە بەرامبەر ئەمەدا و (١٠)رۆژ دوای نامەکەی کەسایەتییەکانی جاف وەزارەتی ناوخۆ(داخلیە نظارت) نامەیەک ئاراستەی والی موسڵ دەکات و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ دەکەن لەسەر دانانی قایمقامی نوێی هەڵەبجە کە ئەمەی خوارەوە، وێنەی نوسینەوەی تەلەگرافەکەیە.

بۆ بەڕێز ڕەشید پاشا والی موسڵ:

بە هۆی لابردنی قایمقامی گوڵعەنبەر عوسمان پاشا لەسەر ئەو شکایەتە یەک لەدوای یەکانەی کە دژی ناوبرا و هەبوو و دانانی مستەفا ئیسماعیل حەقی لە قایمقامییەتی (چهارشەنبە)وە و وەرگرتنەوەی پۆستی قایمقامییەت و دەسەڵات بەتەواوی لە جافەکان بە نەخوازراز دەزانرێت و دامەزراندنی برای ناوبراو محەمەد علی بەگ بە پلەی قایمقام بە گونجاو دەزانرێت. لەو تەلەگرافنامەی کە عوسمان پاشا ناردوویەتی بۆ مەجلیسی مەبعوسان ئاماژەی بەوە کردووە کە بیست ساڵە لە دابینکردنی ئاسایشدا سەرکەوتوو بووە و بۆ پارێز لە تواناکانی *** و ئەوەی کە عەشائیرەکانی قەزای ناوبراو گوێڕایەڵی بەگزادەکان ئەکەن و لە شوێنی وەسمان پاشادا *** لە بەرامبەر تەعین کردنی کەسێکی تردا*** لە گەڵ گوزارشتکردن لە دۆخی موئسیفانە لەبارەیەوە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تەلەگرافەی کە بە ئیمزای سەرۆکەکانی جافەوە لە ١٩٠٩/٣/٦وە لە سەلاحییەوە(کفری) نێردراوە موتاڵای بابەتەکە بکرێت و بەلەبەرچاوگرتنی ئەمە کەسێک لە بەگزادەکان یان کەسێکی دەرەکی بکرێتە قایمقام بەپێی لەبەرچاوگرتنی دۆخەکە و بەرژەوەندی(بەشێکی تری نوسراوەکەش پەیوەندی بە شکاتێکەوە هەیە کە لە مەحمود پاشا کراوە).



ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە دوای ئەم بەروارە و لەم ساڵەدا عوسمان پاشا کۆچی دوایی دەکات، کە دیارە پێشتریش نەخۆش بووە، چونکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر کاتێک بانگهێشتی موسڵ کرابوو بۆ لێپێچینەوەی جاری یەکەم چووەتە سلێمانی و بەبیانووی نەخۆشییەوە گەڕاوەتەوە هەڵەبجە(٢٤).

دوای عوسمان پاشا بەقسەی مێجەرسۆن بۆ ماوەی چەند مانگێک مەجید بەگی کوڕە گەورەی عوسمان پاشا دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە(٢٥)، ئەگەرچی کاتی دەسبەکاربوون و دەستلەکارکێشانەوەی بە تەواوی دیار نییە،

بەڵام لە ساڵنامەی ١٩٠٩ی دەوڵەتی عوسمانیدا، ناوی مەجید ئەفەندی وەک قایماقامی گوڵعەنبەر هاتووە(٢٦). ئەوەی دوای ئەم بەرواره دێت، عەبدولمەجید ئەفەندییە کە ١٩٠١١/٣/٢٨ فرمانەکەی دەردەچێت و لە (مەلازگرد)ەوە رەوانەی هەڵەبجەی ئەکەن(٢٧)، دواتر عەبدولمەجید ئەفەندیش لە ١٩١٣/١٢/١٤ لەگەڵ محەمەد عەلی بەگی قایمقامی ئامێدیدا ئاڵوگۆری شوێنیان پێ دەکرێت(٢٨)، ئەم ئاڵوگۆره لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی عوسمانیدا لە نێوان ئەو کەسانەی لە پلەی ئیداری هاوتای یەکتردا بوون شتێکی باو بووە و لە فەرهەنگی عوسمانیدا بە (بەجایش) بەناوبانگ بووە کە وشەکە لە بنەڕەتدا لە فارسییەوە وەرگیراوە.

محەمەد عەلی بەگ بەردەوام دەبێت لە کاری قایمقامێتی تا ١٩١٤/٦/١٧ و لەم بەروارەوە ئیبراهیم ئەدهەمی قایمقامی کۆیە دەکرێتە قایمقامی هەڵەبجە(٢٩). وادیارە ئەمیش زۆر نەماوەتەوە، چونکە لە ساڵنامەی (١٣٣٣-١٣٣٤ک)دا ئەمین بەگ ناوێک وەک قایمقامی گوڵعەنبەر ناوی هاتووە(٣٠). ئەگەرچی جگە لەمە بەڵگەیەکی ترمان لەبەردەستدا نییە لەسەر کاتی دەستبەکاربوون و لادرانی. دواتر لە ١٩١٦/٦/٢٢ ئیبراهیم بەگ کە قایمقامی واردۆ(دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە) دەبێت وەک قایمقام دەگوازرێتەوە بۆ گوڵعەنبەر(٣١) و لە ١٩١٦/١٠/٢٩یش سوڵتان بەگ دەبێتە قایمقام، ناوبراو لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە هەتا کانونی دووەمی١٩١٨(٣٢)، لە دوای ئەویش وەک لە تۆمارە عوسمانییەکاندا هاتووە لە ڕێکەوتی ١٩١٨/٣/٤ ئەمین بەگ دەبێتە قایمقام(٣٣).

ئەمانە چەند بەڵگەنامەیەکن لەسەر فرمانی ئیدارییان و دیار نییە کە چەندیان بە فیعلی قایمقامێتییان کردووە لە هەڵەبجەدا، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە کە ئیدی لە ١٩١٨ و هاتنی ئینگلیزەوە قایمقامێتی هەڵەبجە دەگەڕێتەوە دەست بەگزادەکانی جاف.

دەسەڵاتدارێتی جاف بۆ ئەو ماوە درێژە لە هەڵەبجەدا و بەتایبەتیش قایمقامێتی عوسمان پاشا شتێکی تایبەتە و پەیوەندی بە سەنگ و قورسایی جاف و سروشتی ڕامنەکراوی جافەوە هەبووە و لە مێژووی عوسمانیدا و بەدەگمەن ڕێگایان بە کەسێک داوە بۆماوەیەکی درێژ بەسەر شوێنێکەوە فەرمانڕەوا بێت، بەڵام دوای مەجید بەگ ئیدی فەرمانڕەوایی دەکەوێتە دەست کاربەدەستانی عوسمانی و لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٩ – ١٩١٨) دا چەندین کەس وەک قایمقام دادەنرێت و لادەبرێت.

ئەوەشی کە دەستی دەوڵەتی عوسمانی دەکاتەوە لە لادانی سەرۆکەکانی جاف، لە قایمقامێتی هەڵەبجە ئەوەیە کە چیتر جاف وەک عەشیرەتێکی کۆچەر نەماوەتەوە کە بە قسەی سەرۆکەکانی هەوارگە بگوازێتەوە و بار بکات و ڕام و شاری بوو و خەڵکی بە کشتوکاڵ و پیشەوەرییەوە سەرقاڵ بوو. پێش نیشتەجێبوونی جاف هیچ دەسەڵاتێک نەیدەتوانی بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیانەوە. لە سەردەمی محەمەد پاشادا کاتێک عومەر پاشای والی بەغدا داوای نیشتەجێبوونی عەشیرەتەکەی لە محەمەد پاشا دەکات، محەمەد پاشا پێی وا دەبێ کە سەرقاڵکردنی جاف بە کشتوکاڵەوە مانای دیلکردنیانە و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەوان:"وەک بازێک سەربەستن و کوێیان بە دڵ بوو لە وێ دەنیشنەوە، چۆن بە دەستی خۆیان دەست و پەلی خۆیان دەخەنە زنجیرەوە؟ هەر شوێنێک ئەوانی پیا بڕۆن موڵکی جافە چ لە ئێران و چ لە (خاکی) عوسمانی"(٣٤).

بەڵام ئەو مەترسیانەی کە پێش نزیکەی چل ساڵ محەمەد پاشا لەسەر نیشتەجێبوونی جاف دابووی لە کۆتاییەکانی قایماقامێتی عوسمان پاشادا هاتەدی و کاری ئاژەڵداری گۆڕاو بوو بە کشتوکاڵ و دڵ و گوزەرانی خەڵکی بەسترابوویەوە بە زەوییەکانیانەوە و خێوەت و هەواری جاف گۆڕابوو بەو کۆشک و خان و خانوانەی کە جێهێشتن و لێبووردنیان، کارێکی ئاسان نەبوو.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. Örenç, Ali Fuat. Yakınçağ Tarihi, Akademi Titiz Yayınları, 2006.s.6

2. ARSLAN, Barış. «H. 1265 (M. 1849) DEVLET SALNAMESİNE GÖRE OSMANLI İDARİ YAPISI.» (2007).S.77

3 ARSLAN, Barış. «H. 1265 (M. 1849) DEVLET SALNAMESİNE GÖRE OSMANLI İDARİ YAPISI.» (2007). S.80

٤ سالنامه دولت عليه عثمانيه ١٢٦٦ /٤ ص٨٧.

٥ بۆ ئەمە پشتم بە ژمارەکانی ١١ و ١٢ و ١٦ و ٢٤ی سالنامه دولت عليه عثمانيه بەستووە کە لە ساڵەکانی ١٨٥٦ و ١٨٥٧ و ١٨٦١ و ١٨٦٩ دەرچوون. (ژمارەکانی تر بەردەست نەبوون).

6. Eroğlu, Cengiz, Murat Babuçcuoğlu, and Orhan Özdil. Osmanlı vilayet salnamelerinde Musul. Global Strateji Enstitüsü, 2005.s.31

7 بە نموونە BOA, Y..PRK.ASK. 248 6 1 14 Camadıl evvel 1325

8 BOA, MVL 828, 86 9,sefer 1276

9 BOA, İ..DH.. 655, 45538 1 25 CA 1289

10 BOA, İ..DH.. 692 48393 25 L 1891

١١ ئەو پێنج قەزایە بریتی بوون لە گوڵعەنبەر و قەرەداغ و بازیان و مەرگە و شەهرپازار کە ئەمەی دووایيان مەرکەزەکەی سیتەک بووە. بڕوانە ساڵنامەی ١٨٧٤ ی دەوڵەتی عالییەی عوسمانییە ل ٢٥٤.

١٢کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی کتۆر حەسەن جاف ١٩٩٥، ل ١٧٣.

13 BOA, DH.MKT. 1322 89 1

١٤هەمان سەرچاوە، ل١٧٦.

١٥. سالنامات ويلايت بغداد(١٢٩٢ك)، دفعه١، مطبعة ويلايت بغداد، ل١٠٠.

16 BOA, DH.MKT. 1322, 89 14 L 1294

17 BOA, MV. 43 21, 1306 N 8 (20/4/1890)

18 BOA, DH. ŞFR. 382 66 1323 H 06

19 BOA, DH. ŞFR. 392 106 1323 Ks 22

20 BOA, DH. ŞFR. 406 59 19 Te 1324

21 BOA, DH.MKT. 2677 70 1326 Za. 13

22 BOA,DH.MKT. 2694 10 1326 Z. 4

23BOA, DH.MKT. 2768 28 22 Ş 1324

24 BOA, DH. ŞFR. 380 78 1323 my 09

٢٥وەرگیراوە لە عادل صديق على، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە، سلێمانی ٢٠١١، ل ١٧٦.

٢٦ سالنامەءدولت عليئى عثمانيه ٦٦ ١٣٢٧.

27 BOA, BEO 3874 290512 1329 R. 21

28BOA, BEO 4239 317887 1332 M. 15

29 BOA BEO 4292 321900 1332 B. 24

٣٠سالنامەءدولت عليئى عثمانيه ١٣٣٣-١٣٣٤.

٣١ BOA, BEO 4419 331425 1334 Ş 21

32 BOA, İ..DU İT 44 89 1335 M. 02

33 BOA, İ..DU İT 46 81 1336 C. 21

٣٤ کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی کتۆر حەسەن جاف ١٩٩٥، ل٥٢.




# بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە = ما) لە شیعری ڕەزاخانی کەندۆڵەییدا



**کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)**

لەدایکبووی ١٩٨٦، کەلار. خوێندکاری زانکۆی تاران لە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسیی(بەکالۆریۆس). خاوەنی (٣٥)کتێبی چاپکراوو ژمارەیەکی زۆر وتار و لێکۆڵینەوەیە.

لێکۆڵینەوە لە شوێن و جێگا و مانای وشە لە شیعری شاعیران، یەکێکە لە ڕێگە و هەنگاوەکان لەناو ڕێبازی زمان و ئەدەبیاتدا، هەر لەبەر ئەم هۆ و مەبەستەیە کە ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر جێگەی جێناوی (ئێمە= ما) لە شیعری ڕەزاخانی کەندوڵەییدا کردووە، هەر لەبەرئەمەیە وردبووینەتەوە و بەراوردی شوێنی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆمان لەگەڵ هەمان جێناو لە شێوەزارەکانی تردا و بە نمونە هێنانەوە لە شیعری شاعیرانی گۆرانیدا بەراورد کردووە. هەروەها لە جێگا جیاوازەکانی شوێنی جێناوەکان لە ڕێزمانی ئەو شێوەزارانەدا و واتایی و شوێنی ڕێزمانیی لە شێوەزاری گۆرانیی و کوردیی باشووردا، بەشێوەی گۆکردنی ناوچەیی و ژیاننامەی شاعیر، کۆڵراوەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بنەمای شیعری شاعیر ئەنجامدراوە و نمونەی شیعریی و مانا و مەبەستی شاعیر لە بەیتەکاندا، خراوەتە ڕوو، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیش نیشاندراوە، مانای جێناوی (ئێمە= ما) لە شیعری ڕەزاخاندا لە واتای دووەمی (هۆز، قەوم و تیرە) و سێیەم (مانای یەکەم و ڕاستی وشەکە خۆی «یەکەمی کۆ») بەکاربراوە و هاتووە، هەروەها لەبەرئەوەی جێناوی لکاوی یەکەمی کۆ و جێناوی کەسیی کە لە شیعرەکاندا هاتووە، مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە)، مەبەستی تەنیا لە خۆی نەبووە، بەڵکو مەبەستی لە خۆی و قەومەکانی تریش بووە، کە سوپا و هێزیان هەبووە و لە شەڕەکاندا هاوکار و شانبەشانی یەکتر و پشتیوانیان لە یەکتری کردووە، هاتووە، هەرکاتێک شاعیر مەبەستی لە خۆی بوو بێت، جێناوی لکاوی یەکەمی تاکی بەکاربردووە، یان جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی هێناوە و هەر بە مانای ئێمڕۆییش بەکاری بردووە.

وشەیی کلیلی: جێناوی (ئێمە= ما)، ئەدەبی کوردی، گۆرانی، ڕەزاخانی کەندوڵەیی.

## مقدمه

جێناوی (ئێمە= ما) لە زمانە ئێرانییە کۆن و نوێکاندا بەشێوازی جۆراوجۆر بەکارهاتووە، لە پارسی کۆندا بەشێوەی (ڤەیەم) (شارپ: ٩) بەکار هاتووە، لە پەهلەوی ڕۆژئاواییدا بەشێوەی (ئەما/ ئەماهـ) (یَموزگار، تفچلی: ٦٨) بەکارهاتووە، لە فارسی نوێشدا بووە بە (ما) و لە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەکار دێت، کرمانجیی باکوور لە دۆخی ڕاستەوخۆدا (ئەم) و لە ناڕاستەوخۆدا (مە) (حسێن: ١٢٢-١٢٣)، لە کەڵهووڕیدا بە (ئێمە) (رنجبر: ١٠١)، لە شێوەی هەورامیدا بە (ئێمە) (سجادی: ١٤٢)، لە زازاییدا (ما) (مرشدی و...: ٧٥)، لە کرمانجی ناوەڕاستیشدا بە (ئێمە) (رُخزادی: ١٥٧) بەکار دێت.

ئەم جێناوە بەشێوەی لکاو و جیا بەکار دێت و هەندێ جاریش لکاو و جیا پێکەوە بەکار دێن، وەک: ئێمەین.

لەم توێژینەوەیەدا بەدوای ئەوەدا وێڵین کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی وشەی ئێمە لە شیعرەکانی ڕەزاخانی کەندوڵەییدا بدۆزینەوە و واتا جیاوازەکانی ڕوون بکەینەوە. گریمانەی ئەوە دەکرێت بە کۆ قسەکردن مەبەستی لە خۆی بێت، یاخود مەبەستی لە تیرە و هۆز و نەتەوەکەی بێت، یان هەر بە واتای ئاسایی ئێمە (کەسی یەکەمی کۆ) بێت. بۆ ئەم مەبەستەیش لە شیعرەکانی ڕەزاخانمان کۆڵیوەتەوە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە شیعرەکانی ناوبراودا ئەنجاممان داوە بە سەرنجدان لە مانا و مەفهوومی شیعرەکان جێناوی ئێمە لە شیعرەکانی ڕەزاخاندا بە واتای دووەم و سێیەم بەکار هاتووە. هەر بەپێی ئەو جێناوە کەسی و لکاوانەی کە لە هۆنراوەکاندا هاتووە، ڕەزاخان کاتێک جێناوی (ئێمە)ی بەکار هێناوە، تەنها مەبەستی لە خۆی نەبووە، بەڵکو مەبەستی لە خۆی و ئەو قەوم و سوپا

و هێزانەی تریش بووە کە لە شەڕەکاندا لەگەڵیدا بوون، هەرکاتێکیش باسی خۆی کردبێت جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی بەکارهێناوە. جێناوی کەسی یەکەمی کۆیش هەمان جێناوی کەسییە کە لە ئەمڕۆدا لە نووسین و نووسراودا بەکار دەبرێت. بەو پێیەی شیعرەکانی ڕەزاخان بەشێوەزاری کەندوڵەییە کە لقێکە لە هەورامی، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە هەورامییە، بەڵام لە هەندێ شوێندا لادان لە ڕێزمانی هەورامی بەرچاو دەکەوێت و کاریگەری کەڵهووڕی بەسەر لایەنی ڕێزمانیی شیعرەکانی ڕەزاخانەوە دیارە. ئەم لادانانە بەهۆی دووریی ناوچەی کەندوڵە لە چەقی ناوچەی هەورامانەوە بووە و بەهۆی نزیکیی جوگرافی لە ناوچەی کەڵهووڕ نشینەوە ڕووی داوە.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ دیاریکردنی واتا جیاوازەکانی جێناوی کەسیی ئێمە لە شیعرەکانی ڕەزاخاندا جگە لە گەڕان و بەراوردی ئەو جێناوە لە شیعرەکانی ناوبراودا شیعری شاعیرانی تری گۆرانیش بەمەبەستی بەراوردکردن لەبەرچاو گیراوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە. هەروەها بەمەبەستی زانینی جیاوازییە ڕێزمانیی و واتاییەکان جگە لە ڕێزمانیی گۆرانی و کەڵهووڕی، شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی کەندوڵە و ناوچەکانی تری هەورامان بەهەند وەرگیراوە. بۆ ئەم مەبەستەیش لە ڕووی مەیدانییەوە سوود لە شارەزایان و زمانناسانی ئەو ناوچەیە وەرگیراوە.

## جێگەی جێناوی ئێمە
## لە دەستووری زمانی گۆرانیدا:

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە لەسەر جێناوەکان و جێناوە لکاوەکان، لە شێوەزاری هەورامیی و گۆرانیی و سۆرانیی (کرمانجی)دا جیاوازن، بەڵام هەندێ شاعیر کاتێک ویستوویانە بە شێوەزارێکی تر شیعر بنووسن، ئەوا گۆڕانکاریان لە کارە دەستوورییەکەدا کردووە.

**لە شێوەزاری هەورامیدا:**

جێناوەکانی کەسی لە شێوەزای هەورامیدا بەم شێوە دێن:

من کەردم / تۆ کەردت/ ئاد (ئادە) کەردش

ئێمە کەردما (ن) / شمە کەردتا (ن) / ئادێ کەردشا (ن)

بەڵام کاتێک جێناو و جێناوە لکاوەکان پێکەوە دێن، بەم شێوەی لێدێت:

من ئا کارمە کەرد / تۆ ئا کارتە کەرد/ ئاد (ئادە) ئا کارشە کەرد

ئێمە ئا کارما کەرد / شمە ئا کارتا کەرد/ ئادێ ئا کارشا کەرد

ئەگەر تەماشای شاعیرانی هەورامان بکەین، چونکە شێوەزارەکە هی خۆیان بووە، بۆ نموونە بێسارانی و سەییدی و... هتد چونکە خۆیان لە بنەڕەتدا هەورامین و شیعرەکانیان بەو شێوەزارەیە، لایەنە دەستوورییەکەیان لە بەرچاو گرتووە، ئەو شاعیرانەیشی کە لە ناوچەی هەورامانەوە نزیکبوون، بە هەمان شێوە دەستووری شیوەزاری هەورامیان لە بەرچاو گرتووە، بۆ نموونە مەعدوومی (مەولەوی) خۆی لە بنەڕەتدا جاف بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو هەورامان و نزیک بە هەوراماندا ژیاوە، لەگەڵ ئەوەیشدا دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ شاعیران و زانایانی هەوراماندا هەبووە، لایەنی دەستووری شێوەزاری هەورامیی لە هۆنراوەکانیدا بەدی دەکرێت، لە دیوانی ئەو شاعیرانەدا کە باسمان کرد ئەگەر بگەڕێین بەدوای لەبەرچاوگرتنی لایەنی دەستووری ئەوا بەجوانی دەیبینین.

**لە شێوەزاری گۆرانیدا:**

لە شێوەزاری گۆرانیدا فرمان و جێناوەکان بەم شێوە دێن:

من (م) واتم / تۆ واتت/ ئاوە واتش/ ئیمە واتما(مان)/ ئیوە واتتا(تان)/ ئاوانە واتشا(شان). (دستور زبان کردی «کویش کرمانشاهی، لا ۱۰۱).

بەڵام هەندێ شاعیر خۆیان خەڵکی هەورامان نەبوون، بەڵام بەو شێوەزارە شیعریان نووسیوە، لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا تا ساڵانی ١٩٥٠ی میلادی شاعیران بەو شێوزارە شیعریان داناوە و زمانی شیعری لەو دەمەدا ئەو شێوەزارە بووە، شاعیران بەپێی دەستووری شێوەزاری ناوچەکەی خۆیان و لەگەڵ فرمانەکانی خۆیان و ناوچەی هەوراماندا جۆرێک دەستووری نوێیان داناوە. بۆ نموونە: رەزاخانی کەندۆڵەیی، ئەڵماسخانی کوری رەزاخان، میرزا شەفیعی کولیایی ئەمانە خۆیان هەورامی نەبوون و بەو شێوەزارە شیعریان داناوە.

میرزا شەفیعی کولیایی:

**هەم لەیل باوەریم، هەم گەنج تۆفەڵ**

**هەم حەریر، هەم سەوف، هەم خاسەی جەمەڵ**

**میرزا ئەڵماسخان کەندۆڵەیی:**

**وە چەند سیاسەت، دوود دڵ وەردیم**

**وە شەهد شیرین، تەمامش کەردیم**

اگر نگاهی به این نقشه بیندازیم می¬¬بینم با دستور زبان گویش هورامی فرق دارد.

| صیغه | ضمیر فعل | معادل فارسي |
|---|---|---|
| اوّل شخص مفرد | من (من) | کەردم کردم |
| دوّم شخص مفرد | تۆ (تو) | کەردت کردیت |
| سیوم شخص مفرد | ئاد ئادە (او) | کەردش کرد |
| اوّل شخص جمع | ئێمە (ما) | کەردما/مان کردیم |
| دوّم شخص جمع | شمە (شما) | کەردتا/تان کردید |
| سیوم شخص جمع | ئادێ (ایشان) | کەردشا/شان کردند |

ئەم جێناوانە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا دەگۆرێن و ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە شێوەزاری گۆرانییە و نموونەمان لەو شێوەزارە هێناوەتەوە. ئەگەر لە شێوەزاری کرمانجی خواروودا نموونە بهێنینەوە ئەوا لەو شێوەزارەدا جێناوی ئێمە بە شێوەی جیاواز بەکار دێت، بۆ نموونە دەڵێن: ئێمە کردمان، جێناوی (ئێمە) هاتووە و جێناوی لکاو (مان) چووەتە پاڵ فرمانەکە، لە دەستووری شێوەزاری کرمانجی ناوەراستیشدا بە هەمان شێوەی هەورامییەکە دەگۆرێت.

ئەگەر تەماشای شێوەزاری هەورامیی و گۆرانییەکە بکەین، دەبینین چەند جیاوازییان تێدایە، بۆ نموونە: لە دەستووری شێوەزاری گۆرانیدا وشەی (وات+ن) دەڵێن و لە هەورامییەکەدا (وات+شا) دەگوترێت. ئەم بابەتەیش بابەتێکی زمانەوانی دوور و درێژە و قسەوباس زۆر هەڵدەگرێت.

**شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکان:**

هەندێ چوارینە و بەیت هەن جێگای لێکۆڵینەوە و تیشک خستنە سەرن، لێرەدا دەمانەوێ تیشک بخەینە سەر هەندێ لەو بەیتانە و ئاماژەیان پێ بکەین، شاعیر لە دووبەیتییەکدا دەڵێت:

**خان وات: ئەی شاتر، خان وات: ئەی شاتر**

**ئەی کوهنەی مێهتەر، قەدیمی شاتر**

**بە ئەمر بێچوون، قەدیم و قادر**

**نادر ئێمە تۆ کەردیم بە نادر**

لەم دووبەیتییەدا شاعیر دەڵێت: خان وتی ئەی بێباک، ئەی ئەو کەسەی کە هەر لە کۆنەوە گەورە و خاوەن شان و شەوکەتیت و هەر لە کۆنیشەوە بێباکیت... بە فەرمانی خوای بێچوون و قەدیم و قادر، نادر ئێمە تۆمان کردووە بە نادرشاە...

لە نیوەبەیتی چوارەمدا ئاماژەیەکی جوان بە ئەوە دەکات ئەمان وەکو خانێک داوایان کردووە و هەوڵیانداوە و کاریان کردووە، بەهۆی کاری ئەوانەوە بووە نارد گەیشتووەتە پلەی شایەتی، واتە نادر تۆ ئەو نادرشایە نەبوویت، ئێمە تۆمان کرد بەو نادرشایەی ئێستا پێت ئەڵێن نادرشای ئەفشار... ئەوە روونە کە نادر شا سەرەتا ئەو لەناو سوپادا بووە و دواتر بووە شای ئێران. هەر لەو دەستنووسەدا و لە جێگایەکی تردا هەمان بەیت بەجیا هاتووە و سەرەتای نیوەبەیتی دووەمی تەر

بووە و ناخوێنرێتەوە، بەڵام بەپێی وشەکانی تری هەمان بەیتی شیعرەکەی پێشووە و بەشێوەی تەک بەیت و بەجیاوازییەکی کەمەوە هاتووە:

**قەییووم قادر، قەییووم قادر**

**(........) تۆ کەردیم بە نادر**

ئەگەر تەماشای ئەم بەیتەیش بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕەزاخان لە ناوچەی کەنووڵەدا خاوەنی سوپایەکی گەورە و بەهێز بووە، لە شەڕ و باج و سەرانەدا هاوکاری تەواوی نادرشای ئەفشاری کردووە، پشتوپەنای تەواوی سوپاکەی نادرشای کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەشکستی خواردووە لە جەنگێکدا یان هەر هۆکارێکی¬تر بووبێت، نادرشا لە ڕەزا خان توورە بووە، ڕەزاخانی کەنووڵەییش بەم شێوەیە باسی نادرشای ئەفشار دەکات و سەرزەنشتی دەکات، ئەگەری ئەوەیش هەیە بۆ ئەوەی کە:

١- ئەڵماس خان لە شەڕی تۆپاڵی عوسمانیدا شکستی خواردووە و باوکی ئەڵماس خانیش جگە لەوەی ئەڵماس خان خۆی داستانی نادر و تۆپاڵ و مشک و پشیلەی نووسوەتەوە، ئەمیش بەو شێوە سەرزەنشتی نادر شای کردووە.

٢- یان ئەوەتا باوکی لە جەنگێکدا شکستی خواردبێت و نادرشایش سزای ڕەزا خانی دابێت.

٣- ئەگەری ئەوەیش هەیە کە هەردووکیان بەشدارییان لە جەنگی نادر و تۆپاڵدا کردبێت، ئەڵماس خان داستانی نادر و تۆپاڵی نووسیبێت و باوکیشی بەو شێوە باسی کردبێت.

٤- لە بۆچوونێکی دیکەدا دوای ئەوەی ئەڵماس خان شکست دەخوات و لە بەندیخانە دەنرێت، ڕەزا خانی باوکی ئەڵماس خانیش بەم شێوەیە سەرزەنشتی نادرشا بکات و بڵێت ئێمە نەبووایەین تۆ نەدەبووی بەو نادرشایە. جگە لەو ڕوونکردنەوانەی پێشوو، ڕەزاخان لەناو هۆنراوەکەیدا بە کۆ قسە دەکات و دەڵێت (ئێمە تۆمان بە نادرشا کردووە، ئێمە لە زمانی کوردیی شێوەزاری سۆرانیی و گۆرانیشدا جێناوی کەسی یەکەمی کۆی قسەکەرە، هەروەها کردارەکەیش جێناوی لکاوی (یم)ی کۆی وەرگرتووە...

لەناو چەند پارچە هۆنراوەیەکی تریشدا ئەوە هاتووە کە ڕەزا خان چەند ناوچەیەکی ڕزگار کردووە:

**(بــەڵخ) و (بوخارا)، بەڵخ و بوخارا**

**سێند و سەمەرقەند، بــەڵخ و بوخارا**

**(کابووڵ) و (زابووڵ)، پــای تەخت و دارا**

**(قەندەهار) کــەردیم بە خاک سارا**

لەم دووبەیتییەیشدا شاعیر دەڵێت: بەڵخ و بوخارا و سێند و سەمەرقەند و کابووڵ و زابووڵ، پای تەخت و دارا و قەندەهاریشی با لەگەڵدا بێت، هەموو ئەمانەمان کرد بە خاکی نێو بیابان... ئەگەر تەماشای جێناوی لکاوی سەر وشەی (کەرد+یم) بکەین، جێناوە لکاوەکە جێناوی لکاوی یەکەمی کۆیە، شاعیر لێرەدا بە کۆ قسە دەکات، ئێمە ئەم ناوچانەمان ڕزگار کرد و ئێمە تۆمان کرد بە نادر شا، کەواتە کۆمەڵێک هۆزی هاوپەیمانی هەبوون و دەستی یەکیان گرتووە و نادرشایان گەیاندۆتە ئەو پلە و پۆستە، ئەو ناوچانەیان کردووە بە خاکی سارا، وشەی (سارا) لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیدا ئەم مانایانەی هەیە:

سارا: سارا، دەشت، تەخت، بیابان. ک: بیاوان [دەشتودەر، چۆڵگە]، ف: **هامُون، بیابان**. ع: **بَدو، بادیِ، صَحراو**.

ڕەزا خان لە دووبەیتییەکی تردا دەڵێت:

**نادر وە لالان، نادر وە لالان**

**نادر وە ناڵا، دەست کەرد وە لالان**

**واتن: مەلالە، نیەن جای لاڵە**

**هەنی مەکەرە ئەلف حەواڵە**

نادرشا بە هاتوهاوارەوە دەستی (کرد) بە لالانەوە، (وتیان) پێی مەناڵە و هاتوهاوار مەکە، ئێرە جێگەی لالانەوە نییە... ئەگەر تەماشای نیوەبەیتی یەکەم و دووەمدا هەموو جێناوە لکاوەکان و فرمانەکان تاکن،

بەڵام لە نیوەی سێیەمدا (واتن: وات+ن) فرمانەکە کۆیە، واتە: فرمانکە و جێناوە لکاوەکە کە وەری گرتووە، کەسی سێیەمی کۆیە (انها گفتند).

لە جێگەیەکی تردا شاعیر باسی ئەوە دەکات کە ئەوان شکستیان بە ئەفغانەکان هێناوە، ئەو سوپا زۆرەی کە ئەفغانەکان هێناویانە بۆ سەر ئێران، ئەمان توانیویانە تێکیان بشکێنن، جگە لەوەیش بەلووجەکان و ئۆزبەگییەکانیشان بە دەست هێناوە، هەر دوای ئەوەی سوپای ئەفغانمان تێکشکان، وڵاتی بەلووج و ئۆزبەگییەکانیشمان بە دەست هێنا و غولغولەی سوپای رۆمەکانمانیش توورە کرد و هێنامانە جووڵە.

**ئەفغان دایم شکەست، ئەفغان دایم شکەست**
**سپای زۆر ئاوەر، ئەفغان دایم شکەست**
**(بەلووج) و (ئۆزبەگ)، ئاوەردیم بە دەست**
**غولغولەی سپای (رۆم)ات کەردیم پەست**

ئەگەر تەماشای ئەم دوو بەیتەیش بکەین و لە جێناوەکانی ئەم دوو بەیتەیش بکۆڵینەوە، ئەوا شاعیر هەرچی جێناوی لکاوە لەم دوو بەیتەدا بەکاری هێناوە، کۆیە. لە نیوەبەیتی یەکەمدا فرمانەکە (دادەن) جێناوی (یم)ی یەکەمی کۆی وەرگرتووە، (سوپا+ی) فرمانەکە لەگەڵ ی کەسی یەکەمی تاکە، ئاوەر: کەسی یەکەمی تاکە و لە دوای ئەوەوە فرمانەکەی بۆ خۆیان (یم) بە کۆ هێناوە، دیسانەوە لە نیوەبەیتی سێیەمدا بە هەمان شێوە فرمانەکە (ئاوەرد+یم) هاتووە و کەسیی یەکەمی کۆیە، لە نیوەی چوارەمیشدا بەهامن شێوە هاتووە (کەرد+یم).

**خەڵک (ئێران)ی، خەڵک ئێرانی**
**فەرار بی ژە جەور، جەفای (تووران)ی**
**ئێرانی ئاوەرد، زوو بی وێرانی**
**وێرانی ئێران، بی وە توورانی**

خەڵکی وڵاتی ئێرانی یان ئێرانییەکان لە دەست جەور و جەفای توورانییەکان رایان کرد، ئێرانی هاورد، زوو وێرانیان کرد، وێرانی ئێران وەکو توورانی لێهات، لێرەیشدا فرمانەکان تاکن....

**نە عالەم پەندەن، نە عالەم پەندەن**
**ئینە مەنشوورەن، نە عالەم پەندەن**
چەند ساڵ چۆپان بیت، موزدت نەسەندەن
هێمانێ چۆگان، چۆپانیت مەندەن

ئەمە لە دنیادا پەندە، ئەمە بەناوبانگە و لە دنیادا پەندە، چەند شوان بوویت، موزدت: مزدەر، کەسێک کرێ وەرنەگرێت، هێشتا گاڵۆک یا داردەستی شوانییەکەت ماوە، لەم دوو بەیتەدا هەموو فرمان و جێناوی لکاوەکان تاکن و بە تاک قسە لەگەڵ نادرشادا قسە دەکات، جێناوی لکاوی (ن، ت، ێ) هەموو ئەمان کەسی یەکەمی تاکن.

لە بەیتێکی تردا رەداخان رووی دەمی لە نادرشا دەکات و دەڵێت: سەر و ماڵ و منالمان بۆ تۆ بەفیدایی کردووە، هەرچەند توفەیل بە میوان مانای تریشی هەیە، لێرەدا دوو مانا بە دەستەوە دەدات:

١- خۆ فیداکردن، خۆ بە قوربانی کەسێ کردن.

٢- کەسێک ناوی (توفەیل) بووە و بەبێ بانگهێشتکردن بە میوانی چووەتە سەر خەڵکی، میوانی بانگ نەکراو.

لە راستیدا ئەم شیعرە ناتەواوە، بەڵام وەکو دەبینین رەزاخان بە نادرشا دەڵێت دەڵێت: ئێمە سەر و سامان و ماڵ و منالمان کردە قوربانیی و فیدای تۆ، یان ئێمە سەر و ماڵ و منالمان بۆ تۆیەک کە میوانێکی بانگنەکراو بوویت، کردە قوربانی، دوژمنانیشمان بە بێ جیاوازی لەناو برد یان سەرەوبنمان کرد، ئەگەر تەماشای جێناوەکانی ئەم بەیتە بکەین لە قافیەکەدا، (مان) کەسی یەکەمی کۆیە.

**سەر و ماڵ نە رات، توفەیل کەردمان**
**دوشمنان یەکسان نگوون کەردمان**
هەروەها لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت:
ناوک دەستان، ناوک دەستان
**(فارس) و عەرووس، ناوک دەستان**
**(بەغداد) و (حەلەب)، مەنزڵگەی مەستان**
**(کەرکووک) و (مووسڵ)، موڵک رۆمستان**
**ئاوەردیم وە دەست، سەرحەد سەرحەدان**

**سەرحەدان یەک یەک، ئاوەردیم وە دەست**
**ناڕاست ناپاک، ناجنس ناکەس**
**کەمەر پەرێ قەتڵ، زوننار هیممەت بەست**
**هەر شەو کە شەوەن، هەر ڕۆ کە ڕۆوەن**
**حەواڵەی ئەلف، نە ئەبواب تووەن**

ناوکرۆک یان ناوەڕاست و ناوجەرگەی دەستی فارس و عەرووس... شاری بەغداد و شاری حەلەب لە سووریا، جێگەی مەستەکان، شاری کەرکووک و مووسڵ و موڵکی ڕۆمەکان... هەموو ئەوانەمان بە دەست هێنا لەگەڵ سنوور و سەرسنوورەکانیان، یا سنوور و ئەوانەی لەسەر سنووری ئەو جێگایانە ڕاوەستاون... سنوورەکانیانمان یەک یەک بەدەست هێنا، درۆزن و خیانەتکار و خراپ و ناکەس و بێ خاوەن، کەمەری بۆ قەتڵ و عام بەستەوە و زوننارى هیممەتی بەستەوە و.....

وەکو دەبینین جێناوەکان و لکاوەکان لێرەیشدا کەسی یەکەمی کۆن، وەکو: (دەست+ان، مەست+ان، ڕۆم+س+تان، ئاوەرد+دیم، سەرحەد+ان)، هەموو ئەمان جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆن و دەچنە سەر ناو و فرمانەکان.

لەم دوو بەیتەیشدا ڕەزاخان دەڵێت: ناردشا هەنامان، گەنجی حەوت ئەقلیم لە دنیادا بە دەستمان هاورد، هەرچی قەڵای بچووک و گەورە هەیە، هەمووومان کۆکردەوە وەکو ئەوەی بڵێین ئەم دنیامان بەم ڕێگەیەدا نەبردووە.

**نادر ئاوەردیم، نادر ئاوەردیم**
**گەنج حەفت ئێقلیم، عالەم ئاوەردیم**
**بە قەلعەی کەلات، کۆکۆ کۆ کەردیم**
**چمان ئێ دنیا وەی ڕاە نمەوەردیم**

لەم دوو بەیتەیشدا جێناوە لکاوەکان هەر جێناوی لکاوی یەکەمی کۆن. لە دوو بەیتی تردا دەڵێت: نادر گەردنت، نادرشا حەقمان لە گەردنی تودایە و خۆشی دۆستمان... ئەگەر تەماشای جێناوەکانی ئەم دوو بەیتەیش بکەین، بە هەمان شێوە (حەق+مان، دۆست+مان) جێناوی کەسی یەکەمی کۆیە.

**نادر گەردەنت، نادر گەردەنت**
**نادر حەقمان ها نە گەردەنت**
**خۆشی دۆستمان هان گیر ئاوەردەنت**
**قایلم وە قەتڵ، غارەت کەردەنت**

لێرەدا مەبەستە گرنگەکانی ئێمە کە لەناو هۆنراوەکاندا هاتووە کۆ دەکەینەوە، لە هۆنراوەی یەکەمدا جێناوی کەسی (ئێمە) و جێناوی لکاوی (یم)ی کەسی یەکەمی کۆ بەکار هاتووە، لە شیعری دووەمدا کە دەکرێت هۆنراوەیەکی سەربەخۆ بێت و دەکرێتیش بەهۆی دەستکاریی کاتبەوە بووبێت بە دوو هۆنراوە، ئەگەرچی سەرەتای نیوەبەیتی دووەمی لە دەستنووسەکەدا ناخوێنرێتەوە، لەم هۆنراوەیشدا جێناوی لکاوی (یم) بەکار براوە و دەکرێت ئەو جێگایەیش کە ناخوێنرێتەوە هەر جێناوە کەسییەکە (نادر ئێمە) بێت، نیوەبەیتەکە (٤) برگەی ناتەواوە. لەم هۆنراوەدا ئاماژە بەوە دەکات بەلخ و بوخارا و سێند و سەمەرقەند و کابووڵ و زابووڵ و تا تەخت و دارا و هەتا قەندەهاریشیان بە دەست هێناوە و کردوویانەتە خاک و خۆڵ و جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی بەکار هێناوە.

سەرەتا بەرامبەر نادرشا بە فرمانی تاک قسە دەکات و دواتر وشەی (وات+ن= ێنها گفتند) قسە دەکات. کاتێک ئەفغان و ئۆزبەک و بەلووجیان تێکشکاندووە و سوپای ڕۆمیان هێناوەتەوە جووڵە... جێناوی لکاو و فرمانی (دا+یم)، (کەرد+یم)ی بەکار هێناوە، لە سەرەتایشەوە (سپا+ی)ی تاک و دواتر بە فرمان و جێناوی کەسی کۆ (دا+یم)ی بەکار بردووە.

لە هۆنراوەیەکی تردا باسی خەڵکی ئێران دەکات کە لە دەست جەور و جەفای توورانییەکان ڕایان کردووە و فرمانەکەیشی (ئاوەرد)ە و تاکە. کاتێک باسی پەند و ئامۆژگاریی و شوانی نادرشا دەکات بە تاک قسە دەکات و جێناوی لکاوی (ن، ت، ێ)ی

تاک بەکار دەبات.

لە دوو بەیتی تردا کە بەرامبەر ناردشا قسە دەکات بە تاک قسە دەکات و فرمانی (ڕا) و جێناوی لکاوی (ت)ی تاکی بەکار بردووە، دواتر بۆ خۆیان (کەرد+مان)ی کۆ لە قافیقدا بەکار دەبات. فارس و عەرووس و بەغداد و مووسڵ و حەڵەب و کەرووک و موڵکی ڕۆمستان، فرمانی کۆ (ئاوەرد+یم)، (سەرحەد+ان) بەکار دەبات، جارێکی تریش (ئاوەرد+یم) بەکار دەبات. ئەگەر لەم بەیتانەیش بڕوانین: ئاوەرد+یم، کۆکۆ، کەرد+یم، نمەوەر+یم، هەموو ئەم جێناوە لکاوەکان کۆن و ئێمەکان نەهاتوون. لە هۆنراوەیەکی تردا (گەردەن+ن) بە تاک بەرامبەر ناردشا بەکار دێنێت و بۆ خۆیشیان کۆ بەکار دێنێت، ئەگەر تەماشای وشەی (قایلم) بکەیتف شاعیر ناڵێت (قایل+ین) جێناوی لکاوی (ین)ی کۆ بەکار نابات بەڵام هەر لە هەمان شیعردا و لە جێگەیەکی تردا بەگشتی قسە دەکات، دەڵێت (حەق+مان) بە کۆی گشتی قسە دەکات.

بەگشتی لەم هۆنراوانەدا شاعیر جارێک جێناوی کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە)ی لەگەڵ جێناوی لکاوی (یم)ی بەکاربردووە؛ بەڵام لە هەموو شیعرەکاندا (ئێمە)ی لابردووە و جێناوە لکاوەکانی بەکارهێناوە. ئەم جێناوە لکاوانەیش هەمان مانای جێناوی کەسی یەکەمی کۆ دەدەن بە دەستەوە. ئەگەر ئەم هۆنراوانە لەسەر کێشی دە برگەیی کێشی شیعری خۆماڵی کوردیی نەبوایە، ئەوا شاعیر دەیتوانی (ئێمە)ی بەکار بهێنایە، بەڵام لەبەر زیادبوونی برگەی بەیتەکان جێناوی کەسی (ئێمە)ی نەهێناوە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە شاعیر لەو جێگایانەی مەبەستی لەخۆی بووە بە تاک قسەی لەگەڵ ناردشادا کردووە، هەرچی جێناوی (ئێمە=ما)یە شاعیر مەبەستی لە خۆی نەبووە کە بە کۆ لەگەڵ ناردشادا قسە بکات، بەڵکو کۆی گشتی بووە، واتە شاعیر نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی کردووە و بەناوی ئەوانەوە بە کۆ قسەی کردووە.

سەبارەت بە پرسیاری سێیەم ئەوا دەتوانین بڵێین شاعیر خۆی بە تەنها نەیتوانیوە هێرش بکاتە سەر وڵاتانی ئەفغانستان و بەغداد و حەڵەب و ناوچەکانی تری...، ئەم بۆچوونەیش لە داستانە شیعرییەکەی ئەڵماسخانی کوڕیدا کە ناوی (نادرنامە)یە، دەردەکەوێت، لەم داستانەدا باسی ئەو هێز و سوپایانە کراوە کە نادرشا بۆ شەڕەکان بەکاری هێناوە، سوپاکانیش زۆربەیان کوردن، لەگەڵ سوپای کوردەکاندا چەند سوپایەکی فارس و قەومەکانی تری بەکارهاتوون.

کەواتە شاعیر لە شیعرەکانیدا ئێمەی بەکار هێناوە مەبەستی تەنها لە خۆی نەبوو و مەبەستەکە گشتییە و چەندین هێزی ناوچەکانی تری لەگەڵ بووە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەو ئەنجامە گەیشتین کە لە ماوەی ڕابردوودا قسەوباسمان لەسەری کردووە، شاعیر کاتێک ئێمەی بەکارهێناوە مەبەستی تەنها لە خۆی نەبووە، بەڵکو بەگشتی قسەی کردووە و خەڵکانی تری لەگەڵ بوون و بەناوی هەموویانەوە قسەی کردووە، ڕاستە هەندێ جار لە نووسین و قسەکردندا کەسێک بە کۆ قسە دەکات، هەندێ جار کارەکە تەنها کەسێک ئەنجامی داوە و قسەکەر بە کۆ بەیانی دەکات، بەڵام هەندێ جاریش کارەکە کۆمەڵێک ئەنجامیان داوە و یەک کەس دێت بە نوێنەرایەتی ئەوان بابەتەکە پێشکەش دەکات و جێناوی کەسی یەکەمی کۆ و جێناوی لکاوی یەکەمی کۆ بەکار دەبات، بەڵام ڕەزاخان لێرەدا هەرکاتێک قسەی خۆی کردبێت بە جێناوی تاک بەیانی کردووە و جێناوی کەسی یەکەمی کۆ و جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی بۆ خۆی و هاوڕێ و قەومەکانی تریش بەکار بردووە و بەناوی هەموویانەوە بابەتەکەی پێشکەش کردووە، هەرچی جێناوی کەسیی کۆ و لکاوەکانیش هەیە وەڵامن بۆ پرسیاری دوو سێ کە باسمان لێوە کردووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان


### منابع فارسی:

۱- آواشناسی و دستور زبان کردی: دکتر علی رخزادی، چاپ دوم، انتشارات کردستان- سنندج، ۱۳۹۰.

۲- جنس دستوری در زبان هورامی: سید مهدی سجادی، چاپ اول، انتشارات ئەوین، مریوان، ۱۳۹٤.

۳- دستور زبان کردی (گویش کرمانشاهی): وحید رنجبر، چاپ اول، انتشارات هرمس- تهران، ۱۳۹٤.

٤- دستور زبان کردی (هورامی): فاتح رحیمی، چاپ نخست، سنندج، ۱۳۸٦.

٥- دستور تاریخی مختصر زبان فارسی: دکتر محسن ابوالقاسمی، چاپ اول، انتشارات وزارت امورخارجیه (سمت)، پاییز ۱۳۷۷.

٦- زبان پهلوی (ادبیات و دستور آن): ژاله آموزگار و احمد تفضلی، چاپ ششم، چاپ مهارت، ۱۳۸۷.

۷- زبان زازا (دیلمی): برگردان و تألیف- دکتر سیاوش مرشدی، چاپ دوم، کتاب سبز، ۱۳۹۳.

۸- فرمانهای شاهنشاهان هخامنشی که به زبان آریایی (پارسی باستان) نوشته شده است: تألیف رلف نارمن شارپ، چاپ دوم، نقش آور، ۱۳۸٤.

۹- تاثیر واژگانی و دستوری زبان فارسی بر کردی کرمانجی خراسانی: جوتیار نریمان حسین، چاپ نشده، دانشگاه بین المللی المصطفی، خرداد ۱۳۹٤ (پایاننامه).

### منابع کردی:

۱- وشەنامە (هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست): جمال حبیب الله (بێدار)، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (۷۸)، چاپخانەی سپیریز- دهۆک.

۲- فەرهەنگی مەردۆخ (کردی، فارسی، عربی): موحەممەد مەردۆخی کوردستانی، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: ڕەئووف ڕەهنموون، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، بەهاری ۱۳۸۸ی هەتاوی.

### نسخەی خطی:

۱- نسخەی خطی شماره ۸۸۷۸، کتابخانەی میلی برلین.

۲- نسخەی خطی نوفل و مجنون میرزا شفیع کلیایی، این داستان (مثنوی) سال ۱۲۰۱ هجری قمری سروده شده است.

۳- نسخەی خطی نادر و توپال: سرودە¬ی الماس¬خان کندولەای، کاتب نسخەی خطی آن ملا فرج اله پسر مرحوم عزیزاله ترکاشوند است که در روز چهارشنبه هجدهم صفر... برای جناب سرکار راه شریعت، ملا محمدمراد پسر نورعلی زنگنه به تاریخ (۱۲۷۷ هجری قمری) بازنویسی شده است که برابر با تاریخ ٤-۹-۱۸٦۰ میلادی است.



# دەوڵەتداریی

# میکانیزمی بەدیهێنانی مەبەستەکانی شەریعەت



**د.ئیسماعیل بەرزنجی**
لەدایکبووی ١٩٧٨. بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە ئەدەبی عەرەبی. چوار بەرهەمی چاپکراوی هەیە. چەندین توێژینەوە و وتاری بڵاوکراوەی هەیە. ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەنتەری زەهاوییە.

ئیشکالیەتێک کە بەرۆکی هەمووانی گرتووە بە یار و نەیاری ئیسلامەوە بەتایبەتی ئەوانەی سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامی هەیە، چی بە خوێندنەوە و شەنوکەوکردن و لێهەڵهێنجانی یان بە نەشتەرکاریی و کەلەپاچەکردن و دژایەتی، ئەوەیە کە ئاینی ئیسلام وەکو بەهای ڕوحی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تێکەڵ دەکەن بە ئیسلام لە حاڵەتی دەوڵەتداریی و حوکمرانیدا، لەڕاستیدا ئەم بابەتە بووەتە سەرچاوەی زۆرێک لەو تۆمەت و شوبهانەی دەدرێنە پاڵ ئیسلام و سەدەیەک زیاترە مشتومڕ و هێرش و بەرپەرچدانەوەی بەرپاکردووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە نە نەیارانی ئیسلام پەییان بەو حەقیقەتە بردووە نە زۆربەی شوێنکەوتووان و بەرگریکاران لە ئیسلامیش توانیوویانە ئەو جیاکارییە بکەن.

بۆیە ئەوەی دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان دوو فۆرم لە دەرکەوتەی ئیسلام لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەوانیش: ئاینی ئیسلام وەکو دینی موجەڕڕەد کە خاوەنی چەندین بەهای باڵای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و مرۆڤدۆستییە، هەروەها ئیسلام کاتێک ڕەهەندی دەوڵەتداریی و حوکم کردن وەردەگرێت، هەرچی حاڵەتی یەکەمە ئەوا ڕەنگدانەوەیە لە ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگاکاندا وەک ڕەهەندی مرۆڤدۆستی و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و ئاراستەکردنی تاکەکان لە ڕووی ئەخلاقیەوە، هەروەها دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لە دەروونی مرۆڤدا بۆ پەیوەسبوون بە جیهانی نەبینراو و وابەستەبوونی بەندە بە پەروەردگارییەوە.

بەڵام حاڵەتی دووەم لە پاڵ ئەو شتانەی پێشوودا کۆمەڵێک چەمک و ڕێسا و یاسای تری بۆ زیاد دەکات کە پێویستی تێکەڵبوونی ئاینن بە ژیانی گشتی و بەڕێوەبردن و حوکمڕانی، بۆیە ناکرێ ئیسلام لە دەوڵەتداریدا هەمان ئەو ئاینە بێت کە پێشتر ئەو ڕەهەندەی نەبووە، ئەگەرنا لاسەنگ و بێبەها دەبێت و ناکرێت و نەدەکرا ببێتە ئاینێکی جیهانی و بۆ هەموو سەردەم و شوێنێک بگونجێت.

ئەم دوو حاڵەتەش لە دەرکەوتەی ئیسلام دەکرێت ناوبنێین ئیسلام وەک ئایین و ئیسلام وەک دەوڵەت، کە هەریەکەیان بۆخۆی چەمکێکی تایبەتە و دەبێ لە هەلومەرجی خۆیدا لێکبدرێتەوە، چونکە تەواو جیاوازن لەیەکتری بەتایبەتی لە بواری هەڵسوکەوت و دابەزاندنی دەقەکانی شەریعەت بۆ ناو ژیانی مرۆڤایەتی، ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەریەکە لەو دوو دەرکەوتەیە لۆجیک و کەشوهەوای تایبەت بەخۆیان هەیە و لەویتر جیایە، مادام بوارەکانیش جیاوازبن دەبێ بۆ هەرکامیان میکانیزم و ئالیەتی جێبەجێکردنی تایبەت بە خۆی هەبێت.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەر ئەوانەی لە بواری هزریدا کاردەکەن و ڕەخنە و تۆمەت دەسەپێنن بەسەر ئیسلامدا هیچ جیاوازیەک ناکەن لە نێوان ئیسلام وەک ئایین و ئیسلام وەک دەوڵەت و حوکم کردن، بەڵکو بە ڕاست و چەپدا کەوتوونەتە وێزەی ئیسلام و کەلەپووری ئیسلامیی و بەڕای خۆیان ناتەواوی و دژیەکییەکانی دەدۆزنەوە، لە بەرامبەر ئەمانیشدا ئیسلام دۆستان و تەنانەت بیرمەندان و هەموو ئەوانەی لەم بەرەیەدا بەرگری لە ئیسلام دەکەن دیسان نەیانتوانیووە ئەو جیاوازییە باش ببینن و جەختی لەسەر بکەنەوە کە ناکرێت ئاینێک لە بوارێکی ژیاندا بەشێوەیەک جێبەجێ بکرێت و هەمان پیادەکردن و چەمک و واتاکانی بگوازرێتەوە بۆ بوارێکی تر کە سرووشتەکەی لەوەی پێشوو جیایە و کۆمەڵێک هەلومەرج و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە جیا لەوەی پێشوو.

بۆئەوەی بابەتەکە تەنها تیۆری نەبێت با نموونە بهێنینەوە، یەکێک لەو باسوخواسە فراوان و

گرنگانەی کە لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و زۆری لەسەر نوسراوە و تا ئێستاش قسەی کۆتایی لەبارەوە نەکراوە بابەتی (هەڵگەڕانەوە)یە لە ئایین، ئاساییە نەیارانی ئیسلام بیکەنە تانە و وەک دژیەکی لە تێزە ئاینیەکاندا لێکیبدەنەوە، بۆ ئەمەش دەقی زۆر هەیە لە مێژووی ئیسلامیشدا ڕووداوی مێژوویی هەیە، بەڵام ئەوەی بووە بە کێشە بەڕای من ئەوەیە پسپۆڕانی بوارەکە لە مسوڵمانان تائێستاش نەیانتوانیووە ڕایەکی یەکگرتووی قەناعەتهێن پێشکەش بکەن، بەڵکو بەسەر دوو بەرەی سەرەکیدا دابەشبوون، زۆرێک پێیانووایە هەڵگەڕاوە لە ئایین دەکوژرێت و هیچ بوارێکی تیانییە، ئەویش لەبەر بوونی بەڵگەی نەقڵی و مێژوویی، بەپێی ئەو فەرموودەیەی دەفەرموویت (من بد□ل دینة فاقتلوة)(١)، هەروەها بەرپابوونی شەڕی هەڵگەڕاوەکان لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری سدیقدا و چەندین بەڵگەیتر کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە(٢)، بەڵام لە بەرامبەردا هەندێکی تر پێیانووایە کە کوشتنی مورتەد هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەخۆی لەسەر نییە و مرۆڤ ئازادی ڕەهای هەیە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕدا ئایەتی زۆر وەکو بەڵگە دەهێننەوە، بەڵام ئەمانیش نەیانتوانیووە قەناعەتی تەواو بە خۆیان پێش کەسانی تر بکەن و لە بەرامبەر ئەو فەرموودەیەی سەرەوەدا وەستاون کە دەقێکی ڕوونە و تەنها گومان لە ڕاستی و درووستییەکەی دەکەن یان بە بەڵگەی عەقڵی دەڵێن نابێت فەرموودەیەک بەو ڕاستەوخۆییە دژایەتی لەگەڵ ئایەتدا هەبێت.

لەمبارەیەوە (د.تەها عەلوانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت کتێبێکی بەپێزی نووسیووە کە بەندە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و توێژینەوەیەکی گرنگە، ئەو دوای ئەوەی هەموو ئەو ئایەتانە دەهێنێت کە باس لە ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ دەکەن دەڵێت: (هەموو ئەم ئایەتانە و غەیری ئەمانەش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەڵگەڕاوە سزای دوارۆژی هەیە بێ هیچ سزایەکی دنیایی لەسەر هەڵگەڕانەوەکەی، ئەم ئایەتە لە هەموو ئایەتەکان ڕاشکاوانەتر باسی ئەو مەسەلەیەی کردووە ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا ثُمَّ ازْدَادُوا كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا﴾ (النساء ١٣٧).

هەموو ئەم ئایەتانە بە ڕاشکاوی باسی هەڵگەڕانەوە دەکەن و هیچیان بۆ تەنها جارێکیش باسی سزای هەڵگەڕانەوەیان نەکردووە لە دنیادا، نە لەسێدارەدان و نە هیچ شتێکی تر، چونکە سەروەری قورئان سەروەریی ئاسانکاریی و ڕەحمەتە، سەروەریی داننانە بە ئازادی بیروباوەڕ و پاراستنی ئەو ئازادییە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە کە بڕوابوون و کافربوون کاری دڵە و لە نێوان بەندە و خوادایە، سزای هەڵگەڕانەوە لە ئیمان دوای بڕوا پێهێنانی سزایەکە پەیوەندی بە دوارۆژەوە هەیە و هەر خوا خۆی خاوەنی یەکەم ماف و کۆتا مافە)(٣)، کاتێکیش دێتە سەر باسی فەرموودە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو فەرموودەیەی باسکراو چەندانی تر دەنووسێت: (باشە کاتێک قورئان بە ڕەهایی سنوورەکانی ئازادی دیاریی کردبێ و بە هەموو شێوەیەک پاراستبێتی، هەروەها سزای هەڵگەڕاوە و کافرەکانی دانابێ بۆ ڕۆژی دوایی و تایبەتی کردبێت بە خوای گەورە، دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە سوننەتی پێغەمبەر(د.خ) دژی بێت و شتێک بڵێ جیا لەو؟ بە تایبەتی کاتێک ئەم مەسەلەیە لە تەنها ئایەتێک و دوو ئایەتدا نەهاتبێت، بەڵکو لە زیاد لە دووسەد ئایەتدا هاتبێت کە هەموویان یەکتری پتەو و بەهێز دەکەن کە پاراستنی ئازادیی ڕادەربڕینە)(٤).

هەر ئەم مەسەلەیە نیە کە دوو فۆرممان پیشاندەدات لە ئیسلام، بەڵکو بابەتی تر زۆرە، بۆ نموونە دەکرێ بگوترێت ئاینێک نەرمونیان بێت بەرامبەر بە ئاژەڵ و داوا بکات لە کاتی سەربڕیندا چەقۆی تیژی بۆ بەکاربهێنرێت چۆن دەبێت شمشێر بۆ ملی مرۆڤ بەکاربهێنێت؟ ڕێگا بە جەنگ و جیهاد

بدات؟ دینێک زەکاتی ماڵ و سامانی فەرز کردبێت و کردبێتیە پایەیەکی مسوڵمانێتی بۆ یارمەتی مرۆڤەکان چۆن دەستیان دەبڕێت لەسەر دزی؟

ئەمانە و زۆر بابەتی تر ئەو ئیشکالیەتەی سەرەوە درووست دەکەن لە خوێندنەوەی دەقەکان و ڕاڤەی ڕووداوەکاندا، کاتێک ئەو خوێندنەوە تێکەڵە دەکرێت بۆ ئیسلام و دەوڵەتداریی و جیاناکرێنەوە لەیەکتری، بەڵام ئەو گرێ کوێرەیە دەکرێتەوە کاتێک ئەو حەقیقەتە ڕوون دەبێتەوە کە ڕەهەندێ دەوڵەتداریی و حوکمرانی مەرج و پێویستی و ڕێوشوێنی خۆی فەرز دەکات بەسەر ئیسلامدا، ناکرێت ئاینێک بیەوێ دەوڵەتێک بۆ مرۆڤەکان دروست بکات کە بەها جوانەکانی خۆی تێدا جێبەجێ بکات، بەڵام سوپای نەبێت بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە، دەی مەگەر گرنگی ئیسلام لەچیدا دەبوو ئەگەر تەنها چەند بەهایەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئینسانی جوان بووایە لە شوێنی خۆیدا؟ ئەگەر کەسانێک نەبوونایە ئەو بەهایانە بەجیهانی بکەن؟ بێگومان ئەو کەسانەش ڕێگایان لێدەگیرا لەلایەن دەسەڵاتدار و ستەمکارانی ئەو سەردەمەوە و نەیاندەهێشت گەشە بکات، نەک لەبەرئەوەی بەڕاستیان نەدەزانی، بەڵکو لەبەرئەوەی بەرژەوەندی تایبەتیان دەکەوتە مەترسییەوە، ئەی دەکرا ئیسلام ئەو بەها جوانانەی هەبێت و دەستەوئەژنۆ دانیشێت بەرامبەر ئەو ملهوڕ و بەرژەوەندیخوازانە و لێیان بپارێتەوە؟ هەر ئەمەش ئەسڵی فتوحات بووە.

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر (د.خ) و مسوڵمانان مەککەیان بەجێهێشت و بە ئاشتی چوونە مەدینەوە، دەوڵەتیان دامەزراند لەگەڵ هەموو پێکهاتە جیاوازەکاندا ڕێککەوتن، مافیاندا بە جولەکە و بێباوەڕەکان، کەچی موشریک و بێباوەڕەکان لەوێش وازیان لێ نەهێنان و هێرش لە دوای هێرش دەیانکردە سەریان، دەکرا ئەوانیش هەروا سوک و ئاسان ئەوەی بنیاتیاننابوو تەسلیمی ئەوانی بکەن و بەرپەرچی هێرشەکانیان نەدەنەوە و بەرگریی لەخۆیان نەکەن؟ بێگومان لە شەڕ و بەرەنگاربوونەوەشدا شیرینی دابەش ناکرێت، بەڵکو خوێن دەڕژێت و قوربانی دەدرێت، کەواتە دەوڵەتێک بەو قوربانیدان و دەربەدەریی و ڕەنج و مەینەتە دروست بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک داڵدە بدات و مافیان بۆ دابین بکات و ئاسایش و سەروماڵیان بپارێزێت، بەڵام ئەوان خیانەتی لێبکەن و لەگەڵ دوژمنەکانیدا بکەونە پیلانگێڕان، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە لەو دەوڵەتە بکرێت کە هێشتا چاوپۆشی بکات لێیان و هیچ ئیجرائاتێک بەرامبەریان نەکات، دەوڵەتێک لە بەرامبەر مافدا ئەرک دیاری نەکات و سنوورەکانی دیارنەبن و کەس نەزانێت ڕێساو یاسا و سزا و پاداشتی هەیە و قوربانی و جەللاد لە یەک ئاستدابن تێیدا دەبێت چۆن دەوڵەتێک بێت؟

بۆیە من پێموایە ئە زیادەڕۆییە لە تەئویلکردنی هەندێک لە دەقەکاندا کە ڕەهەندی حوکمداریی و دەوڵەتیان هەیە و پاساوهێنانەوەی زۆرەملێ بۆیان و نەرمکێشی لەڕادەبەدەر پێویست نییە، ڕووداوگەلێک کە لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویانداوە و جۆرێک لە توندوتیژیان تێدایە یان دەق و لێکدانەوەیەک کە زبر و هەڕەشە ئامێزن پێویستیان بە پاساو و تەئویلکردن نییە، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی سرووشتی وەربگیرێن، چونکە ئەوە دەرکەوتەی حوکمرانی و دەوڵەتداری ئیسلامە لەپاڵ ئەو بەها بەرز و ئاینە لێبوردەیەدا، دەبێ بزانرێت کە لۆجیکێکی تریش حوکم دەکات و خۆی دەسەپێنێت کە پێویستی بە ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر بۆی نەگیرێتەبەر ئەوا نایەتەدی.

هەر بۆ نمونە ئەوەی دەگوترێت ئاینی ئیسلام بە شمشێر بڵاوبووەتەوە و جەنگ و جیهادی بەرپاکردووە یەکێکە لەو هەڵە تێگەیشتنانە و تێکەڵکردنی هەردوو فۆڕمەکەی ئیسلامە، وەڵامی

ئەوەش لە جیاتی تەئویل و پاساوهێنانەوەی دوور باشترە ئاوا بدرێتەوە کە ئیسلام وەک ئاین و بەها مرۆڤایەتییەکان پێویستی بە شمشێر نەبووە بۆ بڵاوبوونەوە، بەڵکو شمشێر پێویست بووە بۆ پارێزگاریکردن لەو بەهایانە و لەو مەبەستە باڵایانەی کە ئیسلام بۆی هاتووە، ئەمەش تەنها بە میکانیزمێک دەکرێت کە بوونی دەوڵەت و سستمێکی حوکمڕانییە و بۆ وەستانەوە بەرامبەر ئیمپڕاتۆرییەتەکان و دروستکردنی سوپا و فتوحات، باشە بۆ لە دەوڵەتی ئیسلامی دەخوازرێت هەر نەرم و سەرکز و بێ دەسەڵات بێت، بەڵام نەیارانی زاڵم و ستەمکار و خوێنڕێژ بن؟ کەواتە فتوحات و جەنگ و جیهاد و شمشێر پێویستی فۆرمی دووەمی ئیسلامە کە فۆرمی دەوڵەتداری و حوکمکردنە، ئەی بۆچی تا ئاینی ئیسلام لە مەککەدا بوو هیچ ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگێک ڕووی نەدا؟ بەڵکو تەنها جەخت لەسەر بەها بەرزەکان و ئیمان و ڕەوشت بەرزی دەکرایەوە، چونکە ئەوەیان کارکردن بوو لەسەر فۆرمە ئاینیەکە بەبێ ڕەهەندی دەوڵەتداریی.

## پێگەی دەوڵەت لە زانستی مەقاسیددا

ئەگەر ئاینی ئیسلام هاتبێت بۆ بەدیهێنانی چەند مەبەستێکی باڵا وەک ئەوانەی زانایانی کۆن و نوێ باسیان کردوون ئەوا ئەو مەبەستانە بەدی نایەن بەبێ بوونی دەوڵەت و دەسەڵات و هێز، مەگەر دەکرێ پارێزگاری لە گیان و ماڵ و سامانی مرۆڤایەتی بکرێت بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سستمێکی حوکمڕانی و سوپا و پۆلیس و دادگا و هەموو دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەت؟ بێگومان نەخێر، کەواتە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ جیاوازی دین و دەوڵەت، دەکرێ ئاینی ئیسلام وەک پەیوەندی نێوان بەندە و خالقی جێبەجێ بکرێت و بڵاوببێتەوە، بەڵام ئەو مەبەستە باڵایانەی کەوا ئیسلام لەپێناو بەدیهێنانیاندا کار دەکات ناچەسپێن، چونکە ئەمانە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانەوە هەیە، سوودی هاوبەش و زیانی هاوبەش، دیاریکردنی سنووری ئەو هاوبەشیانە و پێدانی مافی هەریەکێک و بەدیهێنانی دادگەری لە خۆیانەوە بەرپا نابن، پێویستیان بە یاسا هەیە یان حوکم و سزا و پاداشت کە ئەمانە ئەرکی تاکەکەس نین.

مەبەستەکانی شەریعەت وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە لە وشەی (بۆچی)؟ و (لەبەرچی)؟دا بەرجەستە دەبن، بۆ نموونە: بۆچی خواردنەوەی (مەی) حەرامە و سزای هەیە؟ بۆچی سزای کوشتن بۆ کەسێک دانراوە کە یەکێک بە ئەنقەست بکوژێت؟ یان لەبەرچی دەستی دز دەبردرێت؟ و هەموو بۆچیەکانی تر، واتە مەبەستەکانی شەریعەت حیکمەت و دانایی پشت حوکمە شەرعیەکان ڕووندەکەنەوە، یان ئەو هۆکارە ڕووندەکەنەوە کە یاسادانەر (خوا و پێغەمبەر) مەبەستیانە لە دانانی یاسا شەرعیەکاندا، چونکە شەرع هیچ مەبەستێک دیاری ناکات ئەگەر ئامانجێکی پێوە بەند نەبێت، یان بەرژەوەندییەک بەدی نەهێنێت، یاخود خراپەیەک دوورنەخاتەوە(٥)، هەموو ئەمانەش دەکەونە چوارچێوەی حوکم و دەسەڵاتەوە، چونکە پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیە نەک تاکەکەس.

بەپێی ڕای زانایانی پێشوو گرنگترین مەبەستەکانی شەریعەت بریتین لە پاراستنی: ئاین، نەفس(گیان)، ماڵ و سامان، عەقڵ، وەچە(٦)، ئەگەرچی ڕای جیاواز هەیە لە نێوانیاندا لەسەر کەمکردن یان زیادکردنی هەندێک لەو مەبەستانە بەتایبەتی لای زانایانی هاوچەرخ مەبەستی تر زیادکراون کە پێوستی سەردەمن، بەڵام دەکرێت ئەمانە وەک مەبەستی سەرەکی سەیر بکرێن کە هەریەکەیان وردە مەبەستی تر لەخۆیان دەگرن، ئەمانەش لەسەر بنەمای پێویستییە بنەڕەتی و زۆر گرنگەکانی مرۆڤ پۆلێنکراون، واتە ئەگەر مرۆڤ

گیانی پارێزراو نەبێت لەبەین دەچێت یان ماڵ و دارایی نەمێنێت توانای بەردەوامی نامێنێت، یاخود وەچەی مرۆڤ پارێزگاری لێنەکرێت مرۆڤایەتی تووشی قڕبوون دەبێت، هەروەها دەکرێت ئەم مەبەستانە لە یەک مەبەستی سەرەکیدا کۆبکرێنەوە کە مانەوەی مرۆڤە لەژیاندا بۆ بەندایەتی خوا.

بەڵام لە هەموو سەردەم و کاتێکدا ئەم مەبەستانە ناکرێت و نەبووە پارێزگاریان لێبکرێت و بەدی بهێنرێن بەبێ بوونی دەوڵەت و سستم و کار ڕێکخستن لە نێوان مرۆڤەکاندا، کەواتە دەوڵەتداری ئەگەر نەڵێیین مەبەستێکی باڵای شەریعەتە ئەوا میکانیزمی سەرەکی و کاریگەرە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستانە، هەربۆیەشە لە زۆرێک لە حوکمەکاندا یان لە دەق و لێکدانەوەکاندا ڕەچاوکراوە و بەهەند وەرگیراوە، لەبەر پێویستی و بوونی ئەو حوکمی نوێ هەڵێنجراوە و لێکدانەوە لەسەر بنەمای دەوڵەتداری کراوە.

بۆیە دیسان دەگەڕێمەوە سەر نمونەکانی پێشوو، ئەگەر هەڵگەڕانەوە لە ئایین تەنها لە ڕەهەندە ئاینییەکەوە سەیر بکرێت و تەنها لایەنی تاکەکەس لەبەرچاو بگیرێت ئەوا دەچێتە بەر تیشکی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، کە مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕدا، دەتوانێت بڕوا بەخوا بهێنێت و پاشگەزیش ببێتەوە بەبێ جێبەجێکردنی هیچ حوکمێکی دنیایی بەسەریدا، بەڵام کاتێک ئەو دیاردەیە دەچێتە ناو چوارچێوەی دەوڵەتێکەوە و ڕەهەندی تاکەکەس لەدەستدەدات و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە دەبێت، دەوڵەتیش یاسا و ڕێسای خۆی بۆ دادەندرێت ئەوا لە ڕوانگەی فەرموودە و هەڵهێنجانی زانایانەوە سەیر دەکرێت و وەک حوکمێک دەدرێت کە حیکمەتی لە پشتەوە دەبێت و حیکمەتەکانیش بە گوێرەی سەردەم و کات دەگۆڕێن، دوورنیە لە داهاتوودا زانایانی بواری مەقاسید بگەنە ئەو ڕایەی کە بوونی دەوڵەت پێویستییەکی بنەڕەتی و یەکەم مەبەستی باڵای شەریعەت بێت لەلایان، بەو پێیەی کە بەبێ بوونی ئەو مەبەستەکانی تریش بەدی نایەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. فەرموودەیەکی سەحیحە هەریەک لە بوخاری ٢١٩٤ و نەسسائی ٣٩٩١ و تیرمزی ١٣٧٨ ڕیوایەتیانکردووە.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الكافي في فقه الإمام أحمد،بن قدامة المقدسي، دارالكتب العلمية، الطبع: الأولى، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤م، مج٣، ٥٤- ٥٣، الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف للمرداوي، ٨ / ٢١٦-٢١٧، الحاوي الكبير، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب الماوردي البصري، دار الكتب العلمية، مج١٤، ص ٣٧٥-٣٧٧.

٣. زۆر لێکردن لە ئیسلامدا نیە کێشەی هەڵگەڕانەوە و هەڵگەڕاوەکان لەسەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ، نوسینی: د.تەها جابر ئەلعەلوانی، و.ئیسماعیل سەید ئیبراهیم، بڵاوکراوەکانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی، ژمارە(٢)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٨٤-٨٥.

٤. هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

٥. بڕوانە: مەبەستەکانی شەریعەت ڕێبەرێک بۆ خوێنەری ئاسایی، نووسینی: جاسر عۆدە، و. د.ئیسماعیل بەرزنجی، بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٠-١٢.

٦. هەمان سەرچاوە، ل١٥.

# خوێنبایی



## لە فیقهی ڕابردوو و نوێدا



**سەلمان نادر عەبدوڕەحمان**

لەدایکبووی هەڵەبجە، ١٩٧٧. بەکالۆریۆس لە پزیشکی ڤێتێرنەری. بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان. خاوەنی کتێبێکی چاپکراو و ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەیە. بەڕێوەبەری ناوەندی هەژانە بۆ فیکر و مەعنەوییەت.

## پێشەکی:

پرسی ژن بە یەکێک لە پرسە ئاڵۆزەکانی بەردەم فیکری ئیسلامی دەزانرێت، بە یەکێکیش لەو بابەتانە دەزانرێت کە (کەلامی ئیسلامی نوێی) بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چونکە بە چەمکی باوەڕدارەکان بە یەکێک لەو گومانانە دەزانرێت لەسەر میسداقیەتی ئایین دروستدەکرێت، ئەم بارگرانییەش تەنها بۆ ئیسلام ڕاست نییە، بەڵکو ئایینەکانی دیکەش ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە گرانە دەبنەوە، ئەم ئیحراجی و گومانەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت هەم زەمەنی لەدایکبوونی زۆربەی ئاینە گەورەکانی سەرزەوی و هەمیش زۆربەی تەفسیرە موعتەبەرەکانی ئاینەکانی لە پێش سەردەمی نوێوەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەم بابەتە لە ئاینە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، بەڵام لە تەفسیری ئایینەکاندا زەقتر و بەرچاوتر دەردەکەوێت.

ئەگەر بە گوتەی (ئالڤن تۆفلەر) قۆناغی مێژووی مرۆڤایەتی دوو قۆناغی بنەڕەتی بڕی بێت،-قۆناغی کشتوکاڵی و پیشەسازی و پێی نابێتە قۆناغی سێیەمەوە قۆناغی دیجیتاڵی وەک ئەوەی ناوی لێ دەنێت ماڵی ئەلکترۆنی، ئەوا دەسەڵاتیش لە سێ ڕەگەزی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت ئەوانیش هێزی جەستە و هێزی مادده و هێزی مەعریفەن، ئەوا زۆربەی بەها تەفسیریی و تێگەشتنە دینییەکان ڕەنگدانەوەی بەهاکانی سەردەمی کشتوکاڵیین کە تێیدا بەهۆی جیاوازی تواناى جەستەییەوە ژنان کەمتر ڕۆڵیان هەبووە لە فەزای گشتیدا، ئەمە جگەلەوەی لە ڕووی فەلسەفییەوە تێڕوانینی گشتی بەرامبەر بە ئافرەت بەشێوەیەک بووە بە کەمتر لە مرۆڤیان زانیوە، ئەم بەکەمزانینەش لە ڕووی تیرمۆلۆژیاوە ئێمە بە میزوژینیای ناودەبەین، هەربۆیە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە فیقهی ئیسلامیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆ ئەم بابەتەش ئێمە فیقهی خوێنباییمان وەرگرتووە.

## خوێنبایی (الدیه) چیه؟

خوێنبایی ئەو ماڵەیە دەدرێت بە وەلی کوژراوێک لەبری کوژراوەکە، یان پێدانی ماڵی واجبە لەسەر ئەنجامدانی جینایەت لەسەر نەفس، خۆ ئەگەر لەو تاوانەدا مەرگی تێدا نەبوو پێی دەوترێت (الارش).

خوێنبایی ئافرەت لە فیقهی ئیسلامیدا:

بابەتی خوێنبایی ژن بەیەکێک لە بابەتە هەرە هەستیارەکانی سەردەمی نوێ دەزانرێت بۆ فیقهی ئیسلامی، چونکە ڕای باوی ناو فیقهی ئیسلامی پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی بوونی مرۆڤ و پێگەی ئافرەتیش دەبێت وەک گیان و کەسێتی، ئەم بۆچوونەی زانایانی پێشین لەبارەی خوێنبایی ئافرەتەوە لە کوشتنی نائەنقەستدا دەتوانرێت وەک بنەمایەکی میزۆژینی بەکاربهێنرێت، چونکە ڕوانینێکی پلەدوویی و دونیانەی هەیە بۆ ئافرەت، ڕاستە خوێنبایی قەرەبووی مرۆڤ نییە لە ئیسلامدا، بەڵام نیوە هەژمارکردنی خوێنبایی ئافرەت ئیلهامی نیوە مرۆڤبوونی ئافرەتمان پێدەبەخشێت، هەرچەندە ئەم فەتوایە لە ڕووی بنەما دینییەکانەوە پشت ئەستور نییە بە دەقێکی ئایینی بە واتای سەرچاوە ئایینیەکانی شەریعەتی ئیسلامی (قورئان و سوننە)، وەک قەرزاوی ئاماژەی پێدەکات، تەنها دوو فەرموودە لەو بارەوە بوونیان هەیە هەردوکیان لاوازن بەڕای کۆی ئەهلی فەرموودە، ئاماژەش بە ئیجماع دەکرێت ئیجماعیش لەوبارەیەوە بوونی نییە، هەرچەندە لای خاوەنی ئەم پەیپەرە کۆمەڵێک بنەمای بەدیهیاتی مێژوویی هەن دەکرێت لە قوناغێکی مێژوویدا ئیجماعی لەسەر بێت و لە قۆناغی پاش ئەوەدا ڕەتبکرێتەوە.

## ڕای مەزهەبە فیقهییەکان:

بەپێی بۆچوونی زۆربەی مەزهەبە فیقهییەکان لەوانە (حەنەفی، شافیعی، مالیکی، حەنبەلی و ئیمامی، زاهیری، زەیدی و ئەبازییەکان) باوەڕیان وایە خوێنبایی ئافرەت لە کوشتنی ناقەستیدا نیوەی پیاوە.

لای مالیکییەکان خوێنبایی ژن نیوەی خوێنبایی پیاوە، (ئەبولبەرەکات شەیخ دەردیر) لە کتێبی (الشرح الصغير)دا دەڵێت: «خوێنبایی مێینە نیوەیە، خوینبایی ژنی ئازادی مسوڵمان پەنجا حوشترە...هتد، خوێنبایی پیاوی ئازادی مسوڵمان سەد حوشترە، ئەگەر ئەو ناوچەیە حوشتریان نەبوو ئەوە بەهاکەیەتی». (شێخ محەمەد عەلی)ش لە کتێبی (شرح الجليل على مختصر العلامه خليل)دا دەڵێت: «خوێنبایی مێینەی هەموو ئازادێکی مسوڵمان و ئەهلی کیتاب و ئاگرپەرست و هەڵگەڕاوە نیوەیە، واتە نیوەی خوێنبابییەکەیەتی، خوێنبایی ئازادی مسوڵمان پەنجا حوشترە، خوێنبایی ئازادی ئەهلی کیتاب بیست و پێنج حوشترە». لای حەنەفیەکانیش (کاشانی) دەڵێت: «خوێنبایی ئافرەت نیوەی هی پیاوە کۆدەنگی هاوەڵانی لەسەرە»، لە (تنوير الابصار)یشدا جەخت لەسەر هەمان ڕا کراوەتەوە، ئەم دوو سەرچاوەیە بە سەرچاوە گرنگەکانی فیقهی حەنەفی دەزانرێن.

ئیمامی شافیعی دەڵێت: «نەمبیستوە هیچ یەکێک لە ئەهلی زانست نە لە کۆن و نە لە نوێشدا دژی ئەوە بووبێت خوێنبایی ژن نیوەی پیاو بێت»، لە مەزهەبی حەنبەلیەکانیشدا (ئین قودامە) لە کتێبی (المغنيدا) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خوێنبایی ژنی مسوڵمان نیوەی پیاوە، زانایانی حەنبەلی کۆدەنگن لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ژن بەرامبەر بە پیاو، هەروەها ئەم نیوەیەش پەیوەستە بە ئەفزەڵتربوونی پیاو بەسەر ژندا.

## ڕەتکردنەوەی ئەم حوکمە:

لە سەرەتاکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا جۆرێک لە هاوڕایی لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەت هەبووە، تەنانەت چوار مەزهەبە سەرەکیەکەی (سوننە و ئیمامی و زەیدی و زاهیری و ئەبازییەکان)یش هەمان ڕایان هەیە، بەڵام لە دواتردا ئەم ئیجماعە خەرق دەکرێت لەلایەن (ئیبنو عەلیەی موعتەزیلی و ئەبوبەکری ئەصەمەوە) کە هەردوکیان موعتەزیلە بوون، پاشان لەلایەن زانایانی پاش خۆیانەوە بە شازبوون تۆمەتبار کراون. لە فەقیهە هاوچەرخەکانیشدا (سەید سابق و عەبدولقادر عەودە)ش هەمان ڕای زۆرینەی زانایانی سوننەیان هەیە لەسەر نیوەبوونی خوێنبایی ژن، بەڵام (ئەبازەهرە و شێخ شەلتوت و یوسف قەرزاوی و محەمەد غەزالی)ش پشتگیریی ڕای ئەم دوو زانا موعتەزیلەیە دەکەن لە خوێنباییدا. بەشێک لە زاناکان پاساوی نیوەبوونی خوێنبایی ژنیان گێڕاوەتەوە بۆ چوار بنەمای سەرەکی یان ڕاستر بڵێن بۆ چوار سەرچاوەی شەریعەت ئەوانیش:

**یەکەم: پشتبەستن بە دوو فەرموودە کە لەوبارەیەوە هەندوو فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر خوێنبایی ئافرەت.**

**دووەم: بۆ قەولی صەحابی**

**سێیەم : بۆ ئیجماع**

**چوارەم : بۆ قیاس**

لە بەرامبەردا ئەو زانایانەی ئەم حوکمەیان ڕەتکردۆتەوە ڕەخنەیان لە هەر چوار سەرچاوەکەی ئەم حوکمە هەیە.

## یەکەم: ڕەخنە لەو فەرمودانەی لەبارە خوێنبایی ئافرەتەوە بونیان هەیە

لە سەرچاوەکانی فەرمودەدا ئاماژە بە دوو فەرموودە هاتووە ئەوانیش فەرمودەیەک مەعازی کوڕی جەبەل دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: (دية المرأة علي نصف من الدية الرجل) و فەرموودەیەکیش لە ئیبنوعەباسەوە هاتوە بەم شێوەیە (دية المرأة نصف دية الرجل)، ئەم دوو فەرمودەیە لەلای بەشێک لەو کەسانەی ڕایان وایە خوێنبایی ئافرەت نیوەی خوێنبایی پیاوە بە بەڵگە وەرگیراون.

د.یوسف قەرزاوی لەبارەی فەرمودەکانەوە دەڵێت: «تەنها دوو فەرموودە لەوبارەیەوە (لەبارەی خوێنبایی ئافرەتەوە) بوونیان هەیە، ئەوانیش بە ڕای هەموو زانایانی ئەهلی فەرموودە لاوازن».

**دووەم: رەخنە لە بنەمای کۆدەنگی (اجماع)**

د.یوسف قەرزاوی لەبارەی ئەو کۆدەنگیەشەوە ئاماژەی پێدەکرێت لەبارەی خوێنباییەوە دەڵێت: کۆدەنگیی لەسەر خوێنبایی ئافرەت لە فیقهی ئیسلامیدا بوونی نییە، ئاماژە بە رای (ئەبوبەکری ئەصەم و ئیبنو عەلیە) دەکات کە نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەتیان رەتکردۆتەوە، سەبارەت بە کۆدەنگی سکوتی (ئیجماعی سکوتی ئەو ئیجماعەیە هەنێک لە موجتەهیدەکان ئاماژەیان پێکردبێت و موجتەهیدەکانی تر لێی بێدەنگ بووبن پاش پێزانینی) (ئەبوزەهرە) پێیوایە ناتوانرێت کۆدەنگیی سکوتی بە بەڵگە وەربگیرێت.

**سێیەم: رەخنە لە سەرچاوەی رای هاوەڵان**

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی باوەڕیان وایە خوێنبایی ئافرەت نیوەی پیاوە ئاماژە بە رای هاوەڵان دەکەن، حەوت هاوەڵی پێغەمبەر د.خ ئاماژەیان بەوەداوە خوێنبایی ئافرەت نیوەی پیاوە لە بەرامبەردا ئەو زانایانەی ئەم رایە رەتدەکەنەوە باوەڕیان وایە ناکرێت حوکمێکی براوەی لەو چەشنە لەسەر بۆچوونی هاوەڵان دابمەزرێت. ئەمە جگەلەوەی پرسیارێکی گرنگ هەیە و دەبێت وەڵامی بدرێتەوە ئەویش ئەوەیە کێ بە سەحابی دەزانرێت، ئایا لەسەر بنەمای پێوەرەکەی (ناصری سوبحانی) کە بۆ سەحابیبوونی داناوە بەسەحابی دەزانرێت یان بەو پێوەرە گشتییەی کە هەیە.

**چوارەم: رەخنە لە سەرچاوەی قیاس بۆ بابەتی خوێنبایی**

لایەنگرانی رای باوی ناو فیقهی ئیسلامی پەنا دەبەنە بەر بنەمای قیاس لە بنیاتنانی رای نیوەبوونی خوێنبایی ئافرەت، لە بەرامبەر ئەم قیاس کردنەشدا قەرزاوی رەخنە دەگرێت، پێیوایە قیاسکردنە سەر میرات و شایەتیدان هەڵەی زۆری تێدایە، چونکە بابەتی خوێنبایی و میرات و شایەتیدان جگەلەوەی بوارەکانیان زۆر دوورن لەیەکترەوە عیلەتی هاوبەشیشیان نییە، لە بابەتی میراتدا نیوە بردنی ئافرەت بۆ هەموو حاڵەتەکان ڕاست نییە لە هەندێک باردا ئەو بنەمایە ڕاست دەردەچێت، کەواتە قیاسکردنە سەر بەشێکی میرات و فەرامۆشکردنی بەشەکانی تر زۆر ورد نییە، هەروەها لە شایەتیدانیشدا ناکرێت وەک بنەمایەک بۆ خوێنبایی هەژمار بکرێت، چونکە هەندێک گرووپ هەن لە بنەڕەتدا شایەتییان لێ وەرناگیرێت، بۆ نموونە منداڵەکان، ئەوانەی نەخۆشی دەروونی درێژخایەنیان هەیە، ئەوانەی دەسەلمێت بوختانیان بۆ پاکداوێنەکان کردووە (والذین یرمون المحصنات ثم لم یأتوا بأربعة شهداء فاجلدوهم ثمانین جلدة ولا تقبلوا لهم شهادة أبدا وأولئک هم الفاسقون ،إلا الذین تابوا من بعد ذلک وأصلحوا فإن الله غفور رحیم )، هیچ زانایەکیش نەهاتووە بڵێت چونکە شایەتیان لێوەرناگیرێت خوێنباییان نییە. بەبڕوای قەرزاوی ئەگەر قیاس رەوا بێت ئەوا دەبێت لەسەر کوشتنی قەستی بکرێت نەک شایەتی و میرات.

ئا لێرەوە بۆچوونەکەی ئێمە لەم بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو لاوازییانەی لەو فەتوایانەدا هەن کە لە رووی ئسوڵیەوە (قەرزاوی و ئەبازەهرە) رەخنەیان لێگرتوون بۆچی زانایانی پێشوو بەوشێوەیە دەرکیان پێ نەکردووە. ئایا زانایانی شارەزای ئسوڵی گەورە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بوونیان نەبووە،

> **قەرزاوی، پێی وایە ئسوڵ فیقهیش بەرهەمی مرۆییە و دەکرێت ئیجتهادی تێدا بکرێت.**

## لە بابەتی میراتدا نیوە بردنی ئافرەت بۆ هەموو حاڵەتەكان ڕاست نییە.

بەدڵنیاییەوە كەلتووری فیقهی ئیسلامی سەدان زانای مەزنی تیدا هەڵكەوتووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی تێڕوانینی كەلامیان بۆ ئافرەت ئەم لاوازیانەیان لەو حوكمانەدا نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەو گۆڕانكارییانەی لەو بنەما كەلامیانەدا هاتونەتە ئاراوە زاناكان دەركی ئەو بۆشاییانە دەكەن لەو فەتوایانەی پێشوودا بوونیان هەیە.

**بەشی دووەم: ئاڕاستە جیاوازەكانی چارەسەركردنی پرسی ژن لە فیكری ئیسلامیدا**

لە بەشی پێشەوەدا جەختمان لەسەر ئەوە كردەوە پێشگریمانە و جیهانبینی كاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی ئاینی هەیە، پێشگریمانە فەلسەفیەكانیش لەبارەی ژنەوە كاریگەرییان لەسەر فیقهی ژن هەبووە، ئاماژەشمان بەوە كرد لە سەردەمی نوێدا ئاڕاستەی جیاواز هەبوون بۆ چارەسەركردن و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو بابەتەدا، لەم بەشەدا ئاماژە بە ئاڕاستە جیاوازەكانی ئەو مامەڵەكردنە دەكەین.

بەشێوەیەكی گشتی ئاڕاستەكانی پرسی ژن دابەش دەكەین بەسەر كۆمەڵێك تەرز و ئاڕاستەی جیاوازدا، لەو هێزانەوە باوەڕیان بەوە نییە شتێك هەبێت بەناوی پرسی ژنەوە تا ئەو ئاڕاستەی داوای گۆڕانكاریی قوڵ بكات لە تێڕوانین و تێگەیشتن لە پرسی ژندا.

١- ئاڕاستەی سەلەفییەكان:

بەشێوەیەكی گشتی هێز و تەوژمە سەلەفییەكان باوەڕیان بە پرسێك نییە بەناوی پرسی ژنەوە، بەڵكو باوەڕیان وایە ئەم پرسە بەمەبەست لەلایەن كۆمەڵێك كەسەوە دەوروژێنرێت و مەبەستی دیكەیان هەیە لەو بابەتە.

لەم پەیپەرەدا پشتمان بەبابەتێك بەستووە كە ڕای زۆربەی كەسایەتییە ئاینییە فەرمیەكانی وڵاتی سعودیەی لەسەر كەیسی ئافرەت كۆكردوەتەوە، لەوانە (بن باز، ال فریان...هتد) بەناونیشانی (معركة تحرير المرأة السعودية موثوق بالادلة).

لە سەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژە بەوەكراوە ژنان چونكە توانای دیاریكردنی ئاڕاستەكانی خۆیانیان نییە خوای گەورە ختوونیەتە سایەی قەوامەی پیاوەوە، چونكە پیاوان هەڵگری خەسڵەتی پیاوانەن ڕێگە نادەن مەحرەمەكانیان بەرەو خراپە برۆن.

لەم نوسراوەدا كۆمەڵێك خاڵ دیاریكراوە كە ئاماژە بەوە دەكات بۆچی بابەتی ئافرەت دەوروژێنرێت:

أ- هەوڵدان بۆ ڕۆژئاوازەدەكردن(التغريب)ی ئافرەتی مسوڵمان ئەم هەوڵە لە سەرەتای ماسۆنیەت و دامەزراوەی نێودەوڵەتییەوە سەریهەڵداوە.

ب- لە دەرەوە ئەم كارە بەڕێوەدەبرێت و ئامانجی دەرەكی لە پشتە.

جگە لەوەی ئەوانەی داكۆكی لە مافی ئافرەت دەكەن بە مونافیق و لادەریان وەسف دەكات، ئاماژە بە فەتوایەكی بن باز كراوە كە جەخت لەسەر لە پێش بوونی ڕەگەزێك بەسەر ڕەگەزەكەی تردا دەكات.

(عەبدورەحمان ئال فریان)یش دەڵێت: پرسی ژن لەلایەن پیاوانەوە دەوروژێنرێت، ئەو پیاوانە یان مەبەستیانە غەریزەی خۆیان بەسەر ئەو ژنانەوە تێر بكەن كە لە ماڵ دێنە دەرەوە یان دەیانەوێت ژنەكانیان نانیان بۆ پەیدا بكەن، چونكە خۆیان توانای دابینكردنی نەفەقەیان نییە.

سەلەفیەكان باوەڕیان بەوە نەبووە ژن مافی

ئەوەی هەبێت بخوێنێت و، تێیدا هاتووە؛ یەکەمجار زانایانی ئایینی ڕەتی ئەوەیانکردەوە کچان بخوێنن پاشان ڕازی بوون، بەڵام بەمەرجێک ئەو خوێندنە لەژێر چاودێری زانایاندا بێت و یەکەم بەڕێوەبەری خوێندنی کچانیش موفتی سعودیە بوو، بەڵام بە پێی زەمەن مەرجەکە شکێنرا و ئاسانکاریی زۆرکرا. زانکۆکان و وەزارەتی تەندروستی و پەیمانگای بەڕێوەبردنی گشتی بەشی ژنانیان کردەوە و ژنانیش لەم بەشانەدا کەوتنە کێبەرکێی پسپۆڕی پیاوان بکەن.

لەگەڵ سەردەمی نوێشدا کۆمەڵێک بەش کرانەوە وەک بیرکاریی و زانستی کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و زمانی ئینگلیزی و دەروونناسی ژنان لێیانەوە بڕوانامەیان وەرگرت کە لە بنەڕەتدا پێویست نەبوون.

زانایان باوەڕیان وایە بۆ ژنان تەنها خوێندنی تەوحید و تەهارە و نوێژ و ئەحکامی حەیز و نەفاس پێویستە و زیاتر پێویست نییە.

٢- محمد قوتب: پرسی ئازادی ژن

یەکێکی دیکە لەو کەسایەتیانەی باسی پرسی ژنی کردووە، د.محەمەد قوتبە، ناوبراو لە کتێبی (واقنا المعاصر)دا بەشێکی دیاریکراوی بەناوی پرسی ژنەوە تایبەت کردووە و پاشانیش هەر ئەو بەشەی لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاوکردۆتەوە لەم بەشەدا ناوبراو دەڵێت: «ئافرەت سەرقاڵە لە ماڵەوە، لە بنەڕەتدا کاری ئەو لە ماڵەوەیە بۆ پێویستی نەبێت ناچێتە دەرەوە، پیاویش لە دەرەوە کاری ماڵ بەڕێوە دەبات. ئەگەر تێکەڵبوون لە کاری ئەو دووانەدا ڕوودات ناجێگیری و نائاسایی بوون دێتە ئاراوە، ئەم ناجێگیرییە کۆمەڵگەش دەگرێتەوە و پاشان ژیانیش.

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات هیچ پاساو و تەفسیرێک نییە بۆ وروژاندنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا بەهای ڕێکخەری ئیسلامی هەبن بۆ بارودۆخی ژن. ئەگەر ژن لەکاری خۆی دووربخریتەوە کۆمەڵگە بەرەو لەناوچوون دەچێت، ژنی ئێمە ناکرێت خەو بە ژیانی ڕۆژئاواییەکان بخوازێت.

محەمەد قوتبیش بەهەمان شێوەی سەلەفییەکان پرسی ژن بە ڕۆژئاوازەدەیی دەزانێت و داکۆکیکاران لە پرسی ژن بە (دعاه التغریب) ناودەبات.

٣- داماڵینی دابونەریت لە ئایین

دەتوانین لەم ڕێچکەیەدا ئاماژە بە چەندین ئاراستەی نووسین بکەین، کە خاڵی هاوبەشیان بریتییە لە گێڕانەوەی ستەم و ناعەدالەتیەکان بۆ نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام خاڵی جیاوازیشیان بریتییە لەوەی هەندێکیان تێگەیشتن و فیقهی ئیسلامی وەک بەشێک لە نەریت تەماشا دەکەن، ئێمە لەم چوارچێوەیەدا دوو ئاراستەی سەرەکی ئاماژە پێدەدەین:

أ- ئاراستەی پاساوی(تەبریری)

ب- ئاراستەی ڕەخنەیی

أ- ئاراستەی تەبریری: بەشێک لەو نووسراو و ئەدەبیاتانە دەگرێتەوە کە داکۆکییەکی سەرسەخت لە ڕابردوو دەکەن، ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا هەیە قەبوڵیانە، میتۆدی کارکردنیان لەسەر دوو بنەمای سەرەکی داڕێژراوە: بنەمای یەکەمیان: نەچوونە نێو وردەکارییە فیقهییەکانەوە و بەشێوەیەکی ئینتقائیانە مامەڵەکردنە لەگەڵ فەتوا و بەرجەستەکردنە فیقهییەکاندا، بنەمای دووەمیشیان: بریتییە لە بەراوردکردنی مێژوویی نێوان شارستانیەتە کۆنەکان و، وەرگرتنی نموونەکان بەشێوەیەکی ئینتقائی لە شارستانیەتە جیاوازەکاندا، کە ئەم میتۆدە نە میتۆدێکی زانستییە و نە دەشتوانێت سوودی بۆ ئەم سەردەمە هەبێت، نموونەی ئەم جۆرە کارانە دەتوانین بە کتێبەکەی (محمد السویسی) بەناوی (حقوق المرأة في السنة النبویة) بهێنینەوە.

ب- ئاراستەی ڕەخنەیی: ئەم ئاراستەیە کارکردنە لەسەر ڕەخنەگرتنی واقیع و هەڵسوکەوتی مامەڵەی مسوڵمانان لە بەرامبەر ئافرەتدا، ڕەخنەگرتنی مێژوو و تێگەیشتنی مسوڵمانەکان لە بەرامبەر ئافرەتدا، دیارترین ڕێبەرانی ئەم تەرزە دەتوانین بە (شێخ محەمەد غەزالی) بزانین لە کتێبی (قضايا المرأة بين التقاليد الراكدة و الوافيدة) دا کە ڕەخنە لە هەندێک تێگەیشتنی مێژوویی و هەنوکەیی سەردەمی خۆی دەگرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پێویستە مسوڵمانان وێنەی شێواوی ئافرەت ڕاست بکەنەوە، باوەڕیشی وایە خراپ مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئینحتات، (غەزالی) لەم کتێبەدا ئاماژە بە ڕێگرییەکانی بەردەم خوێندنی ئافرەتان دەکات لەلایەن کۆمەڵێک زانای ئایینی سەردەمی خۆیەوە واش دەبینێت پاساوی ئەو هەموو حوکمە بریتییە لە مێژوو بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مێژوو حوکمی لەسەر دەدرێت نەک حوکمی پێبدرێت.

٤- قەیرانی فیقهی:

بەشێکی دیکە لەو کەسانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە پێیانوایە ئافرەت بەهۆی فیقهی ئیسلامییەوە ستەمی لێدەکرێت، ئەو نموونەیەی ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین هی نووسەری میسری (جەمال بەنا)یە لە کتێبی (المرأة المسلمة بين تحرير القران و تقيد الفقهاء)

جەمال بەنا باوەڕی وایە لە قورئاندا ژنان لە ئاستی باڵادا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. لە سەردەمی پێغەمبەردا ژنان وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و تەنانەت لە ئاستی هاوەڵانیشدا ژنان بەشداری سیاسییان هەبووە، نموونەی حەزرەتی (عائیشە)ش دەهێنێتەوە کە سەرکردایەتی سوپای کردووە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە قوناغی فیقهیدا قۆناغی پاشەکشەی ڕۆڵی ژنە، بەشی چوارەمی کتێبەکەی بەناونیشانی (الفقهاء و عهد القيود و السدود) باسی کۆمەڵێک فاکتەر دەکات کە بەهۆیانەوە فیقهی ژنان فیقهێکە کۆتوبەند بەسەر ژناندا دەچەسپێنێت بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە:

أ- چەسپانی دابونەریتی جاهیلی لە ناخی مرۆڤەکاندا بۆ ئەمەش کۆمەڵێک نموونە دەهێنێتەوە.

ب- کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لەلایەن دوو هێزەوە: مەلیکی ستەمکار و فەقیهەکان، فەقیهەکان لە بنەڕەتدا یاسایین، هەمیشە جیاوازیی بوونی هەیە لە نێوان ئازادیخواز و یاساییدا. یاساییەکان زیاتر مەیلیان بەلای کۆتکردندا دەچێت تا ئازادکردن، لەم بەشەیدا (جەمال بەنا) هەستاوە بەدەرهێنانی کۆمەڵێک بۆچوونی فیقهی کە پێیوایە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە نە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا دێنەوە و نە گونجاویشن لەگەڵ پێگەی ئافرەتدا، بۆیە وادەبینێ دەبێت ئیسلاحی فیقهی بکرێت. تەنانەت جەمال بەنا ئاماژە بەو فەتوایانە دەکات لە ئەزهەر لە پەنجاکاندا دراون سەبارەت بە مافی بەشداریی سیاسی ژن.

٥- قەیرانی ئسوڵی:

بەشێکی دیکە لەو ڕەوتانەی باوەڕیان وایە پێویستمان بە چارەسەر کردنی پرسی ژن هەیە ئاماژە بەوە دەکەن لە چوارچێوەی ئسوڵ فیقهی کۆندا ناتوانین قەیرانەکانی سەردەمی نوێ چارەسەر بکەین، ئالێرەوە ئەم بابەتە سەردەکێشێت بۆ قسەکردن لەسەر بازنەی ئیجتهاد و سنورەکانی، کۆمەڵێک توێژەر باوەڕیان وایە پێویستە ئیجتهادی یەکەم لە ئسولدا بکرێت، چونکە بەبێ گۆرانکاری ئسوڵی چارەسەری کێشەکانی ئەمرۆ ناکرێت، هەر ئیجتهادێک بە ئامرازەکانی ئسوڵ فیقهی ڕابردوو بکرێت هەمان دەرئەنجامی ئەوەی پێشومان دەستدەکەوێتەوە.

ئەم ڕایە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبێتەوە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، بەشێک لە فەقیهەکان باوەڕیان وایە قسەکردن لەسەر گۆرانکاری لە ئسولدا مومکین نیە، لە بەرامبەردا بەشێکی دیکە لە فەقیهەکان بە کارێکی ئاسایی دەزانن لەوانەش د.یوسف قەرزاوی، پێی وایە ئسوڵ فیقهیش

بەرهەمی مرۆییە و دەکرێت ئیجتهادی تێدا بکرێت.

د.محمد شەحرور یەکێکە لە دیارترین کەسەکانی ئەم ڕەوتە کتێبێکیشی بەو ناونیشانەوە نوسیوە(نحو اصول فقه جديد فقة المرأة نموذجا). ئەو باوەڕی وایە دەبێت کۆمەڵێک بنەما و شێوازی ئیستنبات هەن گۆڕانکاریان تێدا بکرێت، د.نەصر حامد ئەبوزەیدیش لە کتێبی (دوائر الخوف، قراءة في خطاب المرأة) باوەڕی وایە پێویستمان بەوەیە کۆی سیاقی دابەزینی قورئان ڕەچاو بکەین، ئەبوزەید دەڵێت: بۆچی ئەسبابی نزول لە یەکەیەکەی ئایەتەکانی قورئاندا ڕەچاو دەکەین تابتوانین تەفسیرێکی دروست بەدەس بهێنین ئەوا دەبێت کۆی سیاقی زەمەنی دابەزینی قورئانیش ڕەچاو بکەین لە بارودۆخی ژندا تابتوانین دیوە سەرو مێژوییەکەی قورئان بدۆزینەوە بەگشتی و لە بارودۆخی ئافرەتدا بەتایبەتیدا.

٦- تێڕوانینی هێرمنوتیکی

(د.محمد مجتهد شەبستەری)، پێیوایە بوونی پێش فەهمەکان کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی مرۆڤ هەیە، دەڵێت ناتوانین لە مەجهول موتلەق پرسیار بکەین. (عەبدولکەریم سروش) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە پیاو لەسەر بنەمای ئەو ناسین و وێناکردنە لەبارەی ژنەوە هەیان بووە مافیان بە ژن داوە.

ئەم گرووپە باوەڕیان وایە ئایینەکان جیاوازن لە مێژوو، وێناکردنەکان لە دەرەوەی ئایینەکانەوە بەرهەم هاتووە، وێناکردنێکی مێژووین و پەیوەندییان بەئایینێکی دیاریکراوەوە و نیە، بەڵکو پەیوەندییان بەمێژوویەکی دیاریکراوەوە هەیە و لە هەموو پرۆسەی گۆڕانی مێژوودا پێویستە ئەو وێناکردنانە بگۆڕین تاوەکو تەفسیرەکانیش بگۆڕن، پیاوسالاری دیاردەیەکی مێژوویيە و پەیوەندی بەئایینێکی دیاریکراوەوە نیە.

ئەم ئاڕاستە هیرمنوتیکیانە باوەڕیان وایە بەهۆی گۆڕانکاری لە پێشگریمانە و جیهانبینییەکاندا گۆڕانکاری لە فیقهی ژنانیشدا دێتە ئاراوە، بۆیە باوەڕیان وایە بنەمای ماف بنەمایەکی ناجێگیر هەیە و ناتوانرێت لە هەموو زەمەنێکدا بە نەگۆڕی بنمێنێتەوە. دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم ڕەوتە (ئامینە وەدود و هارون ناسیوتیون و ڕەفعەت حەسەن فەزل ڕەحمان)ن، باوەڕیان وایە لەسەر بنەمای قورئان دەبێت مافی ئافرەت ڕەچاو بکرێت، (ئامینە وەدود) کتێبێک بەناونیشانی (ژن و قورئان) دەنوسێت.

## دەرئەنجام

بە خوێندنەوەی فیقهی ئیسلامی و تێگەشتنە ئیسلامییەکان بەتایبەت لە فیقهی ئافرەتدا بۆمان ڕووندەبێتەوە زۆربەی بوارەکانی ئەو فیقهە زادەی جیهانبینی و پێشگریمانەکانی دنیای ڕابردووە، سەردەمی نوێ سەردەمی گۆڕانکارییەکی قوڵی بوارە کەلامی و جیهانبینیەکانە بەرامبەر بە مرۆڤ، لەناویشیاندا بەرامبەر بە ئافرەت، بۆیە فیقهی ئیسلامی خوێندنەوەی جیاوازتر و دەرئەنجامی جیاوازتری دەبێت لە فیقهی ڕابردوو بە تەنها بە خوێندنەوە و بەرهەم هاتنەوەی، وەک ئەو ڕایانەی لەکۆتاییدا لە زانا هاوچەرخەکاندا ئاماژەمان پێدا لەسەر خوێنبایی. بەتەنیشت ئەوانیشەوە ژمارەیەکی دیکەش لە زانایان هەمان ڕایان هەیە لەسەر خوێنبایی بەیەکسانی لە نێوان پیاو و ژن دا، بەڵام بەهۆی جیاوازی سیاقی کارکردنی بابەتەکەی ئێمە کە بابەتێکی فیکرییە نەچووینە ناو بابەتە فیقهی و بەڵگە فیقهیەکانیانەوە نەمانویست ئاماژە بە هەموو ڕایە نوێیەکان بکەین.

لە پێشەکی پەیپەرەکەشدا ئاماژەمان بەوە کردبوو فیقهی ئیسلامی دەرکەوتەی قۆناغی کشتوکاڵیە و، زۆرینەی بەهاکانی لەو سەردەمەوە ئیلهامیان وەرگرتوە، ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەمان ئاماژە بە نمونەیەک دەکەین، ڕاشید غەنوشی لە کتێبی (ئافرەت لە نێوان قورئان و واقیعی

مسوڵماناندا) هیناویەتی، دەڵێت: لە کۆمەڵگەی گوندنیشینیدا ئافرەت بەشداربووە لە کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە کەسیش باسی حەرام بوون و حەڵاڵ بوونی نەکردووە، پیاوانی بیگانەشی بینیوە و پێکەوەش کاریان کردووە، بەڵام کاتێک لەناو شارەکاندا باسی فەرمانبەر بوون و کارکردنی ژنان دێتە ئاراوە باسی حەرام بوون و حەڵاڵ بوونی ئەم بابەتە زەق دەکرێتەوە لەکاتێکدا هەمانکارن، بەڵام فەتوا لەسەریان جیاواز دەبێت. ئالێرەوە وای دەبینم هەمان بەهای کومەڵگەی کشتوکاڵیە وادەکات ئەم دیدگا جیاوازە لەسەر ئەم دوو دۆخە جیاوازەی یەک کار بێننە ئاراوە، هەرچەندە بەشێک لە رەخنەگرەکان باوەڕیان وایە بەکاربردنی پێوەرە کۆمەڵناسییەکانی رۆژئاوا بەسەر کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا دروست نیە، چونکە ئەو پۆلێنکردنەوەی بۆ رۆژئاوا راستە بۆ کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و پیشەسازی بۆ رۆژهەڵات راست نیە، بەڵکو جیاوازی ئەو فەتوایانە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری شار لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، حەرەمسەراکان و پەچە و نیقاب کەلتووری شارە و، ماڵە دەوڵەمەندەکانی شارە نەک خێزانە هەژار و جوتیارەکان.

بەکورتی فیقهی ئیسلامی بریتییە لە تێگەشتنی مرۆڤ لە دەقە رەسەنەکانی ئیسلام، ئەمەش بەپێی زەمەن و جیهانبینی و پێشگریمانەکانی سەردەمە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بەپێی نەسەقی ئیجتماعی و گەشەکردنی مەعریفەی مرۆیی و بەرزبونەوەی داخوازی و ماف دەگۆڕێت، چەوساندنەوە و کەم سەیرکردنی ژنانیش رەنگدانەوەی فیقهی و خەسڵەتە مرۆیی و مێژوییەکانی مرۆڤە بەسەر تەفسیرەکانی ئیسلامەوە بۆئەوەی لە پانتایی و لەچوارچێوەی گۆڕاوە مرۆییەکاندا ئایین گوێیەک بێت بۆ پەیامە مەعنەوی و ئەخلاقیەکانی پێویستە تەفسیری و فیقهی و ئەحکامیەکانیشی بەتایبەت لە پرسی ژندا بگۆڕێن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- قورئانی پیرۆز
٢- معركة تحرير المرأة السعودية موثوق بالادلة.
٣- احمد بن عبدالعزيز المبارك: دية المرأة المسلمة في الفقه الاسلامي.
٤- جمال بنا: المرأة المسلمة بين تحرير القران و تقيد الفقهاء.
٥- د.محمد شەحرور : نحو اصول فقه جديد فقة المرأة نموذجا.
٦- د.محمد مجتهد شەبستەري: هرمنوتيک کتاب و سنت.
٧- داودا صالح عبدالله سبعاوي: مقدار الدية المرأة و جراحاتها في فقه الاسلامي.
٨- سوزان مولر ئاکين: زن از ديدطاة فلسفة سياسي غرب، ترجمة ن.نوريزادة.
٩- فاطمه عشقي: موقعيت زن در تفكر فلاسفة عصر روشنطري، فصلنامة علوم اجتماعي.
١٠- محمد السويسي:حقوق المرأة في السنة النبوية).
١١- محمد غزالي: قضايا المرأة بين التقاليد الراكدة و الوافيدة).
١٢- محمد قوتب: واقعنا المعاصر.
١٣- نصر حامد ابوزيد: دوائر الخوف، قراءة في خطاب المرأة.
١٤- نوشين شاهندة: زن از نظرطاة نيشة. مجلة فرهنط ٤١-٤٢.بهار و تابستان ٨١، ص ٢٢٩-٢٦٦.
١٥- ئالظن توفلەر: تحول السلطة. ترجمه ليني الريدي.



# کەسایەتییەك

## لە دەرەوەی ڕەخنە و لە سەرەوەی لێپێچینەوە

### (کاریزما) وەك سەرەتایەك
### بەرەو تاکڕەویی و دیکتاتۆرچوون!




**ڕاستگۆ محەمەد عەلی**

لەدایکبووی ١٩٨٣، هەڵەبجە. بەکالۆریۆس لە یاسا، ٢٠٠٦. خاوەنی ژمارەیەک وتار و لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا.

(کاریزما) لە بنەچەدا ووشەیەکی یۆنانیە بەواتای جازبیەت و جادوو و هێزێکی ئەفسوناوی دێت کە هەندێک کەس لە کۆمەڵگەدا هەیانە و بەهۆیەوە بەتەواوی سەرنجی خەڵک بۆ خۆی رادەکێشێت و کەمەندکێشیان دەکات و دەبێتە کەسێکی خاوەن هەژموون و کاریگەر، دەسەڵاتێکی سەروو ئاسایی وەهای دەبێت کە خەڵکی بە هەموو هەست و نەستیانەوە بەخۆیەوە گرێدەدات و لەسەر عەرشی دڵیان دادەنیشێت، کەسایەتیەکەی هێندە بەرز و کاریگەرە، و پێگە کۆمەڵایەتیەکەی ئەوەندە تۆکمە و بەهێزە، لە توانایدایە دەوروبەر و کۆمەڵگەکەی لە رووی جەستەیی و رۆحی و عاتیفی و رۆشنبیرییەوە بەتەواوی بخاتە ژێر سیحری هەیمەنە و هەژمونە لە رادەبەدەرەکەی، کە زۆرجار کاریزماکە خۆشی لە نهێنی هۆگریی و هەواداری خەڵکی بەو رادە زۆرە تێناگات و سەری سوڕدەمێنێت.!

لێکۆڵەرەوانی بواری سۆسیۆلۆژیی و دەروونناسی کۆمەڵێک وەسف و تایبەتمەندییان دیاری کردووە کە بێ بوونیان ئەستەمە کەسی کاریزمی دروست ببێت، لەوانە: دەبێت کەسایەتیەکی هاوسەنگ و مەحکەمی هەبێت و لە ڕووبەڕووبونەوەی کێشە و ئاریشەکاندا خاوەنی هەڵوێست و مەوقیفی دیار و بەهێز بێت، پێویستە متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و دووربێت لە ڕاڕایی، لێهاتوویی و کارامەییەکی وەهای هەبێت کە بە ئاسانی قەناعەت بە خەڵک بکات، لە سەرکردایەتی و پێشەوایەتی کردندا توانایەکی ئەفسوناوی هەبێت، شارەزا بێت لە شرۆڤەی دۆخ و بابەتەکان، لە پلانداتان و بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو بە توانا بێت، هەروەها پێویستە بەتەواوی تەجاوزی بیری تەسکی حیزبی و ئایدۆلۆژیی و مەزهەبی بکات، زاڵ بووبێت بەسەر نەفسی ناوچەگەریتی و رۆحی شارچێتی، دەبێت کەسێکی داهێنەر بێت و بە هیچ شێوەیەک لە ڕەفتار و گوفتار و هەڵسوکەوتدا لاسایی کەسانی دیکە نەکاتەوە.

هەندێک پێیانوایە پێویستە کەسی کاریزمی کەسێکی پشوو درێژ و دانبەخۆداگر و نەرم و نیان و خاکی و دڵاوا و ئارام و لەسەرخۆ بێت، کەمچیقڵدان نەبێت، هەندێکیش لە لێکۆڵەرەوان بوونی فۆنەتیک و ئاواز و نەبرەی دەنگ و جوڵەی جەستەی تایبەت و جیاواز لە خەڵکی ئاسایی بە تایبەتمەندییەکی دیکە هەژمار دەکەن و پێیانوایە دەبێت کەسی کاریزمی خاوەنی هەیبەت و سام و ویقارێکی تایبەت بێت، پێویستە قسەزان و بەلیغ بێت، نەسەب و کونیە و ڕەچەڵەکێکی ناسراو و سومعەداریشی هەبێت.

لەپاڵ هەموو ئەم تایبەتمەندی و خاسیەتانەدا دەبێت ئەو هێزە ئەفسونیەی هەبێت کە هەموویان کۆبکاتەوە بە ئاراستەی بەدیهێنانی خواست و ویستی خەڵک و کۆمەڵگە بیخاتەگەڕ و جوڵەی پێ بدات، ئەو متمانە لای خەڵک دروست بکات کە ئەو بۆ خواست و داوا ڕەواکانی ئەوان دەکۆشێت، خەڵکیش بەویست و ئارەزوو و خواستی خۆیان و بەبێ هیچ زۆر لێکردنێک ئەو کەسەیان لە ناخەوە بە کاریزما ناساندبێت، خۆ ئەگەر مەبەست لە(کاریزما) تەنها ئەوەبێت کە زۆرترین خەڵک و جەماوەر شوێنی کەسێک بکەوێت، ئەوا لەگەڵ دیکتاتۆر تێکەڵ دەبێت و بەو پێودانگە (کیم جۆن ئون)ی سەرۆکی کۆریای باکووریش کاریزمایە!!

کاریزما تەنها بە قسە دروست نابێت، بەڵکو بەشێکی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مێژوو و بڕیار و مەوقیفە مێژووییەکان و خوێندنەوە و مامەڵەکردنی ژیرانە لەگەڵ ڕوداو و پێشهات و گۆڕانکارییە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، واتە دەتوانین بڵێین ڕەگەزی کات ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە دروستبوونی کەسی کاریزمیدا، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک هەر لەسەرەتاوە وەک سەرۆک یان پێشەوای ڕەوتێک یان حیزبێک یان گرووپ و تەنانەت دەوڵەتێک دەرکەوێت و بۆماوەیەکی

زۆر لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، ئەو مانەوە زۆرە بۆی دەبێتە ڕەصید و زەخیرەیەک و وەک بناغەیەکی لێدێت کە بتوانێت دیواری کاریزمابوونی خۆی لەسەر هەڵبچنێت، بێگومان چانسی بوون بە کاریزما لای ئەوانە زیاترە وەک لەوەی بۆماوەیەکی کورت و سنوردار لەو پۆستەدا بێت.

کاریزما وەک چەمک، ئەگەرچی مێژوویەکی دێرینی هەیە، تەنانەت دەوترێت زۆربەی زۆری پێغەمبەران کەسانی کاریزمی بوون، بەلام بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە کایەی سیاسی و دەوڵەتداریدا بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ سۆسیۆلۆجیستی ئەڵمانی (ماکس فیبەر) کە ئەم چەمکەی سیاساندووە، ئەویش بەمەبەستی ئاماژەدان بۆ ئەو هێز و توانایەی کە کەسێک هەیەتی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە، کاتێک کە دەسەلات بۆ سێ جۆر دابەش دەکات: دەسەلاتی نەریتی (تقلیدی)، دەسەلاتی یاسایی و دەسەلاتی کاریزمایی، کە شەرعیەتی ئەمیان دەگەڕێنێتەوە بۆ متمانە و باوەڕی خەڵک و جەماوەر بە هێز و لێهاتوویی و شارەزاییەکانی کەسی دەسەلاتدار.

زەمینەی دروستبوونی کەسێتی کاریزمی لە کۆمەڵگە دێرین و کۆنەکاندا کە باوەڕیان بە خورافات و ئەفسانە هەبووە و متمانەیان بە هێزی بێ کۆتا و بێ پایانی تاکەکەس هەبووە، زۆر زیاترە بە بەراورد بە چەرخی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی ژیانی ژیاریی و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی زانست و تەکنۆلۆژیا و برەوسەندنی چەمکەکانی دیموکراسی و حوکمی گەل و دەسەلاتی جەماعی و بەشداری خەڵک و چەمکی زۆرینە لە دروستکردنی بڕیاردا، ئەوەش بووە بە هەقیقەتێکی چەسپاو کە هێزی کۆمەڵ لە هێزی تاکەکەس بەهێزترە، بۆیە لە ئێستادا بەوشێوەیە دروستبوونی کەسی کاریزمی ئاسان

## یەکێك لە خاڵە ترسناکەکانی کاریزمابوون ئەوەیە کە کەسی کاریزما لە هەموو عەیبە و کەموکورپیەك دادەماڵێت

نیە و ئەو ڕووبەرە بەتەواوی تەسکبۆتەوە.

ئەگەرچی ڕەنگە بۆ خەباتی چەکداریی و قۆناغی شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوە کەسایەتی کاریزمی پێویست بێ، بەلام کە لەوە ترازا و گەیشتینە خەباتی مەدەنی و دیموکراسی و قۆناغی ئاشتی و پێکەوەژیان، دەبێتە شتێکی ترسناک و مەترسیدار، چونکە کەسی کاریزمی هەتا زیاتر دەسکەوتی هەبێت و سەرکەوتن تۆمار بکات زیاتر کەڵکەڵەی بەدیکتاتۆربوون تێیدا گەشە دەکات، و بەرەو تاکرەوی و ملهوڕی و بێمنەت بوون هەنگاوی خێرا دەنێت و حەزدەکات هەموو دەسەلاتەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لەم ڕووەوە (فیدل کاسترۆ) نمونەیەکی ڕوونە..

تایبەت بە کوردستانیش لێرە و لەوێ لە ناوەندە ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانی و ئیعلامیەکەدا مشتومڕێک هەیە لەسەرئەوەی ئەم ووشەیە (کایزما) وەک وەسف و سیفەت ببەخشرێتە چ کەسێک؟! ئایا کەسێک هەیە بە واتای وشە هەڵگری ئەم وەسفە بێت و توانیبێتی تەجاوزی چوارچێوەی حیزب و گرووپەکەی خۆی کردبێت و هەموو کۆمەڵگە هەست بە کاریزمابوونی بکەن؟!

ئەوانەی لێرە کاندیدن بۆ وەرگرتنی ئەو وەسفە(کاریزما) هەیانە ڕۆڵ و کاریگەریی و کاریزما بونەکەی ناوچەیە و تەجاوزی سنوری

# پەیوەستکردنی حیزب بە کەسی یەکەم و بە کاریزماکەیەوە دەبێتەهۆی دەستەمۆکردنی خودی حیزبەکە

ئەو شار و جوگرافیایەی نەکردووە کە تیایدا دەژێت، هەشیانە تەنها لەسەر ئاستی گرووپ و حیزبەکەی خۆی کاریزمایە نەک ئەوەی هەموو کۆمەڵگە و دەرەوەش وەک کاریزما بیناسن، لێرە کاریزما واتای هەقیقی خۆی لە دەستداوە و بووە بە ناوێکی تازە و مۆدێرن، بەدیلی ناوەکۆن و بەسەرچووەکانی وەک سەرۆک خێل و هۆز و حەزرەتی شێخ و جەنابی کوێخا و....هتدیە.

ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی حیزب یان حیزبی کاریزمیە، یان حیزبی ئایدیا و فکرەیەکی دیاریکراوە، یان حزبیی بەرنامە و پرۆگرامێکی تایبەتە، بەڵام لێرەدا تێکەڵبوونێک هەیە لە شێواز و پێکهاتەی حیزبەکان، ئەوەتا دەبینین حیزب هەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە خاوەنی بەرنامە و پەیامە، یان هەیە بانگەشەی فیکرە و ئایدیایەکی دیاریکراو دەکات، کەچی زۆرێک لە هەوڵ و تەقالاکانیان بۆ دوستکردنی هێما و کاریزمایە، ئیش لەسەر بەکاریزماکردنی سەرکردەکەیان دەکەن، یان دەبینین خودی ڕابەر و سەرکردەکەیان خەو بە کاریزمابوونەوە دەبینێت!! ئیتر بیریان چووە یان نازانن کە پەیوەستکردنی حیزب بە کەسی یەکەم و بە کاریزماکەیەوە دەبێتەهۆی دەستەمۆکردنی خودی حیزبەکە و هەر حیزبێکیش نەیتوانی سەرکردەی دووەم و سێیەم دروست بکات کە قبوڵکراو و کاریگەر بێت، ئەوە مانای چەقبەستوویی و دۆگمایی ئەو حیزبەیە، خاڵی لاواز و بگرە ترسناکی ئەو حیزبانە ئەوەیە کە پاش نەمانی کەسە کاریزمیەکەیان دوچاری شپرزەیی دەبن و جڵەویان لەدەست دەدەن و ڕەوتیان لێ دەشێوێت و دواجار ئەگەر بەتەواوی لێک نەترازێن و حەل نەبن ئەوە بێگومان وەک حیزب کاریگەریی ئەوتویان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵگەش نامێنێت، وەک دیکتاتۆر و ملهوڕە گەورەکان کە بەنەمانیان لەسەر کورسی (جا بە کودەتا بێت یان بە مردن) کەس ناتوانێت جێگەیان بگرێتەوە و بۆشاییەکی گەورە و ترسناک بەجێدەمێنێت کە پڕکردنەوەی ئاسان نابێت.

حاڵەتێک هەیە کە جێی ئاماژەیە، ئەویش ئەوەیە لە هەندێک جۆری حیزبدا (ئەگەرچی بە حیزبی دەستەجەمعی و دیموکراس بێنەبەرچاو)، بەڵام دەبینین ئەو ڕابەر و سەرۆکەی کە دیموکراسییە و تەوزیعی ئەدوار دەکات و هەموو بڕیار و دەسەڵاتەکان لای خۆیان قەتیس ناکات، بەڵکو ئەرک و بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکانی دابەشدەکات، زۆرجار لای سەرکردە و هاوڕێ و هاوکار و یاریدەدەر و لێپرسراوە فەرعی و مەیدانیەکان مەرغوب نین، چونکە کە ئەرک و بەرپرسیارێتی کەوتە ئەستۆیان، ئیتر دەبێت کار بکەن و لەکاتی کەمتەرخەمی و کورتهێنان ئامادەی لێپێچینەوە و وەڵامدانەوە بن، کە ئەمەش ناخۆشە و سەرئێشەیە، بۆیە هەوڵی دروستکردن و بەکاریزماکردنی کەسێکیان دەدەن تا هەموو بڕیار و بەرپرسیارێتییەک لای ئەو بێت و هەموو بابەت و پرس و بڕیارەکان بەوەوە هەڵبواسن، ئەمانیش بۆخۆیان بکەونە ئیسراحەتەوە و خەنی بن.! لەم ڕووەوە سەرکردەی حزب تاکڕەو بێت بۆ هاوڕێکانی خۆشترە وەک لەوەی دیموکراسی بێت و تەوزیع ئەدوار بکات، بۆیە لەم کوردستانەی خۆشمان تائێستاش بەم مانایە مۆدەی کاریزمایە

و تەرویجی پێ دەدرێت، دیارە ئەمە زیاتر لەو حیزبانەدا وایە کە سەرکردەکانی خوار کەسی یەکەم گەیشتوون بە پشکی خۆیان لە جیاوک و پۆست و پلەوپایەی حکومی و بێ نیازبوون لە پۆستی حیزبی.!

یەکێک لە خاڵە ترسناکەکانی کاریزمابوون ئەوەیە کە کەسی کاریزما لە هەموو عەیبە و کەموکوڕیەک دادەماڵێت و دەیخاتە سەرەوەی ڕەخنە و دەیکاتە دەرەوەی سنوری هەموو جۆرە لێپێچینەوەیەک، و پاکانە ئەستۆی بۆ دەکات لە هەموو کورتهێنان و کەموکوڕییەک، بە پیرۆز سەیرکردنەکەی هەموو شکست و دۆڕانەکانی دەشارێتەوە، هەموو سەرنج و قسە و پێشنیارێکی بەبێ گفتوگۆ دەبێتە بڕیار و هەرگیز ناتوانرێت ڕەدبکرێتەوە، ئەستەمە جورئەتی لێپێچینەوە و ڕەخنەلێگرتن و بە بەرپرسیاردانانی لە هەڵە و کەموکوڕییەک بکرێت، بۆیە زۆرجار دەبینین کاریزمابوون دەبێتە دەسپێک بە دیکتاتۆر و تاکرەوبوون.

کاریزمابوون زۆر لەگەڵ فیکرەی دامودەزگایی و دیموکراسیەت و چەمکەکانی دەسەڵاتی خەڵک و زۆرینە و کێبەرکێدا نایەتەوە و بگرە دژیەتی، چونکە زیاتر سرووشتێکی دیکتاتۆری و تاکرەوانەی هەیە، جەماوەر لەخۆیدا دەتوێنێتەوە و شتێک ناهێڵێتەوە بەناوی ڕکابەریی و گۆڕانکاریی و دەنگدان و هتد.....!

بۆئەوەی لە مەترسییەکانی تاکرەویی و دروستبوونی دیکتاتۆر دوربکەوینەوە، پێویستە لەبری کاریزما کە هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، کاری جددی بکەین بۆ خستنەسەر پێی سستمێکی دیموکراتخواز و دەسەڵاتێکی ئاشتیخواز و پێکهاتەیەکی عەقڵانی و یاسایی خاوەن ڕەوایەتی، دەسپێکی ئەمەش بەوە دەبێت کە دەستبەرداری ئەو تایبەتمەندییە شەخسیانە ببین کە کاریزما پشتی پێ دەبەستێت.

### سەرچاوەکان

(١) كيف تكون كاريزما ، وسام طلال ، موقع (موضوع)
(٢) ويكيبيديا، الموسوعة الحرة / كاريزما
(٣) السلطة عند ماكس فيبر - د. حنان علي عواضة ، www. alustathiq.com




لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی هزیی و ڕۆشنبیریی خاڵ و
ئەنیستیتۆی نەتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی و سیاسی
ژمارە (١٣)

# گۆڕینی ناوی حیزبە ئیسلامییەکان

نووسینی: د.موحسین عەبدولحەمید
وەرگێڕانی: میران مەجید

کەناڵی ئاسمانی بەغداد لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٨دا گفتوگۆیەکی لەبارەی ئەزموونی سیاسی حیزبی ئیسلامی عێراقییەوە لە دوای داگیرکاری ئەمریکاوە بۆ عێراق لەگەڵدا سازدام، بەوپێیەی من ئەمینداری گشتی ئەو حیزبە بووم لە ساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤) و لە ساڵی (٢٠٠٤ -٢٠٠٥)یشەوە سەرۆکی ئەو حیزبە بووم و لە ساڵی ٢٠٠٥ یشەوە تا ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی شورای ناوەندی ئەو حیزبە بووم، لەو ساڵانەدا کەوتینە ناو قوڵایی ململانێوە کە بووە هۆی سوودبینینمان و بە گەرمی چووینە ناو سیاسەتەوە، بەڵام سوپاس بۆ خودا ئەمە بە پاڵنەری هەواو هەوەس نەبوو، بەڵکو لەژێر ڕۆشنایی نەزەرییەیەکی ئسولیدا بوو کە ناومنابوو (من البلاغ المبین الی السیاسة الشرعیة) یاخود لە وەحییەوە بۆ زەمەن.

چووینە ناو ئەنجومەنی حوکمەوە پاشان ئەنجومەنی نیشتمانی، پاشان بایکۆتی کۆمەڵەی نیشتیمانی (الجمعیة الوطنیة)مان کرد، پاشان جەبهەی تەوافوقمان دروستکرد و پاشان گواستمانەوە بۆ ناو لیستی تەوافوق، ئەوەی بەدەستمان هێنا لەوێ بەدەستمان هێنا، لەو ڕێگەیەشماندا هەم توشی ڕاستی بووین و هەم چەوتیش.

لە سەرووی ئەم ئەزموونانە و ئەزموونی هاوشێوەشەوە لە جیهانی ئیسلامیدا لە دامەزراندنی حیزبە سیاسییەکانەوە بەناوی ڕاشکاوی (ئیسلام)ەوە، گەیشتم بەوەی کە تەنها دەتوانرێت حیزب بەناوی سەردەمیانەوە دابمەزرێنرێت و پاشخانەکەی ئیسلامی بێت، واتە ئەو حیزبانە دەتوانن بەرنامەکانیان بەشێوەیەک دابڕێژن کە لەپێناو بەدیهێنانی گەشەکردن و پێشکەوتندا بێت بەبێ ئەوەی پێچەوانەی بنەما و قاعیدە و مەبەستە گشتییەکان بێت لە شەریعەتی ئیسلامدا، بەڵام ئەو کاتە بە بەڵگەوە درێژەم بەم بابەتە گرنگە نەدا و ئەوانەش کە گوێیان لە بۆچوونەکەم بوو داوایان لێکردم درێژە بەم باسە گرنگە بدەم لەڕێی ئەو ئەزموونە درێژەی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان هەمە کە نزیک دەبێتەوە لە شەست ساڵ.

لێرەدا بە پشتیوانی خوای گەورە دەستدەکەم بە باسکردنی بۆچوونەکەم لەڕێی ئەم بەڵگانەوەی کە دێت:

١_هەڵگرتنی ناوی (ئیسلام) لە ململانێکانی ئەم زەمەنە ئاڵۆز و ڕێ ونکردووەی ئێمەدا لەبارەی دینەوە لە ڕووی عەقیدە و شەریعەت و ئەخلاقەوە، کۆمەڵێ پێشهاتی زۆر ترسناکی لەسەر بنیات دەنرێت، لەبەرئەوەی ئیسلام بریتییە لە وەحی خودایی، بردنی ئەم وەحییە خوداییەش بەرەو کۆمەڵێ ئیجتیهادی بەشەری ڕۆژانە لەلایەن حیزبێکی سیاسییەوە لە چوارچێوەی ئەو ململانێیانەدا زیانێکی گەورەی دەخاتە سەر، کاتێک خەڵک وا تێدەگەن ئەو ئیجتیهادانە بریتین لە خودی ئایین. لەبەرئەوەی لە حیزبێکی ئیسلامییەوە هاتوون، ئەمەش وادەکات کە سوکایەتی بە هەیبەتی ئیسلام بکرێت و ڕێزی ئەو گەورەییەی لە دڵی خەڵکدا نەمێنێت بەهۆی پێکدادانە فکرییە بەردەوام بەیەکدا چووەکانەوە، زانراویشە کە ڕەچاوکردنی پێشهاتەکان لە پیادەکردنی فەرمانی شەرعدا

له بناغه زانراوەکانی مەبەستەکانی (مقاصد) شەریعەتە.

٢_ پێویستە ئیسلام وەک سایەیەکی گشتی بەسەر هەموو مسوڵمانانەوە بمێنێتەوە هەرچەندە بارودۆخە کاتی و شوێنییەکان بگۆڕێن، حیزبە عەلمانییەکانیش بەگشتی دان بەمەدا دەنێن، سەرەڕای ئەوەی کە تەجاوزی حوکمە شەرعییەکان دەکەن جا بەهۆی نەزانینییەوە بێت یاخود بەمەبەست، ململانێی سیاسی ڕۆژانە ئەم باسە لای عەلمانییەکان ڕاناوەستێنێت، بەڵکو ئاگرەکە خۆشتر دەکات، ئەگەر زیاتر دووری نەخاتەوە لە مەوقیفە لادینییەکانی، لەم کاتەدا زانایانی شەرعی ئەو کەسانەن کە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکەن لەبەرئەوەی سەرپێچی ئەو ئاینە دەکەن کە عەلمانییەکان ئینکاری ئینتیمایانی بۆ ناکەن و بەگشتی ئیمانیان پێیەتی.

٣_ ئیجتیهادەکانی حیزبی دنیایی لەژێر سێبەری ناوی ئیسلامدا لە کاروبارەکانی ژیاندا بریتییە لە هەڵێنجان لە کۆمەڵێ دەقی جوزئی زۆر بۆ دەرهێنانی بنەما گشتییەکان لەژێر ڕۆشنایی بنەما و مەبەستەکانی شەریعەتدا، بێجگە لەوەی ئەم باسە کەسانی پسپۆڕ نەبێت تێی ناگەن، ئەوانەی کە ئینتیمایان بۆ حیزبەکان هەیە و خەڵکە ئاساییەکە ئەمە ڕەتدەکەنەوە لە مەیدانی ململانێ حیزبییەکاندا، بوونی ناوی ئیسلام لەسەر حیزب نابێتە ڕێگر لە نێوان ئەواندا و، ڕێگری لە پیلانگێڕیی و کارتێکردن لە خۆیان و سەرکردە و سیاسەتەکانیان ناکات.

٤_ بانگەشەی هەر حیزبێکی ئیسلامی بەوەی کە ئیسلامییە _ بەتایبەت لەکاتی داڕوخان و فیتنەدا، جۆرێک لە خۆبەزلزانی بەسەر مسوڵمانانی تردا تێدایە، وەک ئەوەی سەرکردەکانی حیزب بە خەڵک بڵێن ئێوە مسوڵمان نین، بەبێ ئەوەی مەبەستیان ئەوەبێت ئەمە سەردەکێشێت بۆ کاردانەوە لای زۆرێک لەوانەی ئینتیمایان بۆ حیزبە دنیاییەکان هەیە وایان لێدەکات کە بە پلەبەندی دژایەتی خودی ئیسلام بکەن لە مەیدانی ململانێی  بەرژەوەندیخوازانەدا لە جێیەکەوە کە مەبەستیان بێت یاخود نا.

٥_ ئەو هەڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیانەی کە حیزبێکی ئیسلامی تێی دەکەوێت و ئەوانی تر ڕەتی دەکەنەوە سەرئەنجام بەرەو ئەو باوەڕە دەڕوات کە ئیسلام ناتوانێت یارمەتی کۆمەڵگە بدات بە چارەسەری بەسوود. ئەها ئەوە ئیسلامییەکانن نەیانتوانی هیچ شتێک بکەن بۆ ئیسڵاحی کۆمەڵگە. کەواتە پێویستە پەنا بەرینە بەر مەزهەبە عەلمانییەکان بەگومانی خۆیان، بەتایبەت بەردەوام ململانێ لە جیهانی سێهەمدا سەردەکێشێ بۆ ڕەتکرنەوەی بۆچوونەکانی بەرامبەر هەرچەندە ئەو بۆچوونانەش ئیسلامی بن.

٦_ تێگەیشتنی هەڵەی زۆرێک لە گرووپ و حیزبە ئیسلامییەکان، لەو ڕووەوە کە تێگەیشتنی قوڵیان بۆ شەریعەت نییە لەگەڵ وردنەبوونەوەیان لە گۆڕانکارییە ئاڵۆزەکانی ژیان، زۆرکات بە پێکدادانی خوێناوی کۆتایی دێت، بەڵکو بە تۆقاندنی هەموو کۆمەڵگە کۆتایی دێت. لەڕاستیدا ئەم مەنهەجە نادروستە سومعەی ئەو حیزبانەی ناشرین کردووە و دواتریش بووەتە هۆی ناشرینکردنی خودی ئیسلام، (سەیر بکەن چی ڕوودەدات بەناوی ئیسلامەوە و چەند خوێن دەڕژرێت لە جەزائیر و میسر و سۆماڵ و یەمەن و عێراق و مەغریب و پاکستان و ئەفغانستان و ئەندۆنیسیا و وڵاتانی تریش)، هەموو ئەو بزووتنەوە و حیزبانەش هەڵگری ناوی ئیسلامیین و بەتایبەتیش (الحزب الاسلامی).

٧_ئەوانەی ئینتیمایان بۆ هەر حیزبێک هەیە لە دنیادا بەشێکن لە کۆمەڵگەکەی خۆیان، تیایاندایە دڵسۆزی بیروباوەڕەکانی خۆیانن، لە خزمەتی ئامانجی گەلەکانیاندان، ئەوانەش بەردەوام کەمینەن و تیاشیاندایە بەرژەوەندیخواز و هەلپەرستن، ئەوانەی ئیستیغلالی بوونیان لەناو حیزبدا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی سوودی خۆیان و قەرەباڵخی دەکەن بۆ دەستکەوت، هیچ حیزبێکیش لەم دیاردەیە هەڵاوێر نییە، کاتێک ئەو هەڵگری هەندێ لە نەخۆشییەکانی مرۆڤە، بەرژەوەندیخوازی و هەلپەرستی و پاڵەپەستۆکردن لەسەر بەرژەوەندی شتێکی نامۆ نییە

لەناو ئەوانەی ئینتیمایان بۆ حیزب هەیە و، ئیتر کەمێکیش لە ناخپیسی، چ نهێنی و چ ئاشکرا، کیانێکی تەواو لەناو دەبات، خەڵکیش ئەوەندەی چاودێری حیزبە ئیسلامییەکان دەکەن لە ورد و درشتدا ئەوەندە ئاگایان لە حیزبە عەلمانییەکان نییە، هەڵسوکەوتی ئەو لادەر و بەرژەوەندیخوازانەش لەناو ئەو حیزبانەدا کاریگەری لە سومعەی ئیسلامییەکان دەکات لەلای خەڵک، زۆرجا گوێبیستی خەڵک بووین کە بە دڵسۆزی و نادڵسۆزیشەوە وتوویانە (ئەمە چ حیزبێکی ئیسلامییە کە ئەم جۆرە کەسانە تەمسیلی دەکەن!؟).

جا بۆ ئەوەی ئیسلامی پاک و ڕوون لەم جۆرە تۆمەتانە بەدوور بگرین، دروست نییە بۆمان ناوی پیرۆزی ئیسلام بخەینە بەر هێرش لەژێر سێبەری ناونانی حیزبەکان بەناوی ئیسلامەوە لەکاتێکدا کە دەتوانین بگەین بەوەی کە دەمانەوێت بەبێ ئەم ڕێگەیەش، بەتایبەتیش لەم زەمەنە ئاڵۆزەی ئێمەدا.

دەشتوانین بە هەندێ لە بنەما شەرعییەکان بەڵگە لەسەر ئەمە بهێنینەوە وەک:

(دفع المفسدة أولى من جلب المصلحة)لابردنی زیانێک لەپێشترە لە هێنانی سوودێک. ئەو زیانەی کە پێشهاتووە و پێشدێت لە بڕینی ناوی ئیسلامی بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا زۆر گەورەترە لەو سوودەی کە لەپشتی ئەم ناوەوە بەدەستی دێنین.

یاخود وەکو بنەمای: بەراورد لە نێوان دوو بەرژەوەندیدا (المقارنه بین المصلحتین) کامیان لەپێشترە بۆئەوەی سوودی لێ وەربگرین. بەرژەوەندی دامەزراندنی حیزبەکان بەناوێکی مەدەنی و پاشخانێکی ئیسلامییەوە زۆر زیاترە لە بەرژەوەندی ناونانی ئەم حیزبانە بەناوی ئیسلامەوە.

هەروەها وەکو بنەمای (النظر بین المفسدتین أیهما أولى بالترک) ڕوانین لە دوو زیان بۆئەوەی بزانین کامیان لەپێشترە بۆ وازلێهێنان. گومانی تێدا نییە بەبۆچوونی من ئەو زیانە گەورەیەی کە لە ئەنجامی ناونانی حیزبەکان بەناوی ئیسلامییەوە بەدەست دێت لەپێشترە بۆ وازلێهێنان، ئەمە بێجگە لەو پێشهاتە ترسناکانەی کە لەسەری دروست دەبێت و پێشتر لێی دواین.

٨_ واقیعی سیاسی لە زۆرێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا واقیعێکی عەلمانییە و هەندێ جاریش عەلمانییەتی بێلایەن سەردەکێشێت بۆ عەلمانییەتی ئیلحادی و، لەوکاتەشدا ئەوانەی سوڵتەیان بەدەستە یاخود داگیریان کردووە ڕێگە نادەن بە دروستبوونی حیزب بەناوی ئیسلامییەوە لەڕێگەی ئەو دەستورانەوە کە بەسەر گەلەکانیاندا دەیسەپێنن، لەمکاتەدا ئیسلامییەکان ناچاردەبن بەنهێنی کار بکەن، لە باشترین حاڵەتیشدا نیوچە عەلەنی دەبن، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پێکدادان لە نێوان ئەوان و ئەو ناوەندی هێزانەی کە ئەو دەسەڵاتدارانە پشتی پێدەبەستن، ئەو ناوەندانە دەستدەکەن بە گرتن و ڕاوەدونان و ڕێگریکری لێکردنیان بەبیانووی ئەوەی کاری قەدەغەکراو و پێچەوانەی دەستور ئەنجام دەدەن، جا بۆ بڕینی ئەم بیانووە ناڕاستانە، پێویستە حیزبەکان لە بەکارهێنانی ناوی ئیسلامی دوور بخەینەوە، هەتا توانای کارکردنیان هەبێت لەژێر سایەی مەشروعیەتی دەستوریدا و، بڕینی ئەو بیانووە پوچانە کە کردویانن بە ڕێگر لەبەردەم کاری سیاسیاندا.

دەگونجێ یەکێک بڵێت: کەواتە چی بکەین؟ ئایا واز لە کارکردن بۆ ئیسلام و بانگەواز بۆ پابەندبوون بە شەریعەت و بڵاوکردنەوەی دین لەناو گەلی عێراقدا بهێنین بەم قسانە؟ ئایا ڕێخستنە ئیسلامییەکان هەڵوەشێنینەوە لە زەمەنێکدا کە زەمەنی ڕێکخستنە؟ دەڵێم نەخێر، دیسان نەخێر، چۆن دەگونجێت مسوڵمانی بانگخوازی هۆشیار بە بارودۆخی ئومەتەکەی واز لە کارکردن بۆ چەسپاندنی ئیسلام و سەرخستنی و دارشتنەوەی فکری ئومەت بە بنەماکانی ئیسلام دەهێنێت؟!

بەڵام هەر قۆناغێک شێوازێکی هەیە و، هەموو گۆڕانکارییەک لەژیاندا ڕووبەڕووبونەوەی خۆی هەیە، هەموو ئاڵەنگارییەکیش بەدەمەوەچوونی خۆی هەیە، کاتێک دەزانین ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینە هەیە لەلایەن زلهێزەکانی جیهانەوە بەرامبەر ئیسلام و بانگەشەکارانی، هێز و دەسەڵات و پارە و زانست و پیلان و جووڵەپێکردنی سەرکردە مسوڵمانەکانیان بەدەستە، کۆمەڵە فیکریی و سیاسیی و دامەزراوە بازرگانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکانیان لەناو گەلانی مسوڵمانی دواکەوتوو و نەزاندا هەن، کە کاروباری ئیسلام و جێبەجێکردنی شەریعەتەکەی گرنگ نییە بەلایانەوە. بۆیە پێویستە بجوڵێین، هەرچەندە لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی گشتگیری وادابین کە هەموو شتێک قوت بدات و سەدان مانگی دەستکردی ئاسمانی لەژێردەستدا بێت کە پیلانی شەیتانە ئینسان و جنۆکەکان بڵاوبکاتەوە بە باڵی ڕاگەیاندنی خوێنراو و بیسترا و و بینراوەوە، بەڵام دەبێت ئەم جووڵەیە بە ئاگایی و زیرەکانە بێت.

کەواتە لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەرم بیر لە چۆنێتی ڕووبەڕووبونەوەی شەپۆلی دژایەتی بەرامبەر بە هەموو ئیسلامییەک کە بە عەقیدە و شەریعەت و ئەخلاق و شارستانییەتی و مێژووەوە، ئیسلامییە بکەمەوە و، بیر لەوەش بکەمەوە چۆن دەتوانم بانگەواز و براکانم لە خراپەی ئەو کەسانە بپارێزم کە لە ڕوخاندن و وێرانکاری لە ناوخۆ و دەرەوەدا تێرنابن.

لەڕاستیدا هەندێ لە برایانمان لە وڵاتە عەرەبییەکان لەم ڕاستییە گەیشتوون کە بریتییە لە کار و جوڵە و ڕێکخستن لەژێر کۆمەڵێک ناوی مەدەنی و بە زاراوەی سەردەمییانە، بەڵام بە پاشخانێکی ئیسلامییەوە، حیزبی داد و گەشە لە مەغریب و تورکیا، بزووتنەوەی کۆمەڵەی ئاشتی لە جەزائیر، نەهزە لە تونس و کۆمەڵەی چاکسازی لە یەمەن، ئەمانە بەرەوپێش چوون بەڕووی کۆمەڵگەدا بە کۆمەڵێ بەرنامەی کراوەی هاوسەنگەوە بەبێ باسکردنی ناوی ئیسلامی.

لێرەوە داوای گۆڕینی ناوی حیزبە ئیسلامییەکان دەکەم بەناوی هاوچەرخیی خۆشەویست لای خەڵک، کە هەڵگری واتای دادپەروەری و ڕەوشتی بەرز و نیشتیمانیبوونی ڕاستەقینە بدات و، پاشخانێکی ئیسلامیی کراوەی هەبێت لە چوارچێوەی سنورەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ_ بەرنامەی حیزب بگونجێ لەگەڵ ئیسلامدا، بەدیهێنەری مەبدەئەکانی بێت لە بەدەستهێنانی دادپەروەریی و ئازادی ڕێکخراو و مافەکانی مرۆڤ و چارەسەری کێشەکانی بەردەم گەشەکردن و ئیسڵاحی کاروبارەکانی ئافرەت و بەئاگاییەوە چوون بەرەو سەرخستنی زوڵملێکراوان و پێشخستنی زانستی هاوچەرخ و، شتانی تریش لە ڕووی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگاری تازەوە و ئەو بارودۆخانەی کە دەخرێنە بەرچاوی دامەزراوە ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنەکانەوە.

ب_ خستنەڕووی بۆچوونەکانی حیزب و بەرنامە کاتییەکانی لە بەردەم زانایانی ڕاستگۆ و ڕۆچوو لە زانستە شەرعییەکان و تێگەیشتوو لە گۆڕانکارییەکانی ژیانی پێشکەوتوو، لەپێناو دابەزاندنێکی دروستی دەقە شەرعییەکان بۆ سەر واقیعی ژیان و پێشهاتە تازەکان.

هەموو ئەمانە لەژێر تیۆرییای بارودۆخی هەنوکەییەوە دێت لە شەریعەتی ئیسلامدا، کە ئێمە ئەمڕۆ زۆر پێویستمان بە جێبەجێکردنی هەیە.

بەڵام بۆچی بارودۆخی هەنوکەییمان؟

١_ لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی جیهان لە ڕووی سەربازیی و فیکریی و زانستیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی

و ڕاگەیاندنەوە بەدەستی مسوڵمانان نییە، بەدەستی خەڵکانی ترە لە خاوەن مەزهەبە مادییەکان و لادینییەکان لە شارستانێتی هاوچەرخ و بنکە نهێنی و ئاشکراکاندا.

٢_ ئەم جیهانە بەهێزە لە ئاشتیدا نییە لەگەڵ ئێمەدا، بەڵکو دوژمنمانە لەژێر سێبەری تیۆریای پێکدادانی شارستانییەتەکانەوە، پلان دادەڕێژێت بۆ کۆتاییپێهێنانی هەر هەستانەوەیەکی ئیسلامی ڕاستەقینە.

٣_ ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی جیهانی ئیسلامی لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر کاربەدەست و ناوەندەکانی بڕیار و ناوەندە ئەمنییەکان، بۆ فێڵکردن و بەبێ هیچ  گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە لەلایەن گەلانی مسوڵمانی سەرکوتکراوەوە لەژێر پێلەقەی دوورخستنەوە و چەوساندنەوە و زوڵمکردن.

٤_ ئەوەشی کە دەبێتە یارمەتیدەر لەسەر ئەمەی سەرەوە، نەبوونی ئاگاییە لەلای زۆربەی مسوڵمانان، چونکە دینداریيەکەیان تەقلیدییە، نەک دینداریيەکی ڕەبانی ڕاستەقینە.

٥_ زۆربەی نوخبە لە جیهانی ئیسلامیدا عەلمانی یاخود بێ ئیتیمان، بەرهەمهێنەری بۆچوونە دوژمنکارانەکانی خۆرئاوان بەرامبەر بە مسوڵمانان، لەبەرئەمەش نەیانتوانیوە لە سەردەمی نوێی هەستانەوەدا پێشڕەوی ئومەت بکەن بەرەو گەشەکردنێکی ئیسلامیانەی پێشکەوتووی گشتگیر، لەبەرئەوەی بە فیکری خۆرئاوا خۆی ڕووبەڕووی فیکرەکانی دەبنەوە.

کاری ئیسلامی بۆ گەشەپێدانی جیهانی ئیسلامی و گێڕانەوەی جڵەوی دەستپێشخەری لە ئاڕاستەکردن و ئاگاداربوون، پێویستە بە قۆناغبەندی و نەخشە بۆکێشراوییەکی زیرەکانە بێت و، کۆکەرەوە بێت لە نێوان ڕۆچوون لە تێگەیشتنی شەریعەت و زانیاری ورد لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی خۆمان و کۆمەڵگەی جیهانی و ئەو مەوقیفە سیاسیانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و لە دژمانە، بەتایبەت بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خوێناوی بەناوی ئیسلامەوە زیانی زۆری پێگەیاندوین لە هەموو جیهاندا.

دەگونجێ یەکێک بڵێت: ئەگەر هاتوو حیزبێکی سیاسیمان بەناوێکی نائیسلامییەوە دروستکرد، ئەم حیزبەش کاریکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا و، چووە ناو مەیدانی ململانێ سیاسییە ڕۆژانەکانەوە، ئەوە کێیە کە خەمی بانگەواز بۆ ئیسلام و بڵاوکردنەوەی دینداری ڕاستەقینە لە کۆمەڵگەدا و داڕشتنەوەی تاک و خێزان و کۆمەڵ لەسەر بناغەیەکی ئیسلامی هۆشیار دادەڕێژێتەوە؟

دەڵێم: دەگونجێت بگەین بەم ئامانجە بەرزانە لە ڕێگەی بنیاتنانی دامەزراوەی ئیسلامی جۆراوجۆرەوە بە بوونی پسپۆڕی جیاوازەوە کە هەوڵەکانیان بڕژێتە ناو پرۆسە بانگخوازییەکەوە بۆ دروستکردنی نەوەیەکی مسوڵمان، توانای ئەوەی هەبێت یارمەتی حیزبێکی مەدەنی پاشخان ئیسلامی بدات، بەڵکو تەنانەت دەشتوانێت یارمەتی حیزبە عەلمانییەکانیش بدات بە کەسانی پاک و دڵسۆز، مسوڵمان، ئەو حیزبەش بە قۆناغبەندی لە ناسنامەی ئیسلامی نزیک بکەنەوە و تا کەم کەم پێچەوانەی مەسەلە چەسپاو و قەتعییەکانی ئیمان و تەشریع بڕیار نەدەن.

بەمشێوەیە دەتوانین لەکۆتایدا بگەین بە دەرککردنی واتای (وحدە)ی ئومەتێکی پاڵفتە، کۆتایش بە ململانێ دێت لە نێوان ئسلامی و عەلمانییەکان، کە ئەم ململانێیە هۆکارێک بووە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئومەت لە چەرخی تازەدا.